تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ورشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨

لە عێراق

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

عەبدولقادر سالح

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٣١٠)

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراق

عەبدولقادر سالح

پێداچوونەوەی
مامۆستا ئاکۆ شوانی
مامۆستای بەشی مێژوو
زانکۆی سلێمانی

کەمال مەزهەر ئەحمەد
پێشەکی بۆ نووسیوە

سلێمانی ٢٠٠٥

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەعیراق

نووسینی: عەبدولقادر ساڵح

بابەت: مێژوویی

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

بەرگ : دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی کارۆ

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (١٢١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

www.roshnbiri . org

سوپاس و پێزانین

بۆ

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

مامۆستا ئاکۆ شوانی

مامۆستا کەیوان ئازاد ئەنوەر

مامۆستا سەلام عەبدولکەریم

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کردم

پێشکەشە بە:

هەردوو بینایی چاوەکانم دایک و باوکی خۆشەویست و ئازیزم

هاوسەری خۆشەویست و بەڕێزم کەهاوکاری ئەو ئەم بەرهەمەی لێکەوتەوە

خوشک و برا دڵسۆزو بەئەمەکەکانم

هەردوو کۆرپەی جگەرگۆشەم شەنگەو شاد

هەموو ئەوانەی خۆشم ئەوێن و لەکوێ هەن

پێشەکی

کەمال مەزهەر

تا ئێستەیش دەیان و دەیان لایەنی تایبەتی و گشتی جیاوازی شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق ، کە کورد هەر لەسەرەتای ناوی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی بۆ هەڵبژارد ، چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی زانستی وردو بابەتەکین. ئیمڕۆکە دوای ئەو هەموو نەهامەتی و نەگبەتییەی کۆمەلانی خەڵکی عێراق پاش ماوەیەك لەکەوتنی رژێمی پاشاییەوە گیرۆدەی هاتن، پرسیارێکی رەوا تەنگ بە مێژوو نووس و شارەزایان هەڵدەچنێ کە ئایا ئەو رژێمە واگەندەڵ بوبو تا لەناوبردنی ببێتە ئەرکێکی مێژوویی ڕەوا، ئەگەر وایە ئەو ساکە دەبێت عەودالی وەلامی پرسیارێکی تر بین – چیوای لە زۆرینەی دەستە بژێری وڵات کردووە خەون بەوەوە ببین ڕەوڕەوەی مێژوو بگەڕێتەوە بەرەبەیانی سیازدەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ، یا یەکێکی وەك رەجەب عەبدولمەجید کە چەند جارێك ناوی لەم کتێبەدا هاتووە و لە ڕاستیدا دووربینترین نەخشەکێشی شۆڕش بوو، لەوە پەشیمان بێتەوە کە بۆ بەرپابوونی شۆڕش کردی، خوالێخۆشبووم لە نزیکەوە دەناسی ، ئەو قسەیەم لە خودی خۆی بیستووە . لێرەشدا ئەگەر بگەڕێمەوە سەرەتای بۆچونەکەم دەپرسم کێ ئاگاداری ئەوەیە ڕەجەب عەبدولمەجید لەسەرجەمی رابەرانی شۆڕش وردتر لەمەسەی نەتەوەیی کورد گەیشتبوو، ئەو خۆی بۆخۆی ئەندازیار بوو، ئەورووپای دیبوو، جارەهای جار لەبەر چاوی خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەد و ناجی تالب و صوبحی عەبدولحەمید کە هەردووکیان دوو ئەفسەری نەتەوە پەرستی بەشداری شۆڕش بوون، لەزاری رەجەب عەبدولمەجید خۆیم بیستووە کە کورد مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت.

هەرچۆن بێت شۆڕشی چواردەی تەمموز دەروازەیەکی مێژوویی نوێی لەبەردەم ڕەوتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا کردەوە . پێویستە هۆی سەرەکیی ئەو دیاردەیە لەوەدا وەدی بکرێت کە ڕاپەرینە یەك لە دوا یەکەکانی کورد یەکێك بوو لەو هۆ سەرەکییانەی هەرەسیان بە ڕژێمی پاشایی هێنا بوو، بۆیەکا گشت هێزە ساسییە چالاکەکانی ئەو ڕۆژگارە دەبوو حسابێکی تایبەتی بۆ کورد بکەن، ئەوەی پاڵی نا بە زۆرینەی هەرە زۆری کوردی عێراقەوە بە لێشاو برژێنە سەر شەقامەکانی گشت شارەکانی کوردستان و بەغدای پایتەخت بۆ پشتگیری کردنی شۆڕش. هەرئەوەیش بۆ خۆی بووە یەکێك لەو هۆیانەی هێندەی تر ڕقی نا پیرۆزی دوژمنە زۆرەکانی شۆڕشی وروژاند و باڵێکی کاریگەری نەتەوە پەرستانی عەرەبی لە عەبدولکەریم قاسم کردە دوژمن. تا ئێستەیش لەیادمە چۆن عەبدولسەلام عارف چەند ڕۆژێك دوای شۆڕش لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆی هاویندا کتوپڕ خۆی کرد بەشاری سلێمانیدا نەبا جەماوەرێکی زۆر بەو دروشمانە پێشوازی لێ بکەن کە بە چیکڵانەی نەخۆشی ئەو نەدەکەوتن، کەچی کاتێك دەچووە هەر شارێکی باشوور بەر لەوە نەتەوەپەرستانی ئەو شارە دەکەوتنە جموجولێکی کەم وێنە و بۆ خۆیشی بەجارێك دەکرایەوە و قسەی وای دەکرد لە قوتوی هیچ عەتارێکی سیاسیتوندرەودا لە وێنەی وە بەرچاو نەدەکەوت.

بەپێی هەموو پێوانێك دەسکەوتەکانی شۆڕش کەم نەبوون، بە شێك لە ئاوات و خەونەکانی پاڵەو جوتیارو کرێکارو پیشەساز و ڕووناکبیرانی وڵات هاتنە دی، کوردیش کەمی بەرنەکەوت ، شوێنی لە ئاڵا و دروشم و یاسای یەکەم کۆماری عێراقدا دیاربوو، بارزانێکان لەدەربەدەری و دەسبەسەری ڕزگاریان بوو، " پارتی دیموکراتی کوردستان" ماوەی کارکردنی ئاشکرای پیدرا، عەبدولکەریم قاسم بۆخۆی ئامادەی ئاهەنگی یەکەم نەورۆزی دوای

شۆڕش بوو کەلە هۆڵی کۆلیجی زانستەکانی زانکۆی بەغدا لەگەرەکی ئەعزەمی‌یە سازکرا.

دیسانەوە پرسیار یەخەی مێژوو نووس دەگرێت: کەوابێ ئەی بۆچ عەبدولکەریم قاسم و ڕژێمەکەی ڕووخان؟. ئۆباڵی ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان، عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتمانپەروەر و خاوێن[1] و دڵساف و ساویلکەبوو ، بۆیەکا بۆهەموو کارێك دەستی دەدا پەت پەتێن و فێڵ و فەرەجی سیاسەت نەبێت. ڕابەرانی هێزە سیاسیەکانیش شۆڕشگێڕی چاك بوون، لەبۆتەی خەباتی نهێنیدا قاڵ بوبون، بەلام بێ سەرو بەرو کەم ئاگابوون، پێڕەوی ستالینی بە شێوازێکی ساکاری ڕۆژهەلاتییانە تێکەڵ بە شادەمارەکانی هەموویان، نەك هەر شیوعییەکان،بوبو، بۆیەکا گشتیان گوریسەکەیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا تازۆری نەبرد بەزەبری خەنجەری ژەهراوی دەرەکی لەناوەراستدا پساو لای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ خۆری یەکەم کۆماری مێژووی هاوچەرخی عێراقی ئاوابوو.

یەکەم جارە زۆر لایەنی ئەم باس و خواسانە لە دوو توێی کتێبێکی سەربەخۆی کوردیدا بخوێنمەوە، ئەوە بۆ خۆی دەسکەوتێکی بەنرخە بۆ کتێبخانەی کوردی.هەمان کات گەلێك لایەنی ناوەڕۆکی کتێبەکەی کاك عەبدولقادر ساڵح سەرنج ڕادەکێشن و شایستەی ستایشن. هەڵبژاردەی

---

[1] دوکتۆر فازیل حسەینی مێژوونووس لەو باوەڕەدا بوو کە عەبدولکەریم قاسم پیاوی ئینگلیزبوو ، گوایە ئەوان دوای ئەوەی کە نوری سەعید چاوی برییە کوێت دژی رژێمی پاشاییی پاڵیان پێوە نا بۆ شۆرش. دەمێ ساڵە سەرجەمی بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەرتانیا و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و زلهێزەکانی تری رۆژئاوا کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە خراونەتە بەردەم توێژەران و هیچ بەڵگەیەکیان تێدا نییە ئەو بۆ چوونەی مامۆستا فازیل حسین و هاوبیرانی بسەلمێنێت.

وردی لەسەرچاوەکانی وەرگرتووە، لەلاپەرە سیازدەدا، بە وێنە، پێمان دەڵێت بەیاننامەی دامەزراندنی "بەرەی یەکیەتی نیشتمانی" (جبهةالاتحاد الوطنی) بریتی بوو لە ٢٢٦٦ وشە، ١٦٦١ ی ئەو وشانە بۆ کارەدەرەکی و تەنها ٦٠٥ وشەی بۆکاری ناوەکی وڵات تەرخان کرابوو، ئەم وردکردنەوەیە ئاو زۆر دەکێشێت، یەکێك لە هۆ گەورەکانی هەرەس هێنانی ئەو بەرەیە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا لەو راستیەدا دەبینریٚ کەسەرجەمی باڵەکانی بەرە بە ڕادەی یەکەم چاویان بڕیبووە دەرەوە و بەرادەی دووەم چاویان بڕیبووە کێشەکانی ناو کۆمەڵ خۆیەوە، واتا بەشێکیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری دروشمەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب بەرابەری عەبدولناصر و بەعس و بەشەکەی تریشیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری دروشمەکانی بەرەی سۆشیالیزمی جیهانییەوە؛ راستە هۆکاری ناوەکی و هۆکاری دەرەکی لێك دانابڕدرێن، بەڵام پێویستە هەمیشە پلە و پایەی یەکەم بدرێتە هۆکاری ناوەکی و ئینجا دوای ئەو هۆکاری دەرەکی. بۆ ڕونکردنەوەی مەبەست پێم وایە ئەوەندە بەسە گەر بڵێم ئەدەبیاتی بەرە بە هیچ جۆر ڕاستەوخۆ توخنی کێشەی کورد نەکەوتووە کە لەڕاستیدا دەبوو بایەخێکی تایبەتی و سەربەخۆی پیٚ بدرێت.

سەرناوی دواباەتی فەسڵی یەکەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دەڵێت " ئایا شۆڕش پێویست بوو" (ل -) کە بیٚ گومان سەرناوێکی ورد و پێویستە و شایانی پیاهەڵدانە، بەداخەوە نوسەر بۆ خۆی نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە مێژووییە بداتەوە، بەڵام هەڵبەت وروژاندنی کارێکی پێویستە. بەرانبەر بەوە دروست و ڕێکو پێك " بەرگری میللی" (المقاومة الشعبیة) ی بۆ هەڵسەنگاندووین(ل -) . " کوردو ئەفسەرانی ئازادیخواز" یش (ل -) بابەتێکی باش و پێویستە ، خۆزگە زۆرتر لەسەری دەڕۆی،

پێم وایە لە رێگەی دیدەنی تایبەتییەوە دەیتوانی کەرەستەیەکی پێویست و رەسەنمان لەو بوارەدا بۆ تۆمار بکات.

کاک عەبدولقادر زمانی خاوێنە، بە رق و کینەوە باسی کەس ناکات، ئەوەی بەمەرجێکی پێویستی لێکۆڵینەوەی مێژوویی زانستی دادەنرێت، هەر بەو پێیەش نەدەبا جار وبار بەدەستووری ناحەزانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ " دادگەی بالای سەربازی تایبەت" یا "دادگاتی گەل"[1] ناوبنێت " دادگەی مەهداوی" راستە، هەروەك خۆیشی دەڵێت ، گلەیی زۆر لەو دادگەیە هەیە، بەلام ناوگۆڕکیٚ کاری مێژوو نووس نییەو نابێت هەرگیز ئەوەیش لە یاد بکەین کە دوای سەرکەوتنی کۆدێتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کەس وەك مەهداوی ئازایانە بەرەنگاری مەرگ نەهات، طالب شبیبی ئاگادار لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت : مەهداوی تا دواهەناسەی ژیانی هاواری دەکرد بژی گەل، بژی نیشتیمان. نوسەر هەمان کات گەلێك جار لە داڕشتنی پەراوێزەکانی کتێبەکەیدا دەستی تەتەڵەی کردووە، لە پێڕەوی زانستی لای داوە، جار جارەیش لە هەڵبژاردنی سەرچاوەدا سەرکەوتوو نییە، بە وێنە ناشێت ئەو پرۆگرامەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەبوظبی بەناونیشانی " بين الزمنين" (لە نێوان دوو رۆژگاردا) بلاویکردەوە بکرێتە سەرچاوەی گێڕانەوەی سەرگوزشتەی قسە بە نرخەکانی سەعید قەزاز لەبەردەم " دادگەی گەل" ، پێشم خۆش نییە بووترێت ساڵی ١٩٥٧ بڕیاری یەکیەتی نێوان میسر و سوریادرا، صەد دەر صەد ئەو بڕیارە مێژووییەی جیهانی هەژاند ڕۆژی چواردەی شوباتی ساڵی ١٩٥٨ بلاکرایەوە.

---

[1] لەسەر بەرگی دەرەوەی بەشە چاپکراوەکانی دادگایێکانی ئەو دادگایە نوسراوە " محکمە الشعب" و لەسەر بەرگی ناوەوەیشی نووسراوە " محاكمات المحكمە العسكريە العليا الخاصە"

مەبەستی سەرەکیم لەم جۆرە ڕەخنانە ڕێ نیشاندانە بەپێی توانا، ئەگینا باش لە گەیشتووم کارنییە بێ کەم و کورتی بێت، تەنها ئەوانە ناکەونە ناو داوی هەڵەوە کە دوورە پەرێز دەوەستن و هیچ ناکەن، یاهەر خەریکی تانەو تەوانجن و بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە بە دووی هەڵەی بەرهەمی ڕەنجی شەونخونیی خەڵکدا دەگەڕێن.بێ گومان، وەك وتم، زۆر لایەنی ئەم بەرهەمە شایستەی پیاهەڵدانی ڕەوان، وێڕای ئەوانەی تا ئێستە وتومن بە پێویستی دەزانم ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم کە نووسەر بە شێوازێکی ڕێکو پێك و وەبەر دڵ بە زنجیرە باسەکەی بۆ هۆنیونەتەوە، زمانی داڕشتنی بابەتەکان ڕەوان و ئاسان دێتە بەر گوێ، تەنانەت نەوشە عەرەبییە زۆرەکانی و نەوشە و زاراوە دارێژراوە قەبە و قورسەکانی کە بەکاری هێناون کارێکی ئەوتۆیان نەکردۆتە سەر شێوازی داڕشتنی نوسینەکەی، بەلاّم ئەگەر فریای ئەو ژمارە بێ شومارەی هەڵە چاپەکانی کارەکەی نەکەوێت ئەو سا گلەیی ڕەوای خوێنەر و ئێمەو مانانیش دێنێتە سەرخۆی.[٢]

دواوشەم ئەوەیە کە بە نوسەر بڵێم ئافەرین و دەستخۆش بۆ ئەم بەرهەمەت کە هیوادارم بەرهەمی تری زۆری بە دوادا بێت، بەلاّم گەلێك سەرم لەوە سوڕماوە چۆن توانیی بە درێژایی چەند مانگێك چاوەڕوانی ئەم پێشەکییەی من بکات هەرچەند دەمێکە کارەکەی ئامادەی بلاّکردنەوەیە.

---

[٢] ئەو کاتەی ئەم بەرهەمەم ڕەوانەی لای مامۆستای بەرێز و خۆشەویستم کرد، هەندێك پەلەم بوو لەوەی زوو ئەم بەرهەمە بگاتە دەستی جەنابی، هەربۆیەش فریای ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ نەکەوتم چونکە تەنها یەك نوسخەم فۆتۆکۆپی کردبوو، هەربۆیە پێش ئەوەی وەلاّمەکەی مامۆستا بگاتەوە دەستم هەڵە چاپەکانم ڕاست کردەوە، چونکە بەرهەمەکە هەروەك مامۆستا دەفەرموێت ماوەیەکی زۆر لای ماوەتەوە، منیش لای خۆم بەرهەمەکەم ئامادەکرد چاوەڕوانی وەلاّمەکەی مامۆستا بووم تا ڕای بەرێزیان وەربگرم سەبارەت بە چاپ کردنی.. (نوسەر)

پێشەکی

ئاکۆ شوانی

مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی (مێژوو) زانکۆی سلێمانی

شۆرشـــی ١٤ی تـــەمموزی ١٩٥٨ تـــوانی دوای ٣٧ســـاڵ کۆتـــایی بـــەو سیســـتمە پاشـــایەتی‌یە بهێنێـــت کـــە حکومـــەتی بـــەریتانیا لـــە رێکـــەوتی ١٩٢١/٨/٢٣ ەوە لەعێراقدا دایان مەزراندبوو، بێگومان سەردەمی پاشایەتی لەعێراقـدا وێـرای هـەموو کـەم و کورتی‌یـەکانی، بێبـەش نـەبوو لـەخاڵی پۆزەتیڤ و لایەنی درەوشاوە، بەتایبەتی تاخودی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەژیانـدا مـابوو، بـەهاوکاری ئینگلیـز عێـراق هـەنگاوی گـەورەی نـابوو لەزۆربـەی بـوارە سیاسـیو کۆمەڵایـەتی و ئابورییەکانـداو ئـەم وڵاتـە لـە رۆژگاری حوکمرانی پاشایەتیدا زۆر کراوەتر و دیموکراسی تر لەئاست بیرو باوەڕو تێڕوانینە جیاوازەکاندا لەهەمو سەردەمەکانی دیکە کە عێراق دواتر بەخۆیـەوە بـینی، ئـەو سـەردەمە تـەنها بـیری کۆمۆنیسـتی یاسـاغ بـوو لەعێراقـدا، ئەگـەرنا زۆرێـك لەرەوتـە فیکرییـەکانی دیکـە لـەو سـەردەمەدا بەشێوەیەك لـە شێوەکان کاری خۆیـان دەکـردو گەرسنوریان نەبەزانـدیا و پشێویان دروست نەکردایـە کـەس دەستی نەدەخستـە رێیـان..بـەڵام وێڕای ئەوەش لەساتەوەختی هاتنە سەرکاری (مەلیك غازی)ەوە بەحوکمی لاوازی کەسێتی نابراو سات لـە دوای سات هـەژمونی پیاوانی سەربازی لـە وڵاتدا زیاتر دەبوو، ئەوەش وای کرد کە عێراق دووچاری نەهامەتی گەورە ببێت، وەك کودەتای بەکر سدقی ١٩٣٦ و بزوتنـەوەی مایسی ١٩٤١ و هەریـەك لـە پێشێوییەکانی ١٩٤٨و١٩٥٢و١٩٥٦ کەسەرجەم ئـەم بزوتنـەوەو راپەڕینانـە

ڕۆڵی گەورەیان بینی لە وروژاندنی خەڵك و ئاڵۆزکردنی ڕەوشەکەداو ڕێگایان خۆشکرد بۆئەوەی حکومەتی پاشایەتی لە عێراقدا مایەی گلەیی و گازاندە و تانەو تەشەری زۆر لە خەڵکانی سیاسی و سەربازیو خەڵکە ڕەشۆکی یەکەش بێت، لەلایەکی دیکەشەوە ویڕای رق و کینەی خەڵکی لە دارو دەستەکەی سەردەمی پاشایەتی ، کەڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ڕودانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە یادنەچێت حکومەتی بەریتانیا دەیتوانی عێراق لەو ئاسنەنگە دەرباز بکات و بەر بەو شۆڕشە بگرێت، بەڵام ئەوان ماوەیەك بوو بە ئاشکرا هەستیان بە هەوڵەکانی عەبدولئیلا و نوری سەعید دەکرد بۆ نزیك بونەوە لە ئەمریکا و تەنانەت ساڵی ١٩٥٦لەگەڵ مەلیك فەیسڵی دووەمدا هەریەك لە عەبدولئیلا و نوری سەعید و سالح جەبر و توفیق سویدی بەسەردانێکی رەسمی گەیشتنە واشنتۆن، جگە لەم هۆکارە ، هۆکارێکی دیکە ئەوەبوو کە عێراق ماوەیەك بوو دەمی لە مەسەلەی گێڕانەوەی (کویت) دەکوتا، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە هیچ شێوەیەك مایەی قەبوڵ کردن نەبوو لای بەریتانیا..

ئیدی ئەم هۆکارانەو زۆر مەسەلەی دیکەش هاتنە پاڵ ڕێگە خۆشکردن بۆ ڕوودانی شۆڕشی ١٩٥٨، کە بەداخەوە لێرەو لەوێ نەبێت کە چەند وتارێك یان چەند بیرەوەرییەکی بەزمانی کوردی لەبارەوە باسکراوە، ئەگەرنا هیچ نوسینێکی زانستی و ئەکادیمی تایبەت بە مێژووی عێراقی هاوچەرخ بە گشتیو شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بەتایبەت بونی نیە ، ئەمەش وای کردووە ئێمەی کورد بەردەوام پەنا بۆ نوسینی مێژوو نوسە عەرەبەکان بەرین لەو بوارەدا، کەژمارەیەکی کەمیان نەبێت ئەوانی دیکەیان لەڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە نوسیویانەو کەپێم وایە بەعسیەکان لە دوای

کودەتاکەیانەوە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هێندەی بۆیان کرابێت هەوڵی قێزەون کردن و دزێو کردنی سەردەمی حوکمڕانی (عەبدولکریم قاسم) یان کردووە لە عێراقدا ، لە کاتێکدا (قاسم) وێڕای کەم کورتییەکانیشی توانی لە نێو ئەو هەموو کێشمە کێشمەی بیرو ڕای جیاواز و ڕەوتە فیکرییەجیاوازانە دا هەڵبکات و هەنگاوی باش بنێت و بالانسی نێوان کۆمۆنیستەکان و و قەومییە عەرەبەکان ڕابگرێت و لەسەرەتاوە ئەندازەیەکی بەر چاوو دەروازەکانی بە ڕووی گەلی کوردیشدا ئاوەڵاکرد و زۆرێك لە مافە سەرەتاییەکانی بۆ گەلی کورد فەراهەم کرد و لە دەستوریشدا هاوبەشی کوردو عەرەبی جێگیرکرد، بەڵام ململانێی ناو خۆو دوژمنایەتی قەومییە عەرەبەکان بەسەرۆکایەتی (جەمال عەبدولناصر) و هەوڵەکانی هەریەك لە ئەمریکاو بەریتانیا ، وێڕای ژمارەیەك خاڵی لاواز لە چۆنیەتی کاروباری بەڕێوەبردن و کەسێتی قاسم ، وایان کرد کە چارەنوسی ئەو شۆڕشە بە کودەتایەکی خوێناوی کۆتایی بێت و قوربانیەکەشی خودی (قاسم) و هەزاران عێراقی بوو کەلە ماوەی چەند مانگی دوایکودەتاکەدا بەشەقامەکان بەغدادا ڕاکێشران، یان لە کونجی زینداندا کوژران..

ئەم هەوڵە بەردەسیشتان ، یەکێکە لەهەوڵە باش و بەراییەکان بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی کە تائێستا دەوری مێژووی عێراقی هاوچەرخ داوە و کەس بە زمانی کوردی هەنگاوێکی نەناوە بۆ نوسینەوەی هێڵە گشتییەکانی ئەم مێژووە، هەوڵەکانی (د.کەمال مەزهەر) ی لێ بترازێ کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ئاوڕی لە مێژووی عێراق و کورد لە عێراقدا داوەتەوە..کەئەمڕۆ دوای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر عێراقدا هاتون و ئەو دوارۆژەش کەکورد چاوەڕوانیەتی لەم عێراقە دیموراسی و ئازادەدا ،

وادەکات کە زیاتر گرنگی بە مێژووی عێراق و عێراقی هاوچەرخ بدەین و لەڕۆڵ و پشکی کورد و سیاسەتی حکومەتە یەك دوا یەکەکانی عێراق سەبارەت بە کورد بدوێین، تاوەکو ئەزمونی تاڵی حوکمڕانی بەعس لە عێراقدا جارێکی دیکە لەم وڵاتەدا دووبارە هبێتەوە..

وتەیەك

هـەموو بزوتنەوەیـەكی سیاسـی كۆمـەڵێك دەسـكەوت و ئامـانجی لێ دەكەوێتـەوە، هـەروەك چۆن هەنـدێك جاریش لەباردەچێت و ئـەوئامانج و دەسكەوتانەی دەیـەوێت دەستەبەری بكات تیادەچێت،، بـەڵام لەسـەرجەم بارەكانـدا قۆنـاغێكی مێـژوویی دیـاری كراودروسـت دەكـات لـە ژیـانی ئـەو نەتەوەیـەدا، لـەم پێودانگەشـەوە شۆڕشـی ١٤ی تـەموزی ١٩٥٨ كاریگەرییەكی قوڵی دروست كرد لە مێژووی سیاسی عێراقی هاوچەرخدا،و ئاستی هۆشیاری سیاسی و كاری سیاسی گەیاندە قۆناغێكی یەكلاكەرەوە، دیارە ئەمەش پاش ژان و ئازارێكی درێژخایەن .

دەكرێـت یـەكێك لـە هۆكارەكـانی هەسـتانی ژمارەیـەك لـە ئەفسـەرانی سـوپای عێراقیبەپێشـەوایەتی عەبدولكـەریم قاسـم بـە شـۆڕش، دە رهاویشـتەی ئـەوە بوبێـت كـەڕژێمی پاشـایەتی ئـەو كاتـە نـەیتوانیوە گۆڕانكارییـە فیكـری و كۆمەڵایـەتی و سیاسـیەكان لـە خۆبگرێـت، لـەم بەرەنجامەشەوە نەوەیەك لەوانە دروست بوون كە هەستیان بە تێك شكان دەكرد لەبەرامبەر ئەگەری بەشداری دەسەڵات ،ئەمەش سـەرەرای سـەرجەمی شۆڕشـە جەماوەرییـەكان و مـانگرتن و راپـەرین، لەبەرامبـەر هـەمو ئەمانـەدا دڵنیا بووبوون لـەوەی هـیچ جـۆرە ڕێگەیـەكیان لەبەردەمـدا نـەماوە جگـە لـە كودەتایەكی سەربازی نەبێت ، ئەمەش لەسـەر شێوەی ئەوەی عەبدولناصر لە میسر ئەنجامی دا..

بـەڵام كاتێـك شـۆڕش سـەركەوت و بەرهـەمی خـۆی دا بەدەسـتەوە وەك پێویسـت نـەتوانرا سـودی لێ وەربگیرێـت ، لەلایـەك ئەفسـەرەكان كەوتنـە

دابەش کردنی غەنیمەتی دەسەڵات و پلەو پایەو کاتێکیش لەسەرئەمە ناکۆکی دروست بوو کەوتنە دارشتنی پلانی کودەتا و لەناو بردنی ئەوی تر، لەبەرامبەر ئەم جۆرە هەوڵانەشدا ئەفسەری دەسەڵات بەدەست هەتا دەیتوانی پێگەی دەسەڵاتی خۆی مکوم دەکرد و نەیارەکانی لەناو دەبرد یاخود زیندانی دەکردن یان دووری دەخستنەوە، لەم نێوەشدا سیاسییەکان وەك ئەوەی نەیان دەتوانی بەر بەم لێشاوی پێکداچوون و ناکۆکییانە بگرن ، ئەوانیش هاتنە نێو کایەی ململانێی ئەفسەرەکانەوە و هێندەی تر بارەکە بەرەو خراپ بوون ڕۆشت و تەنانەت هەندێك کەس پێیان وایە گەر زەمینە سازی ناکۆکی و ململانێی نادروستی نێوان حزبەکانی ئەو سەردەمە نەبوایە، ئەوا مەسەلەکە بەو ئاقارەدا نەدەڕۆشت . ئەوەشی لەم بەرەنجامەوە بووبە مێژوو هیچ کەس تاوانەکەی هەڵ نەدەگرت و هەرلایەك کەدەیویست یادەوەرییەکانی بنوسێتەوە یاخود دیداری لەگەڵا دەکرا بەو دیدەی کە خۆی هەیبوو نەك ئەوەی ڕویدا بوو حەقیقەتەکانیان باس دەکرد، هەربۆیەش دەست بردن بۆ بابەتێکی مێژووی لەسەر مێژووی سیاسی عێراق و بەتایبەتی قسەکردن لەسەر شۆڕشی ١٤ی تەموز، مەسەلەیەکی زۆر قورس و گرانە و دەکرێت هەروا بە ئاسانی نەتوانین مافی باسەکە بدەین و لەنزیکەوە حەقیقەتە مێژووییەکان بخەینە بەردەست، لەهەمان کاتیشدا ئەوانەی ئەو مێژووەیان نوسیوەتەوە زۆر جار دادپەروەرانە حوکمیان نەداوە بە سەر واقیعەکەدا و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیرو ڕای فیکری و سیاسی و نەتەوەیی خۆیانەوە و خۆیان لاداوە لە دەرخستنی زۆر ڕاستی، یاخود هەندێك ڕاستییان شێواندووە و بە چەواشەکراوی خستویانەتە بەردەست خوێنەران.. بەدەر لەم حاڵەتەش بەو

پێودانگەی کە ئێمە لەعێراقدا ژیاوین و زیاتر سەرچاوەی ئەو باسانە لەعێراقدا هاتونەتە بەرهەم و چاپ کراون و کەمتر توانراوە دەست ڕابگات بەو سەرچاوانەدا کە لەدەرەوەی فەزای سیاسی عێراق نوسراون، ئەمە وای کردووە کە خوێندنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بکەوێتە ژێر کاریگەری ناوەندی دەستەڵاتدارەوە و ڕێگە نەدرێت حەقیقەتەکان وەك خۆیان بنوسرێنەوە وئەمەش ڕاستەخۆ کاریگەری دروست کردووە لەسەر بوونی سەرچاوەی پێویست بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو باسانە و دەرخستنی بیرو ڕا جیاوازەکان... بەهەر حاڵ سەرەرای ئەو کۆسپانەی باسکران، هەوڵمداوە لە ئامادەکرنی ئەم کتێبەدا سەرچاوەی جۆراو جۆر وەربگرم و ڕای جیاواز لەسەر راستی‌یەکان کۆبکەمەوە ئەمەش چ لەو کتێبانەی کەدەستم کەوتوون و بەسەرچاوەی سەرەکی مێژووی سیاسی عێراقی دەژمێردرێن و چ دواندن و پرسیار کردن بێت لە هەندێك لەو کەسانەی لەگەرمەی ڕووداوەکاندا بوون.. لێرەشەوە ئەوە دوپات دەکەمەوە لە نوسینی ئەم کتێبەدا -گەربڵێم نوسینە- هێندەی پێم کرابێ بێ لایەنانە حەقیقەتەکانم نوسیوە و ناشمەوێت لەم نێوەشدا وەك لایەنگرێك دەربکەوم ، جگە لەمەش لەبەر ئەوەی هەوڵی لەم جۆرە لە مێژووی کتێبخانەی کوردیدا نەبووە ئەوا بێگومان ئەم هەوڵە بێ کەم و کورت نابێت و دەخوازم خوێنەرانی بەڕێزم بەسەرنج و تێبینی هاوکاریم بکەن زۆر سوپاسیان دەکەم..

ئەم کتێبە پێك دێت لە دوو بەرگ ، بەرگی یەکەمیان لە دوو فەسڵ پێك دێت، فەسڵی یەکەم کورتەیەك لە مێژووی عێراق و گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی کە پێش شۆڕشی ١٤ی تەموز ڕوویداوە، جگەلەمانەش سەربوردێکی مێژووی ئەفسەرانی ئازادیخواز.. فەسڵی دووەمیش گرنگترین

دەرهاویشتە کانی شۆڕشی ١٤ی تەموز توێژینەوەی لەسەر کراوە، کەزیاتر تێیدا باس لە دەرهاویشتە سلبی‌یەکان کراوە..

لەکۆتایدا بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە لە پرۆژەی ئەم کتێبەدا هاوکارییان کردم، لەوانە بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر کە پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسی و ماموستا(ئاکۆ شوانی) ماموستای بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی کە بەسەرنج و تێبینی‌یەکانی کتێبەکەی دەوڵەمەند کرد، و ماموستا(ئەحمەد میرە) کەئەرکی پێدا چوونەوەی زمانەوانی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ، وهەروەها سەرجەم ئەوانەی کە هاوکارییان کردووم..

خرای گەورە یارمەتی هەمولا بدات، هەرئەوە پشت و پەنای مرۆڤەکان...

عەبدولقادر سالح (سلێمانی / مایسی ٢٠٠٣)

فەسڵی یەکەم

*کورتەیەکی مێژوویی

*گرنگترین گۆرانکارییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٥١ -١٩٥٨

*پێکهاتنی ئەفسەرانی ئازادیخواز

کورتەیەکی مێژوویی

عێـراق دەکەوێتـە بەشـی ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیاوە و هاوسنورە لەگەڵ هەریەك لە کویت و سعودیە و ئێران و تورکیا و سوریاو ئوردون ...

عێراق لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشدین دا لەلایـەن ئـەو والیانـەوە ئیدارە دەکـرا کـە خەلیفـەکانی راشـدین لـە مەدینـەوە دایـان دەنـان هـەتا پـێش شـەهیدکردنی خەلیفـەی چوارەم (علـی کـوڕی ئـەبو تالـب) لەوکاتـەدا ساڵی (٦٥٦ز-٣٦ك)دوو والی هەبـــوو، یـەکێکیان لەلایـەن خەلیـــفەی چـوارەم علیکوڕی ئـەبو تالیب دانرابوو کـە (الاشتر مالك بن الحارس الخفی)بوو، دووەمـــیشیان لـەلایەن معاویـەوە دانرابـوو کـە(ضـحاك ی کـوری قیسـل)بوو...پاش کۆتایی هاتنی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین ، عێـراق چووە ژێر دەسەڵاتی حوکمی ئەمەوی (٦٦١-٧٤٩ ز) وبەم جۆرەش والـی یـەکانی سەر عێراق لەدیمەشقی پایتەختی ئەمەوی یەوە دادەنران....

شـایەنی باسـە عێـراق لەسـەردەمی دەسـەڵاتی ئەمـەوی یەکانـدا چـەندین جەنگی بەخۆوە بینــیوە لـە نێوان لایـەنگرانی نـەوەکانی (ئیمام علـی کـوری ئەبو تالب) و دەوڵەتی ئەمەوییەکاندا ، بەم جـۆرەش عێـراق بـەردەوام لـەژێر دەسەڵاتی ئەمەوییـــەکاندا مایەوە هەتا کۆتایی هاتنی دەستەڵاتیان..

سـاڵی (٧٥٠-١٢٥٨ز)ی وعێـراقیش چـووە ژێـر دەسـەڵاتی حـوکمی عەباسییەکان و بغداد بوویـە پایتـەختی ئـەو دەوڵەتـە وپایتـەختی زانسـت و وەرگـێران و بوژاندنەوە..

لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا زۆرێك لە بنەماڵەکان سەریان هەڵدا کەلـە بنەڕەتدا دەگەڕانەوە بۆعەرەبەکان بۆ نموونە (بنی المهلب)یـان بۆفارسـەکان وەك (البرامکـە)و(السـلاحقە) کـەحوکمیان بـەناوی سـوڵتانەوە کـرد لـەنێوان

سالآنی (١٠٥٥-١١٥٢ز)هەروەها لە سەردەمی عەباسییەکاندا عێراق توشی چەندان شۆڕش و جەنگی ناوخۆیی بووە ، تا ئەوەی لەسەر دەستی (هولاکۆ)ی سەرکردەکەی مەغۆلەکان ساڵی (١٢٥٨ز-٦٥٦ك) خەلافەتی عەباسی لە عێراقدا روخا

مەغۆلەکان لەمانگی شوباتی ١٢٥٨هاتنە نێو بغدادەوە ، دوای پێنج رۆژیش ، خەلیفەی عەباسی (المستعصم)، لەناو برا ، بەم جۆرەش بغداد رووبەرووی وێران کردن و تالآن و راورووت بووەوە ، لەهەمان کاتدا مەغۆلەکان عێراقیان دابەش کرد بۆ دووناوچە ، باشور کە پایتەختەکەی بغداد بوو ، باکور کە پایتەختەکەی موسڵ بوو ، هەردوو ناوچەکەش لەلایەن دوو فەرمان ڕەوای مەغولییەوە ئیدارە دەکرا ، کە دوو هاوکاریان هەبوو لە تورکمانەکان یان لایەنگرانیان . لەماوەی نێوان سالآنی ١٣٩٣-١٤٠١ز مەغۆلە تەیمورییەکان بەسەرکردایەتی تەیموری لەنگ هێرشیان کردە سەر عێراق و پەلاماری بغدادیان دا ، لەدوایدا کاروبارەکەیان دایە دەست چەند کۆمەڵەیەکی تورکمانی ، کە لە ململانێ دا دەژیان تائەوەی بنەماڵەی (السفویە) کە تورکمان بوون دەستیان گرت بەسەر کاروباری عێراقدا لەساڵی ١٥٠٨زدا ، دوای ئەوە درێژەیان بە دەسەلآتیان دا هەتا ئەو کاتەیعوسمانی یە تورکەکان لەساڵی ١٥٣٥وەدەریان نان .

عێراق لە سەردەمی دەسەلآتی عوسمانی دا (١٥٣٤-١٩١٨ز) چەندین هەوڵی چاکسازی و بونیات نانەوەی بەخۆوە بینی ، بەلآم بەهۆی ئەو پشێوی و ئالۆزیانەی رووبەرووی دەوڵەتی عوسمانی دەبویەوە لە بەرەنجامی ململانێی نێوان باڵی موحافیزکاران و ڕەوتی نوێخوازەکان و هەر دوای ئەوەش ڕەوتی بە ڕۆژئاوای کردن ، نەتوانرا ئەو پرۆژە چاکسازیانە لە عێراقدا تەواو بکرێن،

هـەروەها زۆرێـك لـەو والیانـەی لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمانیـەوە دادەنـرا دەستیان لە کار دەکێشایەوە ، بارەکەش بەوجۆرە بەردەوام بوو تا ئەوەی عێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانی لە ساڵی ١٩١٨.

بەریتانیا لەگەڵ هەلگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لەتشرینی دووەمی ١٩١٤ ، بەسـرەی داگیرکـرد، پـاش ئـەوەش شـاری (العمـارە)لـە حـوزەیرانی ١٩١٥وشاری ناسریەی لە تەمووزی ١٩١٥ داگیرکرد ، سوپای بەریتانیا لە نزیکـی بغـداد توشـی شکسـت هـات سـاڵی ١٩١٦ ، بـەڵام جـارێکی تـرو لەسەرەتای سـاڵی ١٩١٧ هێرشـی کردە سەر بغدادو لە ١٩١٧/٣/١١ توانی بچێتە ناو بغدادەوە ، شاری (موسل)یش لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ کەوتە ژێـر دەسـتی ئینگلیزەکـان . بـەم جـۆرەش عێـراق بەتـەواوی کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی بـەریتانیا . هەرچـەندە لـە هەنـدێ شـوێندا عێراقیـەکان هاوکاری ئینگلیزەکانیان دەکرد لەدژی دەوڵەتی عوسمـانی ، لە پێنـاو ئەوەی کە لە دوایدا سەربەخۆیی دەست بخەن بەڵام بەپێچەوانەوە ، ئینگلیزەکان بەئاگرو ئاسن وەڵامی گەلی عیراقیان دایەوە و کەوتنە سەرکوت کردنیـان ، تائەوەی لەم بەرەنجامـەوە شۆڕشـی سـاڵی ١٩٢٠ دژبە حـوکمی بەریتانیا لـە عیراقـدا رویـداو و لـەو بەرەنجامەشەوە زیانی گیـانی و مـاڵی بـەر سوپـای بەریتانیا کەوت و بەریتانیـاش ناچار بوو هێزوپێداویستی سەربازی تر بهێنێتە عیراق ، ئەمەش بـۆ سـەرکوت کردنـی هـەر ڕاپـەڕین و شـۆڕشێك لـە دژیـان . لە٢٣ی ئابی هـەمان سـاڵدا وبۆهێـور کردنەوەی ڕەوشـەکە مـەلیك فەیسـەڵ ی یەکەم بانگهێشـت کـرا تـا بکریتـە مـەلیك بەسـەر عیراقـەوە .. لـەپێناو زیـاتر سەقامگیربوونی دەسەڵاتی بـەریتانیا ، ئینگلیزەکـان بیریـان لـەوە کـردەوە تـا شـێوە ئۆتۆنـۆمی یـەك بدەنـە عـیراق و یەکـەمین کابینـەی وەزاری لـە ١٩٢٠/١١/٢٧ پێکهێنـرا ، وەك حکومـەتێکی کـاتی پاشـایەتی و لـەژێر

ئیدارەی وەزیرە عیراقیەکان و بە سەرپەرشتی حاکمی بالای بەریتانیا بەڕێوەچوو .

لەساڵی ١٩٢١ مەلیك فەیسەڵ لە ڕاپرسییەکی گشتیدا کرایە مەلیك بەسەر عیراقەوە

بەم جۆرەش وجودی بەریتانیا لە عێراقدا بەسوپاو دەسەلاتی سیاسییەوە درێژەی هەبوو ، ئەمەش بەپێودانگی هەڕەشەی دەرەکی لە سەر عیراق، بەلام نەیاریش هەر بەردەوام بوو لەدژی بوونی بەریتانیا تا ئەوەی (مەلیك فەیسەڵ)ی پاڵ پێوەنا داوا بکات لە بەریتانیا بە هەڵوەشاندنەوەی (ئینتیداب)و بەستنی هاوپەیمانێتیەك لەگەڵ عێراقدا ، لەبەرامبەریشدا بەریتانیا ڕەزامەندی دەربڕی و بەڵێننامەی هاوپەیمانێتی نێوانیان لە ساڵی ١٩٢٢ئیمزاکرا ...

لەساڵی ١٩٢٥دا یەکەمین هەڵبژادنی پەرلەمانی لەعیراقدا بەڕێوەچوو، لەگەڵ ئەوەی بەپێ ی پەیماننامەی نێوانیان ڕێگە درا بوو بە بوونی چەندین بنکەی سەربازی بەریتانیا لەعیراقدا ، هەر لەم بوارەشدا ڕێکەوتنێکی تر لەساڵی ١٩٣٠ئیمزاکرا ، هەر لەسەرەتای سالانی سییەکاندا عێراق ریکەوتننامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەریەك لە ئەمەریکاو ئەڵمانیاو فەڕەنسا مۆرکرد، لە ئوکتوبەری ١٩٣٢ عێراق بووە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان ئەمەش پاش رەزامەندی بەریتانیا . مەلیك فەیسەڵ ی یەکەم لەساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوای کردو کوڕەکەی واتە غازی یەکەم جێگەی گرتەوە ، ئەم هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی پارتەکان و بەهێزو چەك حوکمی عێراقی دەکرد ، هەر لەم ساڵەدا ڕێکخراوی کومەڵەی گەلان هەستا بەگۆڕانکاری لە سنوری نێوان عراق و سوریاو (چیای سنجار)خرایە سەر عێراق ...

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ کودەتایەکی سەربازی بەسەرکردایەتی(بکر سدقی) کەدژی دەسەلأتی بەریتانیا بوو لە عێراقدا رووی‌دا، بەلأم حوکمەکە ساڵێکی نەخایاند و کوژرا، ساڵی١٩٣٩ مەلیك غازی لە روداوی ئوتومبیلدا گیانی لە دەست دا ، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمدا شورشی گەلی‌کورد بە شێوەیەکی بەرچاودەستی پێکرد و ئەمەش بووبەمایەی ئەوەی حکومەتی عێراقی زیاتر گرنگی بە پێگەی سەربازی بدات ... پاش کوژرانی مەلیك غازی ، کوڕەکەی واتە مەلیك فەیسەل ی دووەم کەتەمەنی سێ‌ساڵان بوو جێگەی گرتەوە وەك مەلیکی وڵات و لەژێرچاودێری خاڵەکەیدا ئەمیر عەبدولئیلاه کارەکان بەڕێوەدەچوو کە دانرابوو بە وسی بەسەر عەرشەوە . لەهەمان کاتدا نوری سعیدی سەرۆك وەزیران بەپشتیوانی بەریتانیا کاروباری دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد ، لەهەمان ساڵدا عێراق پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیادا پچڕاند ، لە ١٩٤١/٥/٢ جولأنەوەیەك لە عێراقدا هەڵگیرسا بە سەرۆکایەتی رشید عالی گەیلانی دژی دەسەلأتی بەریتانیا بەسەر عێراقەوە لەئاکامی ئەم جولأنەوەیەدا هەریەك لە وەصی عەرش و نوری سعید هەلأتن بۆ ئوردون و لەوبەرەنجامەشەوە بەریتانیا جەنگی لەدژی حکومەتە نوێیەکەی رشید عالی گەیلانی ڕاگەیاند ، لەپاش مانگێگ لە ڕاگەیاندنی جەنگ ، سوپای بەریتانیا بغدادی داگیر کردەوە ، لەگەڵیشدا وەصی عەرش گەڕایەوە و سەرکردەکانی جولأنەوەکەش نەیان توانی درێژە بە بەرگری بدەن و خۆیان بەدەستەوەدا ..

پاشان بەهۆی ئیمزاکردنی هودنەیەکەوە بەریتانیا سەرلەنوێ دەستی گرتەوە بەسەر عیراقدا ، و حکومەتێکی نوێ پێکهێنرا کەلایەنگرو سەربەبەریتانیا بوو بەسەرۆکایەتی جمیل مدفعی و پاش ماوەیەك دەست لە کارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندو نوری سعید جێگەی گرتەوە .. لەمانگی

کانونی یەکەمی ١٩٤٣ عێراق جەنگی دژی وولاّتانی میحوەر ڕاگەیاند ..
ساڵی ١٩٤٥ عیراق بووە ئەندام لە جامعەی وولاّتانی عەرەبی ، کاتێکیش شۆرشی گەلی کورد لە دژی حکومەت هەڵگیرسا لەنێوان ١٩٤٥-١٩٤٦ بەریتانیا هێزی زیاتری نارد بۆعێراق لەپێناو پارێزگاری ئاسایشی نەوتی خۆیدا ، پاش کۆتای هاتنی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ نوری سعید کەوتە دانوستان لەگەڵ مەلیك ی ئوردون بۆپێکهێنانی یەکێتی یەك لە نێوان عێراق و ئوردوندا ، هەر لەو ساڵەشدا ئیمزا لەسەر پەیماننامەی برایەتی نێوان هەردوو وڵات کرا ، بەپێی ئەم پەیماننامەیە هاوکاری سەربازی نێوان هەردوولا دوپات کرایەوە ، تائەوەی کەلەساڵی ١٩٤٨ سوپای عێراقی بەشداری جەنگی کرد شان بەشانی سوپای ئوردونی لەجەنگی دژی ئیسرائیل (پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی) لە فەلەستین دا . بەلاّم بەهۆی هەڵوێستی هەندێ لەسەرۆکی ژمارەیەك وڵاتی عەرەبییەوە و هەروەها پاڵدانەوەو خەمی ساردیان ، بوو بەمایەی شکستی ئەم جەنگە بەلای عەرەبەکان و جێگیربوونی دەوڵەتی ئیسرائیلی.

کاتێکیش پەیماننامەی (بورت سموث) لەساڵی ١٩٤٨ داڕێژرا بۆ دەستکاری کردنی پەیماننامەی ١٩٣٠ ، ڕاپەڕین لەعیراقدا سەری هەڵدا و تالەئاکامدا حکومەت و پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوە ، هەرلەهەمان ساتدا ڕاپەڕینی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی ڕوویدا [1].

---

[1] سەرچاوە ئەنتەرنێت.

گرنگترین گۆڕانکارییەکانی

ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٨

١- دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوە (المجلس الاعمار)

گەر سەرنجی هەل و مەرجی سیاسیوکۆمەڵایەتیوئابوری ئەو سەردەمەی عێراق بدەین دەبینین کەلە چەند خاڵێکدا خۆی دەنوێنێت:

أ-باڵادەستی و هەژموونی بەریتانی بەسەر تەواوی کاروبارەکانی عێراقداو پەیڕەو کردنی ئەو سیاسەتانەی کەخزمەت بە پەرژەوەندی بەریتانیادەکات ..

ب/ زیاتر زاڵ بوونی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بەسەر جوتیاران وباری کشتوکاڵیدا لەعێراق و بەجۆرێك٥٦٪ زەویوزاری عێراق بەدەستی (٢٨٠٣)کەسەوە بوو ، دەسەڵاتیان بەسەر ٧٠٪ی جوتیاراندا سەپاندبوو .

ج-بەهۆی هەلومەرجی خراپی بژێوی لەگوندەکان و چەوساندنەوەی دەرەبەگ ، گوندنشینەکان بەژمارەی زۆر گوندەکانیان بەجێدەهێشت وکۆچیان دەکرد نێو شارەکان و خانوی سەرەتایی و نەگونجاویان دروست کرد تاتێیدا بژین کەهیچ جۆرە هەل و مەرجێکی ژیانی تێدا نەبوو، بۆنموونە لەماوەی ١٠ساڵی پێش شۆڕش زیاتر لە ٢٠٠هەزار گوندنشین هاتبوونە بغدادو لە قەراغی شارداو لەهەلومەرجێکی ژیان و گوزەرانی سەختدا بوون .

د-شێوازێك لەدابڕان و بەئاگانەبوون لە جەماوەر درووست بوو لە لای کاربەدەستانی باڵای ولات بەجۆرێك کاتێك یەکێك لە وەزیرەکانی نوری سعید داوادەکات لێی تاسەردانی ئەو ماڵانە بکات لەدەوروبەری بغداد

نیشتەجێ بوون و باری ژیانیان خراپە ، کە نوری دەچێتە ناوچەکە تووشی (شۆك)دەبێت لەچۆنیەتی باری ژیانی ئەو ماڵانە، هەرچەندە لەدوایشدا هیچ شتێکی ئەوتۆی بۆئەنجام نەدان کەکار بکاتە سەر گۆڕینی باری ژیان و گوزەرانیان.

٦/سەرکوت کردنی سیاسی و ڕێگەنەدان بە ئازادی پارت و ڕێکخراوەکان ، و هێشتنەوەی دەسەڵات بەتەنها لە دەستی خۆیاندا.

لەبەرەنجامی ئەو خاڵانەی سەرەوە چەندین دەرهاوێشتەی سلبی تر ، لەساڵی ١٩٥٠ حکومەتی ئەو کاتەی عیراق بڕیاری دامەزراندنی (ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی)دا، ئەم ئەنجومەنە ئەرکی دارشتنی پلانێکی ئابوری و دارای گشتی جێبەجێکردنی پێسپێردرا ، لە پێناو پێش خستنی سەرجەم بوارەکانی ژیان لە عێراقداو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان ، بۆئەم بوارەش بودجەیەکی سەربەخۆ دانرا کەلە ٧٠٪ی داهاتی نەوتی دەگرتەوە ، پلانەکەش کاری لەسەر پڕۆژەی درێژخایەن دەکردەوە ، وەك دروست کردنی بەنداوی (دەربەندیخان) و(دوکان) و هەروەهاپردی (ذات الطابقین) لە بغداد، هەریەك لەم پڕۆژانە گرنگایەتی خۆیان تائێستا لەدەست نەداوە ...

بەنداوی (ثە رثار) دووئەرکی لەیەك کاتدا جێبەجێ دەکرد : یەکەم / ڕزگار کردن و پاراستنی ناوچەیەکی فراوان لەنێویشیاندا بەغداد لە مەترسی لافاو.. دووەم/ کۆگاکردنی ئاو کە توانای کۆکردنەوەی (٩٠)ملیار مەتر چوار گۆشە ئاوی هەبوو ، لەکاتێکدا دەریاچەی ناصر کەلەپشت (سدالعالی)یەوە دروست کرابوو توانای کۆکردنەوەی کەمتر بوولە (٧٥)ملیار مەتر چوارگۆشەی هەبوو.هەروەها هەردوو بەنداوی(دەربەندیخان) و(

دوكان) هەتا ئێستاش بۆكەمكردنەوەی مەترسی لافاو و كۆكردنەوەی ئاو بەرهەم هێنانی ووزەی كارەبا سودی لێوەردەگیرێت ...شایانی باسە كارەكانی ئەنجومەنی ئاوەدان كردنەوە لای زۆرێك لە گەلانی عێراقی گرنگی نەبوو، تەنانەت بەئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوە دەوترا ئەنجومەنی ئستیعمار(داگیر كەر) ، چونكە لەو كاتەدا گەلی عێراقی بەگومانەوە لەم جۆرە كارانەیان دەڕوانی و بەبەشێك لەبەرژەوەندی بەریتانیا سەیریان دەكرد، ئەمەش زیاتر لەبەر دوو هۆكار :-

١-لەبەر ئەوەی كە بەریتانیا تا دەهات هەژموونی خۆی لەعێراقدا زیاتر دەكردو ئەم جۆرە پرۆژانەش كە زۆر زەبەلاح بوون و بەتەكنیكی دەرەكی و سەرپەرشتی ئەوان (بەریتانییەكان) دروست كرا ، گومانی ئەوەی لێ دەكرا ببێتە هۆی زیاتر چەسپاندنی پێگەی بەریتانیا لە عیراقدا ، بەتایبەت كاری لەو جۆرە لە عێراقدا نەكرابوو.

٢-ئەم جۆرە پرۆژانە كاریگەری هەنوكەیی وخێرای نەبوو ، گەلی عیراقیش لەو كاتەدا پێویستی بەو كارانە هەبوو كە دەست و برد بێت و خێرا سودی لێوەربگرن ، نەك چەندین ساڵ چاوەڕێی بەرهەمەكەی بن ...

پاش سەركەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، سەرانی شۆڕش قەناعەتیان وابوو كە دەبێت بەشێوەیەكی تەواو ئابووری عێراق ئازاد بكرێت لە پاشكۆیەتی بەریتانی، لە هەمان كاتدا كەم كردنەوەی جیاوازی نێوان چینەكانی كۆمەڵگا لە ڕووی ئابوورییەوە، و رەخسانی بوار لە بەردەم خاوەن تواناو لێهاتنەكان تا بتوان رۆڵی خۆیان ببینن و دادپەروەری كۆمەلایەتی بچەسپێت، ئەمانەش هەموو بە خستنە گەڕی تواناو وزەی وڵات، تێڕوانینی دەسەڵاتی سەربازیش سەبارەت بە ئەنجومەنی ئاوەدان

کردنەوە زۆر جیاواز نەبوو لەگەڵ تێڕوانینی پارتە سیاسیەکاندا لەبەرەی یەکێتی نیشتمانی، کەناویان لێ نابوو بە(ئەنجومەنی ئیستعمار) ئەمەش وەك سوکایەتی کردن بە پرۆژەکانی، کەپێیان وابوو لە خزمەتی ئامانجی نانیشتمانی دایە، لەبەر ئەوە دەبوایە گۆڕانکارییان بهێنایە بەسەر ئەم ئەنجومەنەدا، تالە گەڵ بارودۆخی تازەدا بگونجێت، هەربۆیەش هەستان بە دانانی (فوئاد رکابی) کەئەندازیارێکی بەعسی بوو، بە وەزیری ئاوەدان کردنەوە، کەلە پێشدا لە ئەنجومەنی ناوبراودا بوو، تاهەستێ بە چاوخشاندنەوە بە بارو دۆخی ئەنجومەنەکەداو، ئەویش دەستی دایە پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بۆ تاوتوێ کردنی یاسای کاری ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەو کارەکانی..

لەرۆژی یەکەمی شۆڕش مەرسومەی کۆماری ژمارە (١٥) دەرچوو تێیدا هاتبوو:

بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی و لەسەر بنەمای ئەوەی کە وەزیری ئاوەدان کردنەوە خستیە بەردەست و ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دەربڕی بڕیارماندا:-

ماوەی ئەندامێتی بەڕێز (تەها هاشمی) نوێ نەکرێتەوە کەلە ١٣ی ئابی ١٩٥٨ کۆتایی دێت.

لەکار لابردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوە، ئەوانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە، لەبەرواری ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨:

١- جەلال بابان

٢- عەبدولجەبار چەلەبی.

٣-عەبدولرەحمان جەلیلی.

٤- عەبدولغەنی دەلی.

پێویستە لەسەر وەزیری ئاوەدان کردنەوە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

لەبەغداد نوسرا لە رۆژی بیست و شەشی (ذی اللحجة) ١٣٧٨ بەرامبەر بە رۆژی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨.

ئەنجومەنی سیادە[١]

٢-هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٤

لەگەڵ ئەو هەلومەرجە سیاسیە ئاڵۆزو ناجێگیرەی لە عیراقدا بەڕێوە دەچوو ، کابینە وەزارییەکان زوو زوو دەستیان لە کار دەکێشایەوە لەهەمان کاتدا ئازادی کاری سیاسیش زۆر سنوردار بوو ،سەرەڕای ئەمانەش سەرکەوتنی شۆڕشی ٢٣/تموزی ١٩٥٢ لەمیصر ، بوونە مایەی ئەوەی جم و جوڵی سیاسی زیاتر لەعێراقدا بەرەو پێشەوە بەرن ، تا گەیشتە ئەوەی لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٢لە عیراقدا ڕاپەڕین ڕویدا، پشێوی و ئاڵۆزی جارێکی تر عێراقی گرتەوە ، بارەکەش بەم جۆرە درێژەی هەبوو ، تاکارگەیشتە ئەوەی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٤ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدا و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بەیەك لیست بەشدار بوون ، لەئەنجام دا توانیان لەکۆی ١٣٥کورسی پەرلەمان ١١کورسی بەدەست بهێنن ، ئەمەش یەکێك بوو لەو هەلومەرجە دەگمەنانەی کە پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی بەخۆوە ببینێ ، بەڵام زۆری نەبرد ئەم ئاواتەی ئۆپۆزسیۆن لەناو چوو، بۆیە دوو مانگ تێپەڕی بوو بەسەر دامەزراندنی ئەم پەرلەمانەداو تەنها یەك کۆبوونەوەی ئەنجام دابوو ، نوری سعید بە

---

[١] تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهوري، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩، تأليف مجموعة من الاساتذة سنة ٢٠٠٠ص١٥٣.

ئیرادەیـەکی پاشـایەتی بڕیـارێکی دەرکـرد بۆهەڵوەشـاندنەوەی پەرلـەمان .لەگەڵ ئەمەشدا لە هـەوڵی ئـەوەدا بـوو تـا چەندین بڕیـاری تـر دەربکات لـە بـواری سیاسـیدا ، بـەم جـۆرەش چـەندان تەشـریعات دەرچـوو بۆدەسـەلاَت گـرتن بەسـەر ئـازادی ڕادەربـڕین و هەڵوەشـاندنەوەی پـارتی سیاسـیو لـە دوایشدا پەرلەمانێکی هێنایە ئاراوە کە لـە بـەرەنجامی هەڵبـژاردنێکی تـرەوە پێکهات و لەژێر توندو تیژترین چاودێریو هەلومـەرجی سیاسـیدا ئـەنجام درا ... بـەم شـێوەش پارتـە سیاسـییە سـەرەکییەکان چـوونە قۆنـاغی نهێنییـەوە ، لەگـەڵ ئەوەشـدا عیراقـیش چـوویە هەلومـەرجێکی سیاسـی ناسـکەوە ..بـەم جـۆرەش هەڵبژاردنـەکانی پەرلـەمانی ١٩٥٤ واتـای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دا ، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەلەسەردەمی دەسـتەلاَتی پاشـایەتیدا هێنـدە بـوار نەڕەخسـابوو بـۆ پـارت و ڕەوتـە سیاسـیەکان تـا گەشـەبکەن و کاربکـەن، و بتـوانن بەشـداری کاروبـاری بـەڕێوبردنی وولاَت بکـەن ، تەنانـەت کارەکـە گەیشـتە ئـەوەی لـەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەست بە بۆشاییەکی سیاسیو ئیداری دەکرا لە عێراقدا کە لە شوێنی خۆیدا باسی لێوە دەکەین .

٣/ پەیمانی بغداد ١٩٥٥

بـەرەی ڕۆژئـاوا بڕیـاری پێکهێنـانی ڕێکخـراوی بـەرگری لـە ڕۆژهـەلاَتی ناوەڕسـت یـان دا ، ئەمـەش لـەدژی بەرەی ڕۆژهـەلاَت ، بـەلاَم ئـەم پرۆژەیـە سـەرکەوتو نـەبوو بـەهۆی نەیارێتیکردنیـەوە ، پـاش ئـەم هەوڵـە شکسـت خـواردووە، بـەریتانیاو ئەمـەریکا دەسـتیان دایـە هەوڵـدان لەگـەڵ ناوەنـدو کەسـایەتییە ڕەسمییـەکانی عێـراق و تورکیـا و کەوتنـە وتووێـژەوە ، لـە کۆتـای سـاڵی ١٩٥٤ نـوری سعید سـەردانی لەنـدەنی کـردو پاشـان تورکیـا ،

تائەوە بوو هەردوولا (تورکیاوعێراق)لەسەر دامەزراندنی بەرەیەکی ئەمنی هاوبەش ڕێك کەوتن ، بەم جۆرەش دانوستانی نێوانیان بەردەوام بوو لەپێناو دارشتنی بەلاغیکۆتایی پرۆتۆکۆلەکە ، پاشان لە ١٩٥٥/٢/٢٣ وەفدێکی تورکی بەسەرۆکایەتی(عدنان مندریس) سەردانی بەغدادی کردو لە ١٩٥٥/٢/٢٤ ڕێکەوتنەکە مۆرکرا ، لە ٢٥/٤/ی هەمان ساڵ بەریتانیاش بووبە ئەندام تێدا ، لەدوای ئەم پەیوەندی کردنە ، پەیمانەکە ناونرا بە پەیمانی بەغداد و داواکرا لە هەریەك لە پاکستان و ئێران بۆ بوونە ئەندام تێیدا ، ئەوە بوو پاکستان لە ٩٥٥/٩/٢٣بووە ئەندام و ئێرانیش لەمانگی ١٩٥٥/١١ . هەرچەند داوا کرا لەهەندیووڵاتی زلهێز تا ببنە ئەندام لەم پەیمانەدا ، بەڵام ڕەتیان کردەوە ، لەلایەن خۆیەوە ئەمریکا تەنها پشتگیری پەیمانەکەی کرد و لەهەندیلیژنەیدا بەشدار بوو ، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تموزی ١٩٥٨ عێراق لەم پەیمانە کشایەوە و لەدوایدا پەیمانەکە ناوەکەی گۆڕا بە پەیمانی مەرکەزی یان (سنتۆ).

بێگومان پەیمانی بغداد لەو کاتەدا وەك پشتێنەیەکی ئەمنی بەڕووی مەترسی تەوژمی کۆمۆنیستیدا هاتە ئاراوە و پارێزگاری کردن بوو لە ووڵاتانی دۆست و لایەنگرانی بلۆکی ڕۆژئاوا .. جێگای باسە بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان هەوڵی ڕزگاربوونیان دەدا لە دەستی ئستیعمارو بەتایبەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ٢٣ی تموزی ١٩٥٢ و ڕووکردنە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی زیاتر ئەم نیگەرانییەی دروست کردبوو ، هەر بۆیەش دەبینین هەریەك لە سوریاو میصر بەتوندی دژی ئەم پەیمانە وەستانەوە هەندیکەسی شارەزاش بیروڕایان لەسەر ئەوە جەم بوو کە حکومەتی شانشینی ئوردونیش حەزی بەوە کردووە بچێتەنێو ئەم پەیمانەوە بەڵام

لەبەر نەیاری ڕای شەقامی ئوردونی سەبارەت بەم پەیمانە، ئوردون هەنگاوەکەی نەکرد بە عەمەلی ، سەبارەت بەدەوڵەتی ئیسرائیلیش زۆر لا بیروڕایان وابوو هەرچەند بەشێوەیەکی رەسمی وئاشکرا ئیسرائیل هەڵوێستیسەبارەت بەم پەیمانە وبەشداری تیدا کردنی شتێکی ئەوتۆنەبووە و هیچ جێ دەستێکی دەوڵەتی ئیسرائیلی تیدا بەدی نەکرا ، بەڵام قسەو باس لەسەر ئەوە هەبووە کەئیسرائیل بە شیوەی نهێنی و لە پشتی پەردەوە بەرژەوەندی خۆی تیدا بینییەوە و لەبەرمەترسی لێك هەڵوەشانەوەیپەیمانەکەش بەشداری تێدا نەکردووە ..

لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق ، پەیمانی بغداد زۆر بەتوندی دژایەتی دەکرا لەلایەن شەقامی عیراقییەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەیان دەکرد لەگەڵ دەرچوونی عیڕاق لەو پەیمانە ، چونکە عێراق تاکە وڵاتی عەرەبی بوو کە ئەندامی ئەم پەیمانە بێت و ناوی پەیمانەکەش ناوی پایتەختی وڵاتێکی عەرەبی هەڵگرتبوو کە هەمیشە ڕەمزی شانازی عەرەب بووە و لە هەمان کاتدا لە رووی گیانی سەردەمیشەوە رەوتێکی پێچەوانەبوو لەگەڵ ئاراستەی گیانی شۆڕشگێڕیو ئازادیخوازیو سەربەخۆی کە لەو کاتەدا لە پەرەسەندن دا بوو ، سەرەڕای ئەمانەش مایەی دابڕان و گۆشەگیری عێراق بوو لە جیهانی عەرەبی ، چونکە ئەم کارە لەگەڵ ریکەوتن نامەی ئاسایشی سعودیە پێچەوانە بوو کە لەو کاتەدا لە ئارادابوو ..

٤/پێکهێنای بەرەی یەکێتی نیشتمانی١٩٥٧

بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ناوەراستی١٩٥٤و قەدەغە کردنی کاری پارتەسیاسیەکانو لەهەمان کاتدا هاتنەئاراوەی پەیمانی بەغداد ١٩٥٥ بەهەڵسوراندنی عێراق وەك لایەنی

جیٚبەجیٚکارو هێرشی سیٚ قوٚلی بەریتانیا و فەرەنساو ئیسرائیل بوٚسەر میسر لە ئوٚکتوبەری ١٩٥٦و سەرەرای ئەمانەش خراپی هەلومەرجی ژیانی سیاسیوئازادی ڕادەربڕین وهەژاریو دوا کەوتووی نێوگەلی عیراق و گرنگی نەدانی حکومەتی عیراقی پیٚیان ...تادەهات پارتەکانی ئوٚپوٚزیسیوٚن لەیەك نزیك دەبونەوەو ئەوەبوو لە ئاکامداولە ١٩٥٧/٣/٩ یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی ڕاگەیەنرا .. ئەو پارتانەی لەم بەرەیەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە :-

١-پارتی سەربەخوٚیی(حزب الاستقلال) کەسالّی ١٩٤٦دامەزرابوو، بچوکترین پارتی نێو بەرەکەو پارتێکی عەرەبی ئیسلامی میانەڕەو بوو ، زیاتر پیٚی دادەگرت لە سەر نەمانی هەژموونی بەریتانیا لەعێراقدا..

٢-پارتی بەعس کەسالّی١٩٥٢ لە عێراقدا دامەزرابوو، ئەم پارتە توانی لاوان لەدەوری خوٚی کوٚبکاتەوە ئەمەش بەهوٚی بیرو ڕا ناسیونالیستەکانیەوە ، بڕیاری وەستانی کاری حیزبەکان کەلە سالّی ١٩٥٤ زوٚر کاریگەری لە سەر پارتی بەعس نەبوو ، چونکە لەو کاتەدا ئەم پارتە بەنهێنی کاری دەکرد ، لەبەر تازەیشی نەیتوانی بوو ژمارەیەکی زوٚرخەلّکی لە خوٚی کوٚبکاتەوە .

٣-پارتی نیشتمانی دیموکراتی سالّی ١٩٤٦ دامەزرابوو، ڕیٚڕەوی فیکریان لیبرالی چەپی میانەڕەو بوو، لەگەلّ بوونی پێگەیەکی کوٚمەلاّیەتی بەر تەسك ، بەلاّم لەگەلّ پارتی سەربەخوٚیدا توانیبویان دەرکەوتو ترین کەسایەتی یەکانی ئوٚپوٚزسیوٚنی عێراقی پێك بهێنن.

٤-حزبی شیوعی عێراقی سالّی١٩٣٤لە عێراق دامەزرابوو ، وەك پارتێکی بیٚموٚلەت مابووە و کاری دەکرد، بەلاّم ئەم پارتە لە دواین

قۆناغەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی‌دا لە عیراق بووە ڕەگەزێکی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق دا، لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا کەلە ۱۹۵۷/۳/۹ بڵاوکرایەوە، بەرە پێی داگرتبوو سەر سیاسەتی دەرەکی عێراق و بەتوندی ڕەخنەی لەم بوارە گرتبووە ، هەربۆیە (١٦٦١)ووشەی بەیاننامەکە تایبەت بوو بەسیاسەتی دەرەکی، لەکاتێکدا چارەسەری باری ناوخۆی وولاتی لە (٦٠٥)ووشەدا کورت کردبووەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆی ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەت گیراوە لەسەر سەرکوت کردن و ئەم حاڵەتەشی بۆ ململانێ نێو دەوڵەتی‌یەکان گەڕاندۆتەوە. جیهان بینی بەرەش سەبارەت بەهەلومەرجی نێو دەوڵەتی دابەش بوو بوو بەسەر دوو بەرەدا: یەکەم / بەرەی (شەڕ) کە خۆی لە سەربازگەی ڕۆژئاوایی و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا دەبینیەوە.. دووەم / بەرەی (چاکە) کە خۆی لەبزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیەکاندا دەبینیەوە لە چوار چێوەی وولاتانی بێ‌لایەندا، بێگومان بەیاننامەکە سیاسەتی دەرەکی حکومەتی پاشایەتی بەستبووە وە بە سەربازگەی ڕۆژئاواوە ، هەروەها لە بەیاننامەکەدا نوری سعید وەك بە کرێگیراوی سەربازگەی ڕوژئاوای وەسف کرابوو ...

داواکارییەکانی بەرەی یەکێتی نیشتمانی

١-لاخستنی کابینــە وەزارییەکــەی نــوری ســعیدو هەڵوەشــاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران •

٢-دەرچوون لە پەیماننامەی بەغدادو یەکخستنی سیاسەتی عێراقی لەگەڵ سیاسەتی وولاتانی عەرەبی سەربەخۆ•

٣-بــەرەنگار بوونــەوەی دەســتێوەردانی کولونیــالیزمی بەهــەموو شێوەکانی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بێلایەنی ئیجابی،کە جمال عبد الناصر بۆبزوتنەوەی وولاتانی بێلایەنی دانابوو...

٤-ریگەدان بەئازادی دیمکراتی دەستوری .

٥-هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عورفی و ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان وگەڕانەوەی قوتابیان و فەرمانبەرە دەرکراوەکان بۆسەر پیشەکانیان بەهۆی باری سیاسیەوە کەدەرکرابوون...

سەبارەت بەباری ئابووری و چارەسەرکردنی ئەم بوارە لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی پێ نەدرابوو، زۆر لا بیروڕایان لە سەر ئەوەبوو کە عێراق وولاتێکی دەوڵەمەندەو کێشەی ئابوری‌نیەو دەتوانرێت بە ئاسانی چارەسەربکرێت، بەلاّم هەندێکی ترئەم باس نەکردنە بۆجیاوازی بیروڕای ئەندامانی نێو بەرە دەگەڕێننەوە کە کۆك نەبوون لەسەر یەك هەڵوێستی یەکگرتوو، بەتایبەت هەندێ مەسەلەی وەك چاکسازی کشتوکاڵی‌و کێشەی دەرەبەگ لەعێراقدا، کەوای کردبوو بەردەوام جووتیاران لە هەلومەرجێکی نادروستی ئابوریدا بژین.. بەلاّم هەندێکی تر بڕوایان وایە ئەوانەی لەو کاتەدا نوێنەرایەتی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد، لەتازە تێکۆشەرە سیاسیەکان بوون پێدەچێت زۆر دەرکیان بەم مەسەلە نەکردبێ لە ڕووی گرنگی‌یەوە.. بەگشتی دەتوانم

بڵـێم پاڵنـەری سـەرەکی هاتنـە ئـاراوەی بـەرە، هێنـدە سـەرکوت کردنـی سیاسـیو گرتنەبـەری سیاسـەتیهەڵە بووە لەسـەر هـەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە ، هێنـدە پاڵنـەری ئـابووری نەبووەتـە هـۆی هاتنـە ئـاراوەی.. یـاخود دەتوانین بڵێین ئەو نوخبەی سەرکردایەتی ئەم بەرەی دەکرد، کەمتر لە ژێـر کاریگـەری رەهەنـدە ئابوورییەکـەدا بـوون بـەبارە سـلبییەکەیدا..بـەدەر لـەو خاڵـەی باسمـان کـرد، خـاڵێکی تـری گـرنگ هەیـە سـەبارەت بەمەسـەلەی بەرەیەکێتی نیشتمانی، ئەویش ئەوەیە تاچەندئەم بەرەیە توانیبـوی بێتـە جەمسەرێك بۆکۆکردنەوەی جەماوەر لەدەوری خۆی ؟

بێگومان عێراقییەکان لەو سەردەمەدا خۆشحاڵ بوون، بەتایبەت توێژی رۆشنبیرو قوتابیوسیاسیەکان، بە کۆکردنەوەی سەرجەم بیروڕا سیاسیەکان لەبۆتەیـەکی نیشـتمانیدا، و سـەرکردایەتی کردنـی ڕاپـەڕین و یەکخسـتنی، تەنانـەت ئـەم بەرەیـە گەیشتە ئـەو ئاسـتەی هەڕەشـە دروسـت بکـات لەسـەر پێگەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراقدا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ پارت و ڕەگـەزی نەتـەوەیی تـر تێـدا بەشـدار نـەبوون ... مـن پـێم وایـە لاوازتـرین خـاڵی بەرەکـە زاڵ بـوونی هـەژموونی ناسیۆنالیسـتی بەعسـییەکان بـووە بەسـەر بەرەکـەدا، کـە ڕێگـەی نـەداوە بەبەشـداری نەتەوەیـەکی تـر، یـاخود پـارتێکی تـر لەسـەر بنـەمای نەتـەوەی لەبەرەکـەدا، تەنانـەت بەعسـییەکان (مافی ڤیتـو)یان لـە بەشـداری کردنـی هـەر ڕەگـەزێکی ترجگـە لـە عەرەبـەکان بـەکار دەهێنـا، سـەبارەت بـە پـارتی و بـەرەی یـەکێتی نیشـتمانی، بـەڕێز (مەسـعود بـارزانی) لـە کتێبـی (بـارزانی و بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد) ل٢١ دا دەڵێـت: لەسـەرەتادا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان نەچـووە نـاو بەرەکەوە، چونکە حزبـی بـەعس بـەر هەڵسـتی دەکـرد، هەڵوێستی شیوعی

دڵخۆشکەر نەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو بەرەکەوە، پاشان کاتێک داواکرا لە پارتی بێتە ناو بەرەکەوە بەماوەیەک پێش شۆڕش – بەتایبەتیسکرتێری پارتی وای بەباش زانی کە جارێ بڕیاری چونە ناو بەرە نەدات، تاپرس بەسەرۆک جەمال عەبدولناصر دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا پارتی هەر پەیوەندی ڕێکی لەگەڵ بەرەدا بەستبوو.. بەڵام (ئەحمەد مهنا) لەبەر نامەی (بين الزمنين) ی کەناڵی ئاسمانی ئەبوو زەبی کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ دەڵێت: لەو سەردەمەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی پرۆتۆکۆڵێکەوە لەگەڵ حزبی شیوعیدا، بەلایەنگری بەرەکە حسابی بۆدەکرا و داواکاری حزبی شیوعی گوزارشتی لێدەکرا ، دەتوانم بڵێم هەر ئەم ڕەگەزی نەتەوەیشە لە عێراقدا بەردەوام و لەو کاتەوە مایەی گرفت و پشێوی و ناجێگیری باری سیاسی بووە و تالاوی کردووە بە گەرووی عێراقیەکاندا .[١]

---

[١] بەرنامەی بين الزمنين کەناڵی ئاسمانی ئەبوو زەبی کۆتایی ساڵی ٢٠٠١

مێژووی ئەفسەرانی ئازادیخواز

هەرچەندە زۆر لا مێژووی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەبەستنەوەبە ئەفسەرانی ئازادیخواز لە میصرو ئەنجامدانی شۆڕشی ٢٢یولیوی١٩٥٢، بەڵام گەر بەمێژووی عیراقدا بگەڕێینەوەدەبینین مەسەلەکە لەمەش زیاتر ڕەگی قوڵتری هەیە و ناکرێت ببەسرێتەوە بەو چرکە ساتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە پێشینەی دەیان ساڵ لە شۆڕشی ٢٢ی یولیوی ١٩٥٢، ئەم جۆرە بزاوتانە ڕەگ و ڕیشەیان درێژ دەبێتەوبۆ دەیان ساڵ لە پێش پەنجاکان و شێوازێك لە کارلێکی بەردەوام دروست بووبوو لە نێوان ئەفسەرانی سوپای عێراقدا، و لە هەمان کاتیشدا سیاسی و پارتە سیاسیەکاندا ، کودەتاکەی بکر صدقی ١٩٣٦سیاسیەکان ڕۆڵی بەرچاویان تێدا هەبوو، هەروەها بزووتنەوەکەی ١٩٤١ی گەیلانی کە لەلایەن ئەفسەرە نەتەوەیی یەکانەوە سەرکردایەتی کرا بە بەشداری سیاسیەکان و لەو بەرەنجامەشەوە حکومەتیکی بەرگری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی رشید عالی گەیلانی هاتە ئاراوە [2]، بەهەرحاڵ هەرچۆن بێت و بە هەر شێوازێك بووبێت ئەفسەرانی ئازادیخواز هەموو بیرو ڕایەکیان لەسەر لاخستنی دەسەڵاتی حکومەت بەزەبری هێز جەم کردبوو، نەك لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە یان

---

[2] حركة الضباط الاحرار، خلافاتهم الفكرية هدمت اسس ثورة ١٤تموز. جلال حسين محمد، جريدة الاتحاد العدد٤١٤ بتأريخ ٢٠٠٢/٣/٣٠.

شۆڕشـی میللـی ڕێکخـراو[1]، ئەمـەش ئـەو خاڵـە هاوبەشـەیە کـە ئەفسـەرانی ئازادیخواز لە وولاتێك و وولاتێکی تردا گرێدەدا...

لەلایەکی دیکەوە جەنگی فەلەستینی ساڵی ١٩٤٨ و ئەو کارەساتەی لێی کەوتەوە لەڕووی نەتەوەیی و ئیسلامی‌یەوە، بووبە پاڵنەرێکی گەورەی سـوپاکانی ولاتـانی عـەرەبی تادەسـت بدەنـە کـاری نهێنـی و ڕێکخـراو، بەتایبـەت ئـەو ولاتانەی بەشـداری جەنگەکەیان کـرد، لەسـوپای عێراقیشدا (رفعت الحاج سری) یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی بەشداری جەنگەکەی کـردو ڕۆڵێکـی گـەورەی گێـڕا لـەزۆربواری سـەربازی جەنگەکـەدا، کاتێـك (سـری) گەڕایـەوە عێـراق و شکسـتی سـوپای عـەرەبی بینـی لـە جەنگەکـەدا، بووبـە پاڵنـەری ئـەوەی تـایبر بکاتـەوە لـە پێکهێنـانی ڕێکخسـتنێکی نهێنـی لـەناو سـوپای عێراقـدا و بۆئـەم مەبەسـتەش پەیوەنـدی کـرد بـە ژمارەیـەك لـە ئەفسەرانی بواری ئەندازیاری و بوارەکانی تر،لەنێو ئەوانەشدا قسەی لەگەڵ (مقدم رجب عبدالمجید وعقید رکن عبدالوهاب الامین، عقید رکن محی الدین عبدالحمیـد)کـردوە لێرەشـەوە سـەرەتاکانی دەستپێکردنی‌ڕێکخسـتن لەناوسوپای عێراقیداسەری‌هەڵدا.[2]

---

[1] العلوی حسن، عبدالکریم قاسم رؤیة بعدالعشرین، ص١١٦.

[2] غالب صبیح علی،قصة ثورة ١٤تموز والضباط الاحرار، دار الجاحظ للطباعة والنشر، بغدادط١ ١٩٦٨ص٣٧.

کێ خاوەنی بیرۆکەی ئەفسەرانی ئازادیخوازە لە عیراقدا؟

مشتو مڕ زۆر کراوە لێرەو لەوێ لەسەر ئەوەی کە کێ یەکەم کەس بووە مەسەلەی ئەفسەرانی ئازادیخوازی وروژاندووە لە نێو سوپای عیراقدا ، لەم نێوەشدا زۆر ڕای جیاواز هەیە و هەرلایەك پێیان وایە کەئەفسەرێکی دیاری کراو ئەو کارەی کردووە ، ئەوەشی من لەم بوارەدا هەولمدا بۆی بگەڕێم و ساغی بکەمەوە ، چەند سەرچاوەیەك بوو، کە لە کۆتایدا ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە زۆربەی ئەو سەرچاوانە بڕوایان وایە (ڕائدی ئەندازیار رفعت الحاج سری)بووە ٣کەلەسیپتەمبەری ١٩٥٢بۆیەکەمین جار دەست پێشخەری فیکرەی دامەزراندنی تەشکیلەی ئەفسەرانی ئازادیخوازیتەرح کرد بۆ هاوڕێی خۆشەویستی (موقەدەمی ئەندازیار رجب عبدالمجید) ، ئەمەش لە ژێر کاریگەری ئەفسەرانی ئازادیخوازی میصر کە نزیکەی دوو مانگ بەر لەو وادەیە لە ٢٢/یولیوی١٩٥٢شۆرشیان لە میصردا ئەنجام دا بوو ، تێدا دەسەلاتی مەلیك فارووق لاخرابوو، رفعت کوڕی ئەفسەرێکی عەرەبی بووە لە سوپای عوسمانیدا ، کەسایەتییەکی موتەوازیع بووە ، هەڵسو کەوتی زۆر ئاسایی بووە ، سەرە ڕای کەسایەتی بە هێزی خۆی لەهەمان کاتدا بە ئەفسەرێکی ئازاو لێهاتوو ناسرابوو، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر زوو

---

[٣] هەریەك لە د. مجید خدوری لەکتێبی العراق الجمهوری ل٣٤، و لیث عبدالحسن الزبیدی لة کتێبی (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ فی العراق) ل١٠٨، و کەناڵی ئاسمانی ئەبوزەبی لەسەر ئەم بابەتە ئەلقەی یەکەمی کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ ، حمید میرخانیش لە یاداشتەکانیدا ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە ٤١٤ لە٢٠٠٢/٣/٣٠ ، سەرجەمیان باس لەوە دەکەن کە فیکرەی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەگەڕێتەوە بۆ رفعت الحاج سری، بەلام حسن العلوی لە کتێبی عبدالکریم قاسم رؤیة بعدالعشرین ل١١٦ پێی وایە کەفیکرەکە هی ئەندازیار رجب عبدالمجید بووە. بەهەر حاڵ ئەوە بەدیار دەکەوێت کەزیاتر بیرو ڕاکان لەسەر رفعت الحاج سری جەم دەبن کەخاوەن بیرۆکەی ئەفسەرانی ئازادیخواز بێت.

متمانەی بەخشیوە بەبەرامبەری و هەربەخێرایی ئەوەی بەرامبەری دەیوت ئەو بە خێرای بڕوای پێ دەکرد، تەنانەت تائاستێك كە گیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا كەسایەتییەك بووە گەر بگەیشتبایەتە بیرو رایەك زۆر سوردەبوو لەسەری و هەرگیز لەڕای خۆی دانەدەبەزی ، هەر دەربارەی كەسایەتی (سری) ئیسماعیل عارف دەڵێت" رفعت كەسێكی دیندارو هێمن بووە،خاوەنی كەسایەتییەكی بەهێز و زۆر نهێنی پارێزبووە، هەستت دەكرد وەك هاوڕێ یەك زوومتمانە دەكەیتە سەری، هەرگیز وشەیەكی خراپم لێنەبیستووە، تەنانەت لە نێو هاوڕێكانیدا ناسراوبوو بە (شێخ رفعت) كەسایەتییەك بووە كەناچاری دەكردی زوو متمانەی پێ بكەیت و ڕێزی لێ بگریت...[1] بەم جۆرەش لەدرێژەی ساڵانی دوایدا ، ئەندامانی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە زۆربەی یەكەكانی سوپای عیراقدا گەشەیان كرد ، لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێكخراو و گروپانە بەشێوەیەكی هارمۆنی پەیوەندیان پێكەوە نەبوو، هەر لایەك بۆ خۆی گەشەیبە كوتلەی خۆی دەدا...چونكە دروست بوونی یەكەمین هەنگاو بۆ دروست كردنی ڕێكخستنی نهێنی لە ناو سوپادا لەو تەشكیلەدا خۆی بەرجەستەكرد كەئەندازیار (رفعت الحاج سری) رۆڵی سەرەكی تیا گێڕا و ڕێگەی خۆشكرد بۆ دروست كردنی ڕێكخستنێكی پتەو لە سوپادا كەئەنجامەكەی لەو ڕێكخستنە بە هێزەدا خۆی بینییەوە كە بەسەركردایەتی عەبدولكەریم قاسم لەساڵی ١٩٥٧پێك هات ٢

---

[1] رشيد، د.عبدالوهاب حميد، العراق المعاصر، دار المدى للثقافة والنشر، سنة٢٠٠٢، ص١٢٩.

[2] حركة الضباط الاحرار، خلافاتهم الفكرية هدمت اسس ثورة ١٤تموز. جلال حسين محمد، جريدة الاتحاد العدد٤١٤ بتأريخ ٣٠/٣/٢٠٠٢.

بەدەر لەو تەشكیلەی كە رائد رفعت هێنابوویە ئاراوە لە ساڵی ١٩٥٢دا، (فریق نجیب الربیعی)كە یەكێك بوو لەو مامۆستایانەی وانەی‌لەكۆلیژی ئەركانی دەوتەوە ، زۆرجار لەگەڵ قوتابیە لاوەكانیدا پێك دەگەیشتن لە كۆلیژی ئەركان ، رەخنەیان لەدەسەڵاتی دەوڵەت دەگرت و داوای كارێكی شۆرشگێڕیان دەكرد، ، بەبزواندن و ئاماژەی ربیعی هەندێ لەو ئەفسەرە لاوانە وەك قاسم و عارف و محی‌الدین حامد و عبدالوهاب گەیشتنە بڕیاری یەكلاكەرەوەو ریكخراوی جۆراوجۆر لێرەو لەوێ دروست بوون [٣]

ئەمەش بێ‌ئومێد بوونی نەوەی نوێ بوو لەوەی سیاسیەكان بتوانن بگەنە دەسەڵات ، سەرەڕای چەندین هەوڵیان لەڕێگەی هەستان بەڕاپەڕینی جەماوەری ، پاڵی نا بەئەفسەرە تازە پێگەیشتوەكانەوە تاهەوڵی روخانی حوكمی ووڵات بدەن بەهێزی چەك، هەر پاش ئەوەش لەو كۆت و زنجیرانە ڕزگاریان بوو كە ژیانی سەربازی بەسەریاندا سەپاندبووی ، لەژێرەوە كەوتنە كاركردن لەگەڵ(ئەفسەرانی ئازادیخواز)ئەوانەی كە خۆیان ڕزگار كردبوو لە سەربازێتی و كۆت و پێوەندەكانی ، ئەو دەزگایەی كەهەستیان

[٣] لەیادەوەرییەكانیدا ، فوئاد عارف كەئەفسەرێكی كوردبووە و پەیوەندی بەرێكخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە نەبووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ ئەندامەكانیدا خۆشبوە لەم بارەیەوە دەڵێت: لەلایەن قاسم و عارف و چەند ئەفسەرێكی ترەوە تەكلیف كرام تا قسە لەگەڵ (نجیب الربیعی) دا بكەم، بۆئەوەی پەیوەندی بكات بە ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندی پتەوم هەبوو لەگەڵیدا هەربۆیە لە بەعقوبە لەماڵەكەی خۆیدا كەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیدا و مەبەستەكەم تێگەیاند كەبۆچی سەردانیم كردوە،ئەویش لەوەڵامدا ووتی: ئەبوفەرهاد منیش هەمان بۆچوونم هەیە لەسەر بارەكە و پێی ڕازی نیم، بەڵام بەصەراحەت بڕوام بەوانە نیە كەدەیانەوێت شۆڕش بكەن، گەرسێ‌كەس لەوانە كۆببنەوە ئەوە بزانە یەكێكیان لەلایەن وەصی و وەزارەتەوە دانراوە، لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێك لەم بوارەدا شكست دێنێ، لەدوایدا دەڵێت: برام ئەبو فەرهاد تۆكەسێكی خۆشەویست و بەوەفایت، لەبەر ئەوە تكا دەكەم ئاگات لەخۆت بێت ، ئەم مەسەلەش لەیاد بكە و وابزانە هەرگیز قسەت لەگەڵ نەكردووم، پاشان فواد عارف دەڵێت كاتێك گەڕامەوە بۆ لای‌قاسم و مەسەلەكەم بۆگێڕایەوە، ووتی گەر ئەوە ڕای رەبیعی بێت كەواتە دەبێت خۆمان بە كارەكە هەستین.. (مذكرات فؤاد عارف، ل(١٧٤,١٧١)

نەدەکرد پەیوەست بن بەدەربڕینی خۆشەویستی بۆی لەگەڵ ئەوەی ناونرابووبە (ئەفسەرانی ئازادیخواز)و ئەو ناوەیان لەدوایدا بەخۆیانەوە لکاند ، چونکە ئەو ئەفسەرە لاوانە سەرەتا ئەو ناوەیان بەسەر خۆیاندا نەبڕی بوو.[1]

هۆکارەکانی دروست بوونی ئەفسەرانی ئازادیخواز

دەسەڵاتی سەربازی لەعێراقدا بەردەوام ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە بواری سیاسیدا ،بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە دەکەین بەو هۆکارانەی کە پاڵی نا بەئەفسەرانی ئازادیخوازەوە تاڕێکخستنەکانیان پێك بهێنن کە پاش جەنگی جیهانی دووەم دەستیان پێ‌کردبوو ، لێرەدا دەتوانین گرنگتری هۆکارەکان کۆ بکەینەوە لەم چەند خاڵەدا :-

١-هەر لەسەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراقیەوە ، ئەفسەرەکانی وا هەستیان دەکرد کەهۆشیارترین ڕەگەزی پێکهێنەری وولاتن ، نەزانین و نەخۆشی‌و بێ‌بەش بوون زاڵ‌بووبووبەسەریاندا ، لەهەمان کاتدا دەوڵەت بەکاری دەهێنان بۆدژایەتی کردنی هێزی گەل ، ئەوان واهەستیان دەکردزۆری تریان پێ‌دەکرێت ، بەم جۆرەش هەست کردنیان بەئازارەکانی گەل و زانینی توانستی خۆیان لەژێر دەستیان دایە، پاڵی پێوە نان ئاوێتە بن بە بزووتنەوەی نیشتمانی .

٢-شکستی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی پێش ١٤ تموزی١٩٥٨ ، لەهێنانەدی ئامانجە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکان کەخواستی گەلی عیراق بوون

---

[1] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٢٨.

٣-شكستی بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١کەژمارەیەك ئەفسەری نەتەوەی پیٚی هەستان و بەوئاکامە خراپەی شکایەوە بەسەر ئەفسەرانداو پاشان لە سیٚدارەدانی باشترینی ئەو ئەفسەرانەو بەردەوام بوونی چەوسانەوەی گەلانی عیراق .

٤-جەنگی فەڵەستین ١٩٤٨وکۆتای هاتنی بەشکستی عەرەبەکان ، ئەمەش وای کرد ئەفسەرە لاوەکان هەست بەشکستی خۆیان بکەن لە جەنگی فەلەستین دا لەکاتێکدا هۆکارەکەی سیاسی بوو زیاتر لەوەی هۆکاری سەربازی بوو بێت.

٥-سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسر ١٩٥٢/٧/٢٣ و روخانی دەسەلاٚتی پاشایەتی لەو ولاٚتەدا .

٦-سەر کوت کردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لەلایەن سوپاوە بەتایبەت ڕاپەڕینی ١٩٥٢، کەتێیدا سوپا دابەزییە شەقامەکان بۆ سەرکوتی کردنی ڕاپەرین و پێکهێنانی وەزارەتی سەرۆك ئەرکانی سوپا (نور الدین محمود) ئەمەش کاریگەری زۆری کردە سەر دەرونی ئەفسەرە لاوەکان کە کاریان بۆ روخانی حوکمی گەندەڵی پاشایەتی دەکرد.

٧-ئەو ئەفسەرە لاوانە کاریگەر بوون بە فیکرەی سیاسی شۆرشگێری ، پێش چوونە نێو کۆلیژی سەربازی زانستەکانیان لە قوتابخانەو دواناوەندییەکاندا وەردەگرت کەلەوکاتە زەمەنی بالاٚبوونی کێرڤی نیشتمانیونەتەوەیی بوو لەعێراقدا لەسالاٚنی سییەکاندا.

٨-زۆربەی ئەو ئەفسەرە لاوانە لە چینە هەژارو زەحمەتکێش بوون ، ئەمەش وای کردبوو لە چاکسازی وڵات پەلە بکەن.

٩-سەرهەڵدانی هەندێ پارتی خاوەن ئایدۆلۆژی شۆرشگێری وەك حزبی شیوعی وپارتی بەعس .

١٠-زیاد بوونی ڕێژەی ڕاپەرینە جەماوەرییەکان لە نێوان کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم شۆرشی ١٩٥٨لە هەمان کاتدا ، زیاتر بوونی مانگرتنی کرێکاری .

١١-نەبوونی توانای پارتە سیاسیەکان لەو کاتەدا لەسەر هێنانە ئاراوەی شۆڕشێکی جەماوەری.[١]

[١] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١٠٣,١٠٤,١٠٥,١٠٦,١٠٧

ڕێکخستنی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز لەسەروبەندی ڕودانی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا

ئەندامانی لیژنەی باڵا[٢]

ز	ناو	ساڵ و شوێنی لەدایک بوون	ساڵی پەیوەندی	پلەی سەربازی	پۆستی سەربازی
١	عەبدولکەریم قاسم/سەرۆك	بغداد١٩١٤	١٩٥٧	زعیم رکن	ف. لیوای ١٩
٢	محی الدین عبدالحمید/ج.یەکەمیسەرۆك	١٩١٤	١٩٥٦	زعیم رکن	سەرۆك ئەركان تیپی زرێپۆش
٣	ناجی تالب/ج.دومی سەرۆك	١٩١٧ناسریه	١٩٥٦	زعیم رکن	ف.لیوا١٥
٤	عبدالوهاب امین	١٩١٨بغداد	١٩٥٦	عقید رکن	ف.لیوای پیادەی ١٥
٥	محسین حسین الحبیب	بغداد١٩١٦	١٩٥٦	عقید رکن	ف.فەوجیتۆپی قورسی(شطرة)
٦	عەبدولسەلام عارف	بغداد١٩٢١	١٩٥٧	عقید رکن	ف.کەتیبەی٣ لیوای پیادەی٢٠
٧	تاهر یەحیا	بغداد١٩١٤	١٩٥٦	عقید متقاعد	
٨	عەبدولرەحمان عارف	بغداد ١٩١٦	١٩٥٧	عقید	ف.فەوجی فیصل ی زرێپۆش لیوای٦
٩	عەبدولکەریم فەرحان	بغداد١٩١٥	١٩٥٦	مقدم رکن	ف.یەکەی زرێپۆش
١٠	عەبدلوهاب شەواف	بغداد١٩١٦	١٩٥٨	مقدم رکن	بەڕێوەبەری تیپی مەشق کردن
١١	وەصفی تاهر	بغداد١٩١٨	١٩٥٦	مقدم	یارمەتیدەری مەیدانی نوری سەعید
١٢	صبیح علی غالب	بغداد١٩٢٠	١٩٥٦	رئیس اول رکن	ئەفسەری کارای تیپی دووەم
١٣	محمد سەبع	بغداد١٩١٦	١٩٥٦	رئیس اول جوی متقاعد	
١٤	رجب عبدالمجید/رازگری نهێنی	١٩٢١		زعیم رکن	ف.ئەندازیاری

[٢] رشید. د. عبدالوهاب حمید، العراق المعاصر. دار المدى للثقافة والنشر،٢٠٠٢، ص١٣٤,١٣٥.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەفسەرانی ئازادیخواز

ئەو ئەفسەرانەی خۆیان ئالاٌندبوو بە کاروباری سیاسیەوە سەربە نەوەی نویٚ بوون ، پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە سەربازییەکانەوە ، لە قوتابخانەی سەرەتایی‌و دوا ناوەندی‌دا خوێند بوویان ، لەو کاتەشدا ئەم جۆرە خوێندنە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی وەرگرتنی بیروباوەڕی حزبی و جۆرێک لە ئاراستە نەتەوەپەرستی توندرەوانەی دەکردن، ئەم جۆرە فێربوونەش لە قوتابخانەی جەنگی‌دا بەردەوام بوو چونکە مامۆستاکانی هەڵگری بیروباوەری توندرەوانەبوون ، بەم شێوەیەش ئەفسەرە لاوەکان زۆرتر حەزیان بەلای کاری سیاسی‌دا هەبوو وەك لەئەفسەرەکانی پێش خۆیان ، بەدەر لەم حاڵەتەش زۆربەی ئەم ئەفسەرە تازانە سەر بە چینە هەژارەکانی کۆمەڵ بوون ، ئەوانەش پلەی باڵای سەربازیان لە دەستدا بوو سەر بەچینە دەوڵەمەندەکان بوون .[1]

لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز لە ١٤ئەفسەر پێك دەهاتن ، ئەمانەش زیاتر لەڕووی هەژارییەوە مامناوەندی‌و باری داراییان نزیك بوو لە یەکەوە ، هیچ یەك لەمانە ماڵی نیشتەجیٚبوونی خۆیان نەبوو، جگە لە عقیدرکن ناجی‌تالب نەبێت کە باوکی خاوەنی زەوی‌و زار بووە و بۆچەند ساڵێکیش باوکی ئەندام پەرلەمان بووە.[2]

گەر بەوردی بڕوانینە لیژنەی باڵا لە ڕووی باری، خێزانی ، ڕۆشنبیری ، پایەی کۆمەڵایەتی ، ئەوا دەتوانین فیکرەیەکی دیاروئاشکرامان دەست بکەوێت لەسەر کیانی کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕی ئەفسەرانی ئازادیخواز..

---

[1] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٢٩,٣٠

[2] کەناڵی ئاسمانی ئەبوزەبی بەرنامەی بين الزمنين ئامادەو پێشکەش کردنی احمد مهنا

١-قاسم له ساڵی ١٩١٤ له دایك بووبوو، تاكه كەسیشیان بوو پێش شۆڕش كه روتبەی (زعیم) ی هەبێت ، ئەوانی دیكه لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەكەم و دووەم دا له دایك بووبوون و لەپلەی سەربازیش دا له قاسم خوارتر بوون به روتبەی(عقیدومقدم)، جگه له محمدالسبع نەبێت كه رائد بوو له چەكی ئاسمانیدا .

٢-هەموویان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كه عەرەبی ڕەسەنن و هیچ جۆره ڕەگەزێكی تریان تیدا نییه ، ئەسەش وای كردووه كه هاوڕابن لەسەر بانگەشەی نەتەوایەتی عەرەبی (هەرچەند هەندێك ڕا هەیه لەسەر ئەوەی كه (محی‌الدین حامد)به ڕەگەز كورد بووه [٣] جگه له (عبدالسلام عارف) كه بانگەشەی یەكێتی عەرەبی كردووه ، قاسم و محی‌الدین بانگەشەی نەتەوایەتی سەربەخۆخوازیان كردووه..

٣-هەموویان سوننی بوون جگه له(ناجی تالب) و(محسن حسین الحبیب) نەبێت كەشیعه بوون و قاسمیش دایكی شیعه بوو هەرچەند قاسم هیچ كات لەژیانیدا شتێكی نەكردووه بەلای ئەوەدا بشكێتەوه كه شیعه بووه

٤-هەموویان له بغداد له دایك بوون جگه له سێ‌كەسیان نەبێت ناجی تالب و فرحان و تاهر یحیی

٥-هەمووشیان جگه له ناجی تالب كه باوكی خاوەن زەوی‌و زار بووه ، له خێزانه هەژارەكان بوون .

---

[٣] ئەم زانیارییانەم لەبەرێز عەقیدی خانەنشین (عباس قادر علی) وه وەرگرتووه، كەتێدا ئاماژوه بەوه دەكات كه (١٠) ئەفسەری كورد له ریزی ڕێكخراوەكەدا هەبوون، لەنێویشیاندا (عقید الركن محی الدین عبدالحمید) كەبەرەگەز كوردبووه، هەرچەند د. مجید خەدوری ڕەتی ئەوه دەكاتەوه كه هیچ جۆره ئەفسەرێكی كوردی تیابووبێت، لەكتێبی (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) ی لیپ عبدالحسن الزبیدی دائاماژه بەوه دەدات كه عقید الركن محی الدین عبدالحمید بەرەگەز كوردبووە و مقدم ركن صبیح علی غالب بەرەگەز توركمان بووه.

٦-هەمووشیان لە قوتابخانەی حکومیدا خوێندوویانە ،یان لەبغداد یان شارەکانی تر و پاشان هەمووشیان پەیوەندیان کردووە بە کۆلیژی سەربازییەوە،وبەپلەی مولازم دووەم دەرچوون.

پێکهاتەی سیاسی ئەفسەرانی ئازادیخواز

ز	پلەی سەربازی وناوی سیانی	ئینتیمای سیاسی
١	الزعیم الرکن عبدالکریم قاسم	سیاسی سەربەخۆ، مەیلی بەلای بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی
٢	العقید الرکن عبدالسلام عارف	= = = = نەتەوەیی و ئیسلامیی
٣	العقید الرکن محی الدین عبدالحمید	= = - - بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی
٤	المقدم الرکن صبیح علی غالب	= = = بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی
٥	العقید الرکن عبدالوهاب الامین	= = = بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی
٦	العقید الرکن ناجی طالب	= = = = نەتەوەیی عەرەبیدا
٧	العقید المهندس رجب عبد المجید	= = = = فیکرەی نەتەوەیدا
٨	العقید الرکن محسن حسین الحبیب	= = = = فیکرەی نەتەوەیدا
٩	المقدم الرکن عبدالکریم فرحان	= = = = نەتەوەیی عەرەبیدا
١٠	رائد الطیار محمد السبع	= = = = نەتەوەیی عەرەبیدا
١١	المقدم رفعت الحاج سری	= = = = نەتەوەیی و ئیسلامیی
١٢	العقید طاهر یحیی	= = = = نەتەوەیی عەرەبیدا
١٣	العقید عبدارحمن عارف	= = = = نەتەوەیی عەرەبیدا
١٤	العقید عبدالوهاب الشواف	= = = فیکرەی سیاسی چەپدا هەبووە
١٥	المقدم وصفی طاهر	= = = = سیاسی چەپدا هەبووە[1]

[1] الزبیدي، لیث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانیة ، بغداد ١٩٨١ص١٥٢,١٥١.

سەرەتاكانی پێكهاتن

كۆمەڵەی رفعت الحاج سری سەرەتای سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوەبۆ ئەیلول (١٩٥٢) كە ئەم كۆمەڵەیە زۆرترین ئەزموونی ڕێكخستنیان هەبوو جگە لە ئەندامەكانی دەستەیەك لە ئەفسەرە لاوە چالاكەكانی لە خۆ دەگرت ،لەوكاتە (سری) پۆستێكی ئەندازیاری هەبوو لەیەكەیەكی ئەندازیاریدا

٣-گواستنەوەی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە بۆدەست کەسانی تر.

٤-بەدەر لەو خاڵانەی پێشوو ئەم کارە وای کرد کە ئەفسەرانی ئازادیخواز زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکاندا بکەن بە تایبەت وەرگرتنیان لە ڕووی ئەمنییەوە ..بەم جۆرەش(رفعت الحاج سری)پەیوەندی مایەوە لەگەل ئەفسەرانی ئازادیخواز ، بەڵام نەك وەك پێشەوا هەتا تەنانەت پاش گەڕانەوەی بۆ بغداد ساڵی ١٩٥٧وخانە نشین کرانی .[١]

پاش پەلاماری سێقۆڵی سەر میصر ساڵی ١٩٥٦ حەماسەی ئەفسەرانی ئازادیخواز بەرەو زیاد بوون ڕۆشت بۆ رزگار بوون لە دەسەڵاتی پاشایەتیبەزوترین کات، ولەدەست نەدانی هەلی کارکردن لەم بوارەدا[٢]، لەو کاتەشدا کەنیگەرانی باڵی کێشابوو بە سەریاندا ، دەستیان دایە کۆکردنەوەی ڕیزەکانیان و گەڕانەوەی جووڵە بۆ چالاکیە شۆرشگێڕەکانیان ، هەربۆیە لێرە و لەوێ خۆیان ڕێکخست لەیەکەی بچوکدا، هەر یەك لەم یەکانەش لەدوایدا بوونە ناوکی پێکهێنەری مەرکەزی ڕێکخراوەکە و ناسرابوو بە (ڕێکخراوی بغداد) بە سەرکردایەتی محیالدین عبدالحمید و رجب عبدالمجیدیش ئیدارەی کۆبوونەوەکانی دەکرد.[٣]

هەروەها ڕێکخراوێکی تر بەسەرکردایەتی عبدالكریم قاسم دروست بوو ناسراو بە (ریکخراوی منصور) [٤]، ئەوە بوو لەدوایدا لەگەڵ ریکخراوی

---

[١] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ٣٦,٣٥,٣٤.

[٢] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١٠٩.

[٣] ئەندامەکانیش جگە لە محی الدين عبدالحميد و رجب عبدالمجيد بریتی بوون لە (ناجی طالب، محسن حسين الحبيب، عبدالكريم فرحان، صبيح على غالب، وصفى طاهر، محمد السبع، عبدالوهاب الامين) ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ فی العراق ص ١٠٩

[٤] ئەندامەکانی عارف، عقيد طاهر يحيى، احمد صالح العبدى. (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ فی العراق ص ١٠٩.)

مەرکەزی بغداد یەکیان گرت ..جگە لەمانە چەند شانەیەکی تریش هەبوون لەوانە

*شانەی دیوانیە کە زعیم اسماعیل علی پێشەوایەتی دەکرد .

*شانەی ناصریە بەسەرکردایەتی عقید شاکر محمودالشکری [5] ئەم شانەیە دووربوون لە چالاکی لیژنەی بالأی ئەفسەرانی ئازادیخواز ، بانگەشەی یەکێتی عەرەبیان دەکرد.[6]

* شانەی موصل بەپێشەوایەتی عقید محمود عزیز[7]

پێدەچێت ڕێکخراوی بغداد لە هەندێك شانەوە دروست بوو بێ کەلەو کاتەدا لە بغداد هەبووە و سەربەخۆبوون لەشانەکەی رفعت الحاج سری یان پاش لێك هەڵوەشانەوەی ئەو شانەیە هاتبنە ئاراوە ، کەدەتوانین بەسەر (٤)شانەدا دابەشی بکەین

١-شانەی یەکەم بە پێشەوایەتی محی‌الدین عبدالحمید کە ریکخراوێك بوون خاوەنی فیکرەی رزگاریخوازی و لەژێر دەسەڵاتی پارتی نیشتمانی دیموکراتی‌دا بوون

٢-شانەی دووەم بەپێشەوایەتی عبدالوهاب امین ئەندامەکانی بانگەشەی یەکێتی عەرەبی کشتگیریان دەکرد ، لەگەڵ ئەوەی عبدالوهاب خۆی زۆر حەماسەی بۆئەم مەسەلەیە نەبوو .

---

[5] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٣٧.

[6] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١١١.

[7] ئەم شانەیە ناوی ئەفسەرانی شۆرشگێڕیان لە خۆیان نابوو لە ئەندامەکانی جگە لە محمود عزیز، رائد مجيد الچلبي، رائد علي خفاف، نقيب حازم حسن، نقيب زەکريا تەها، نقيب هاشم دبوني، نقيب سالم سلو، ملازم اول كامل اسماعيل، ئەم ڕێکخستنەش پێش شۆڕشی ١٤ی تەموز پەیوەندیان کرد بە لیژنەی بالأی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە ، لەبەر ئەوەی هاوبیروڕابوون لەگەڵ لیژنەی بالأدا.. ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق ص١١١.

٣-شانەی سێیەم بە پێشەوایەتی ناجی تالب و رجب عبد المجید بانگەشەی یەکێتی عەرەبی گشتگیریان دەکرد

٤-شانەی چوارەم بەسەرکردەی مستەفا تاهیر کە زیاترمەیلی شیوعیان هەبوو لە هەندێ ڕەگەزی شیوعی پێك دەهاتن .[1]

سەبارەت بە شانەکەی عبدالکریم قاسم (رێکخراوی منصور)هەر چەند قسەو باس لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا پێش چوونی قاسم بۆ ئوردون دروست بوون یان دوای ئەوە ، بەهەر حاڵ بەرەسمی دوای پێکەوە تێکەڵکردنی هەر دوو رێکخراوەکان (رێکخراوی مەرکەزی بەغداد، رێکخراوی منصور) لەم بوارەشدا ناجی تالب نێوەند بووە و هەوڵی یەکخستنی داوە ، هەر چەند لە سەرەتاوە وەرگرتنی عبدالسلام عارف لە لیژنەی باڵا لای زۆرێك لە ئەندامانی لیژنەی ڕەت کراوەتەوە بەهۆی هەڵچونی عارف و متمانە نەبوون پێی ، بەلام قاسم بەرپرسیارێتی عارف دەخاتە گەردنی خۆیەوە ، لە دوایدا وەردەگیرێت لە لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز لەمانگی ١٩٥٧/٦ولە ١٩٥٨ و مانگی کانوونی دووەم عبدالرحمن عارف بێدوودڵی وەردەگیرێت لە لیژنەی باڵاو بەم جۆرەش لیژنەی باڵا دەبنە (١٤) کەس[2] پێش چوونە ناو لیژنەی مەرکەزییەوە محی الدین عبدالحمید سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکرد ،بەهۆی ئەوەی بەرزترین پلەی سەربازی هەبوو بەلام پاش هاتنی قاسم ، ئەو سەرۆکایەتی کردوو بووبە پێشەوای فەخری لەبەر ئەوەی تاکە زعیم بوولەنێوانیاندا..رجب عبدالمجید بەسیفەتی ئەوەی کە ئەمینداری گشتی بووە ،کارەکانی رێك دەخست لەنێوان ئەفسەرەکاندا.[3]

---

[1] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٣٨,٣٧.

[2] د. خدوری بڕوای وایە ١٤ ئەندام بوون،(الزبيدي)یش بڕوای وایە ١٥ ئەندام بوون..

[3] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٤٠,٣٩.

سەرکردایەتی ئەفسەرانی ئازادیخواز

سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی مەرکەزی بۆ ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز، لە زۆر سەرچاوەدا باسی لەسەر کراوە، ئەوەی لێرەدا دەیخەینە پێش چاوی خوێنەران بریتی‌یە لەوەی کە صبیح علی غالب لە کتێبی (قصة ثورة ١٤تموز والضباط الحرار)بلاوی کردۆتەوە کە خۆی یەکێك بوە لە ئەفسەرانی لیژنەی بالاو لەم بارەیەوە دەڵێت"لەیەکێك لە کۆبونەوەکاندا مەسەلەی سەرکردایەتی کردنی ئەفسەرانی ئازادیخواز خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەو لەم بوارەشدا دوو پێشنیار هەبوو، یەکەمیان بریتی بوو لە سەرکردایەتی‌یەکی بە کۆمەڵ و دووەمیشیان بریتی بوو لە سەرکردایەتی‌یەکی سەرۆکایەتی ، و پاش گفتو گۆی هەردوو پێشنیارەکە ڕەزامەندی دەربڕا لەسەر پێکهێنانی سەرکردایەتی‌یەکی سەرۆکایەتی بۆ ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز بە شێوەیەکی مەرکەزی و لیژنەکە سێ کەسیان پالاوت بۆ سەرۆکایەتی کردن کەبریتی بوون لە

زعیم روکن عەبدولکەریم قاسم

عەقید روکن محی الدین عەبدولحەمید

عەقید روکن ناجی تالب

پاش ئەوەی دەنگدان بەڕێوەچوو لەسەر هەرسێ پالێوراوەکە ، لە ئەنجامدا (زعیم روکن عەبدولکەریم قاسم) هەڵبژێررا وەك سەرۆکی لیژنەی بالای ئەفسەرانی ئازادیخوا بە وپێودانگەی کە کۆنترین ئەفسەری ناو لیژنەکەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی کەپلەی سەربازیشی لەهەمووﻻ بەرزتر بوو، پاشان هەریەك لە محی‌الدین عبدالحمید و ناجی تالب کران بە جێگری

قاسم لەسەرۆکایەتی داو عقیدی ئەندازیاریش (رجب عبد المجید) کرا بە سکرتێری لیژنەی باڵا، لەم بەرەنجامەشەوە چەند لیژنەیەك هەڵبژێران ..

لیژنەی پلان دانان

عەقید روکن محیالدین عبد الحمید

عەقید روکن ناجی تالب

عەقید روکن عبد الوهاب الامین

عەقید روکن محسن حسین الحبیب

لیژنەی پڕوپاگەندەو رێکخستن

موقەدەم روکن عبدالکریم فرحان

موقەدەم روکن صبیح علی غالب

عەقیدی ئەندازیار رجب عبدالمجید

لیژنەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

رئیس ئەوەل تەییار المتقاعد محمد سبع

موقەدەم رفعت الحاج سری

موقەدەم وصفی تاهر

لیژنەی دارایی

عەقید روکن محیالدین عبد الحمید

عەقید روکن محسن حسین الحبیب

ئەم لیژنانە بەپێی پسپۆرییان کۆدەبونەوە و پاشان پێشنیارەکانیان دەخستە بەردەست لیژنەی باڵا تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بێگومان ئەم شێوازەش یارمەتی دەری زیاتر بە نهێنی هێشتنەوەی بزوتنەوەکە بوو لەگەڵ پارێزگاری کردن لەسەر نهێنی کۆبونەوەکان..[1]

---

[1] غالب صبیح علی قصة ثورة ١٤ تموز والضباط الاحرار، دار الجاحظ للطباعة والنشر، بغداد ط١ ١٩٦٨ ص٤٦, ٤٧, ٤٨.

ئامانج و بنەماكانی ڕێكخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز

واپێدەچێت ڕێكخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز هیچ بنەماو ڕێسایەكی دیاری كراویان نەبوبێت پێش پێكهاتنی لیژنەی بالآ ، هەروەك چۆن پلانێكی پێش وەختیان نەبووە بۆ ئەنجامدانی شۆڕش چونكە هەریەك لەو كۆمەلآنە بیرو ڕای خۆیان هەبووە ، ئەمەش وای كردووە بنەماو ئامانجەكان وەك پێویست نەڕسكێ و گشت لا كۆنەبن لەسەری، گەر بمانەوێت ئاگاداری ئامانجە سەرەكیەكانی ئەفسەرانی ئازادیخواز بین ، ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یاداشت ونوسراوەكانیان كەلە كۆبونەوە نهێنیەكانیانەوە هەڵیانهێنجابوو ، یان دان پیانانە زارەكیەكانیان كە ئەمانەش وەك پێویست لێك نزیك نەبوون و جیاوازیان هەبووە لەسەری ، لەگەڵ ئەوەی چاوپێكەوتنیش لەگەڵیاندا ئەنجام دراوە و لەم نیوەشدا زۆر شتی دژیەك هەبووە لە بیروڕاكاندا[٢] لەبەر ئەوە پێدەچێت نەتوانین بەتەواوی ئەو ئامانج و بنەمایانە كۆبكەینەوە ، لێرەشدا وەك نوسینی هاوبەش ئاماژە دەدەم بە (٢٠)ئامانج كە دەوترێت هەموولا هاوڕابون لەسەری و دەكرێت قسەی تریش هەڵبگرێت ئەو (٢٠)ئامانجەش بریتین لە :

١-هەڵوەشانەوەی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕژێمی كۆماری.

٢-دەسەلآت گرتن بەسەر دەرەبەگایەتی و دابەشكردنی زەوی و زار بەسەر جوتیاراندا .

٣-دەست خستنەوەی مافە نەوتیەكانی عێراق و بەرتەسك كردنەوەی سنوری كار كردنی كۆمپانیا نەوتیەكانی بێگانەو دامەزراندنی پیشەسازی نەوتی.

---

[٢] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امیر – قم ١٩٩٧ ، ص ٤١,٤٠.

٤-دەرچوون لەناوچەی (ئسترلینی) و رزگار کردنی ئابووری عێراق لە پاشکۆیەتی بەریتانیا

٥-جێبەجێکردنی یەکێتی نیشتمانی و هێنانە کایەی چارەسەرێکی عادیلانە بۆ کێشەی کوردی

٦-ئازاد کردنی زیندانە سیاسیەکان بەتەواوی و فەراهەم هێنانی ئازادی گشتی

٧-کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکان و کردنەوەی بوار لە بەردەم تەواوی تواناو لێهاتنەکان و دابین کردنی دادگەری کۆمەلآیەتی.

٨- دەرچوونی لەیەکێتی هاشمی (یەکێتی عەرەبی نێوان عێراق-ئوردون).

٩-لێک نزیک بوونەوەی پتەو لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و وولآتانی تری عەرەبی ئازادیخواز ، هەروەها پشتگیری وولآتانی عەرەبی کە هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن.

١٠-پشتگیری گەلی فەلەستین بە هەموو تواناکانی بەردەست بۆ گەڕانەوەی زەوی‌و ئازادی.

١١-یەکێتی عەرەبی ئامانجێکی چارە نوسسازە ، پێویستە هەوڵی هێنانە کایەی بدرێت ،مەگەر تەنها هێندە نەبێت عێراق روبەروی داگیرکاری دەرەکی بێتەوە ، بۆگەرانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لەو کاتەدا داوای یەکێتی دەست بەجێی نێوان عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوودەکرێت..

١٢- دەرچوون لەپەیمانی بەغداد.

١٣-سڕینەوەی دەسەلآتی بەریتانی بەسەر پێگە سەربازییەکانی لەناو عێراق و خستنە ژێر دەسەلآتی تەواوی سوپای عێراقیەوە.

١٤-گرتنە پێشی سیاسەتی بێلایەنی ایجابی و لایەنگری نەکردن .

١٥-دامەزراندنی پەیوەندی دبلۆماسی تەواو لەگەڵ وولاتانی سۆسیالیستی.

١٦-سیاسەتی دەرەکی عێراق و پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر و بەرژەوەندی هاوبەش دادەمەزرێت .

١٧-پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەئەندامی لیژنەی بالاّ ، ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێ بەئەرکی دەسەلاّتی یاسا دانان هەتا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی .

١٨-پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنی لە سیاسیە ناسراوەکان بە تواناو لێهاتن و هەڵوێستی نیشتمانیان ، گفتو گۆ لەسەر ئەوە هەبووە کە ئایا بەشداری دەکەن لەم حکومەتەدا ، یان تەنها مەدەنیەکان تیدا بەشدار دەبن ، هەرچەندە بیروراکان جیاواز بوون ، بەلاّم ئاراستەکە زیاتر لەسەر پێکهێنانی بووە و زۆربەشی لە مەدەنیەکان بێت

١٩-دیاری کردنی ماوەی گواستنەوە و پاش بەرقەرارکردنی دەستوری هەمیشەیی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانێکی نویٚ و لەسەر ئەم بنەمایەی حکومەتێکی نویٚ پێك بهێنرێت.

٢٠-سەبارەت بەسەرۆك کۆماری ، قسە زۆر لەبارەیەوە نەکرا ، چونکە لەو کاتەدا وویستویانە دووربکەونەوە لە دیاری کردنی کەسەکانی ، کەئەمەش حەساسیەت دەوروژێنێت ، بەتایبەت لەوکاتەدا کەلە قۆناغی ئامادەگی و خۆسازدان دا بوون بۆ چەسپاندنی پلانی جیٚبەجیٚکردنی شۆرش.[1]

---

[1] العلوي، حسن، عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين، منشورات دار الزوراء، لندن، ١٩٨٣ص١٢٨,١٢٩,١٣٠.

بنەماو پەیڕەوی کاری بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز

دەزگای هەواڵگری بەریتانیا و دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا دانیان بەوەدا نابوو کە شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ کتوپڕبووە، هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە نەزانیوە جگە لە ساتی ڕاگەیاندنەکەی لە سپێدەی ١٤ی‌تەممووزدا، هۆکاری سەرەکیش لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ وردەکاری کارەکە لە جموجوڵدا، لەهەرە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە لیژنەی باڵا بڕیاری لەسەر دابوو بۆ کار پێکردن بریتی بوون لە:

١-لەکۆبونەوەکاندا نوسین بە هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی قەدەغەیە، گەر حاڵەتێکیش پێویستی بە نوسین کرد لەنێوان ئەندامانندا، ئەوا پێویستە بەشێوازێك بنوسرێت کەهیچ پەیوەندی بە ڕێکخستن یان بزووتنەوەکەوە نەبێت.

٢-بەکارهێنانی وشەی ڕەمز لە نێوان ئەفسەرانی ئازادیخوازدا، بە تایبەت لە کاتی گفتو گۆی تەلەفۆنیدا، ئەمەش بەمەبەستی چەواشەکردن.

٣-وەرنەگرتنی هیچ ئەفسەرێك لەریزی ڕێکخراوەکەدا، تائەوکاتەی ڕای سەرجەم ئەفسەرانی لیژنەی باڵا وەدەگیرێت.

٤-دابەش کردنی لیژنەی باڵا بۆ چەند شانەیەك لەپێناوپاراستنی باری ئاسایشی کۆبونەوە نهێنی‌یەکان و دابەش کردنی ئەرکەکان.

٥-پێشنیاری دەرکردنی بڵاوکراوەیەك کرابوو، بەڵام ئەم پێشنیارە پەسەند نەکرابوو، لەپێناو پاراستنی ڕەگەزی کوتو پڕی لە شۆڕشداو لە هەمان کاتدا بۆ ئیستفزاز نەکردنی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری سەربازی..

٦-پەیوەندی کردن بە پارتە سیاسی‌یەکانەوە لەچەند ئەفسەرێکی لیژنەی بالأدا کورت کرابوویەوە، دەبوایە تەنها ئەوان پی‌ی هەستانایە..
٧-لایەنگری نەکردن بەلای هیچ پارت و بیروباوەڕێکی سیاسیدا.
٨-راگەیاندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە سەرەتای شۆڕش و لەمەراسیمی بلأوکردنەوەی لە رادیۆ و ئەندامانی ئەنجومەنیش لە ئەندامانی لیژنەی بالأ پێك دێن.
٩-مەسەلەی یەکێتی عەرەبی سەرجەمی ئەندامانی لیژنەی بالأ بڕوایان پی‌ی بوو، بەلأم لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە واتای ئەوەنەبوو کەلەگەڵ شۆڕشدا یەکێتی‌یەکی خێرا رابگەیەنرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئیستعمار دەست وەربداتە کارو بارەکان و مەترسی دروست بکات لەسەر شۆڕش..
١٠-ئەندامانی بزوتنەوەکە برای یەکترن و هاوبەشن لە ماف و بەرپرسیارێتی مێژوویداو هەتا تەنانەت سەرۆکی هەڵبژێراوی بزوتنەوەکە هیچ جۆرە دەسەلأت و تایبەتمەندییەکی دیاری کراوی نیە.
١١-بنەمای فراوان کردنی بزوتنەوەکە متمانە دەکاتە سەر رێکخستنی شانەیی کەنابێت ژمارەیان لەسی‌کەس کەمتربێ و لە پێنج کەس زیاتر بێت.
١٢-بڕیاردرا پلانی شۆڕش بەجۆرێك بێت لەگەڵ هەموو بارو دۆخێکدا بگونجێ و سود وەربگیرێت لەهەر جمو جوڵێك کەبە بەغدادا تی‌پەڕببێت.
١٣-لیژنەکە بە هیچ جۆرێك ئامارەی نەدابوو بە کوشتنی مەلیك فەیسەل یان لێپرسینەوەی، بەلکو ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە قۆڵ بەست کردنی عەبدولئیلا و نوری سەعیدو دادگایی کردنی‌یان.

١٤-لیژنە کەسی رانەسپاردبوو کەپەیوەندی بکات بە ولاتانی دەرەکی‌یەوە ، هەموو ئەوەشی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەو کاتەدا دەیزانی ئەوەبوو کە رێکخستنێکی نهێنی لەناوسوپای عێراقدا هەبوو.

١٥-لەکاتی راگەیاندنی شۆرش لە رادێوە وە سەرجەمی ئەفسەرانی ئازادیخواز هەڵدەستن بەو کارەی دەکەوێتە سەرشانیان کەجێ‌بەجێ‌ی بکەن لەیەکەکانیاندا..[1]

[1] غالب،العقيد الركن صبيح علي، قصة ثورة ١٤تموز والضباط الاحرار، دار الجاحظ للطباعة والنشرو بغداد١٩٦٨،ص٥٠,٥١,٥٢,٥٣,٥٤،

ناكۆكیەكانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز

جیاوازیو ناكۆكی بەرچاو هەبووە لە نێوان ئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز ، كە كۆمەڵە جیاوازییەك بوون سەبارەت بەمەسەلە پراكتیكی و ئامانج و بنەماكان ، جگە لە ركابەری شخصی لەنێوانیاندا ...

سەرەڕای كەمی ئەو ماوەی كە لیژنەی باڵا تێیدا ژیا ، ولەمانگی كانوونی دووەمی ١٩٥٦ وەدرێژەی هەبوو هەتا ١٩٥٨/٧/١٤ بەلاّم ناكۆكیەكان زۆرو پێكدا چووبوون ، كە لێرەدا بەكورتی ئاماژەیان پێ دەكەین

سەرۆكایەتی لیژنەی باڵا

پاش پێكەوە بەستنەوەی ڕێكخستنی بغداد ،كە عقید ركن محی‌الدین عبدالحمید سەرۆكایەتی دەكرد ، لەگەڵ ڕێكخستنی منصور كەقاسم سەرۆكایەتی دەكرد ، هەڵبژاردن كراو لەبەرەنجامی خوێندنەوەی اعتباری پلەی سەربازی قاسم هەڵبژێرا ، كەلەهەموویان پلەی سەربازی بەرزتر بوو ، هەندێكیشیان عقیدالركن ناجی تالب یان بەشایستەی سەرۆكایەتی دەزانی و هەندیكی تریان عقیدالركن محی‌الدین عبدالحمید ، لەبەر ئەوەش لەكۆتایدا ، ئەم دووكەس كرانە جێگری قاسم لە سەرۆكایەتی‌دا

ئەنجام دانی شۆرش

سەبارەت بەئەنجامدانی كاتی شۆرش و چۆنیەتی ئەنجامدانیشی ، لە دوو بۆچوندا كورت دەبوویەوە:

١-هەندێكیان پێیان وا بوو كاتێك دەبێت شۆرش ئەنجام بدرێت كە تەواوی ریۆ شوێنەكان گیرابنە بەر و پلانەكان ١٠٠٪ سەركەوتوو بن ، چونكە فەشەلی شۆرش واتای دواكەوتنی روخانی ڕژێمی پاشایەتی یە .

٢-هەندێکی تریان حەزیان بەوە بوو کە شۆرش وەك کارێکی خۆکوژی ئەنجام بدەن و خێرا بێت بەم جۆرەش هەموولا لەسەریەك شێواز رێك نەدەکەوتن لەسەر ئەنجامدانی شۆرش .

دارشتنی پلانی شۆرش

زۆربەی جار ئەو پلانانەی دادەنرا بۆ ئەنجامدانی شۆرش جێگەی مشتومڕو ناکۆکی ئەندامەکانی لیژنەی بالاّ بوو ، ئەم حالّەتەش ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە دارشتنی پلانەکاندا ، هەر لەم بەرەنجامەشەوە پەنا دەبرایە بەر کردەی سەربەخۆو نامەرکەزی .تەنانەت پلانی شۆرشی ١٤تموز نەخرایە بەردەست تا گفتو گۆی لەسەر بکرێت ، بەلّکو لەلایەن (قاسم و عارف وەراجی)یەوە دارێژرا .

***چارەنوسی بنەمالّەی پاشایاتی**

سەبارەت بە چارەنوسی بنەمالّەی پاشایەتی چەند بۆچونێك هەبوو:

هەندێك داوایان دەکرد ئەم مەسەلە دوابخرێت بۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕش.

هەندێکی تر پێیان وابوو کە نوری سەعید و عەبدولئیلاه لەبەردەم دادگایەکی سەربازیدا بوەستێنرێن حوکمی سێدارە بدرێت بەسەریاندا و مەلیکیش ڕەوانەی دەرەوەی ولّات بکرێت.

عەبدولسەلام عارف سوربوو لەسەر ئەوەی کە هەرسێ کەسایەتی دەستەلّاتی پاشایەتی لەناوبرێن، بەو بیانووەی نەبنە هۆی ئەوەی ولّاتانی (پەیمانی بەغداد) هان بدەن بۆسەرکوت کردنی شۆڕش و توانەوەی.

لەم گفتۆگۆیانەدا قاسم بێ دەنگ بوو هیچ جۆرە ڕایەکی دەرنەدەبڕی.

پەسەند کردنی عارف وەك ئەندامی لیژنەی باڵا

لەبەر هەندێك خو و نەریتی عارف وەك هەڵچون و پەلەکردن، لیژنەی باڵا رایان وابوو نەهێنرێتە لیژنەکەوە، بەڵام لەبەرامبەردا قاسم زۆر پێداگری لەسەر هێنانی دەکردەوە بۆ ناو لیژنەی باڵاو ووتبووی خۆم بەرپرسیارم لێی. هەتا جارێك لەیەکێك لە کۆبونەوەکاندا بێ ئەوەی لیژنەی باڵا ئاگادار بێت بەشداری پێ دەکات و دەڵێت، ئەمەش لەهەموو شتێکی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەزانێت.[1]

پەیوەندی بە پارتە سیاسیەکانەوە

سەرەڕای بوونی ڕێکەوتنی ئەوەی کەجگە لە سکرتێری ڕێکخستنەکە (المقدم المهندس رجب عبدالمجيد) کەس بۆی نەبێ پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسیەکان دامەزرێنێ، و(صدیق شەنشەل) یش وەك نوێنەری پارتە سیاسیەکان، بەڵام ئەندامانی لیژنەی باڵا هەریەکە لەگەڵ پارتێکدا پەیوەندیان هەبوو بێ لەبەرچاوگرتنی باری مەرکەزییەتی کارەکەیان.

نەبوونی ئینسیجام لە نێوان ئەندامانی لیژنەی باڵادا

ئەمەش کێشەیەکی تربوو لەنێوان ئەندامانی لیژنەی باڵادا ، نەبوونی ئینسیجام و دڕۆدۆنگی لە نێوانیاندا، لەبەر ئەم حاڵەتەش هەندێکیان بەشداری کۆبونەوەکانیان نەدەکرد،وەك رفعت الحاج سری، و پاش مایسی ١٩٥٨ یش عەبدولسەلام عارف بەشداری کۆبونەوەکانی نەدەکرد..

---

[1] لوا روکن عبدالکریم فرحان لە کتێبی(ثورة ١٤تموز فی العراق) بەرگی یەکەم دەڵێت: عبدالکریم قاسم و عەبدولسەلام عارف لەدوایدا کەهاتنە نێو لیژنەی باڵاوە وەك کوتلەیەك دەرەکەوتن و یەك سیاسەتیان هەبوو لەسەر شتەکان.

پەیوەندی نەکردن بەووڵاتانی عەرەبی و بێگانەوە

ئەمەش بنەمایەکی تری کارەکان بوو،کەمەبەستیان پارێزگاری کردن بوو لەنهێنی ڕێکخستنەکە، تائەوەی شۆڕش ببێتە موفاجەئەیەك، بەڵام هەندێکیان ئەم بڕیارەیان شکاندو پەیوەندییان کردبەئەفسەرانی سوریاوە..

هەڵبژاردنی ئەندامی لیژنەکان

ئەم کێشەیەش لە١٩٥٨/٧/١سەری هەڵدا کاتێك کۆبونەوەیەك کرا تالیژنەیەك پیك بهێنرێت بۆدیاری کردنی گەورە کاربەدەستانی فەرمانگەو بەڕێوەبەری گشتی و وەکیل وەزیرەکانی پاش شۆڕش، بەڵام قاسم سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت عارف ئەندامی ئەو لیژنە بێت و هەندێکی تر لەئەندامان دژی ئەم ڕایە بوون، سەرەنجام سوربوونی قاسم لەسەر داواکەی بوو بەمایەی دانەمەزراندنی لیژنەکەو هەرەسی کۆبونەوەکە..

ئیلتیزام نەکردن بە بنەماکانی کاری لیژنەی باڵاوە

ئەمەش خۆی لەبوونی ناکۆکی ئەندامانی لیژنەی باڵادا دەبینییەوە، کەرازی نەبوون بە هەندێك بنەمای کارو ئەو پرۆگرامەی کەلیژنەی باڵا بڕیاری لەسەر دابوو، بۆنمونە مەسەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و گۆڕینی بە ئەنجومەنی سیادە وەك لە (سودان) لەو کاتەدا هەبوو،یان مەسەلەی پەلە کردن لەئەنجام دانی شۆڕش. ١

[1] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١

کوردو ئەفسەرانی ئازادیخواز

هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەی پێکرا، لیژنەی بالا یەکێك لەئەندامە کاراکانی بەرەگەز کوردبووە، ئەویش (عقید روکن محی‌الدین عبدالحمید) بووە، کەسەرۆکی کوتلەی رێکخستنی بەغداد بووە،تاپێش هەڵبژاردنی قاسم بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی بالا، محی‌الدین عبدالحمید رۆڵی بەرچاوی گێراوە و لەدامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە دێتە ژماردن..

بۆزیاتر ساغ کردنەوەی ژمارەی ئەفسەرانی کورد لەریزی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا، عەقیدی خانەنشین (عباس علی قادر)بەم جۆرە وەلامی دامەوە کە(١٠) ئەفسەری کورد لەو رێکخراوەدا کاریان کردووە، ئەمانیش رۆڵی بەرچاویان دیوە لە سەرخستنی شۆرشدا، لەهەمان کاتدا کاریگەرییان هەبووە لەدەرچواندنی چەندبرپیارێکی گرنگ لەبەرژوەندی کورد، لەوانەش:

کوردو عەرەب هاوبەش و شەریکن لە نیشتمانی عێراقدا.

خوێندن بە زمانی کوردی.

دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری کوردەکان لە وەزارەتەکاندا.

ئازادکرنی زیندانی‌یە سیاسی‌یە کوردەکان.

دەرکردنی لێبوردن بۆ بارزانی و برینەوەی موچە بۆیان و هاوکاری کردنیان.

ئەمەش ناوی ئەو ئەفسەرە کوردانەیە کە لە رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا بوون:

١-عقيد الركن محي‌الدين عەبدولحەمید

٢-نوری رشید عەبابەیلیٚی

٣-عقید الركن خالد النقشبندی

٤-نقیب مستەفا عەبدولاٚ

٥-عەبدولکەریم قاسم خەفاف

٦-عقید عادل جەلال.

٧-عقید تەها مستەفا بامەرنی

٨- مقدم مستەفا عەزیز

٩- مقدم فەتاح سەعید شالی

١٠ -مقدم عەلی موحەمەد شەریف

لیژنەی بالاٚ و گریٚژنەی ئه نجام دانی شۆرش

چرکەساتی گونجاو هاتە پیٚشەوە بۆ ئەنجام دانی شۆرش کاتیٚك زانیاری ئەوە بەدەست گەیشت کە فەرمان دەرچووە بۆ لیوای پیادەی بیست تالە جەلەولاوە جولّە بکات بەئاراستەی ئودروندا، لەدوایشدا بەرواری جولّەکەش لە شەوی (١٣)لەسەر(١٤) ی تەمموز جیٚگیر کرا، لەو کەتیبەی لیوای ناوبراو دوو کەتیبەیان لەدەستی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا بوو. لیژنەی بالاٚ تیٚگەیشت کە سەعاتی سفر نزیکە بەلاٚم ئەوەی بەلایەوە کوتو پڕبوو ئەوە بوو کە پەراویٚز خرابیٚت، لەکاتیٚکدا لەلیٚواری روادنی شۆرشدان! بۆچی؟ چۆن روداوەکان تیٚپەرین؟

کیٚشەو ناکۆکی لە نیٚوان ئەندامانی لیژنەی بالاٚدا خەریك بوو کەڵەکە دەبوو، بەتایبەت لەو کۆتایەدا، (حنا بطاطو)لەم بارەیەوە دەلیٚت" ئەم کیٚشانە

لەبەرەنجامی نەمانی ئارام گرتن و چاوەڕێکردنی بەشێك لەئەفسەرە کەم تەمەنەکانی ڕێکخراوەکەدا سەری هەڵدا کەماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێی شۆڕشیان دەکرد، بۆنمونە لەناو ئەو ئەفسەرانەدا (عەبدولسەلام عارف) باشترین نمونە بوو، کەناسرابوو بە ئازایەتی و زوو بڕیار دەرکردن و دەست دانە دەست پێشخەری مەترسی دار،لەرۆژی ١٢ی حوزەیرانی ١٩٥٨دا عارف لەیەکێك لە کۆبونەوەکانی لیژنەی بالادا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەڵێت: لەگەڵ عەبدولکریم قاسمدا(لەوکاتەدا قاسم لەوێ نەبووە) بڕیارمان داوە کەشەممەی داهاتوو کودەتا بکەین، ئامادەبوانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەکاتەکەی گونجاو نیە، چونکە لە بەروارەدا (عەبدولئیلا)ا لەدەرەوەی ولاتە، نەیاری کردنی لیژنەی بالا بۆ قسەکەی عارف لەبەرەنجامی سوربوونی عارفەوە بوو لەسەر قسەی خۆی، هەربۆیەش عارف دەڵێت: "ئەمە سنورمانە و داواکارم کەس دەست نەخاتە ناوییەوە" بەراستی ئەم کۆبونەوەیەش دواین کۆبونەوە بوو کە عارف بەشداری تیاکرد"

گەر بگەڕێینەوە بۆ لیژنەی یەدەکی ئەفسەرانی ئازادیخواز، ئەم لیژنەیە پەیوەندی تەنها لە ڕێگەی رازگری نهێنی (رجب عبدالمجید) ەوە هەبوو لەگەڵ لیژنەی بالادا، بە هۆی زیادبوونی ناکۆکی و جیاوازی بیرو ڕا سەبارەت بە ئەنجام دانی شۆڕش لەلیژنەی بالادا، لەو کاتەدا (عبدالمجید) داوای کرد لەکارەکەی کە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان لیژنەی یەدەك و لیژنەی بالابوو بیبەخشرێ، لێرەشدا عەبدولسەلام داوای کرد لەبری عبدالمجید دابنرێت تابەو کارە هەستێ، لیژنەی بالاش رەزامەندی نیشان دا، بێ ئەوەی بزانێت کەکەوتۆتە هەڵەیەکی دیکەوە کاتێك ئەو هەلە دەداتە عارف تاخۆی

بەتەنها لەگەڵ لیژنەی یەدەکدا بێت و ئاراستەیان بکات، و لەهەمان کاتدا ڕۆڵی لیژنەی باڵاش پەراوێز بخات، بەتایبەت لەکاتێکدا چرکەساتەکانی یەکلاکردنەوە بەتەواوی نزیک بووبوویەوە.

بە هەرجۆرێك باس لە خەملاندن و حوکم دان بکرێت سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز و لیژنەی باڵا، بەڵام مەسەلەیەکی ئاڵۆز دەمێنێتەوە کەپاش شۆڕش ئاشکرا بوو، ئەویش بریتی بوو لەو ڕێکەوتنەی لە نێوان قاسم و عارف و عەبدولەتیف دەراجی‌دا هەبوو سەبارەت بەئەنجام دانی شۆرش لەنێو خۆیاندا بیّ ئاگادار کردنەوەی لیژنەی باڵا، هەرلەبەر ئەوەش کاتێك کۆبونەوەی لیژنە لە(٣)یان(٤) ی تەمموز لە ماڵی قاسم بەسترا بۆگفتو گۆکردن لەسەر شۆڕش و کاروبارەکانی پاش شۆڕش وەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی سیادە، قاسم لەسیناریۆیەکدا کۆبونەوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، و لەدوایدا ئەوە بەدیار کەوت کەویستبویان لیژنەی باڵا لە ئەنجام دانی شۆڕش لابخەن، تالە پاش شۆڕش خۆیان خاوەنی شۆڕش بن و دەسەڵاتەکان دابەش بکەن.. سەبارەت بەم بیرو رایەش عارف لەبەردەم دادگای باڵای سەربازیدا لە ١٩٥٨/١٢/٣١ وتبووی "زەعیم قاسم پیّی وتم: بالەگەڵیاندا بۆ هەندێك قسەو باس لوتف بنوێنین، بەڵام لەبواری کاری یەکلاکەرەوەدا بالە نێوان هەردووکماندا بێت"..[1] هەربۆیش لەگەڵ ڕەخسانی یهەل و مەرجەکەدا توانیان پێکەوە لە ١٤ی تەممووزدا شۆڕش ئەنجام بدەن و دەسەڵاتەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن..

---

[1] رشيد. د. عبدالوهاب حميد، العراق المعاصر. دار المدى للثقافة والنشر،٢٠٠٢، ص١٣٦,١٣٧.

بیرو ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی کە بۆچی قاسم و عارف بەتەنها خۆیان شۆڕشیان ئەنجام دا و پەلەیان کرد لە ڕودانی بەشێوەیەکی نهێنی ؟

بەووردبونەوە لە لەبارودۆخی لیژنەی باڵا، لەگەڵ لیژنە یەدەکەیدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کەفشارێکی زۆر لەلایەن ئەمەی دوایی‌یەوە هەبووە لەسەر لیژنەی باڵا بۆ خێرا کردن لەئەنجام دانی شۆڕش، بەڵام لە گەڵ هاتنە پێشەوەی هەلی لەباردا بۆ ئەنجامدانی شۆڕش دەبوایە ئەمان لەلایەن خۆیانەوە ناکۆکی‌یەکانیان نەهێشتایە، هەوڵەکانیان یەك بخستبایە بۆ سەرخستنی شۆڕش نەك گۆشەگیری و دابڕانی یەکتر،هەربۆیەش نیشانەی پرسیار لەسەر ئەو سەرکردانە دروست دەبێت کە بەسود وەرگرتن لە لیژنەی یەدەك شۆڕشیان ئەنجام دا... لێرەشدا دەتوانین بڵێین ئەوەی لە ١٤ی تەمموز ڕویدا دوو کودەتابوو ، یەکەمیان بەسەر لیژنەی باڵادا کراو لەناو نەخشەی شۆڕش دا هەڵی وەشاندەوە، دوەمیان بوو بە مایەی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشایەتی لە عێراقدا.[٢]

ئایا شۆڕش پێویست بوو؟

زۆر جار ئەم پرسیارە لە بیرو سەرنجی لێکۆڵەرەوەکانی مێژووی عێراقی هاوچەرخ، یا تەنانەت سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا سەرهەڵ دەدات، ئایا شۆڕش پێویست بوو ئەنجام بدرێت؟ یاخود زەمینەی شۆڕش لە عێراقدا لەبار بوو؟ ئەوەی بەدی ددکرێت ئەوەیە زۆربە دەگمەن سەرجەمی وەڵامەکانی ئەم پرسیارە بە ئیجابی بدرێتەوە، شۆڕش هۆکارو دەرەنجامی دیاری کراوی خۆی هەبوو، کەدەبوایە ئەوەی مومارەسەی دەسەڵاتی دەکرد،

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە١٣٧,١٣٨.

بەوردی حسابی بۆ بکردایە، تا دەسەڵاتەکە دەسەڵاتێکی داد پەروەرانە بوایە..

شۆڕشی ١٤ی تەموز هەرچەند دەتوانین بڵێین شتێکی کوت وپڕ و چاوەڕوان نەکراوبوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و تەنانەت لە هەندێك باریشدا ناوخۆیی، بەڵام بەدەر نیە لە هەندێك کارتێکەری دەرەکی و ناوخۆیی و پاڵنەر بووە لە هەڵایسانیدا، لێرەدا بە کورتی ئاماژە دەدەینە هەردوو هۆکارە دەرەکی و ناوخۆیی یەکان.[1]

هۆکارە دەرکی یەکان

١-سەرکەوتنی شۆڕشی ٢٢ی تەموزی١٩٥٢ ی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە میسر، بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناصر.

٢-دروست بوونی پەیمانی بەغداد و دەرکەوتنی ناوبانگی پەیمانەکە بە ناوی بەغدادەوە کە لەسەر هەڵوێستی عێراق کەوتبوولەو کاتەدا وەك وڵاتێکی عەرەبی..

٣-زیاد بوونی هەژمونی وڵاتانی زلهێزی بەریتانیا و ئەمریکا بەسەر عێراق و سوڕانەوەی سیاسەتی دەرەکی عێراقی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو زلهێزانەدا...

٤-هەڵوێستی نادروستی عێراق سەبارەت بە خۆماڵی کردنی نۆکەندی سوێس ساڵی ١٩٥٦ وهەروەها یەکێتی نێوان میسرو سوریا ساڵی ١٩٥٧ ..

٥-پەلاماری سێ قۆڵی سەر میسر و لاوازی هەڵوێستی سیاسی عێراق لەم بوارەدا..

---

[1] - فرحان، اللواء الركن عبدالكريم ، ثورة ١٤تموز فى العراق، الجزء الاول، ص٧٦,٧٥، مؤسسة الكتاب العربى للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦.

هۆكاره ناوخۆییيەكان

١-دواكەوتویی باری ئابوری وبژێوی خەڵكی عێراق لە كاتێكدا عێراق ولاتێكی دەوڵەمەند و خاوەن چەندین سەرچاوەی سروشتی وەك نەوت و كانزابوو، كە زیاتر ئەم سامانە لە دەستی چەند كەسانێك دا قۆرغ دەكرا و سودی خراپیشی لێ وەردەگیرا..

٢-دواكەوتن و پشت گوێ خستنی زوربەی بوارەكانی ژیانی خەڵكی عێراق لە ڕووی تەندروستی و فێركردن و... هتد

٣-شكستی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە جەماوەرییانەی كە گەلی عێراق پیێ هەڵدەستا، وەلامدانەوەی توندی لەلایەن دەسەلاتدارانەوە..

٤- زیاتر بوونی هەژمونی بەرژەوەندی ئابووری و سەربازی بەریتانیا لە ناوخۆی عێراقدا و دەسەلات گرتن بەسەر سەروەت و سامانی ولاتدا..

٥- بەرتەسك كردنەوەی فەزای بەشداری سیاسی و مومارەسەی كاری سیاسی و حیزبی. سەركوت كردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، وەك ڕێگرتن لە چالاكی نواندنی ئەو پارت و ڕێكخراوانە، یاخود دەست گیر كردنی سەركردەو هەڵسوڕاوەكانیان و هەندێ جاریش لە سێدارە دانیان.[٢]

[٢] التطور السياسي في العراق المعاصر، تأليف مجموعة من الكتاب، جامعة بغداد، ص ٣٣١.

فەسڵی دووەم

- هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز
- چرکە ساتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز
- پەلاماری کۆشکی ریحاب و هەڵاتنی نوری سەعید
- راکێشانی تەرمەکان
- کاردانەوە نێودەوڵەتی‌یەکانی شۆرشی ١٤ی تەمموز
- مەسەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش
- مەسەلەی یەکێتی عەرەبی
- بەرگری میللی
- گەرانەوەی گەیلانی و هەوڵی کودەتایەکی شکست خواردوو
- دادگای مەهداوی
- جوڵانەوەکەی شەواف
- قاسم و دەسەڵاتی تاکرەوی

هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی
پێـــــش شۆڕشی ١٤ی تەموز

گەربەووردی سەرنجی ئەو هەولاّنە بدەین کەخراونەتە گەڕ پێش شۆڕشی ١٤ی تەممور، لەپێناوی روخاندنی دەسەلاّتی پاشایەتیدا، ئەوەندەی تێیدا گرنگی دراوە بە ڕێگە و هۆکارەکانی ئەنجام دانی، ئەوەندە گرنگی نەدراوە بەئامانج و مەبەستەکانی، تەنانەت بەرنامەڕێژییەکی تەواو نەکرابوو سەبارەت بەستراتیژیەتی شۆڕشەکەو دیاری کردنی سەعاتی سفر بۆئەنجام دانی، تەنها کارێك کەهەموولا لەسەری کۆك بوون، بریتی بوو لەوەی گەرکۆمەڵێك ئەفسەر بەشۆڕش هەستان ، ئەوا ئەوانی دیکە پاڵپشتی بکەن..[1]

ئەوەی لە١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئەفسەرانی ئازادیخواز ئەنجامیاندا، کارێك نەبوو کەلە پڕێکدا هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو پێش ئەوەش هەندێك هەوڵی تر هەبوون بۆ روخاندنی دەسەلاّتیپاشایەتی، بەلاّم هەل ومەرجەکان نەگونجاوبوون بۆ سەرخستنی، ئیترئایا هۆکارەکە پەیوەندی بە دەسەلاّتی پاشایەتییەوە هەبوبێت، یان پەیوەندی بەو پلان و نەخشانەوە هەبوبێت کەدایان رشتبوو، یاخود پەیوەندی بەو کەسانەوە هەبووە کەبەکارەکە هەستاون، لەگەڵ ئەوەی کەئەو هەولاّنە سەرکەوتوو نەبوون، بەلاّم کاریگەری قوڵییان بەجێ هێشتووە لە سەرکاروانی شۆڕش و ڕەنگدانەوەی کاریگەریململانێی توند و خوێناوی لەنێوان ئەو ئەفسەرانەی هەستابوون

---

[1] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٤٩.

بەئەنجام دانی شۆڕش، وئەوانەشی لەدەوریان کۆبوبوونەوە لە سەرباز و مەدەنی‌یەکان.. [2] بەدەر لەم حاڵەتانەش هەریەك لە جوڵانەوەکەی بەکر صدقی١٩٣٦ و ڕەشید عالی گەیلانی ١٩٤١کاریگەری باشیان هەبوو لەسەرگوڕو تین دان بەو هەوڵانە و وەرگرتنی دەرس و پەند لێیان و دوبارە نەکردنەوەیان لەهەوڵەکانیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندان جوڵانەوە پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز هاتنە ئاراوە بێئەوەی بەرەنجامی دڵخۆشکەری لێ بکەوێتەوە، کەلێرەدا ئاماژە دەدەینە هەندێکیان:-

هەوڵی یەکەم تشرینی دووەمی ١٩٥٦

پاش ڕودانی پەلاماری سێ قۆڵی سەرمیسر، خەڵکی عێراق بەتەواوی توڕەییان کڵپەی سەندبوو بەرامبەر بەدەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراقدا، و لەم بوارەشدا ئەفسەرانی ئازادیخواز لەلیوای ١٤ی تیپی یەکەم کەلەو کاتەدا مەشقیان ئەنجام دەدا لەناوچەی چیای حەمرین، ڕوخانی دەسەڵاتی‌پاشایەتی‌یان کردە پێویستی‌یەکی هەنوکەیی، لەم بوارەشدا عەقید عەبدلوەهاب شەواف فەرماندەی فەوجی سێ لەلیوای ١٤ داوای کۆبونەوەیەکی ئەفسەرانی ئازادیخوازی فەوجی سێ و فەوجەکانی تریش کردبوو، پاشان ڕێکەوتبون لەسەر ئەوەی کە فەرماندەی لیواکە (سلمان الدرکزلی)دەستگیر بکەن و پاشان بەرەو بەغداد بکشێن، ئەمەش پاش ئەوەی پشت بەکەتیبەی زرێپۆشەکان دەبەستن بەسەرکردەیی عەقید تاهر یەحیا، بۆکۆنترۆڵ کردنی شوێنە گرنگەکانی بەغداد، بەڵام هەربەزویی پلانەکە دواخرا، پاش ئەوەی زانرا کەسەرکەوتوو نابێت، ئەم هەوڵەش حەماسەتی لەنێو ڕیزی ئەفسەر و سەربازەکانی فەوجی سێدا دروست کردبوو، پاش

---

[2] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ،ص١٦١.

ئەوەی ئەم پلانە لەلایەن ناوەندە باڵاکانی حکومەتەوە ئاشکرا کرا، ویستیان لەچەك دایان بماڵن، بەڵام بەهۆی مەترسی لەسەرداهاتووەکەی، بڕیاردرا بگوازرێنەوە بۆ ناوچەی(H3)،ئەمەش بەبەڵگەی گۆڕانی یەکەکان (الوحدات)..[1]

هەوڵی دووەم تشرینی دووەمی ١٩٥٦

یەکێك لەو پلانانەی کەقاسم داینا بوو بۆ شۆڕش[2]،لەو کاتەداکە فەرماندەی لیوای ١٩ بووەوبەهۆی لیواکەیەوە لەئوردون بوون، دیارە ئەمەش بەهاوکاری عەبدولسەلام عارف ئەنجامی دەدات، بۆئەم مەبەستە لەئوردونەوە نامەیەك دەنێرێت بۆڕێکخراوی مەرکەزی بەغداد و تیایدا دەنوسێت لەڕێگەی گەڕانەوەی لەنزیك سنوری عێراق لەناوچەی (H3) شۆڕش ڕادەگەیەنێت، ئەمەش لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٦دا دەبێت، لەبەر ئەوەی هەرسێ کەسایەتی دەستەڵاتی عێراق(مەلیك فەیسەڵی دووەم، عەبدولئیلاە و[3] نوری سەعید) لەوێ لەپێشوازییاندا دەبن، بەڵام ئەم پلانەش هەڵوەشایەوە لەبەر ئەوەی نوری سەعید ئامادەی پێشوازی کردنەکە نابێت، دەربارەی ئەم پلانە (زعیم محی الدین عبدالحمید) دەڵێت: ڕاوێژکرا بەڕێکخراوی مەرکەزی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەربارەی ئەم پلانە، بەڵام ووریاییان دابوویە عەبدولکەریم قاسم کەشۆڕش ڕانەگەیەنێت بەهۆی نەبوونی ئامادەگی تەواوبۆئەم کارە لەلایەن ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە..[4]

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] پاش مانگێك لسەرکەوتنی شۆڕش، قاسم ڕایگەیاندبوو کە هەرپاش ئەوەی دەرچووە لە کۆلیژی سەربازی ساڵی ١٩٣٤ پلانی کودەتای هەبووە وبووەتە خولیای تائەوەی لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئەو خولیایەی هێنایە دی.سەرەڕای ئەوەی لە کودەتاکەی بەکر صدقی بەشداری کردووە.

[3] مەلیك فەیسەڵ لە ٢ی ئایاری ١٩٥٣ دەسەڵاتی دەستوری تەواوی وەرگرت و کەس وەك وەصی بەسەریەوە نەما.

[4] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الایرانیة، مطبعة امیر – قم ١٩٩٧ ، ص٥٧,٤٩.

هەوڵی سێیەم پایزی ١٩٥٧

بڕیار درا لە پایزی ١٩٥٧دا سوپای عێراق مانۆڕێك سازبكات بەچەكی ڕاستەقینە لەناوچەی(بێخاڵ) مەبەست لەم كارەش پڕوپاگەندەكردن بوو بۆ پەیمانی بەغداد و نمایش كردنی چەكی ئەمریكی كەسوپای پێبەهێز كرابوو، بڕیاریش وابوو هەرسێ كەسایەتی دەسەلاتی عێراقی ئامادەبن، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی بالای ئەفسەرانی ئازادیخواز لێكۆڵینەوەیان لە مەسەلەكەدا كرد وبڕیاری داڕشتنی پلانی‌یان بۆدا، لەم مانۆڕەدا كەهەندێك لەئەفسەرانی‌ئازادیخواز بەڕێوەیان دەبرد، لەنێویشیاندا عەبدولسەلام عارف سەركردەی فەوجی دووی لیوای بیست، و عەقید ڕوكن خلیل سعید كە فەرماندەی لیوای (٣) ی دەكرد، تەكلیف كران بەكارەكە، پلانەكەش خۆی لەدەستگیركردنی هەرسێ كەسایەتی‌دا دەبنییەوە وپاشان هەستانی یەكەكانی تر بەدەستگرتن بەسەر شوێنە گرنگەكاندا، ئەمەش پاش ناردنی (ووشەی نهێنی) بەلام ئەم پلانەش بەهۆی بەشدار نەكردنی نوری سەعید و سەردانی (عەبدولئیلاە)بۆیابان، دواخرا وئەنجام نەدرا...[٥]

هەوڵی چوارەم كانونی دووەمی ١٩٥٨

جارێكی تر لیژنەی بالای ئەفسەرانی ئازادیخواز، ئەنجام دانی شۆڕشیان خستبوویەبەرباس، تا لە١٩٥٨/١/٦ ئەنجامی بدەن، كەیادی دامەزراندنی سوپای عێراقی بوو، بۆئەم مەبەستەش دیارە ئاهەنگ ڕێك دەخرا لەسەربازگەی ڕەشید لەلایەن یەكەكانی سوپاوەو بەبەشداری زۆربەی ئەفسەرانی ئازادیخواز، كەبریتی بوون لە عەبدولكەریم قاسم فەرماندەی لیوای (١٩) و عەقید ڕوكن محسن حسین الحبیب فەرماندەی كەتیبەی تۆپی

---

[٥] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١٦٣.

قورس و عەقید محمود عبدالرزاق فەرماندەی فەوجی (٢) پاش گفتۆ کردنی ئەم مەسەلە دوو پلان داڕێژرا:

١-پلانەکەی عەبدولکەریم قاسم: بەپێی ئەم پلانە لەکاتی گوزەر کردنی بەبەردەم (منصە) ی سڵاوکردندا کەهەرسێ کەسایەتی لەسەری دەبن، لەو کاتەدا تەقەیان لێ بکرێت، پاشان ئەفسەرانی ئازادیخواز هەستن بە گرتنی بەرپرسان و دەسەڵات گرتن بەسەر یەکە سەربازییەکاندا و کشان بەرەو بەغداد و ڕاگەیاندنی شۆڕش.. بەڵام لیژنەکە بەزۆرینەی دەنگ ئەم پلانەیان ڕەت کردەوە ، چونکە بەهۆی تەقەکردنەوە مەلیك فەیسەڵ دەکوژرێت ، کەئەمان بڕیاریان دابوو لە کۆبونەوەکانی پێشویاندا کەنەیکوژن هەروەها کەسانی بێتاوانیشی تیا دەکوژرێت، تەنها لایەنگری ئەم پلانە قاسم و عارف بوون..

٢-پلانەکەی عەقید ڕوکن ناجی تالب: ئەم پلانە بریتی بوو لەوەی یەکە زرێپۆشەکان کەعەقیدعەبدولرەحمان عارف فەرماندەییان دەکات، و هەموو سپێدەیەك جوڵەی دەکرد لە ناوچەکەی خۆیدا لە ئەبو غرێب بەئاراستە سەربازگەی ڕەشیددا، بەبۆنەی یادی دامەزراندنی سوپای عێراقەوە لە١٩٥٨/١/٦ لەکاتی گوزەرکردنی بەبەغدادا هەستن بە داگیرکردنی کۆشکی ڕیحاب و ڕادیۆو پرد و دەستگیر کردنی هەرسێ کەسەکەو ڕاگەیاندنی شۆڕش، لەکاتێکدا یەکە سەربازییەکانی تر بەرەو سەربازگەی ڕەشید بکشێن و دەست بگرن بەسەر بەری (رصافە) دا..

ئەم پلانەش شکستی هێنا بەهۆی رازی نەبوونی عەقید عەبدولرەحمان عارف، بەبەڵگەی نەبوونی کەرەستەی پێویست، سەرەڕای ئەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز پەیمانی کەرەستەی پێویست یان پێدابوون ...[1]

هەوڵی پێنجەم مایسی ١٩٥٨

له١٩٥٨/٥/١١ پلانێك دارێژرا بۆ کوشتنی هەرسێ کەسایەتی دەسەڵاتی عێراقی، لەکاتی ئەو مانۆرە سەربازییەی کەسوپا پێی هەڵدەستا لە(رطبة)، بەڵام نوری سەعید ئامادەنەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا بۆمبێك هەڵدرا کەلەو کاتەدا مەلیك و دەست و پێوەندەکەی دانیشتبوون، بەڵام کەس بەرنەکەوت و لەدوایدا و لەبەرەنجامی لێکۆڵینەوەوە بەدیار کەوت کە بەشێك نەبووە لە پلانێکی نهێنی و ڕوداوەکە بێمەبەست باسکرا، لەگەڵ ئەوەی ئەو ئەگەرەش هەیە کە هەندێك لەئەفسەرەکان نەیان زانیبێ بەهەڵوەشاندنەوەی پلانەکە لەلایەن ئەفسەرانی ئازادیخوازەوەو ئەو کارەیان کردبێت...[2]

هەوڵی شەشەم مایسی ١٩٥٨

هەوڵێکی تر درا لەڕۆژی ١٩٥٨/٥/١٢ دا، پاش ئەوەی یەکەسەربازییەکان گەڕابوونەوە شوێنەکانیان، لیوای بەصرە بەسەرکردەیی (زعیم احمد محمد یحیی) لەئەبوو غرێب وەستابوو، چاوەڕوان دەکرا لەوێدا شۆڕش ڕابگەیەنێت، ڕۆڵی ئەفسەرانی ئازادیخوازیش کەلەبەغداد بوون لەژێر فەرماندەیی عەبدولوەهاب شەواف داو بریتی بوو لەوەی هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا لەلایەن زعیم احمد محمد یحیی) وە،ئەمانیش دەست بگرن بەسەر شوێنە حەساسەکانی بەغدادا، ئەمەش بەیارمەتی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (١٦٣,١٦٤)

[2] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٤٩,٥٠.

هاوڕێکانیان لەدەرەوەی بەغداد، بەڵام پێدەچێت جیاوازی لەبیرو ڕاکاندا دروست بووبێت، بەو پێودانگەی کە نەزعیم احمد شۆڕش رادەگەیەنێت و نەئەفسەرانی ئازادیخوازیش لەبەغداد جوڵە دەکەن بۆ یارمەتی دانی(شەواف).[1]

هەوڵی حەوتەم مایسی ١٩٥٨

بەپێی ئەم پلانە دەبوایە لە ١٩٥٨/٥/٢٩ شۆڕش ڕابگەیەنرایە، ئەمەش لەبۆنەی یادی دامەزراندنی کۆلیژی سەربازیلەبەغداد، (موقەدەم عەبدولغەنی ڕاوی) کەلەو کاتەدا لەبەصرە بووە، بڕوای وایە کەهەرسێ کەسەکەئامادەن و، لەپەلامارێکی غافڵگیردا دەتوانرێت عەبدولئیلاه و نوری سەعید لەناوببرێن، سەبارەت بە مەلیکیش، وابڕیار بووە کە داوای لێبکرێت سەرۆك وەزیران دەسنیشان بکات کەسوپا ناوەکەی دەخاتە بەردەستی، لەم پلانەدا ئەفسەرانی ئازادیخواز لەبەغداد یارمەتی داگیرکردنی شوێنە گرنگەکان دەدەن، بەڵام هەندێك لە ئەفسەرانی ئازادیخواز پێیان وابوو ئەم پلانە خۆکوژی و سەرشێتانەیە، و رازی نەبون لەسەری ئەنجام بدرێت، سەرەڕای ئەوەی (ڕاوی) پلانی وردی داڕشتبوو، گەرەنتی یارمەتی دانی هاوڕێکانی لەئەفسەرانی ئازادیخوازی خستبووە ئەستۆیەوە..[2]

هەوڵی هەشتەم حوزەیرانی ١٩٥٨

ئەم پلانە لە ڕێپێوانی شەوانەدا خۆی دەبینییەوە کە لیوای ١٩ پیادەستا لەسەربازگەی مەنصور وسەرۆکەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو لەگەڵ لیوای بیست لە جەلەولا، ئەم دوو لیوایە هەڵدەستان بە مەشقی شەوانە لەدەوروبەری بەغداد، پاشان بچنە سەربازگەیەکەوە لەناوچەی ئەبوو

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٥٠)

[2] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٥٠.

جسره و ئەبو صیدا پێش خۆرکەوتن، بەڵام دزە کردنی ئەم هەواڵەش لەمەبەستی ڕێپێوانی شەوانە و ناوەڕۆکەکەی گەیشتە ناوەندە باڵادەستەکان لەبەغداد، کەبەردەوام چاودێری ئەم کارەیان دەکرد، هەربۆیەش لیوای ١٩ ناچار بوو تا ڕای خۆی بگۆڕێت وازی لی بهێنێت،و کارەکە بەشێوەیەکی سروشتی ئەنجام بدرێت..

پاش ئەم ڕوداوە هەریەك لەقاسم و عارف و عەبدولەتیف دەڕاجی، زیاتر بیرو ڕاکانیان نهێنی تر کردەوە تا لەمەر هەوڵێکی تردا ئەم جۆرە دەمگۆیان ڕوونەدات.[٣]

لەئەنجامی ئەو هەوڵانەوە بەدیار دەکەوێت، ئەفسەرانی ئازادیخواز کاروبارەکانیان بەدەر بووە لەهەماهەنگی و هیچ جۆرە مەرکەزییەتێکی کار لەناویاندا نەبووە، تاهەموولایەکیان پەیوەست بن پێوەی، لەهەمان کاتدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کەبەردەوام لەژێر ترس و تۆقین دا بووبن، بەجۆرێك کارەکانیان لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بوووە و نەیانتوانیوە بەتەواوی زەمینەی بۆ برەخسێنن،

بەدەرلەمانەش ململانێی توند هەبووە لەسەر سەرکردایەتی کردنی شۆڕش و گرتنە ئەستۆی شۆڕش، تالەداهاتوودا ناوی خۆیان هەڵبگرێت، وپشکی شێریان هەبێت لەدەسەلاتدا..لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە هەندێك بیرو ڕاپێیان وایە ناکۆکی هەبووە لەنێوانیاندا لەسەرچارەنوسی بنەماڵەی پاشایەتی و بەتایبەتی خودی مەلیك فەیسەڵ کەلەدوایدا تاوانی قەتڵ و عام کردنیان دەخرایە ئەستۆی یەکترەوە..

[٣] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١٦٩.

چرکە ساتەکانی

شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨

هەواڵـەکانی کاتـژمێرا(١٠) شـەوی ١٤/١٣ی‌تـەموزی ١٩٥٨ بـەم هەواڵـە دەسـتی پێکرد:

" بەیارمەتی و چاودێری خوای گەورە سەرلەبەیانی سبەینێ دووشەمە ١٩٥٨/٧/١٤ جەلالـەتی مـەلیك فەیسـەڵی دووەم و وەلی عەهـدی ئـەمین سەردانی ئەستەنبوڵ دەکەن بۆ وت وێژ لەگەڵ فەخامەتی عەدنان مەندەریس سەرۆك وەزیرانی تورکیا، دەربارەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی پەیمانی بەغداد کە بڕیار وایە لـەکۆتایی ئەم مانگـەدا لەلەندەن ببەسترێت، شایانی باسە ڕێزدار نوری سەعید سەرۆك وەزیـران و ژمارەیـەك لەگـەورە کەسایەتی‌یەکان هاوڕێیەتی جەلالەتی مەلیك دەکەن...) پاشان هەواڵەکان هـەروەك شـەوانی تـر بەتـەعلیقێکی ڕۆژانـەکۆتایی هـات کەلەلایـەن (کـازم الحیـدری) دەخوێنرایـەوەو تێیـدا ڕەخنـەی لەسیاسـەتەکانی جـەمال عەبدولناصـر دەگرت.[١]

خەڵکی عێراق وەك هەموو شـەوەکانی تـر بـەئاوازی ئـەم جۆرە هـەواڵ و تەعلیقانـەوە، لەسـەر جێگـەی نوسـتنیان ڕادەکشـان و سـەرنجی ئاسمـانی تـەموزی بەغدادیان دەدا، تـا چـەند سـاتێك بە هێمنـی و ئاسـودەیی پشـوو بـدەن، بیّ‌ئاگـا لـەوەی لـە سـبەینیّ‌یەکی بەرەبەیانـدا سـەرجەمی شـتەکان دەگۆڕێن، ئـەوەی ئـەمڕۆ قەدەغـەو بقـەو دژ بەدەسـەلات بووە، ئـەوا سبەینیّ دەبێتە شـۆڕش و نەبـەردی و ئازایـەتی، سـبەینیّ‌یەك ڕەوتـی ژیـانی سیاسی

---

١ العلوی، حسن، عبدالکریم قاسم رؤیة بعد العشرین، منشورات دار الزوراء، لندن، ١٩٨٣ص١٦.

وحوکمی وولاّت لەبنەڕەتەوە دەگۆڕێت، عێراقی بۆیاخ کراو بە پاشا و وەلی عەهد و دەست وپێوندەکەی، دەگۆڕێت بە عێراقێکی کۆماری کەتا ئێستا ڕەوتی سروشتی خۆی وەرنەگرتووە، بێئاگا لەوەی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگوزەرێ، لەهەناویدا زۆرێك لەمەرگەسات و ئازاریش لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

هەر لەوشەوەدا وپێش جوڵەکردنی هێزەکەی، عەبدولسەلام عارفیش دەست دەداتە قورئانەکەی و دەیکاتەوە، دەچێتە سەرسورەتی(الانبیاء) و دەست دەکات بە خوێندنەوەی کەبەم ئایەتە دەست پێدەکات (اِقتَرَبَ لِلنَاسِ حِسَابُهُم وَهُم فِي غَفلَةٍ مُعرِضُون...) لێرەشەوە گۆڕانکارییەکان دەستیان پێکرد، هەنگاو بەرەو بارێکی نوێ نرا، ئاخۆ دەبێت ئەو بارە چۆن گوزەرا بێت؟

بیرۆکەی شۆڕش و کودەتای سەربازیشتێکی تازە نەبوو لەو ئان ساتەدا بەلای سوپای عێراقییەوە، چونکە لەساڵی ١٩٣٦ دا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی عێراق و سەرجەم وولاّتانی عەربیدا بەکر صدقی کودەتایەکی ئەنجام دا، بەلاّم ئەو کات سیستمی پاشایەتی و دەسەلاّتەکەی نەکرابووە ئامانج تا وەلا بخرێن، بەڵکو تەنها ئامانجی گۆڕینی حکومەتێك بوو بەحکومەتێکی تر، ساڵی ١٩٤١ یش ڕەشید عالی گەیلانی پێشەوایەتی بزوتنەوەیەکی کرد کەناوی خۆی هەڵگرتبوو، بەلاّم لەم جارەیاندا تاڕادەیەك سنوری بزوتنەوەکە بەرفراوان بوو تائەوەبوو کەهەریەك لە عەبدولئیلاه و نوری سەعید هەلاّتن و هەژمونی بەریتانی خەریك بوو دەسڕایەوە، ناچار بەریتانیا لەبەرامبەردا کەوتە جەنگەڕە لەگەڵ بزوتنەوەکە داو لەئاکامیشدا

بزوتنەوەکەی سەرکوت کردن. ئەمەش لەو کاتەدا پەیامێك بوو بۆ ئەوانەی کە دژایەتی بەرژەوندی بەریتانیایان دەکرد لە عێراقدا..

سوپای عێراقی لەو کاتەدا لە (٤) تیپ(الفرقە) پێك هاتبوون، کەدابەش بووبوون بەسەر باکورو باشوردا، هێزی پێویست لەبەغدا نەبوو بۆ جێبەجێکردنی کودەتا، تەنها چەند قوتابخانەیەکی سەربازی و کۆلیژی سەربازی و یەکەی مەشقی تەکنیکی نەبێت، جگە لەمانەش لیوایەکی پاسەوانی هەبوو لەپایتەختدا، لەبەر ئەوە لیژنەی بالأی ئەفسەرانی ئازادیخواز بڕیاریان دابوو سود لەهەر یەکەو تیپێکی وەربگیرێت کەسەر بەئەفسەرانی ئازادیخوازبن وبەبەغدادا تێپەڕ بن .[1]

هەرچەند تا سەرەتای ١٩٥٨ هیچ جۆرە پلانێکی ڕێك و پێك وگونجاو دانەنرابوو بۆ ئەنجام دانی شۆڕش، چونکە لەوکاتەدا زیاتر سەرقاڵی ڕێکەوتن بوون لەسەر دیاری کردنی (کاتیشۆڕش).. سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان پەلەیان لەکارەکە دەکرد، بەڵام هەندێکی تریان هێمن و لەسەرخۆ بیریان لەمەسەلەکە دەکردەوە، چونکە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکی هەڵە ئەوا بێگومان بەخراپ بەسەریاندا دەشکایەوە.. تائەوەبوو لە هاوینی ١٩٥٨دا هەواڵی ئەوە بڵاوبووبوویەوە کەعێراق لەبەردەم شۆڕشێکی چاوەڕوان کراودایە، لەو هەل ومەرجەشدا ئەفسەرانیش ناچار بوون بکەونە خۆو پلانی بۆ دابڕێژن، ئەوەشی کە زەمینەی ئەم پلان دانانەی خۆشکرد، بریتی بوو لەو هەلەی بۆیانڕەخسا، ئەویش دەرکردنی بڕیارێکی دەستەی ئەرکانی سوپا بوو لە ١٩٥٨/٧/١دا، کەتێیدا فەرمان دەکات بە لیوای بیست کەلەسەربازگەی جەلەولابوون (لە سەرڕوباری دیجلە لەباکوری ڕۆژهەڵاتی

---

[1] کەناڵی ئاسمانی ئەبوو زەبی بەرنامەی (بین الزمنین) ئامادەو پیشکەش کردنی (احمد مهنا).

بەغـــداد) تـــاڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ بـــەرەو ئـــوردون بکشـــێن بەســـەرکردایەتی فەرمانـدەی لیـوا(زعـیم احمد حقـی)[٢] ئەمـەش بەمەبەسـتی پاڵپشتی ئوردون لەبەرامبــەر هەڕەشــەکانی ئیســرائیلدا، لــەم نێوەشــدا عەبدولســەلام عــارف جێگـری فەرمانـدەی لیـوای بیست، هەڵدەسـتێ بەئەنجام دانـی ڕێکـەوتنێك لەگــەڵ عەبدولکــەریم قاســم کەفەرمانــدەی لیــوای ١٩بــووە،لەســەربازگەی مەنصــور لــەنزیك بەغــداد، بــەوەی کــە عــارف لیــوای بیســت بەئاراســتەی داگیرکردنی بەغدادا بیبات ، لەبری ئەوەی بەرەو ئوردون بکشێت، لەهەمان کاتـدا قاسمیش لـەلیوای ١٩ پارێزگـاری پشـتەوەی هێزەکـەی عـارف بکـات لەکاتی کشانی بەرەو بەغداد، لەسەر ئەم بنەمایەش پلانەکە داڕێژرا..

لەئەنجامدا بەدیار کەوت کەهەوڵی شۆرش لەو ئان وساتەدا زۆر گونجاو بوو، بەو مەرجەی هەرسێ کەسایەتی دەسـەڵاتدارلەو کاتـەدا لەبەغـداد بـن، عەبدولکـەریم قاسـم و هاوڕێکـانی لەسـەربازگەی مەنصـور بڕیاریـان لەسـەر پلانەکەدا بوو لەو کاتەداو ڕێکەتبوون لەسەر کاتەکەشی..

لـە٤ی تـەموز واتـە چـوار ڕۆژ پـاش دەرچـونی فەرمانەکـەی دەسـتەی ئـەرکانی سـوپا، قاسـم گەیشـتە بەغـداد و کۆبونەوەیـەکی لەهـەمان ڕۆژدا بـەرێکخراوی مەرکـەزی بەغدادکرد[٣]لەماڵەکـەی خۆیـدا، و تێیـدا (٧)ئەفسـەر

---

[٢] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امیر -- قم ١٩٩٧ ، ص٦٠,٦١.

[٣] هەندێك سەرچاوە ئامـاژە بـەوە دەدەن کەهـەر ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١ ، پـاش دەرچـوونی بڕیارەکـە بەگواسـتنەوەی لیوای بیست بەرەو ئوردون، هەندێك ڕاوێژ و بیرو ڕاگۆڕینەوە ئەنجام دراوە لەنێوان ژمارەیەك لەئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازدا، و پێدەچێت قاسم و عارف کۆبونـەوەو تـاوتوێی مەسـەلەکەیان بـەدڵ نـەبووبێت، هەربۆیەش کۆبونەوەکە دوادەخرێت بۆ ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٤ لەماڵی قاسم ، لەکاتی ئـەنجام دانـی کۆبونەوەکـەدا، فازڵ عەباس مەهداوی کوڕی خاڵی قاسم بـەخێرایی خۆی دەکـات بـەماڵی قاسمـداو پێیـان دەڵێـت کـەدەزگای ئیستخباراتی سەربازی بەکۆبونەوەکەی زانیوە، بەم جۆرەش ئەندامانی کۆبونەوەکە هەربەخێرایی بڵاوەی لێدەکەن، بێئاگا لەوەی کە قاسم یاری پێکردون و هیچ جۆرە ڕاستی یەك لەم مەسـەلەدا نیە، بەم جۆرەش وادەی شـۆرش و چۆنیەتی ئەنجام دانی بەتەواوی تێك دەچێت و لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز بێئاگادەبن لـە پلانەکـە، لـەم نێوەشدا تەنها قاسم و عارف و عەبدولەتیف دەڕاجی دەمێننەوەو لـەنێوان خۆیانـدا سوێند دەخۆن بـۆ یـەکتری

لەکۆی (١٥) ئەندامی لیژنەی باڵا ئامادەبوون، کەبریتی بوون لە (عەبدولکەریم قاسم سەرۆك و ئەندامێتی ناجی تاڵب، محی الدین عەبدولحەمید، عەبدولوەهاب ئەمین، عەبدولوەهاب شەواف، تاهر یحیی، محمد السبع)لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە درا کەناسراو بوو بە (کردەی هەڵۆ)و لەدوایدا گۆڕا بە ١٤ی تەموز، ئەوانی دیکەی ئەفسەرانی ئازادیخواز زانیارییان نەبوو لەسەر پلانەکە و کاتی جێبەجێکردنەکەی، هەرچەند هەندێك لا سنوردارکردنی وادەی جێبەجێکردنەکە بۆ مەترسی دزە کردن دەگەڕێننەوە، تەنانەت پێش سەعاتی سفر هەریەك لەقاسم و عارف وابڵاویان کردبووە کەپلانەکەیان ئاشکرا بوەو چیدی (کردەی هەڵۆ) ئەنجام نادرێ، دیارە لەم کارەشیاندا ویستویانە تەنها خۆیان هەستن بە کارەکە،لیوا روکن عەبدولکەریم فەرحان لە یادداشتەکانیدا دەڵێت:پاش ئەوەی لە نێوان ئەفسەرانی لیژنەی باڵادا قسەو باس لەسەر ئەوە دەکرا کەشۆڕش لەم جارەیاندا ئەنجام دەدرێت، عەبدولسەلام عارف وای بڵاو کردبووە کەبەرەو ئوردون دەچێت و بەلیژنەی باڵای ڕاگەیاندبوو کە ئەو فەرمانەی بۆی دەرچووە جێبەجێدەکات، چونکە ئەو فەرماندەیەکی لیوای هەیە، لەڕاستیدا هێزی پێویست بۆ ئەنجام دانی کارەکە، بەتایبەت پاش پەیوەندی کردنی کەتیبەی زرێپۆشەکان بەلیواکەیەوە پلانەکە ئاسان بوو، تەنها دیاری کردنی ئەرك و فەرمانەکانی دەویست، بەڵام بەدیار کەوت لەنێوان هەریەك لە قاسم و عارفدا ڕێکەوتن

لەسەر پاراستنی نهێنی وادەی شۆڕشەکەیان، کە ئاشکرایە ئەم حاڵەتە زیاتر مەبەست پێی دزینی وادەی شۆڕش و خۆبەخاوەن زانینی شۆڕش و لەدوایدا دەست گرتن بەسەر حوکمدا و دوورخستنەوەی هاوڕێکانیان لەپۆستە زۆر گرنگەکان بوو.(سەرچاوە: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، تأليف ليث عبدالحسن الزبيدى، لەگەڵ کەناڵی ئەبو زەبی ئاسمانی بەرنامەی (بين الزمنين) ئامادەو پێشکەش کردنی احمد مهنا)

هەیە و بەنهێنی ئەو ڕێکەتنەشیان شاردۆتەوە تالیژنەی بالا تێیدا بەشدار نەبن و لەدوایدا داوای جیٚ بەجیٚکردنی ئەو بڕیارانە بکەن کەپێش وەخت داویانە، چونکە ئەم دوو کەسە بڕوایـن وابوو گەر بێتو شۆڕش بکەن ئەوا لیژنەی بالا پشتگیری شۆڕش دەکەن، ئیتر ئایا سەرکەوتوو بێت یان نا.. لەدوایشدا هەرئەمە ڕوویدا.[1] هەربۆیەش کاتێك لەبەرەبەیانی ١٤ی تەموز کەشۆڕش ئەنجام دراو سوپا هاتبووە نێو بەغدادەوە، زۆرێك لەئەفسەرانی ئازادیخواز توشی سەرسوڕمان بوون لەم کارەو تەنانەت بوو بەمایەی چەندان کێشەی تر، لەگەڵ ئەوەی تێبینی کرابوو کە عارف و قاسم پاش دەرچوونی بڕیارەکەی دەستەی ئەرکان، تا ١٤ی تەموز جموجوڵی زۆریان پێوە بەدی کراوە.[2]

لەیاداشتەکانیدا فوئاد عارف دەڵێت: ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٥٨/٧/١٠ واتە چوار ڕۆژ پێش ڕوودانی شۆڕش، هەریەك لەقاسم و عارفم بینی لەوەزارەتی بەرگریدا، لەوکاتەدا من فەرماندەی لیوای (٩) بووم ، عەبدولکەریم قاسم پرسیاری (ئەنوەر سامر) بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی (حلە)ی لیٚ کردم ...منیش پێم ووت: کەسێکی زۆر باشە، لەدوایدا زانیم کەئەم کەسە یەکێك بووە لە نزیکەکانی عارف، پاشان پیٚی وتم لەم ڕۆژانەدا هەواڵی گەرم دەبیستیت، پاشان داوای لیٚکردم کەنانی نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٩٥٨/٧/١١ لەماڵی قاسم بخۆم، بەڵام کاتێك لەڕێگەدا کەگەڕامەوە بیرم کەوتەوە کەمن دەعوەتی عەبدولکەریم قاسم بووم، بەڵام لەدەستم

---

[1] فرحان، اللواء الركن عبدالكريم ، ثورة ١٤تموز في العراق، الجزء الاول، ص٩٠,٩١ ، مؤسسة الكتاب العربي للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦

[2] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير -- قم ١٩٩٧ ، ص٦١.

دەرچووبوو[1]. ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستی‌یەیە کەقاسم و عارف خولیای شۆڕش لەبیریاندا بووە، بەڵام کاتی ئەنجام دانەکەیان پاراستوە لای خۆیان، بەم جۆرەش ئامادەگی بۆ ئەنجام دانی شۆڕش گیرایە بەر، لەوانەش:

١- دانانی وردەکاری پێویست بۆ ئەنجام دانی شۆڕش.

٢- داڕشتنی ئەو بەلاغانەی کە پێویست بوو پاش شۆڕش بخوێنرێنەوە.

٣- دیاری کردنی ئەو کەسانەی لە دوایدا پۆستی وەزاری دەگرنە دەست.

٤- دابەش کردنی پۆست و پلە و دەسەڵاتەکانی حکومەتی داهاتوو لەنێوان خۆیاندا..

ئەم کارانەش بیٚگەڕانەوە بۆ مەرجەعی ڕێکخراوی مەرکەزی ئەفسەرانی ئازادیخواز ئەنجام دران و خۆیان بەتەنها کردە خاوەنی شۆڕەکە. تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش بەهەمان عەقڵەوە کاریان کردووە...

کشـــــــــان بەرەو بەغداد

قاسم و عارف پلانی جیٚ بەجیٚکردنی شۆڕشیان بەوردی داڕشت، لیوای (٢٠) ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی تێدابوو هەرچەند (زەعیم روکن ئەحمەد حقی محمد علی)سەر بەئەفسەرانی ئازادیخواز نەبوو، بەڵام بەرەو ئەوە دەچوو کەبێتە نێو ڕیزی ئەم ڕێکخراوەوە وبۆ ئەم مەبەستەش (نازم تەبەقچەلی) یان (محی الدین عبدالحمید) ڕاسپێرابوو تالەم بارەوە قسەی لەگەڵ بکەن، چونکە ئەم دوو کەسە پیوەندی پتەویان لەگەڵیدا

[1] عارف، فؤاد، مذكرات، تعليق د.كمال مظهر، ص١٧٥.

هـەبوو،بـەڵام هاتنـە پێشـەوەی ئـەم هەلـە بـواری ئـەم کـارەی نـەدا[٢]، لەچـوار چـێوەی پلانەکەشـدا بڕیـار وابـوو(زعـیم روکـن ئەحمـەد حقـی) لەلایـەن ئەفســەرانی لیواکەیــەوە ناچـاربکرێت تابــەرەو فەلوجـە بکشــێ و لــەوێ خواحافیزیان لێ بکات، ئەمەش لەڕێگەی چونیان بەرەو ئوردون..

لیواکەی احمد حقی پێك دەهات لە :

کەتیبەی یەکەم بەسەرکردەیی سەرهەنگ عەبدولەتیف دەڕاجی.

کەتیبەی دووەم بەسەرکردەیی سەرهەنگ یاسین محمد رەوف.

کەتیبەی سێیەم بەسەرکردەیی سەرهەنگ عەبدولسەلام عارف.

بەڵام (یاسین محمد رەئوف) ئەندامی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز نەبوو، هەربۆیەش بڕیاری دەستگیرکردنی درا لەلایەن عارف و دەراجییەوە، ئەمەش لەڕێگەی چوون بەرەو بەغدا و لەحاڵەتێکدا گەر رازی نەبوو لەسـەر هاوکــاری کردنیــان، بــەدەر لــەم گرفتــە یــەکێکی تــر لــەو گرفتــە سەرەکییانەیکەدەبوایە قاسم و عارف چارەسەریارن بکردایە گرفتی دابین کردنی چەك و تەقەمەنی بوو، چونکە لەسیستمی پەیڕەکراوی سەربازی سوپای عێراقیدا، ڕێگە نەدەدرا کەتەقەمەنی بدرێت بەئەفسەرەکان مەگەر بە دەرچـوونی فــەرمانێك نەبوایــە لــەم بــارەوە و لەلایــەن دەســەڵاتی بــاڵای ســەربازییەوە، بــەڵام عــارف تــوانی تەقەمـەنی پێویسـت دەسـت بخـات و پارێزگاری لێبکات وبەشێوەیەکی نهێنی بیهێڵێتەوە تاڕۆژی ١٤ی تـەموز کە دەبوایە جوڵەی تێدا بکرایە..[٣]

بۆسەرخستنی پلانەکەش ئەم هەنگاوانە گیرانە بەر:

---

[٢] فرحان، اللواء الركن عبدالكريم ، ثورة ١٤تموز في العراق، الجزء الاول، ص٩٠، مؤسسة الكتاب العربي للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦

[٣] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٦٢,٦٣.

هەنگاوی یەکەم: چەواشەکرنی زعیم احمد حقی، تاڕێگەیان پێ بدات خۆیان جوڵە بکەن و دڵنیای بکەنەوە لەوەی فەرمانەکە بەڕێك وپێکی جێ بەجێ دەکرێت، هێزەکە پێشڕەوی پێ دەکەن بەرەو فەلوجە بەبەغدادا و پاشان لەوێشەوە بەرەو ئوردون.

هەنگاوی دووم : داوا بکرێت لە زعیم احمد حقی تا لەگەل بەشی یەکەمی هێزەکە بڕوات کەلە فەلوجە دەوەستن و چاوەڕیێی پاشماوەی هێزەکە بکەن.

هەنگاوی سێیەم: چەواشە کردنی زعیم احمد حقی لەسەر دواکەوتنی هێزەکەو دروست کردنی هەندێك بیانوو بەڵگەی واقیعی تا هیچ جۆرە گومانێك دروست نەبێت لەسەر دواکەوتنی هێزەکە..

هەنگاوی چوارەم: لەکاتی ئەنجام دانی جوڵانەوەکە نابێت زعیم احمد حقیهەر بەخێرایی دەستگیر بکرێت، نەبادا هەواڵی جوڵانەوەکە هەر لەسەرەتاوە دزە بکات بۆ لایەنە بەرپرسەکانی سەرەوەو هەوڵی سەرکوتی جوڵانەوەکە بدەن لەقۆناغی سەرەتایدا.

هەنگاوی پێنجەم: لیوای ١٩ کە فەرماندەکەی عەبدولکەریم قاسمە ئەرکی پاراستنیپشتەوەی هێزەکەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بەرەو بەغداد دەکشێت، لەگەڵ دەستگیر کردنی لیوا غازی داغستانی سەرکردەی تیپی (سێیەم)..

هەنگاوی شەشەم: ئاگادار نەکردنەوەی ئەو هێزەی کە بەرەو ئوردون کشاوە لە جوڵانەوەکە تا بەتەواوی جوڵانەوەکە سەردەکەوێت ئەمەش لەپێناو دزە نەکردنیهەواڵەکە..

هەنگاوی حەوتەم: ئاگادار کردنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز بۆ هەستان بەجێ بەجێ کردنی ئەرکی خۆی لەناو بەغداد کەپێشتر بۆی دیاری کراوە،

بەدەر لەو ئەفسەرە دیاری کراوانە، نابێت هیچ ئەفسەرێکی تر ئاگادار بکرێت، ئەمەش دیسانەوە بۆ پاراستنی نهێنیکارەکە.[1]

لەڕۆژی ۱۳ ی تەموز قاسم وعارف سەردانێکی کوت پڕی بەغداد دەکەنەوە، بەڵام جگە لە هەندێك کەس نەبێت کەخۆیان دیارییان کردبوو، وادەی شۆڕشەکەیان بەکەس ڕانەگەیاند، لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس چاوەڕوانی ڕودانی شۆڕشیان دەکرد..

لەسەعات (۹) شەوی ۱۹۵۸/۷/۱۳ لیوای (۲۰) بەسەرکردایەتی زعیم احمد حقی جوڵەی کردبەئاراستەی بەغداد لەسەربازگەی جەلەلاوە، کەکەوتبوویە دووری ۱۰۰کم لە باکوری ڕۆژهەلاتی بەغداد، تابەرەو فەلوجە بکشێن، هەرچەند لیوای(۱۹) بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم هیچ جۆرە فەرمانێکی بۆ دەرنەچوو بوو تا پەیوەندی بکات بە لیواکەی احمد حقی‌یەوە، بەڵام قاسم بەڕێکەوتنی لەگەڵ عارف بەوردی چاو دێری جوڵەکەی دەکردو پەیمانیدا لەحاڵەتی پێویستدا بە هانای هێزەکەی عارفەوە بێت..

هەرهێندەی هێزەکەی عەبدولسەلام عارف گەیشتە سەنتەری (کاسل پۆست) لەدوری ۳۰ کم لە بەغدادەوە ، ئیتر سەرەداوەکانی شۆڕش دەرکەوتن، چونکە زعیم احمد حقی لەبەغداد دەرچووبوو، لەڕێگەی فەلوجەدا بوو، لەهەمان کاتیشدا عقید یاسین محمد رەوف، دەستگیرکرا، لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوو هاوکارییان لەگەڵدا بکات، لەشوێنی ناوبراویشدا عادل جلال دانرا(کەئەفسەرێکی کورد بوو)، عەبدولسەلام عارفیش بووبە سەرکردەی لیوای بیست لەوبەشەی کەمابوولەژێر دەستیدا، عەبدولەتیف دەراجیش بوو بە جێگری عارف پاش دەستگرتنی بەسەر بەغدادا، و ئەرکی

---

١ الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١٨٢.

دەستگرتن بەسەر خانەی ڕادیـو و ڕاگەیاندنی کۆماری عێراقـی خستە ئەستۆی خۆی، پاشان موقەدەم فازڵ محمد عەلی کردە سەرکردەی کەتیبەی سێ کەیەکێك بوو لە ئەندامانی ئەفسەرانی ئازادیخواز، ، عارف وەك فەرماندەی لیوای (٢٠) یش هەموو ئەم تەعلیماتانەی دەرکرد:

١-پێویستە لەسەر کەتیبەی دوو، کەسەرکردەکەی عادل جلال بوو، مەرکەزی وەزارەتی بەرگری داگیر بکات، لەگەڵ دیوانی مەلەکی لە شەقامی (الاعظمیة)و جوڵەی پاسەوانی مەلەکی پەك بخەن.

٢-پێویست بوو لەسەر کەتیبەی سێ کەسەرکردەکەی فازل محمد علی بوو لە دیجلەوە بپەڕێتەوە بۆ کەرخ ، کە(بەشی ڕۆژئاوایی بەغدادە)و لەوێ بەهاوکاری عقید عبدالرحمن عارف، برای عەبدولسەلام عارف لە سەربازگەی (الوشاویش)ئەوانیش بەهاوکاری لەگەڵ ئەو هێزەی کەلەکۆلیژی پیادەدایە و لەنێویشیاندا رائد عەبدولستار العبوسی کەیەکێك بوو لە ئەفسەرانی ئازادیخواز، هاوکاری یەکتر بکەن و کارەکان ڕاپەڕێنن.

لەسەعات (٤) سپێدەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، پاش ئەوەی عارف بەتەواوی پلانەکەی لەکاسل پۆست داڕشتبوو، دەستی دایە دابەش کردنی تەقەمەنی بەسەر هێزەکەیدا و بەرەو بەغداد کشان، لەماوەی نیو سەعاتدا چوونە ناو بەغدادەوە و بەرە ناوجەرگەی شار کشان، لەسەعات (٥) دا لەدیجلە پەڕینەوە بەرەو بینایەی ڕادیوو داگیری کرد [1] هەرئەوێشی کردە سەنتەری سەرکردایەتی کردنی خۆی، و چاوەڕوانیکرد تاپەخشی ڕادیۆیی

---

[1] لەپلانی شۆرشدا ئاماژە نەدرابوویە داگیر کردنی ئەنتێنەکانی پەخشی ڕادیۆکە لە ئەبوغرێب بوون، عارف تەنها بینایەی ڕادیۆکەی داگیرکردبوو لە صالحیە، هیچ یەك لە ئەفسەرانی ئازادیخواز بیریان بەلای ئەوەدا نەڕۆشتبوو کەچارەنوسی شۆرشەکەیان بەندە بەو چەند زمانانەی کەلە ئەنتێنەکانی پەخشی ئەبوغرێبدا هەبوو، بەڕاستی دەستی قەدەر هاوڕای کارەکە بوو ، چونکە هیچ یەك لە لایەنگرانی دەسەڵاتی پاشایەتی نەگەیشتبوونە ئەو ئەنتێنانە تابیپچڕن و پەخشی رادیۆ ڕابوەستێت.. سەرچاوە: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، تألیف لیث عبدالحسن الزبیدی، ص١٩٣

کرایەوە ، ئەوکات دەستی دایە خوێندنەوەی بەیانی یەکەمی شۆڕش بەدەنگی خۆی و هانی خەڵکی و پارتەسیاسیەکانی دەدا تابڕژێنە سەرشەقامەکان وپشتگیری شۆڕش بکەن. بەم جۆرە عارف لەڕادیۆوە دەیوت(ئەمە شۆرشەکەتانە، بنەماڵەی پاشایەتی لەناوبران، ڕژێمی پاشایەتی هەرەسی هێنا، لەگەڵ هەرسیشیدا، هەموو خراپە وگەندەڵییەکانیش هەرەسیان هێنا..)

لەلایەن خۆشیەوە قاسم چاوەڕوانی ئاکامی جوڵانەوەکە بوو، ئەو هێشتا فەرماندەی لیوای (١٩) بوو، بەڵام کاتێك عارف دەستی گرت بەسەر بەغدادا، بەفیعلی قاسم سەرکردایەتی هێزەکانیشۆڕشی گرتە دەست، ئامادەبوو پشتەوەی هێزەکانی شۆڕش بپارێزێ، لەهەرجۆرە مەترسییەکی پەلاماردان، کاتێکیش بەرەو بەغداد کشا لەناوسەیارەکەیدا گوێی لەدەنگی عەبدولسەلامەوە بوو کە هەواڵی هەرەسی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕادەگەیاند، بەیاننامەی دامەزراندنی کۆماری عێراقی دەخوێندەوە، هەربۆیەش عەبدولکەریم بەخێرایی بەرو بەغداد کشا، چونکە بەتەواویبەغداد گیرابوو، سەرەتا سەردانی ڕادیۆی کردو چاوی کەوت بە عەبدولسەلام عارف، پاش دەست خۆشی لێ کردنی بەرەو بارەگای وەزارەتی بەرگری ڕۆشت و کردییە بارەگای خۆی..

دەگونجێت لەو کاتەدا قاسم هەستی بەجۆرێك نیگەرانیکردبێت کەئەفسەرێکی لە خۆی خوارتر، توانیویەتی بەو جۆرە بەغداد بگرێت و سەربکەوێت، لەکاتێکدا دەیتوانی هەرخۆی بەهێزەکەیەوە هەمان کار بکات، زۆر لا ئەوە بەدوور نازانن کە هۆکارێکی سەرەکی بوبێت لەململانێ نێوان هەردوو قاسم وعارفدا کەلەدوایدا ڕویدا.[٢]

---

[٢] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٦٣,٦٤,٦٥,٦٦.

چەند بڕگەیەك لە

بەیانی یەکەمی شۆڕش

گەلی عێراقی بەڕێز..

پاش پشت بەستن بە خوای گەورەو پاڵپشتی دڵسۆزان لە ڕۆڵەکانی گەل و هێزە نیشتنمانی‌یە چەکدارەکان، هەنگاومان هەڵگرت بۆڕزگارکردنی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان لەژێر دەسەڵاتی خراپەکاری کەئیستیعمار سەپاندویەتی بەسەر گەلەکەمانەوە تاحوکمی بکات و یاری بەموقەدەراتەکانی بکات لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان و گەیشتن بەبەرژەوەندییە شەخصییەکانیان..

برایان!

سوپا لە ئێوەیەو بۆ ئێوەیە، واهەستاوە بەوەی دەتانەوێت، ئەویش ڕاماڵینی ستەمکارانە کەسوکایەتی‌یان بە مافی گەلەکەمان دەکرد، ئەوەی لەسەرتانە ئەوەیە کەپشتی بگرن و سەری بخەن، یارمەتی بدەن لە ئاراستە کردنی گوللە و بۆمبەکان بەسەر کۆشکی ڕیحاب و کۆشکی نوری سەعیدا..

لەبەشێکی تری بەیاننامەدا هاتووە: *دەخوازین هەمولایەکمان یەک دەست بین لە سلێمانیەوە تا زکبە و لەزاخۆوە تا فاو ، بۆئەوەی عێراق یەک دەست بێت بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو تاوانبارانەداو ڕزگار بون لەشەڕیان..*

لەکۆتایی بەیاننامەکەشدا هاتووە: بەڕاستی سوێندمان خواردووە، کەخوێنمان و ئەوەی بەلامانەوە ئازیزە، لەپێناوتاندا ببەخشین، لەبەر ئەوە ئێوەش متمانەتان هەبێت و دڵنیابن کە ئێمە درێژە بە کارەکانمان دەدەین لەپێناو ئێوەداو پێویستە حوکم بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێک کە لەگەلەوە سەرچاوەی گرتبێت و هەڵقولابێت و لەسەرخواستی گەل بڕوات، ئەمەش ئەنجام نادرێت،

تەنهابەدامەزراندنی کۆمارێکی میللی نەبێت کەدەستی گرتبێت بەیەکێتی تەواوی خاکیعێراقـەوە و پەیوەنـدی برایانەشـی هـەبێت لەگـەڵ وڵاتـانی تـری عـەرەبی وئیسـلامی و کـار بەبنـەماکانی نەتەوەیـەکگرتووەکان بکـات و ئیلتیزامـی هـەبێت بەپەیماننامـەو پرۆتۆکۆلەکانـەوە بـەپێی بەرژەوەنـدی نیشـتمانی و بڕیارەکـانی کـۆنگرەی بانـدۆک ، وپێویسـتە هـەر لەئێسـتاوە حکومـەتی نیشـتمانی ناوبنرێـت بەکۆماری عێراق، و لەپێناو جێبەجێکردنیخواستیگەلیش ، سەرۆکایەتییەکەمان سـپاردووە بەشـێوەیەکی کـاتی بـە ئەنجومـەنی سـیادە، کەمومارەسـەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار دەکات، تا هێندەی ریفراندۆمێک ئەنجام دەدرێت و گەل سەرۆک دیاریدەکات..

داواکارین لە خوایگەورە سەرکەوتومان بکات لە کارکردنمان بۆ خزمەتی نیشتمانی ئازیزمان، هەر خوای گەورە بیسەرو وەڵامدەرەوەیە..

لەبری سەرکردەی گشتی

هێزە نیشتـمانییە چەکدارەکان

بەغداد، ٢٦ ژی الحجە ١٣٧٧

شۆڕش یان کودەتا

پێش ئەوەی بچمە ناو وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا ئەوەی لە ١٩٥٨/٧/١٤ دا ڕوویدا شۆڕش بوو یان کودەتا، بەپێویستی دەزانم پێناسەی هەریەك لە چەمکی (کودەتا) و (شۆڕش) بکەم..

کودەتا: گۆڕانکاریەکی کوت پڕو یەکلاکەرەوەیە لەحکومەتدا، بەهۆی دەستێوەردانی سوپاوە، یان هەندێك لەپێکهاتەکانی سوپاوە، دێتە کایەوەو تێیدا هێزبەکاردەهێنرێت، یان ترساندن بەهەڕەشەی بەکارهێنانی هێز، وەك کودەتاکەی ناپلیۆن پۆناپارت لەساڵی ١٧٩٩، لۆی ناپلیۆن لەساڵی ١٨٥١، پاش کودەتا ڕیفراندۆمی گشتی ئەنجام دەدرێت کەمەبەستی شەرعیەت دانە بەو واقعەی کەهاتۆتە ئاراوە. [1]

شۆڕش: گۆڕانکاری جەوهەری‌یە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتێکی دیاری کراودا، لەم کارەشدا جەماوەر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ، ئامانجی گۆڕانی جەوهەری‌یە لەسیستمی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتەدا، لەسەرکەوتنی شۆڕشدا دەستور دەگۆڕێت لەگەڵ ڕژێمی حوکمڕاندا، بەڵام شەخصیەتی دەوڵەت دەستکاری ناکرێت و نابێتە مایەی هەرەس هێنانی ئیلتیزامە نێودەوڵەتی‌یەکانی، لەبەناوبانگترین شۆڕشەکان شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩یە. [2]

بۆزیاتر ڕوو نکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کەلە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دا هاتە ئاراوە دەکرێت هەڵسەنگاندنێکی کورت بکەین لەنێوان ناوەڕۆکی کودەتاو ناوەڕۆکی شۆڕشدا، تابزانین ئاخۆ ئەوەی ڕوویدا شۆڕش بوو یان کودەتا..

---

[1] المسيري، عبدالوهاب، (الموسوعة السياية) الطبعة الاولى ، مارس ١٩٧٤،ص٩١.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٧٥).

جیاوازی نێوان کودەتاو شۆڕش

شۆڕش	کودەتا
١-گۆڕانێکی جەوهەریـیە لە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی وولاتێکدا.	١-گۆڕانی کوت وپڕو یەکلاکەرەوەیە لەحکومەت و سیستمی فەرمانڕەوایی ولاتدا.
٢-جەماوەر لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا پیّی هەڵدەستن.	٢-سوپا یان بەشێك لەسوپا، یان هەندێك گەورە کاربەدەستی ولات پیّی هەڵدەستیّ
٣-ئامانجی گۆڕانی جەوهەرییە لە سیستمی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ، بیّدەستکاری شەخصیەتی دەولەت.	٣-ئامانجی گۆڕانکارییە لەدابەش بونی دەسەلاتی سیاسیودەستە فەرمانڕەوا جیاوازەکان یان کەسە جیاوازەکان.
٤-سروشتی ڕێپێوان و پەنابردنە بەر هۆکاری سیاسی زاڵە بەسەریدا.	٤- زیاتر سروشتی توندو تیژی زاڵە بەسەریدا.
٥- پێویستی بەڕیفراندۆم نیە، چونکە جەماوەر خودی خۆی پیّی هەستاوە.	٥- پاش کودەتا ڕیفراندۆم ئەنجام دەدرێت بۆ پێدانیشەرعیەت بەکودەتاکە.

لێرەوە دەتوانین بڵێن کەشۆڕشی ١٤ی تەموز سەرەتا وەك کودەتایەکی (فوقی-وەتەنی) سەری هەڵدا، لەم بوارەشدا متمانەی کردە سەر سوپابەسەرکردە جیاوازەکانیانەوە و پاشان سود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی کوت و پڕی و نهێنی بوون و چەواشەکردن و قۆستنەوەی هەلەکان، لەم بوارەشدابزاوتیمیللی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی تیا نەگێڕا تەنها پاش ڕاگەیاندنی شۆڕش نەبێت.[1]

کەواتە دەتوانین بڵێین لەڕاستیدا ئەوەی ڕویدا کودەتایەکی سەربازی بوو، نەك شۆڕش، ئەم کودەتایەش کۆمەڵە ئەفسەرێك پێ‌ی هەستان و دەسەلاتی پاشایەتیان روخاند، بەلام پاش ڕاگەیاندنی شۆرش خەڵکی لەدەوری کۆبونەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵیدا، وپشتگیریان لێ کرد و بەتەواوی سەریان خست[2].

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەکرێت ئاماژە بکەین بۆ دوو خاڵێك:

١-هەروەك لە پێناسەی کودەتادا هاتبوو کەپاش سەرکەوتنی پەنا دەبرێتە بەر ئەنجام دانی ڕیفراندۆمی گشتی بۆ شەرعیەت پێدانی، لەبەیاننامەکەی شۆڕشیشدا هەمان بەڵێن درابووکە پاش سەرکەوتنی شۆڕش ڕیفراندۆم ئەنجام دەدرێت، دیارە ئەمەش بۆ شەرعییەت دان ىووە بەو کارە پێ‌ی هەستاون..

٢- گەر لە زمانی بەیاننامەکە وردببینەوە دەبینین کە جەماوەر دەکاتە خاوەنی کارەکە و بە چەندان برگەو ڕستەوە بەجەماوەرەوە گرێ‌ی دەدا، دیارە ئەمەش بەرەنجامی هەست کردنە بەوەی کەڕەگەزی جەماوەر لەکارەکەدا بەشداری پێ بکات، هەربۆیەش دەبینین کەلەگەڵ سەرکەوتنی

---

[1] نجم، محمود، المقايضة بين برلين وبغداد، الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص١٦,١٧.
[2] مجلة گولان العربي، عدد ٢٦ تموز ١٩٩٨، مقابلة مع السيد محسن دزيي، اجراه كريم حسن، ص٤٧-٥٠.

کارەکە لەڕێگەی ڕادێوە جەماوەر هان دەدرێت تا بڕژێنە سەرشەقامەکان و پەلاماری شوێنەوارەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی بدەن..

بەم جۆرە دەبینین لە بنەڕەتدا شۆڕشی ١٤ی تەموز کودەتایەك بووە کە زۆربەی ڕەگەزەکانی کودەتای تیا بەرجەستە بوون وەك (بەکارهێنانی توندو تیژی، گۆڕینی شەخصیەتی دەوڵەت لە پاشایەتی بۆ کۆماری، بەڵێن دان بەئەنجام دانی ریفراندۆم.. هتد)تالە دوایدا بەشداری جەماوەرو پارتە سیاسیەکان سیمایەکی شۆڕشگێڕانەیان پێبەخشی...

ڕۆڵی جەماوەرو پارتە سیاسیەکان

لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا

لەبەرە بەیانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کودەتای سەربازی وڕاپەڕینی جەماوەری پێکەوە گرێ دران، لەکاتژمێر (٨) ی سەرلەبەیانی واتە (١,٣٠)کاتژمێر و نیوێك پاش ڕاگەیاندنی شۆڕش، لە بەغداد و شارو شارۆچکەکانی تردا، جەماوەر بەسەرجەمی توێژەکانەوە هاتبونە سەرشەقامەکان و ئاوێزانی داوا و بانگەوازە یەك دوایەکەکانی عەبدولسەلام عارف بوون کەلە ڕادێوە ئاراستەی دەکردن، بەم جۆرەش شەپۆلی جەماوەر عێراقی هەژاند..

شایانی باسە پارتەسیاسیەکانی ناو بەرەی یەکێتی نیشتمانی تاڕادەیەك ئاگادارییان هەبوو بەسەر شۆڕشەکەدا، حزبی شیوعی و پارتی نیشتمانی دیموکراتی بەڕەسمی لەڕۆژی ١١ی تەموزدا لەلایەن قاسمەوە ئاگادار کرابوونەوە، واتە سێ ڕۆژ پێش ١٤ی تەموز، بەڵام پارتی بەعس و پارتی سەربەخۆیش هەمان ئەوکاتە بەوادەی کودەتاکەیان زانیبوو ، ئەمەش نەك بەڕەسمی بەڵکو لەڕێگەی لەئەفسەرە بچوکەکانی ناو ئەفسەرانی

ئـازادیخوازەوە کەلـەوادەی کودەتاکـە ئاگـادار کرابوونـەوە، بـەم جـۆرەش پارتەکان هەریەك لەلایەن خۆیەوە پێداویستیـیان سازکردبوو بۆ لایەنگری و سەرخستنی کارەکە، هەربۆیەش لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕش لەرادێوە، ئەندام ولایـــەنگرانی ئـــەو پارتانـــە لەحەشـــارگەکانیان هاتنـــە دەرەوە و ڕژانـــە سەرشەقامەکان خۆپیشاندان و پەلاماریان دەستپێکرد، دیارە لەگەڵ ئەندام لایەنگرانی ئەم پارتانەشدا کەسانێکی زۆریشی پێوە ئالاوە کەسەر بەهیچ یەك لەم پارتانە نەبوون..

لێرەشـەوە جـەماوەر بـەجۆرێك ڕژانـە سەرشـەقامەکان کەخـەریك بـوو بارەکــە لەدەســتی ســوپا دەربچــێت، جــەماوەر پــە لامــاری پەیکــەری (مـۆرد)"ژەنرالـی بـەریتانی کـە سـالی ١٩١٧ بەغـدادی داگیر کردبـوو"داو ڕوخانـدیان. پاشـان پەیکـەری مـەلیك فەیسـەڵی یەکـەمیش ڕوخێنـرا، لەدوایشـدا بـەخێرایی ڕویـان کـردە باڵیۆزخانـەی بـەریتانیا و هـەوڵی وێرانکردنیـان دا، بـەلام هەربـەزووی سـوپا بـەرەنگاریان بوونـەوە ڕێگـەیان لێگرتن، لەگەڵ ئەمەشدا وێرانکاری و تالان لەناو شاردا بلاو بوەو، ئەمـەش سەرەڕای داخستنی دوکان و بازاڕەکان.. لەهەمووشی دەرکەوتوتر پەلاماری جەماوەر بوو بۆ سەر کۆشکی پاشایەتی و بەتالان بردنی شت و مەکەکانی وهـەمان ئـەم حاڵەتـەش بەسـەر کۆشـکی نـوری سـەعیدا هـات، جـەماوەر بەڕۆحی سەربازییەوە پەلاماریان دەبرد و بەدارو چەقۆ شالاویان دەبرد.[1] هەرچەند ئەم جۆرە بەشدارییە زیاتر شێوازێك لە پاشاگەردانی و بێنەزمی پێوە دیارە و نیشانەی تورەیی خـەلکی بووە لەدەسەلاتی پاشایەتی، بەلام دەسەلاتی سەربازی توانی لەکۆتایداو لەئاستێکدا ڕای بگرێت و ئاوێزانی

---

[1] کەنالی ئاسمانی ئەبوزەبی بەرنامەی (بین الزمنین) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا) کۆتایی سالی ٢٠٠١.

بكات بەکودەتاکەو توانی بە شۆڕش ناو زەدی بکات، بەم جۆرەش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەدایك بوو، دیارە ئەم باسەش زۆر قسەی تر هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا بەم برە کۆتایی پێدێنم و ئاماژە دەدەمە خاڵێکی تر، کەئەویش بریتی‌یە لەوەی ئایا دەسەڵاتی پاشایەتی بەو جۆرە قیزەون بوو کەهیچ کەس دژ بەم شۆڕشە نەوەستێتەوە بەتایبەت لەسەر ئاستی سەربازی؟

زۆرلا پێیان وایە کە جەماوەری لایەنگری دەسەڵاتی پاشایەتی خۆی(لە دەرەبەگ و ئاغاو چینی دەوڵەمەندان و سەرمایەداراندا دەبینییەوە)، لەگەڵ ئەوانەی بەپیرۆزییەوە سەیری بنەماڵەی پاشایەتی‌یان دەکرد کەئەمانە لە نەوەی پێغەمبەرن (دروودی خوای لێبێت)، دیارە ئەمانەش هێندە کەم نەبوون، قەبارەیەکیان بۆخۆیان هەبووە، بەڵام دەکرێت هێندە متمانەیان بەوە نەبووبێت کەشۆڕش سەربکەوێت و بارەکە بەوجۆرەی لێبێت، ئەم حاڵەتەش ڕاستەوانە بەسەر سوپاش دا دەشکێتەوە، دەبینین زۆربەی یەکە سەربازییەکان لەکاتی بیستنی هەواڵی شۆڕشدا، دەکەونە حاڵەتێکی زۆر حەساسەوە کەهیچ جۆرە چارەنوسێکی دیاریان لە بەرچاودا نەبووە، هەربۆیەش ناچار بوون چاوەڕێ بکەن تابزانن بارەکە بەچ لایەکدا دەکەوێت، ئەو کات هەڵوێست وەرگرن، لەو کاتەشدا تەنها جوڵانەوەیەکی دیارو بەرچاو هەبوو بێت دژ بەشۆڕش، جوڵانەوەکەی عمر علی بووە لە دیوانییە، کەئەویش هەر بەزوویی سەرکوت کرابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك کەس کە پێیان وایە ئەو حاڵەتە جەماوەری و خرۆشانەی لەبەغداد دروست بوو، شتێکی چاولێکەری بووە، گەربێتوو شۆڕش سەرنەکەوتایە چی کرا بە دەسەڵاتی پاشایەتی هەمان کاریش دەکرا بە شۆڕش گێران...

پەلاماری کۆشکی ڕیحاب و
هەڵاتنی نوری سەعید

سەرەتا دەبێت بۆ پێشینەی پەلاماری کۆشکی ریحاب و لەناوبردنی هەریەك لە نوری سەعید و وصی وشافیصل ی دووەم، بگەڕێینەوە بۆچەند ساڵێك بەر لە ڕوودانی شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ دیارە هەریەك لەم کەسایەتیانە، پێگەیەکی پتەوی بەریتانی بوون لە عێراقداو دەرباز بونیشیان مایەی ترسێکی گەورە دەبوو بۆ سەر داهاتوی شۆڕشی ١٤ی‌تەموز، بەو پێودانگەی‌سەرلەنوێ بەپاڵپشتی وڵاتێکی زلهێزی وەك بەریتانیا جارێکی تر بێنەوە سەر دەسەڵاتی عێراقی، لەبەر ئەوە لەناوبردنی ئەم سێ کەسەی دەسەڵاتی عێراقی، ئەرکێکی گرنگ بوو بەلای ئەفسەرانی شۆڕشەوە، نەبادا وەك(ڕەشیدعالی گەیلانی) یان لێ بەسەربێت وجوڵانەوەکەیان زووبکوژێتەوە.. بۆزیاترئاگابوون لەو هەوڵانەی کەویستراوە ئەم سێ کەسایەتی یە لەناو ببرێت لە لایەن ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە ، ئاماژە دەدەینە چەند هەوڵێك :

١- لە پێش گەڕانەوەی قاسم بە خۆی و سوپاکەیەوە لە ئوردون لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٦ بۆ عێراق، کاغەزێك دەنێرێت بۆ ڕێکخراوی بغدادی ئەفسەرانی ئازادیخواز و ئەوەی تیا دەڵێت کە شۆڕش رادەگەیەنێت کاتێك سنوری عێراقی بڕی لە نزیك (ئێچ پری) لە بەرئەوەی هەرسێ‌کەسایەتی دەسەڵاتی عێراقی بەخێر هاتنەوەی ئەو هێزە دەکەن و لەو جێگەیەدان ، بەڵام لە دوا ساتەکانی کۆتایدا ئەم پلانە

هەڵدەوەشێتـــــەوە لەبەر ئەوەی نوری سەعید ئامـــادەی ڕێوڕەسمەکە نابێت..

٢-لـە ١١ /٥/١٩٥٨ پلانێکـی تـر داڕێـژرا بـۆ لـەناوبردنی هەرسـێ کەسایەتیەکە ئەمەش لە کاتی ئەو مانۆڕەی سـوپا پیّی هەڵدەستا لە (ڕوتبە) و لەو کاتەدا مانۆڕەکە ئەنجـام درا، نارنجۆکێك فڕێدراو لەو کاتـەدا مەلیك و دەست و پێوەندەکەی دانیشتبون ، بەڵام کەسیـان بریندار نەبوون بـەڵام لـە دوایـداو پـاش لێکۆڵینـەوە ڕاگەیـەنرا کارەکـە بەشێك نـەبووە لـە پلانێـکی نهێنی ، بەڵکو کارێکی مەبەستداریش نەبووە.. [1]

٣-پلانێکی تر ئامادە کرا لە ٢٩/٥/١٩٥٨ بەبۆنـەی ئاهـەنگی یادی ٢٥ سـاڵەی دامەزراندنیکۆلیـژی ئەرکانـەوە لـە بغـداد ، کـە داڕێـژەرانی پلانـەکـە بڕوایان وابووە هەرسێ کەسەکە ئامادەی ئاهەنگەگە دەبن ، بەڵام ئاهەنگەکە دوا خرابوو بۆڕۆژی (٥ شەممە) ٥/٦/١٩٥٨ ،بەهۆی سەردانی عەبدولئیلاه و نوری سەعید بۆ دەرەوەی وولات بەم جۆرەش پلانـــەکەش واز لێ هێنـرا بەهۆی نەبوونی پێداویستی تەواوەوە بۆی. [2]

ئەمـە سـەرەڕای جیـاوازی لـە ڕاو بۆچـونی لیژنـەی بـاڵای ئەفسـەرانی ئـازادیخواز بـەدی دەکرێـت دەربـارەی مەسـەلەی لـەناوبردنی هەرسـێ کەسایەتی، وبوارنەدان بە دەربازبوونیان ...

بەرەبـەیانی ١٤ ی تـەموزی ١٩٥٨ کاتێـك لیـوای بیسـت بـە (٣) هـەزار سەربازەوە بەرەو بغداد دەکشێ، کاتژمێر (٣٠ ،٤) ی سەرلە بەیانی ١٤ ی تـەمووز خۆیـان دەکـەن بـەناو شـاری بغداد دا و هەڵدەسـتن بـە داگیرکردنـی

١

شوێنە گرنگ و هەستیارەکان ، بەتایبەت بینایەی ڕادیۆ ، پاشان لە کاتژمێر (٦) ی سەرلەبەیانی دەوروبەری کۆشکی ڕیحاب دەگرن ، لەم نێوەشدا فەرمان دەردەچێت بۆ(رائد منزر سلیم) لە لیوای بیست کە بە فەرماندەیی سرییەك ئەو کارەی گرتبوویە ئەستۆ ، ئەم سرییەش لە سەعات (٦) دا گەیشتبوونە کۆشك و پێگەو شوێنی خۆیان بەدەوری کۆشکدا داگیر دەکەن .

لەهەمان کاتدا کە هێزەکان شوێنی خۆیان گرتبوو لە دەوری کۆشکدا مولازم (فالیح حەنزەل) پەیوەندی دەکات بە ئەفسەرانی پارێزگاری کۆشکەوەو پێ یان ڕادەگەیەنێت کە یەکەکانی لیوای بیست دەسەلاتیان گرتووە بەسەر بغداداو کودەتا ڕوویداوە.[1] ئەم سریەی رائد منزر سلیم کە ژمارەیان بە (٤٠) کەس مەزەندە کرابوو ، بەدرێژای لەسەر شۆستەکان وەستابوون ولولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی کۆشك کردبوو ، لە بەرامبەر دەرگای نیزامی باخچەی کۆشکیشدا، ڕەشاشێك دانرابوو کە رائد منزر سلیم لە پشتیەوە بووبوو...

لە دەوروبەری کاتژمێر (٦/١٥) ی سەرلەبەیانی تەقە بە ئاراستەی کۆشکدا کرا ، یەکەم دەست ڕێژی گوللە بەر پەنجەرەکەی ژووری نوستنی عبدولئیلاه کەوت لەقاتی یەکەم ، وشوشەکانی بەتەواوی شکاند، بەم جۆرەش سەرجەمی پاسەوان و کاربەدەستانی کۆشك تووشی سەرسورمان هاتن، لەو کاتەشدا کە بەرگری و تەقەکردن درێژەی دەبێت، نەقیب

[1] دەڵێن مەلیك و عبدولئیلاه نامەیەك ئاراستەی ئەو ئەفسەرانە دەکەن کە دەوری کۆشکیان گرتبوو، تێیدا پێیان ڕاگەیاندبوون کە بەرگری ناکەن و خۆیان دەدەن بەدەستەوە..

عبدالجواد حامد [٢] داوای هاوکاری دەکات لە عبدولسەلام تا کەرەستە و چەکیان پێ بگەیەنن ، لە بەرئەوەی ئیشەك و تەقەمەنیان لێ بڕابوو ، بۆئەم مەبەستەش نەقیب محمد علی سعید دەچێتە قوتابخانەی پیادەو یارمەتی پێویست دەست دەخات. [٣]

لەهەمان کاتیشدا عبدالستارالعبوسی لەبەرەنجامی پەیوەندیو داواکردنی پێداویستی سەربازی لە سەربازگەی (الوشاویش) کەلەژێر فەرمانڕەوای براکەی عبدالسلام عارفدا بووە ، بەخۆیو پێداویستی سەربازییەوە بەرەو کۆشکی ڕیحاب بەڕێ دەکەوێت ، بەدوریش نازانرێت کەئەو زانیاریانەی گەیشتوەتە عەبدولسەلام عارف هەڵە بووبێ ، تاوای لێ کردبێ فەرمانی لەناوبردنی دانیشتوانی کۆشك بدات گەر بەرەنگاریان نواند، پاش هاتنی کۆمەکی سەربازی پێویست شەڕ تادەهات گەرمتر دەبوو ، هەندێ لە ئەفسەرەکان لەدەرگای تەنیشتەوە دەچنە باخچەی کۆشکەوە ، لەوکاتەشدا لەلایەن عبدالستارالعبوسیەوە ، سێ موشەکی بازۆکا ئاراستەی کۆشك دەکرێ بەهۆی تۆپی ١٠٦ملم ، بەم جۆرەش لەبەرنجامی ئەم بۆردومانانەوە دوکەڵ لەقاتی سەرەوەی کۆشك بەرزدەبێتەوە عەبدولئیلاه فەرمان دەدات بەئەندامانیی بنەماڵەی پاشایەتی تاسەرجەمیان دابەزنە ژێر زەمینەکەی کۆشکەوە. ئیتر دڵنیا دەبێت بواری هەڵاتنیان نەماوە،

---

[٢] زۆربەی ئەفسەرانی ئازادیخواز کەلەدوای شۆڕش چاوپێکەوتنیان لەگەڵا کراوە، پێیان وایە کەرائد عبدالجواد حامد یەکێك بووە لەئەفسەرانی سریەکەی منذر سليم (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، ليث عبدالحسن الزبيدي، ص١٨٦)

[٣] لەدیدارێکی ڕۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە(١٩٢) ١٣تموز ١٩٩٦دا، کە مستەفا صالح کریم لەگەڵ دوو ئەفسەری سەر بەڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا ئەنجامی داوە، باس لە بەشداری ئەو دوو ئەفسەرە دەکات لەپەلاماری کۆشکی ڕیحاب و بینایەی ڕایۆدا ، کەیەکێکیان بریندا بووە، ئەوانیش هەریەك لە (نقیب مستەفا عبداللە) و (شێخ نوری شێخ سەعید) بوون، لەم پەلامارەشدا ئەفسەرانی کورد وبەشدارییان هەبووە..

دەشگونجێت بەهۆی هاتنی العبوسی بۆناوچەکە دەگونجێت بواری هەڵاتنیان بەتەواوی نەمابێت، گەربێتوو بیریان لەهەڵاتن کردبێتەوە، بەم جۆرەش مەلیك فەیسەڵ و عەبدولئیلاه و بنەماڵەی پاشایەتی خۆیان دەدەن بەدەستەوە، و لەدەرگای پشتەوەی کۆشك دێنە ناو باخچەی پێشەوەی کۆشکەوە، لەکاتی گەڕانی العبوسیدا بەناو کۆشکدا دێتە دەرەوە، غەدارەیەکی بەدەستەوە دەبێت دەست دەکاتەدەستڕێژکردن بەئاراستەی بنەماڵەی پاشایەتی کەلە باخچەکەدا وەستابوون، لە ئاکامدا مەلیك فەیسەڵ و عەبدولئیلاه و مەلیکە نەفیسەو ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی دەکوژرێن، هەندێك سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە کەمەلیك فەیسەڵ کاتێك تەقەی لێکراوە بەسەختی بریندار دەبێت و ڕەوانەی خەستەخانەی (پاشایەتی) دەکەن ودەخرێتەژێر چاودێرییەوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات..[1] بەم جۆرەش بنەماڵەی پاشایەتی قەتڵ وعام کران بێ‌هیچ جۆرە دادگایی و لێپرسینەوەیەکی یاسایی، بەتەواویش ئاشکرانەبوو کە ئایا العبوسی هەرلەخۆیەوە ئەم کارەی ئەنجام داوە یان فەرمانی پێکرابوو بەتایبەت لەلایەن عارفەوە، چونکە کاتێك لەلیژنەی بالادا گفتو گۆ لەسەر چارەنوسی بنەماڵەی پاشایەتی کرابوو، بەتەنها عەبدولسەلام عارف لەگەڵ ئەوەدابووە کە دەبێت بنەماڵەی پاشایەتی لەناو ببرێن نەبادا وڵاتانی نێو پەیمانی بەغداد یان ئوردون هەوڵی گەڕانەوەیان بدات و شۆڕش شکست بێنێتەوە، بەدەر لەم ڕایەش هەندێکی تر داوایان وابووە کەجگە لەمەلیك فەیسەڵ کەڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت، هەریەك لەنوری سەعید و عەبدولئیلاه لەبەردەم

---

١ الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ص١٨٦,١٨٧,١٨٨.

دادگا بوەستێنرێن و فەرمانی سێدارە بسەپێنرێت بەسەریاندا، لەنێو ئەم بیرڕایانەشدا، عەبدولکەریم قاسم بێدەنگ بووە و لایەنگری هیچ لایەکی نەکردووە،[2]

فوئاد عارف لەیاداشتەکانیدا و لەلاپەڕە (١٧٨,١٧٧)دا لەم بارەیەوە دەنوسێت: لەڕاستیدا زۆر نیگەران بووم لە کوژرانی مەلیك فەیسەڵ و خێزانەکەیان، لەم بارەیەشەوە سەرزەنشتی هەریەك لە(قاسم و عارف)م کرد، چونکە دەمزانی کەکوشتنی مەلیك فەیسەڵ لەبەرنامەی شۆڕشدا نەبوو.. لەبەرامبەردا عەبدولسەلام عارف بەتەعلیقەوە پێی ووتم" ئەوە لەبەر ئەوەی کەماوەیەك یاوەری مەلیك بوویت ، بۆیە هێندە نیگەرانی بۆیان؟" ووتم" بەڵی من یاوەری فەیسەڵ بووم و دانی پیادەنێم و پەشیمان نیم، بەڵام پێویست نەبوو مەلیك بکوژرێت"، قاسم لەم قسەیەدا لایەنگری کردم ، ئەمەش حەقیقەتێکە بۆ مێژوو وپێی ووتم " هەندێك کار لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ ڕوودەدەن و لەدەرەوەی بازنەی نەخشە بۆ کێشراودان.." هەروەها فوئاد عارف مەسەلەی نیگەرانی لەسەر کوشتنی مەلیك فەیسەڵ بۆ دوو خاڵ دەگەڕێنێتەوە یەکەمیان / لەبەر ئەوەی کوڕی غازی بووە کەپاشایەکی نیشتمان پەروەر بووە، دووەمیشیان/ لەبەر ئەوەی کەمەلیك فەیسەڵ تەمەنی منداڵ بووە و کاری وڵاتی بەدەست نەبووە..

هەرلەم بارەیەشەوە تالب حامدی برازای عەبدولکەریم قاسم دەڵێت" قاسم زۆر نیگەرانی کوژرانی مەلیك فەیسەڵی کەم تەمەن بووە.."[3]

---

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو..

[3] کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی(بین الزمنین) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا) ساڵی (٢٠٠١)

سەرجەمی ئەفسەرانی ئازادیخواز ئەوە دوپات دەکەنەوە کە لە کۆبونەوەکانیاندا دەربارەی چارەنوسی بنەماڵەی پاشایەتی هیچ جۆرە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان نەداوە، بێگومان لێرەدا دەبێت ئاماژە بدەین بە خاڵیکی گرنگ ئەویش کاتێك هەریەك لەقاسم و عارف وادەی شۆڕشیان لەنێوان خۆیاندا شاردەوە و بیٚئاگاداری لیژنەی باڵا هەستان بەئەنجام دانی شۆڕش، لەم ڕووەوە بەرپرسیاریێتی یەخەی لیژنەی باڵا ناگریێت سەبارەت بە کارەساتی کۆشکی ڕیحاب ئەوەندەی ڕووبەڕووی قاسم و عارف دەبێتەوە، لەنێوان هەریەك لەقاسم و عارفدا لەڕووی مەیدانییەوە بارەکە زیاتر یەخەی عارف دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی سەرکردەی مەیدانی کارەکە بووە و ئاگاداری سەرجەم جموجوڵەکان بووە و لە عارفەوە بڕیارەکان دەرچوون، بەگەڕانەوەش بۆ بۆچوونی عارف سەبارەت بە چارەنوسی بنەماڵەی پاشایەتی کەلە پێشەوە ئاماژەمان پێدا و(لەیس عەبدولحەسەن زوبێدی) لە کتێبی (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق)دووپاتی دەکاتەوە زیاتر بەرپرسیارییەتیەکە یەخەی عارف دەگرێتەوە، وەك لە قاسم، هەرچەند هەندێکی تر پیٚیان وایە قاسم ئەم بڕیارەی دەرکردبێت، بەو پێودانگەی کەقاسم ڕەخنەی لە جەمال عەبدولناصر گرتبوو سەبارەت بە مامەڵەکردنی لەگەڵ مەلیك فاروقدا و چۆنیەتی بەڕێکردنیان ووتبووی" ویستویانە منیش وەك عەبدولناصر بە مۆسیقای پاشایەتی بەڕێیان بخەم..! "هەروەها لەهەندێك شوێندا قاسم باسی لەوە کردبوو کە پلانی کوشتنی ئەو سیٚکەسەی داڕشتووە.[1]

---

[1] العلوی، حسن، عبدالکریم قاسم رؤیة بعد العشرین، منشورات دار الزوراء ، لندن، ١٩٨٤، ص٢٩,٣٠.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پاش ئەنجام دانی کارەساتەکە هیچ دەسەڵاتێك هەڵنەستا بەئەنجام دانی لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە، هیچ یەکێکیش لەئەفسەرانی بەشداربووی کارەکە بانگ نەکران تا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، جگە لەوە نەبێت کە (العبوسی) ڕاپۆرتێك بەرزدەکاتەوە بۆ قاسم و تێیدا دان بەوەدا دەنێت، کەئەو بەپاڵنەری شەخصی تەقەی لەبنەماڵەی پاشایەتی کردووە.. بەڵام بەپێی هەندێك بیروڕا، پێدەچێت (العبوسی) لەسەر داوای قاسم ئەم ڕاپۆرتەی نوسیبێت، تالەبەرامبەر کارەساتێکی لەو جۆرەدا پایەی کەسایەتی قاسم لەکەدار نەبێت،.[٢]

پاش کۆتایی هاتنی شۆڕش و هاتنەکایەی دەسەڵاتی کۆماریش ، مەرسومێکی کۆماری دەرچوو سەبارەت بە دەست بەسەراگرتنی کەل و پەل و سەروەت و سامانی بنەماڵەی پاشایەتی، ئەم مەرسومە کە ژمارە (٢٣) بوو لە ١٩٥٨/٧/١٩ دەرچوو، بەناوی وەزارەتی دارایی‌یەوە تۆمارکرا ..

لەهەمان ڕۆژدا حاکمی سەربازی گشتی بەیانێکی دەرکرد و تێیدا هاتبوو،کە بڕیار دراوە سەرجەم کۆشکە پاشایەتی‌یەکان و کۆشکی دەسەڵاتدارانی سەردەمی پێشوو، ئەو ماڵ و موڵکەی تێیدایەتی ، بکرێت بە ناوی دەوڵەتەوە و دەست درێژی کردنەسەری ئەو جێگەو کەل و پەلانە وەك دەست درێژی کردن وایە بەسەر دەوڵەت و دەست درێژی کارانیش سزا دەدرێن..

شایانی باسە سەروەت و سامانی بنەماڵەی پاشایەتی لەکۆتایدا بەم جۆرە خەملێنراو دیاری کرا:

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوولاپەرە ١٢٧.

* بنەماڵەی پاشایەتی خاوەنی (١٧٧٥٩٦٩) دۆنم موڵکن، لە (وەزیریەو نوعمانیەو شاوی و خانەقین و پێنجوین و سەرسەنگ و موسەیەب)...

* کۆشــکەکانی بنەماڵــەی پاشــایەتی، کەســێ کۆشــکی ســەرەکی دەگرێتەوەو بریتین:

١-کۆشکی ریحاب کەرۆژی ١٤ی تەمموز سوتاو کەل و پەلەکەی ناویشی تالأن کرا.

٢-(دار الملك علی) لە کەرادەی مەریەم.

٣-کۆشکی (الزهور) کەمەلیك غازی تێیدا دادەنیشت و کەرەستەو کەل و پەلە کانی ناوی هیچی دەست کاری نەکراوە.

* رەصیدی دارایی: (٥٠٠٠٠٠) نیو ملیۆن دۆلار لە ئەمریکا خرابوویەوە بانکەوە بە ناوی مەلیك فەیسەڵی دووەم،

* بڕێکـی بەرچـاو لـە ئـاڵتون و موجەوهـەرات دۆزرانـەوە کـە لـەدەرەوەی وڵات دانرابوو پاشان دەوڵەت مامەڵەی پێوە کردن.[1]

---

[1] تاريخ الوزارات العراقية فی العهد الجمهوری، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩، تأليف مجموعة من الاساتذة سنة٢٠٠٠، ١١٥,١١٦,١١٧.

هەڵاتنی نوری سەعید

نوری سەعیدی (سەرۆك وەزیرانی یەکێتی هاشمی) لەساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتی پاشایەتی‌دا خۆی سەرقاڵ کردبوو بە سیاسەتی دەرەکی بەتایبەت مەسەلەی پەیمانی بەغداد و یەکێتی هاشمی نێوان عێراق و ئوردون و دژایەتی کردنی سیاسەتەکانی عەبدولناصر لەوکاتەدا،لەهەمان کاتدا هیچ جۆرە بایەخێکی نەدەدا بە مەسەلەی ناوخۆیی و تەنانەت زۆر جار گاڵتەشی دەکرد بە ئۆپۆزیسیون و پیٚی وابوو لەچەند سەد قوتابی و پارێزەرێك تیٚناپەڕن ، کەدیارە ئەمەش بە هێزی پۆلیس چارەسەر دەکرێن، هەربۆیەش زۆر دڵنیا بوو لەکاروباری دەوڵەت...[٢]

نوری سەعید ناسراوبوو بەوەی کەپێشەوایەکی سیاسی بەتەمەنە و بەدەستی ئاسنینی حوکمی عێراق دەکات هەربۆیەش ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە بەڕیوەبردنی کاروباری سیاسی عێراقدا و نزیکەی ١٤جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی گرتۆتە دەست، ئەمە جگە لەوەی هەندێك جاریش پۆستی وزاری تری وەرگرتووە، دۆستی نزیکی بەریتانیا بووەو پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتیدا هەبووە، بەدەر لەم حاڵەتەش بەکەسایەتی‌یەکی سیاسی نێودەوڵەتی سەردەمی خۆی هاتۆتە ژماردن، وتوانیویەتی ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت لەو بوارەدا، هەرچەند لە دوایدا هەندێك ناوەند باس لەوە دەکەن بیروڕاکانی بەرەو ئەمریکی بوون کشاوە، ئەمەش لەبەرەنجامی ململانیٚ‌ی‌نێوان ئەمریکاو بەریتانیا و هەوڵدانی‌هێنانەوەی عێراق بۆ چوارچێوەی هەژمونی خۆیان، ئەم بارەش کاتێك بەڕوونی دەرکەوت کە نوری سەعید و عەبدولئیلاە سەردانی ی‌باڵیۆزخانەی

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣

ئەمریکایان کردبوو لە١٩٥٦/١١/٢٢ پاش پەیمانی بەغداد و هەروەها ئاگایی دانی ئەمریکییەکان بەنوری سەعید لەئەگەری ڕودانی کودەتایەك دژ بەدەسەلاتی پاشایەتی لە عێراقدا، هەرچەند نوری زۆر لەوە تورە دەبێت و دەڵێت پەیوەندیمان لەگەڵ سوپادا زۆرباشەو گومانمان لە دڵسۆزییان نیە.[1]

نوری سەعید بەهۆی سوربونی لەسەر شوێن کەوتنی ڕۆژئاوا، کەوتبوویە ژێر ڕەخنەی قورسی سیاسیەکانی وولاتەوە، پێش شۆڕش دەستی دابوویە هەندێك پرۆژەی ئابوری گەورە بەتایبەت لە بورای ئاودێری و دروستکردنی بەنداودا، کەلەبەرەنجامیدا ولات سودو گەشەی باشی کرد، هەرچەند ئەو پرۆژانەبەزۆری پرۆژەی درێژخایەن بوون پاش شۆڕش ئاکامی خۆی دابەدەستەوە، وەك پرۆژەکانی ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوە..

نەیارەکانی نوری سەعید ڕەخنەکانیان لە نوری سەعید لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی چەند خاڵێکی دەگرتەوە لەوانە (هاوکاری پتەوی عێراق و بەریتانیا، و بەتین کردنی پەیوەندی بنەماڵەی پاشایەتی هاشمی لەسەر ئاستی دەرەوە وەك یەکێتی هاشمی نێوان عێراق و ئوردون)، ئەم جۆرە کارانەی نوری سەعید لەڕەهەندێکی سیاسیدا کۆدەبوونەوە کە توانی گەرەنتی چەند دەستکەوتێکی پێبکات، لەلایەك ئارامی ناوخۆیی و بەرەو پێش بردنی گەشەی ولات، ولەلایەکی دیکەشەوە دەست خستنی بەرژەوەندی بەرجەستە بۆ عێراق بەتایبەت لەڕووی سەربەخۆیی سیاسیەوە..

---

[1] نجم، محمود، المقايضة، بين برلين وبغداد ، الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ١٩٩٢، ص٤٠،٤٦.

بەرەبەیانی ١٤ی تەموز عقید عەبدولسەلام عارف ئەفسەرێکی بەناوی (بهجت سعید) تەکلیف کرد تا هەستێ بە دەستگیر کردنی نوری سەعید، یان کوشتنی گەر ویستی هەڵبێت، شایانی باسە کۆشکەکەی نوری سەعید کەوتبووە گەڕەکی (کەرخ) لەباشوری بەغداد لەسەر کەناری ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلە، شەوی ١٣ی تەموز نوری زوو چوە سەر جێگەی نوستن بەو هیوایەی کەڕۆژی ١٤ی مانگ لەگەڵ (مەلیک فەیسەڵ و عەبدولئیلاه)داسەفەری ئەستەنبوڵ بکەن بۆ بەشداری کۆبونەوەی سەرەتایی پەیمانی بەغداد...

عەبدولسەلام عارف داواشی لە(وصفی تاهر) کردبووکەلەگەڵ بهجت سعید دا بێت، لەبەر ئەوەی (وصفی) ماوەیەک مورافیقی نوری بووە و بەتەواوی شارەزای ماڵی نوری سەعیدبووە و یەکێکیش بووە لەئەفسەرانی ئازادیخواز، ئەم دوکەسە لەگەڵ هێزەکەیان سەعات (٥) سەرلەبەیانی گەیشتبوونە کۆشکەکەی نوری سەعید و دەوریان گرتبوو، بەڵام پێدەچێت یەکێك لە خزمەت گوزارەکانی نوری سەعید، ناوبراوی ئاگادار کردبێتەوە کاتێك گوێی لە دەنگی تەقە بووە،[٢] هەربۆیەش نوری بە خێرایی ماڵەکەی بە جێ دێڵێت، لەدەرگای پشتەوەی کۆشکەکەیەوە دەچێتە دەرەوە کەسەربازەکان ئەو دەروازەیان نەگرتبوو، ئەو دەرگایەش دەچووە سەر ڕوباری دیجلە، پێدەچێت کاتێك وصفی تاهر چوەتە ماڵی نوری سەعید یەکەم کەس بووە زانیویەتی نوری هەڵاتووە، هەربۆیەش بە خێرایی

---

[٢] ناجی شوکت لەیاداشتەکانیدا(١٨٩٤-١٩٧٤) دەوسێ: سریییەیك سەرباز دەوری ماڵی نوری سەعیدیان دابوو، بەڵام دستیان نەکەوتبوو، هەڵاتبوو بۆ جێگەیەکی نادیار، پاش ئەوەی لەلایەن ئەو نانەوایەی کەنانی بۆ دەکردن هەموو بەیانییەك، هەواڵی ئەوەی زانیبوو کە ژمارەیەك سەرباز بەرێوەن بەرەو ماڵەکەی.. سەرچاوە ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، لیث عبدالحسن الزبیدی، ص ١٩٠..

فەرمانی بەسەربازەکانی دابێت تا بەتەواوی‌دەوری ماڵەکەی نوری بگرن، بەڵام دیارە نوری نەکەوتبووە بەردەستیان.[1]

ئەوەی کەنوری سەعیدی دەربازکردبوو کەسێك بوو بەناوی (حسون عیسی الحمدانی) کەبەلەمی پێ بووەو خەریکی ڕاوی ماسی بووە، لەوکاتەدا کە گوێی لەدەنگی تەقە دەبێت تۆڕەکەی دەپێچێتەوە و بەرە قەراغی ڕوبارەکە دێت، سەیردەکات کەنوری سەعید بە بیجامەکەیەوە کە هێڵی شینی تیابووە ڕاوەستاوە، بەحسون دەڵێت تابەلەمەکەی بۆ بهێنێتە قەراغ ڕوبارەکەو ئەویش بە خێرایی داواکەی بۆ جێ‌بەجێ دەکات، و نوری سەعید سەردەکەوێت بێ‌ئەوی سەلام بکات، چونکە دیاربووە کەزۆر شپرز بووە، هەربۆیەش حسون ناچار دەبێت پرسیاری لێ‌بکات:

خێرە پاشا هیچ ڕووی نەداوە؟

ئەویش کەزۆر داکۆکی لەوەکردبووەوە تالەناوەڕاستی بەلەمەکەدا دانیشێت لەوەڵامدا ووتبووی هیچ نیە!! شتێك بدە بەسەرمدا بم پەڕێنەرەوە ئەو بەر ڕووبارەکە..

جارێکی تر حسون خۆی پێ‌ڕاناگیرێت و دەڵێت: خێرە پاشام ئێمە ئامادەین هاوکاریت بکەین!

ناچار نوری سەعید دەڵێت: هەندێك ئەفسەری قەشمەر کەجەمال عەبدولناصر هەڵی خەڵەتاندوون چەکیان هەڵگرتووە لە دژمان، پاشان وتبووی : یەڵلا ئاسانە بڕۆ!!

کاتێك کەبەلەمەکە لەقەراغی ئەوبەر ڕوبارەکە نزیك دەبێتەوە، سەیریان کردبوو خەڵکێکی زۆر کۆبونەتەوە، ناچار دەچنەوە بۆ ناوەڕاستی

---

[1] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٧٥,٧٦,٧٧.

ڕوبارەکەو بەرەو (باب الشرقي) بەڕێ دەکەون، بەڵام ئەویش گونجاو نابێت، لەوکاتەدا حسون ڕوودەکاتە نوری سەعید پیێ دەڵێت: بۆلەگەڵمان نابیت ؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت : دەمەوێت بمگەیەنیتە هەرماڵێك کە قادرمەیەکیان هەبێت ودابەزێتە سەرئاوی ڕووبارەکە بۆئەوەی ڕاستەخۆ بچمە ژوورەوە تابەوشکانیدا نەڕۆم.. پاش مشتومڕێکی زۆر لەنێوانیاندا، چەند ڕێگەچارەیەك دەخاتە بەردەست نوری سەعید، بەڵام ڕازی نابێت، نوری سەعید دەیویست بگاتە باڵێۆزخانەی بەریتانیا یان ئەمریکا، تاکاردانەوە لەبەرامبەر شۆڕش بگرێتەبەر..

جارێکی تر حسون پیێ دەڵێت:پاشام وەرە ماڵی ئێمە، ئێمە دەت شارینەوە و جلەکانت بگۆڕە کەس نات ناسێتەوە! ئەم قسەیە بەتەواوی نوری سەعید توڕە دەکات و دەڵێت: کوڕە بابە خۆمن شکستم نەخواردووە، بەڵام بم گەیەنەرە ماڵێك تائەم قەشمەرانە تەمبێ بکەم، نامەوێت نیگەران بن، پاداشتی ماندوو بونتان دەدەمەوە.[2]

نوری بەرەو لای باکوری بەغداد دەکشێ بەلای کەناری ڕۆژئاوایدا،[3] ودادەبەزێت و بەحسون دەڵێت نانتان بۆ دەکڕم و ئیتر دەڕوات وناگەڕێتەوە[4] پاش ئەوەی لە حسون جیادەبێتەوە دەچێتە ماڵی دکتۆر صالح مهدی البصام لەکەڕادەی مەریەم، کەزۆر دورنەبووە لەماڵەکەی خۆیەوە و لەوێشەوە بەسەیارەکەی (مورتەزا بەسام) برای صالح البصام پاش ئەوەی دەیخەنە سندوقیی سەیارەکەوە بەرەو صالحیە دەڕوات و پاشان بۆ کازمییە

---

[2] العلوي، حسن، عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين، منشورات دار الزوراء ، لندن، ١٩٨٤، ص٢٠,٢١,٢٢.

[3] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير - قم ١٩٩٧ ، ص٧٧.

[4] العلوي، حسن، عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين، منشورات دار الزوراء ، لندن، ١٩٨٤، ص٢٢.

و بۆماڵی (الحاج محمود الاسترابادی)[1] کەیەکێك بووە لە هاوڕێکانی، شەوێك لەوێ دەمێنێتەوە ، نوری هەموو ئەم هاتو چۆیەی لە کاتێکدا ئەنجام دەدا، کە لە ڕادیۆوە پەیتا پەیتا سەرکردایەتی شۆڕش بەیانی بڵاو دەکردەوە و خەڵاتی ١٠هەزار دیناری دەدایە هەرکەسێك کەنوری سەعید بەزیندوویی یان مردوویی چنگ بخات[2].. لەوکاتەدا کە ئەم جۆرە داوایە بڵاودەکرایەوە لەڕادیۆوە، حسون زۆر بێدەنگ لەناو ماڵ ومناڵەکەیدا دانیشتبوو، مناڵەکانی دەوریان دابوو، وباسیان لە چارەنوسی شۆڕش دەکردەوە، بەڵام حسون ژوورەکە بەجێ دێڵێت و دەچێتە سەربان، لەو شەوەدا لەماڵی حسون زۆر کەم خەوتن هەموولا بیریان لەچارەنوسی شۆڕش دەکردەوە، بێئاگا لەوەی کە حسون یارمەتی نوری سەعیدی داوە کەهەڵاتووە، ئەم زانیاریانەش پاش یەك سەعات لەکوژرانی نوری سەعید حسون خۆی گێڕایەوە بۆ ماڵ ومناڵەکەی، نیگەران بوو لەوەی کەنوری بەگوێی نەکردو نەهات لەگەڵیا بۆماڵەوەیان.[3]ئەم هەڵمەتە ئیعلامییە گەورەی قاسم و عارف نیشانەی

---

[1] سەبارەت بە چارەنوسی بنەماڵەی(ئیسترابادی) ئەنجومەنی عورفی سەربازی لە کۆبونەوەی رۆژی ١٤/٨/١٩٥٨ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

-حوکم درا بەسەر هەریەك لە محمود ئیسترابادی و فاتمە و حەیدەرو عەبدولئەمیر ئسترابادی بەزیندانی کردنی سەخت بۆماوەی سێساڵ.

-حوکم درا بەسەر موزەفەر ئیسترابادی و زوهرە حەیدەر بەزیندانی کردن بۆماوەی پێنج ساڵ .

-حوکم درا بەسەر کازم زوغیر بەزیندانی کردن بۆ ماوەی یەك ساڵ.

بڕیاردان بە دورخستنەوەی زوهرە حیدرو فاتمە حیدر بۆ دەرەوەی عێراق پاش کۆتایی هاتنی ماوەی حوکم دانەکەیان...سەرچاوە: تاریخ الوزارات العراقیة فی العهد الجمهوری، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩ ، تألیف مجموعة من الاساتذة سنة٢٠٠٠ص١٥٧.

[2] الزبیدي، لیث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانیة ، بغداد ١٩٨١ص١٩١.

[3] گێڕانەوەی حەسەن ئەلعەلەوی لەکتێبی (عبدالکریم قاسم رؤیة بعد العشرین) لاپەڕە (٢٠) کەحسون خزمی نزیکی عەلەوی بووە، عەلەوی خۆی لەواقعەکەی ماڵی حسوندا ژیاوە..

نیگەرانی بوو لە هەڵاتنی نوری سەعید، ئەمەش لەبەر مەترسی ئەوەی نەبادا نوری بەخۆشاردنەوەی هەوڵی دژە کارێك بدات، یان پەنا بۆ ئوردون بەرێت و لەڕێگەی ئوردونەوە شۆڕش سەرکوت بکات.[4] نوری لەماڵی ئیسترابادی دەمێنێتەوە تائەوەی کە پشکنین دەست پێدەکات و ماڵ بەماڵ دەگەڕێن تادەگاتە نزیك ماڵی ئیسترابادی، هەربۆیەش نوری عەبایەکی ژنانە دەدات بەسەریدا ماڵی ئیسترابادی بەجێ دەهێڵێت، و ژنەکەی حاج محمود ئیسترابادی وخزمەتگوزارەکەیاز لەگەڵدەبێت و سواری سەیارەکەی ئیسترابادی دەبن، کەموزەفەری کوڕی ئیسترابادی لێی دەخوڕێت، بەرەو ماڵی (محمد العریبی) دەچێت کەیەکێك بووە لە شێخەکانی تیرەی (البو محمد) لەوکاتەشدا کەچاوەڕێی ڕەلامی ماڵی العریبی دەبێت، گەنجێك لەماڵەکە دێتە دەرەوە و هەواڵی نوری سەعید بەخێرایی دەگەیەنێتە سەرانی شۆڕشەکە، هەربۆیەش پێدەچێت نوری شوێنەکەی بەجێ هێشتبێت و بەپێ لەگەڵ ژنەکەی ئیسترابادیدا ئەو ناوەیان چۆڵ کردبێت، دیارە لەو کاتەدا نوری سەعید عەبای ژنانەی بەسەرەوە بووە، کاتێکیش خەڵکی سەرنجی دوو ئافرەتیان دابوو پێکەوە ڕۆشتوون بەسەر شۆستەکەدا، لەژێر عەباکەوە بیجامەکەی نوری دیار بووە، بۆیان دەردەکەوێت ئەوە نوری سەعیدە و لەوێدا دەبێتە دەنگە دەنگ کەئەوە نوری سەعیدە، کاتێکیش نوری زانیبووی کەهیچ دەرفەتێکی لەبەردەممدا نەماوەتەوە و ئاشکرابووە، دەمانچەکەی دەردێنێ و خۆی دەکوژێت، هەر بەخێرایی خەڵکی بەرەو شوێنەکە دەچن ولەوێشدا ئەفسەرێك ئامادە دەبێت تەقە دەکات لە خێزانی ئیسترابادی و دەیکوژێت، هەرچەند هەندێك پێیان وایە کەنوری سەعید

---

[4] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٧٨.

کوژراوە نەك خۆی کوشتبێت ١ بەڵام زۆربەی ڕاکان پێیان وایە کەنوری خۆی کوشتوە نەك کوژرابێت بە و بەڵگەیەی کەپاش کوژرانی نوری سەعید کەس بانگەشەی کوشتنی نوری سەعیدی نەکرد تا ئەو خەڵاتە گەورەیەش وەربگرێت کەلەلایەن شۆڕشە وە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرابوو، بەدەر لەوەی لەو کاتەدا ئەمە بەکارێکی شۆڕشگێڕانە وەسف دەکرا.٢

پێش ئەوەی هەواڵی کوشتنی نوری بگاتە عەبدولکەریم قاسم، قاسم وەصفی تاهری ناردبوو تانوری سەعید دەستگیر بکات، بەڵام وەصفی کاتێك دەگات سەیردەکات نوریکوژراوە، ئەویش تەرمەکەی دەیگەیەنێتە وەزارەتی بەرگری بەم جۆرەش یەکێکیترلەکۆڵەکەکانی دەسەڵاتی عێراقی تیاچوو ومەترسی ئەفسەرانی شۆڕش ڕەوییەوە لەسەر مەترسی کاردانەوەی خراپ لەبەرامبەر شۆڕشدا، نوری لەگەڵ مەلیك فەیبسەڵ و عەبدولئیلاه، لە دووڕۆژدا کوژران و عێراقیش پێی نایە قۆناغێکی نوێوە کەئەویش عێراقی کۆماری بوو، کەقۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی عێراق بوو بەسەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی لەهەناویدا هەڵی گرتبوو..

---

[1] لیث عبدالحس الزبیدی لە کتێبی ثورة ١٤تموز فی العراق، ل(١٩٢) دا دەڵێت: نوری کوژراوە نەك خۆی کوشتبێت، چوونکە ژنەکەی ئیستراباديشی لەگەڵا کوژراوە..

[2] خدوری، مجید العرب المعاصرون، ادوار القادە فی السیاسە، دار المتحدە للنشر،١٩٧٣، ص٨٤، هەروەها ئەڵقەی دووەم لەبەرنامەی (بین الزمنین) لەکەناڵی ئەبو زەبی ئاسمانی، سەبارەت بە عەبدولکەریم قاسم..

بەیاننامەی شۆڕش بەبۆنەی کوژرانی (نوری سەعید)ەوە

" گەلی عێراقی خۆشەویست"

سەرکردایەتی شۆڕش دڵنیا بوو لەوە کە تاوانبارو خائنی یەکەم نوری سەعید خۆی شاردبویەوە لە خانویەکی نزیك (باب الشرقی) و پاش ئەوەی خانوەکەگەمارۆ درا و فەرمان دەرچوو بە پشکنینیو هێزەکانمان بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ئەرکەکەیان چوونە ناو خانوەکەوە ، لەو کاتەدا ئافرەتێکی عەبا بەسەر هەڵدێت و دەست دەکا بەتەقەکردن، پاشان کاتێك گەل دەزانێت بەم تاوانبارە و دەتوانن دەست بگرن بەسەریدا، ئەوکات دەزانن کەئەو کەسەی جلو بەرگی ئافرەتی لەبەردابووە تاوانباری یەکەم و خائن ناسراو بەدوژمنی پلە (١)ی گەل نوری سەعید بووە..

ئێمەش مژدەتان پێ رادەگەیەنین و توانراوە تەرمەکەی بگوازرێتەوە بۆ دادوەری پزیشکی، بەم بۆنەیەشەوە هیوام وایە لەهەموو لایەك هێمنی و یاسا بپارێزن و بڕیاری قەدەغەکردنی هات و چۆ پەیڕەو بکەن..

زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم

سەرکردەی هێزە چەکدارەکان

١٩٥٨/٧/١٥[٢]

---

[٢] تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهورى، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩، تأليف مجموعة من الاساتذة سنة٢٠٠٠ص٥٦.

کاردانەوە
نێودەوڵەتی‌یەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز

شۆڕشی ١٤ی تەموز، لەوڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک عێراق و جێگە هەژموونی بەریتانی، هەروا ڕوداوێکی سادەنەبوو کەبەسەر جیهاندا تێپەڕ ببێ و هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نەبێت، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕەمزەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی هیچیان نەمانەوە تا هەندێک وڵاتی زلهێزی وەک بەریتانیا پشتیان پێ ببەستنەوە لەپێناو گەڕانەوەی دەسەڵاتی لە عێراقدا، لەهەمان کاتیشدا لەگەرمەی جەنگی ساردی نێوانی ئەمریکا و سۆڤییەت ئەم مەسەلەیە جێگەی مشتو مڕ و خوێندنەوەی بەرژەوەندییەکان بوو، هەربۆیەش دەبینین وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت بەعێراق هەریەک بەجۆرێک گوزارشتیان لەسیاسەتی خۆیان کرد، ئیتر ئایا ئەو هەڵوێستانە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی تازەی عێراق بوبێت یان پێچەوانەی، لێرەدا ئاماژە دەدەینە هەڵوێستی هەندێک وڵات کە گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندی پێیانەوە هەبووە..

هەڵوێستی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو

لەگەڵ بیستنی هەواڵی ڕوودانی شۆڕش، جەمال عەبدولناصر زۆرخۆشحاڵ بووپێی و هیوای وابوو کەبتوانێت بیلکێنێت بەکۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو هەژمونەی نوری سەعیدی لەبەردەمدا نەما کەبووبووە بەربەست لەبەردەم بڕەودان بە فیکرەی یەکگرتنی وڵاتانی عەرەبی کەسەرەتاکەی لە میسرو سوریاوە دەستی پێکردبوو... لەکاتی ڕودانی شۆڕشدا عەبدولناصر لە یوگسلاڤیابوو، لەگەڵ

(تیتۆ)ی سەرۆکی ئەو وڵاتە لەدورگەی (بریۆنی) کۆبونەوەی هەبوو، هەواڵی شۆڕشی لەڕادیۆوە بیست و پاشان بەبروسکەی ڕەسمی لەبەغداد[1] و قاهیرەوە هەواڵەکەی پێگەیشت. کەتێیدا باس لەهەواڵی شۆڕش و سەرکەوتنی دەکات، داواشی لێکرابوو کەدان بنێت بەحکومەتی تازەدا، بەڵام عەبدولناصر دەیویست زیاتر لە دان پیانان بۆ حکومەتی تازە ئەنجام بدات، هەرهێندەی لە ۱۹٥۸/۷/۱٥ هێزی ئەمریکی لەکەنارەکانی بەیروت دابەزی، بۆپارێزگاری کردن لە حکومەتەکەی (کمیل شمعون) عەبدولناصر لایەنگری خۆی بۆعێراق دەربڕی، هەربەخێرای سەردانی مۆسکۆی کردلە۱۹٥۸/۷/۱٦ ، لەکاتێکدا لەڕێگەی گەڕانەوەیدا بوو بۆقاهیرە، گفتوگۆی لەگەڵ خرۆشۆڤ کرد سەبارەت بەهەل و مەرجەکەو هاتنە ناوەوەی ئەمریکا و ئەگەری پەلاماری عێراق لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکاوە لەو کاتەدا، پاش ئەوە لە ۱۹٥۸/۷/۱۸ گەڕایەوە دیمەشق و لەوتارێکیدا ڕایگەیاند هەرهێرشێك بکرێتە سەر عێراق وەك ئەوە وایە هێرش بکرێتە سەر کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لە۱۹٥۸/۷/۱۹ یش پێشوازی لەوەفدی تازەی عێراقی کرد بەسەرپەرشتی عەبدولسەلام عارف..[2]

هەڵوێستی ئوردون

ئوردون هەڵوێستی توندو نەیاری بەرامبەر بەشۆڕشی ۱٤ی تەموز هەبوو، بەو پێودانگەی کەهەردوو بنەماڵەی پاشایەتی عێراق و ئوردونی ئامۆزای یەکتر بوون و هەروەها ئەو پەیوەندییە سیاسییەش کەهەردولای پێکەوە

[1] ئەنجومەنی سیادەی عێراقی پاش (۳) سەعات لەسەرکەوتنی شۆڕش، بروسکەیەك ئاراستەی عەبدولناصر دەکات و تێیدا داوای دان پیانان دەکات بەحکومەتی تازەی شۆڕشدا و عەبدولناصریش پاش (۳) سەعات داواکەیان جێبەجێدەکات و دان دەنێت بەحکومەتی تازەدا..(سەرچاوە: ثورة ١٤تموز١٩٥٨ في العراق ، ليث عبدالحسن الزبيدي، ط٢، بغداد، ١٩٨١،ص٢٠٧)

[2] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٨٣,٨٢.

گرێدابوو، تاگەیشتبوویە ئاستی دروست بوونی یەکێتی نێوانیان، بەدەر لەم دوو هۆکارە، حکومەتی ئوردون لەوەش دەترسا کەئەم بزاوتە ئوردونیش بگرێتەوە وببێتە هۆی هەرەسی دەسەلاتی پاشایەتیش لەو ولاتەدا، بۆپارێزگاری کردنی ئەم دەسەلاتەوە و ڕوونەدانی گۆڕانکاری سیاسی لەچەشنی ئەوەی لەعێراق ڕوویدا، حکومەتی بەریتانیا هێزی دابەزاندە ئوردونەوە..[1]

هەڵوێستی تورکیا

له۱۹۵۸/۷/۱۸ پاش شکستی پیلانی دەستێوەردانی بەریتانیا لەعێراق و لەڕێگەی ئوردونەوە، حکومەتی ئەمریکا، بەریتانیای لەوە ئاگادار کردەوە کەتورکیا بڕیاری داوە پەلاماری عێراق بدات و داگیری بکات، بۆئەم مەبەستەش داوای هاوکاری ئەمریکای کردووە، بەتایبەت لەڕووی ئاسمانییەوە، لەبەرامبەردا وەلامی حکومەتی بەریتانی زۆر خێراو یەکلاکەرەوەبوو، کەدژی هەرجۆرە کارێکی لەم چەشنەبوو.. دیارە ئەمریکا پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز پیلانێکی وەهای هێنابوویە ئاراوە لەم جۆرە، تاکاری لەسەر بکات و تورکیا لەلایەن خۆیەوە هەستێت بەم کارە و ئیسرائیلیش بەرامبەر بەکۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەم جۆرە ئەمریکا دەیویست سەرلەنوێ نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بگۆڕێ، بەلام نەیاری بەریتانیا و دروست بوونی ململانێ لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت، وازی لەم فیکرە هێنا..[2] هەرپاش شۆڕش حکومەتی تورکیا لەبەیانێکدا ڕایگەیاندبوو" سەرکێشکارە سیاسییەکانی عێراق، لەپشت هەستان بە

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٤.

[2] نجم، محمود، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٥٢،٥٣.

کودەتاکەیانـەوە، هـەوڵی دەسـەڵات گرتنیـان بـوو بەسـەرپەیمانی بەغـدادا، کەسەرچـاوەی ئاشتی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتە، هـەروەها هەڵبـژاردنی ڕۆژی کۆبونەوەکە(١٩٥٨/٧/١٤) بۆ ئەنجام دانی کودەتاکەیان باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستیەیە [٣] جگـە لەمانـەش بـە پـیَی پـەیامی(قونسـوڵییەی بـەریتانیا لـە ئەسـتەمبوڵ ١٩٥٨/٧/١٨) ئامـاژە بـەوە دەکـات تورکیـا لـە هـەموو ئـەو دەوڵەتانـەی هەڵوێستیان نوانـدووە بەرامبـەر بـاری سیاسـی تـازەی عێـراق، توندتر بـووە و هـەوڵی داوە کارێـك بکات ، هـەربۆیش سـەرنجی هەڵوێستی کـوردی داوە لەکوردستانی عێـراق تـابزانیٚ خۆیـان سـازنەداوە !! تائـەویش لەلایەن خۆیەوە تەقەلای کوردەکان پوچەڵ بکاتەوە و باکوری عێـراق داگیر بکات [٤] لەڕاستیدا ئەمە ترسێکە لە ناخی تورکیادا بەردەوام زیندووە، لەگەڵ نزیــك بوونـەوەی هــەرجۆرە گۆڕنکارییــەك لەعیراقــدا، تورکیــا دەکەوێتــە خۆسـازدان بـۆ ئـەوەی نـەبادا کوردەکـانی عێـراق سـود لـەم جـۆرە هەلانـە وەربگرن وبە گوتەی خۆیان لە عێراق جیاببنەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا ئـەو خەونەشیان ناشـارنەوە و لـەم جـۆرە کاتانـەدا باسـی دەکـەن، کـە ویلایـەتی موصل سەر بەتورکیا بووە و بەزۆر لیٚی دابڕاوە.. [٥]

هەڵوێستی ئەمریکا

ئایزەنهاوەری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاش بیستنی هــەواڵی شــۆڕش، ڕایگەیانــدبوو: ئەمــە ئــەو وڵاتــەبوو کەئێمــە متمانــەمان

---

[٣] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص٢١٢,٢١١.

[٤] بارزانی ، مسعود ، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، ل٧٢ ، چاپی یەکـەم بـەکوردی، ١٩٩٨ ، چاپخانەی خەبات، دهۆك..

[٥] دەکرێت لە گەڵ هەر جۆرە هەولێکی کوردەکانی عێراقدا ، ئەمانیش خەونەکەیان زیندوو بکەنەوە و وەك دوورگەی قوبروصی لیٚ بکەن..

کردبووه سەری تاوەك پێگەیەك بەکاری بهێنین بۆگەشەکردنمان لەناوچەکەدا[1] هەروەها ئایزەنهاوەر ئەم شۆڕشەی بەشۆڕشێکی چینی وەسف کرد و وتی گەربێتوو گۆڕانکارییەکان بەم جۆرە ڕووبدەن وهەڵوێستی جدی لەبەرامبەردا وەرنەگیرێت، ئەوا دەبێتە مایەی سڕینەوەی هەژمونی ڕۆژئاوا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەهەمان کاتدا ئەم شۆڕشەی بەراورد کرد بەکودەتای کۆمۆنیستی لە چیکۆسلۆڤاکیا و سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لەچین ساڵی ١٩٤٩ و هەوڵی کۆمۆنیستی بۆدەستگرتن بەسەر کۆریا و هیندی چینیدا لەساڵی ١٩٥٠.[2]

هەڵوێستی بەریتانیا

هەرلەیەکەم ڕۆژی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە، بەریتانیا هەوڵی هاتنە ناوەوەی سەربازی دەدا بۆ لێدانی شۆڕش، ئەم دەستێوەردانەشی بەستبوویەوە بە متمانە کردنە سەر هێزی ئەمریکی، بەڵام ئەمریکا ڕەتی بەشداری کردنی کردەوە لەم هەوڵەدا، هەرچەند بەریتانیا هێزی سەربازی خۆی دابەزاندە ئوردون بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە شاحسێن.[3]

لێرەدا دەکرێت سەرنجی هەڵوێستی ئەمریکا بدەین سەبارەت بەدەست وەردان لەعێراق، لەلایەك نەرمی دەنوێنێت سەبارەت بەپرۆژەی تورکیا بۆ هاتنە ناوەوەی عێراق، کەدیارە تورکیا هەروا بەئاسانی نەیدەتوانی بێپرسی ئەمریکا ئەم کارە بکات و پاشان ئەمریکاش بەئاسانی دەیتوانی تورکیا لەعێراق بهێنێتە دەرەوە و خۆی دەست بگرێت بەسەر عێراقدا،

---

[1] کەناڵی ئاسمانی ئەبوزەبی بەرنامەی(بین الزمنین) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا) بۆ زانینی درێژەی هەڵوێستی ئەمریکا پاش شۆڕش خوێنەر دەتوانێت سەیری باسی (جوڵانەوەکەی شەواف) بکات.

[2] نجم، محمود ، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٢٨.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٨.

هەرچەند دەکرێت لەو کاتەدا تورکیا هەوڵی گەڕانەوەی ویلایەتی موصلی دابێت بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەرامبەر بەرژەوەندییەك کەتورکیا بۆئەمریکای دابین بکات، بۆیە ئەمریکا نەرمی دەنوێنێت دەربارەی پرۆژەی تورکیا.. بەڵام سەبارەت بەپرۆژەکەی بەریتانیا ئەمریکا ئامادەنییە هاوکاری بکات، کەئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەریتانیا جارێکی تر هەژمونی خۆی بەسەر عێراقدا تۆخ دەکاتەوە لەکاتێکا کەهەژمونی بەریتانیا بەسەر عێراقداو لەبەرامبەر هەژمونی ئەمریکادا لەپێش شۆڕشی ١٤ی تەموز لەپاشەکشەدا بووە، بەم جۆرەش دەبینین ناکۆکی دروست دەبێت لەنێوان بەریتانیاو ئەمریکادا تادەگاتە ئەوەی بەریتانیا بەلای سۆڤییەتدا بیشکێنێتەوە، و ئەمریکاش دەست بداتە سازدانی جوڵانەوەی شەواف ودەستوەردان لەکاروباری عێراق...

هەڵوێستی یەکێتی سۆڤییەت

پاش ٢٤ سەعات لەسەرکەوتنی شۆڕش لەعێراق، یەکێتی سۆڤییەت دانی نا بەڕژێمی تازە دروست بووی عێراقدا، لەهەمان کاتیشدا خەڵکی خۆپیشاندانی گەورە ڕژانە سەرشەقامەکان وەك پشتگیری بۆ گەلی عێراق دژ بەهەوڵەکانی دەستێوەردانی ئەمریکی لەکاروباری ناوخۆیی لوبنان و عێراقدا، لەم بارەیەشەوە دوو بەیاننامە دەرکرا لە ١٦و١٩٥٨/٧/١٧ داو ڕەخنەی لەئەمریکاو بەریتانیا گرتبوو سەبارەت بەبانگەشەی ئەوەی کەوڵاتانی لوبنان و ئوردون داوای دابەزاندنی هێزیان کردووە لە وڵاتەکانیاندا، لەم بارەشەوە حکومەتی سۆڤییەت لەدوو توێی نامەیەکدا بۆسەرانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو هند، ئاگایی خۆی دابوو لەم

بارەیەوە و ڕایگەیاندبوو دەستوەردان لەکارو باری ناوچەکە، لەکۆتایدا ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی لێ دەکەوێتەوە.[1]

هەڵوێستی چین

ڕۆژی ١٦ی تەموزی ١٩٥٨کۆماری چین دانی نا بە کۆماری تازە دروست بووی عێراقدا و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بەڕزگاربوونی عێراق لەپاشکۆیەتی ئیمپریالیزم، لەڕۆژی ١٧ی تەموزیشدا ڕۆژنامەکانی چین ڕایانگەیاند کەهەزاران چینی خۆیان خۆبەخش کردووە تا بەرگری لەکۆماری تازە دروست بووی عێراق بکەن، دژ بەهەرجۆرە دەستێوەردانێکی ئەنگلۆ-ئەمریکی[2].

هەڵوێستی ئێران

لەئێران ژمارەیەك لە بەکرێگیراوە ئەوروپییەکان هەوڵیاندا دزە بکەنە ناو عێراق و دەست بدەنە کاری تیرۆرکردن.. هەروەها شای ئێرانیش ماتەمی وڵاتەکەی ڕاگەیاند بۆماوەی (٨) ڕۆژ بۆگیانی ئەوانەی کەلە ١٤ی تەموزدا کوژران..[3]

هەڵوێستی ئیسرائیل

بن گۆریۆنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەبەردەم لیژنەی ئاسایشی دەرەکی لەکنێستی ئیسرائیل رایگەیاند: بەڕاستی ئاسایشی ناوچەکە بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری مەترسیدارەوە بەهۆی شۆڕشی عێراقیەوە، لەبەر ئەوە داواکاریمان تازە دەکەینەوە تاچەکی قورسی ڕۆژئاوامان پێبگات، هەروەها داواکەمان دووپات دەکەینەوە بۆ هەرسێ

[1] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص٢١٠.
[2] نجم، محمود ، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص١١٢,١١٣.
[3] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص٢١٢

دەوڵەتی ڕۆژئاوایی کەئەو زەماناتانەمان بۆ نویٚ بکەنەوە کە ساڵی ١٩٥٥ سەبارەت بە پاریٚزگاری مانەوەمان لەسنورەکانی ئیٚستامان داکۆکی دەکاتەوە.. ولّد گۆلمانی باڵیٚۆزی ئەمریکا لەعیٚراق دەڵیٚت: مردنی نوری سەعید زیانیٚکی گەورەبوو بۆ ئیسرائیل..[٤]

بەم جۆرەش بەدەر لەهەڵویٚستی توندی هەندیٚك وولآت لەسەر شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەعیٚراقدا، پاش مانگیٚك زیاتر لە(٥٠) دەوڵەتی جیهانی دانییان نا بە حکومەتی تازەی عیٚراق لەڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوادا، ماوەیەکی زۆریش تیٚ نەپەڕی تا ئەوەی دەسەلآتی تازە لە عیٚراقدا بەرەو سەقامگیر بوون ڕۆشت..[٥]

---

[٤] هەمان سەرچاوەی پیٚشوو لاپەڕە٢١٣.

[٥] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص٨٤.

ڕاکێشانی تەرمەکان

یـــەکێک لـــەو دیاردانـــەی کەلەگـــەڵ شۆڕشـــی ١٤ی تـــەموزی ١٩٥٨ هاتەکایەوە بریتی بوو لەڕاکێشانی تەرمی ئەوانەی کوژرابوون بەسەرزەویدا و سـوکایەتی کـردن پێـیـان، بێگومـان ئـەم دیاردەیـە بـەجۆرێك بـوو کـە کوژراوەکەلەهەموو بەهایەکی مرۆیی دەشۆرایەوە، هەرچەند ڕەگ و ریشـەی ئـەم دیاردەیـە دەگەڕێتـەوە بۆسـەدەی نۆزدەهـەم و ئـەنجام دانـی کـاری لـەم جۆرە لەدژی والی‌یەکانی دەسەڵاتی عوسمانی کەبەسەر بەغدادەوە دانرابوون وەك (عەلی پاشا)[1] تەنانەت پێش ئەوەش لە مێژووی عێراقدا و لـە سـەردەمی ئەمـەوی وعەباسـیەکاندا شـتی لـەم جـۆرە ڕویـداوە وەك شـەهیدکردنی حـەزرەتی (حسـینی کـوڕی عـەلی کـوڕی ئـەبوتالیب). بـەڵام دەکرێـت ئـەم دیاردەیە لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی١٤ی تەموزدا زیاتر بەرفراوان بووبێت ، تائـەودی کەبوبێتـە یـەکێك لەدەرهاویشـ تەکانی شۆڕشـەکەو پاشـان ئیجراکردنی لەلایەن شیوعیی‌یەکانەوە بەجۆرێك کەوەك دەگێڕنەوە کەم ڕۆژ هـەبووبێ کەسێ ڕانەکیشـرابێ تەنانـەت بەزینـدوویی.. بـەدەر لـەم حاڵەتـە لەسەرەتاوە دیاردەکە گەیشتبوویە ئاستێك هەندێ کەس بەشۆڕشـی بزانن! لێرەدا دەکرێت هەڵوێستەیەك لەسەرئەم دیاردەیەبکەین و بپرسین ئایا ئەم حاڵەتە توندوتیژی شۆڕشە یان بەشێکە لەشۆڕش؟ ئایادەکرێت شۆڕشێك بێ ئەم جۆرەدیاردانە ئەنجام بدرێت؟

کاتێـك هێـرش کرایـە سـەر(کۆشـکی ریحـاب) پـەیتا پـەیتاش لەلایـەن دەسەڵات دارانی سەربازیشەوە و لەڕێگەی رادیۆوە بانگەواز بڵاودەکرایەوەو هانی خەڵکی دەدرا تابرژێنە سەرشەقامەکان لەدژی دەسـەڵاتی پاشـایەتیو

---

[1] کەناڵی ئاسمانی ئەبووزەبی، بەرنامەی (بین الزمنین) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا) سەرەتای ٢٠٠٢.

راپەرن. بەم جۆرەش هەرهێندەی پەلاماری سەرکۆشکی ریحاب لەلایەن ئەفسەرەکانەوە بەپایان گەیشت، بارەکە درایە دەست[2] ئەو جەماوەرەی کەخۆیان هانیان دابوون بڕژێنە سەرشەقامەکان! ئەوانیش هەربەخێرایی حەبلیان هێناو دەستیان دایە راکێشانی تەرمەکان ولەم نێوەشدا تەرمی (عەبدولئیلاهی) خالی مەلیک فەیسەلی دووەم ، زۆربەخراپی مامەڵەی لەگەڵدا کرا، [3] شاهید حاڵێك دەگێڕێتەوە کەتەرمەکەی عەبدولئیلاهیان بەبەردەممدا ڕاکێشا،کەرووت کرابوویەوە وهیچ جۆرە جل و بەرگێکی لەبەردا نەبوو!، عەبدولئیلاه کەسێکی سپی پێست بوو،ئەوانەی ڕایان دەکێشا عەورەتی عەبدولئیلاهیان بڕیبوو خستبوویانە ناودەمی‌یەوە، لەکۆشکی ریحابەوە حەبلیان خستبوویە ژێربالی‌یەوەو راکێشرابوو هەتا بەردەم بارەگای وەزارەتی بەرگری و لەوێدائەندامێکی حزبی شیوعیەك هەستابوو (١٠٠) چەقۆی لێدابوو،پاشان هەڵواسرابوو بەعەموودێکی کارەبادا هەرلەبەردەم وەزارەتی بەرگریدا،[4] تەرمی نوری سەعیدیش

---

[2] العلوی،حسن (عبدالكريم قاسم رؤية بعدالعشرين) دار الزوراء للنشر،لندن ١٩٨٣ چاپی یەکەم ل.٣٦.

[3] عەبدولئیلاه خالی مەلیك فەیسەلی دووەم، بەدارێژەری سیاسەتی عێراقی دێتە ژماردن پاش مردنی مەلیك غازی وهاتنە سەرکاری مەلیك فەیسەلی کەم تەمەن، لەپشت پەردەوە بەرپرسی یەکەمی دەسەلات بووە، پەیوەندی پتەوی هەبووە لەگەڵ بەریتانیادا، پێویستە بووترێ لەناوبردنی هەرسێ کەسایەتی دەسەلاتی عێراق(مەلیك فەیسەڵ و عەبدولئیلاه و نوری سەعید) بەو جۆرە و چاوپۆشی لێ نەکردنیان لەبەرئەوەبووە نەبادا یەکێك لەم کەسایەتی‌یانە پەیوەندی بەولاتێکی وەك بەریتانیاوە بکەن و جارێکی تر بگەڕێنەوە سەرکورسی حوکمڕانی عێراق هەروەك لەبزوتنەوەکەی رەشید عالی گەیلانی ١٩٤١ دا رویدا، هەروەها مەترسی دروستبوونی پالپشتیش بۆیان لەناوخۆی عێراقدا.. لەناو بردنی‌ئەم سێ کەسە پێش ١٤ی‌تەموزیش هەروەها هەوڵی لەناوبردنیان دراوە لەلایەن سەرکردەکانی شۆرشەوە..

[4] لەهەمان ئەو جێگەیەدا سالی ١٩٤٥ پاش ئەوەی بەکۆمەڵێك فێڵ توانرا قەناعەت بکرێت بەسەرهەنگ

لەعەبدولئیلاە خراپتری پێکرا. نوری سەعید ئاگاداربوو لەوەی کەچی کرابوو بەتەرمەکەی عەبدولئیلاە، لەبەرئەوە دەیویست بەهەرنرخێك بووبێت خۆی ڕزگاربکات.[١] بەڵام کاتێــك کوژراوتەرمەکەی برایە بارەگای وەزارەتی بەرگری و پاش ئەوەی کەدڵنیابوون لەوەی نوری سـەعیدە، لەوێدا مایەوە هەتا شەقامەکانیبەغداد چۆڵ بوون لەخەڵکی داخ لەدڵ دژ بەکاربەدەستانی سەرکەمی پاشایەتی، شەوبەنهێنی تەرمەکەیان گواستەوە بۆ گۆڕستانی (بابولموعەزەم) و کرابەژێر خۆڵەوە،[٢] بەڵام لەڕۆژی دوایدا جەماوەری بەغداد بەهاندان و رۆڵ بینینی شیوعیەکان ڕوویان کردە گۆڕستانەکەو تەرمەکەی نوری سەعیدیان لەژێر خۆڵ دەرهێناو رایان کێشا بەدوای خۆیاندا،ئەم کارە هەرچەند وەبەرهاتووی هەڵوێست و سیاسەتەکانی خودی نوری بوو، بەڵام شیوعیەکانیش رۆڵی گەورەیان تێدا گێڕابوو، بەم جۆرەش تەرمەکەی نوری سەعید دەرهێنراوبەسەر شەقامەکاندا راکێشرا،هەتا گەیەنرایە بەردەم بینایەی باڵیۆزخانەی میسرولەوێدا پاشماوەی جەستەکەیان سوتاند.[٣]

صلاح الدین صباغ،کەیەکێ بوو لەو چوارئەفسەری بزوتنەوەکەی رشید عالی گەیلانی و هەرئەم مابوریەوە،
تالەتورکیا بگەرێتەوەو پاش گەرانەوەی بریاری لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکرا، و لەبەردەم بارەگای وەزارەتی بەرگریدا حوکمەکە جێبەجێکرا ،لەوکاتەشدا کەبەسێدارەکەوەبوو،(دیارە سێدارەیەکی تایبەت و بەرزیان بۆ دانابوو) عەبدولئیلاە بەژێر تەرمەکەیدا بەگاڵتەپێکردن و لەخۆبایی بوونەوە بەسەیارەکەی هات و
چۆی دەکرد ، هەرلەهەمان ئەو شوێنەشدا خۆی هەڵواسرا بەعەموودێکی کارەبادا (اطراف من التأريخ العراق
المعاصر، بحث لم تنشرللمفکر والمحامی العراقی محمد احمد الراشد..
[١] دەکرێت ویستبێتیان بەدەردی تەرمی عەبدولئیلاهی لێنەیەت، دیارە ئەمەش پاش بینینی چارەنووسی عەبدولئیلاە
و ئاگاداربوونیش لەرقی پەنگ خواردووی جەماوەر لەنوری سەعید..
[٢] خدوری، د.مجید (العراق الجمهوری) چاپی ئێران ١٩٩٧ ،چاپخانەی ئەمیر-قوم، ل.٧٩.
[٣] کەناڵی ئەبووزەبی ئاسمانی بەرنامەی (بین الزمنین) ئامادەوپێشکەش کردنی (احمد مهنا) سەرەتای ٢٠٠٢.

لەدرێژەی ڕاکێشانەکەدا زۆرێك لەئەندامانی لەشیان بڕیبوو،لەهەمان کاتدا ئەوکەسانەی پارچەیان لێکردبوویەوە بەکۆڵانەکانی بەغدادا دەیان گێڕاو دەیان ووت: ئەمە پارچەی جەستەی نوری سەعیدە! یەکێك لەوانەی ڕوداوەکەی بەچاوی خۆی بینیوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کەسێك لەوانەی تەرمی نوری سەعیدی ڕادەکێشا پەنجەیەکی نوری سەعیدی بڕیبوو خستبوویەدەمی نورییەوە وهاواری دەکرد بەم پەنجەیە بڕیاری کوژرانی هەزاران کەس درا[٤] لەگەڵ هەموو ئەمانەشداو لەو هاوینە گەرمەدا تەرمەکەی نوری سەعید بۆگەنی کردبوو،کاتێکیش بەسەر شەقامەکاندا ڕادەکێشرا ناوسکی هاتبووە دەرەوە... ئەمانە دوو دیمەنی سەعاتە سەرەتاییەکانی تەمەنی شۆڕش بوون، بەڵام ئەوەنەبێ تەنها لەم حاڵەتەدا شتی لەم جۆرە ڕوبدابێ، ئەنجامی حوکمی ٣٨ ساڵەی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەم بارەی دروست کردبێ! بەڵکو گەر وردتر سەرنج بدەین ئەم حاڵەتە هەم لەبزوتنەوەکەی شەواف لەموصل لە١٩٥٩/٣/٨ وکارەساتەکەی کەرکوکی ١٤و١٥/٧/١٩٥٩ دووبارەبونەتەوە، بۆنمونە لەبزوتنەوەکەی شەوافدا پاش ئەوەی دەیان کەس بەسەر شەقامەکانیشدا ڕاکێشران و بەعەموودی کارەبادا هەڵواسران بەخودی سەرکردەی بزوتنەوەکەشەوە، یەکێك لەشیوعیەکان بەناوی (جرجیس فتح الله نصراني)پاش ئەوەی تەرمی کەسایەتییەکی ناسراوی شاری موصل ڕادەکێشرێ کەناوی(شێخ هاشم عبدالسلام) بووە، جرجیس هەڵدەستێ بەڕیشی ئەو کەسایەتییە پێڵاوەکانی پاك دەکاتەوە!![٥] ئەم جۆرە کارە هەرچەند بەووردی توێژینەوەی

[٤] محمد احمد الراشد نوسەرو بیریاری عێراقی (مێژوویسیاسی عیراق) بلاونەکراوەتەوە

[٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو

کۆمەڵایەتی لەسەرنەکراوە، بەڵکو تەنها وەك توندوتیژی شۆرش ناوی براوە، کەکاتێك جەماوەرێکی چەوساوە دژ بەدەسەڵاتێکی داسەپاو ئەنجامی دەدات. لەم نێوەشدا پارتە سیاسییەکان دەستخۆشییان لەمەسەلەکە دەکرد، هەروەك چۆن هەندێ لەگەلانی ناوچەکە بەجۆرێك لەهەڵچوونی عێراقییەکانیان وەسف دەکرد، تەنانەت هەندێ لەتوێژەروەکان گەلی عێراقی لەسەربنەمای ئەم جۆرە دیاردەیەوەسف دەکەن.. بەڵام لەڕاستیدا گەرواقیعیانە لەمەسەلەکە بڕوانین دەبینین پێچەوانەی ئەم بارەیە، بەڵکو مەسەلەکە کارێکی ترسنۆکانەیە،کەهیچ جۆرە ئازایەتییەکی تێدا بەدی ناکرێت، جەماوەر لە١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هیچ جۆرە قەڵایەکی تۆکمەیان نەگرت،هەروەك لەشۆڕشی فەرەنسی وکوبا و ئێراندا ڕویدا، هەروەها رووبەڕووی تانك و زرێپۆش و گوللەکانی دوژمن نەبوونەوە تا تەرمەکانیان رابکێشن وەك گوزارشتێك لەسەرکەوتنەکەیان، بۆنمونە بێئاگابوون لەوەی کەچی لەکۆشکی ریحابدا رووی‌داوە، تائەوەی مەسەلەکە بەتەواوی یەکلاکرایەوە لەلایەن سوپاوە، ئەوکات جەماوەر چوونە کۆشکەوە،هیچ دەستێکی جەماوەری تیانەبوو، ئیتر کەی راکێشانی تەرم و سوکایەتی پێکردنی کارێکی شۆڕشگێری و ئازایەتییە؟بەتایبەت لەکۆمەڵگەیەکدا کەخاوەنی ئاینێکە دژی ئەم جۆرە کارانەیە! ..لەراستیدا سەرکردایەتی شۆڕشیش ناتوانێ خۆی لەم بەرپرسیارێتییە دەرباز بکات کەڕێگەی بەئەنجام دانی وەها کارێك داوە، تەنانەت سوپا تەرمەکانی دەدایە جەماوەر تابەو جۆرەی لێبکەن، ئەمەش وەك رەمزێك بۆسەرکەوتن. لەم نێوەشدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کەشێوازێك لەمامەڵە هەبووە لەلایەن سوپاوە

لەگەڵ ئەو تەرمانەدا،هەندێك دراوە بەجەماوەر تابەو جۆرە ی لێ بکرێت و هەندێکی تریش پارێزراون..

لەم پێودانگەشەوە ئەم جۆرە دیاردەیە بووەتە بەشێك لەو شۆرش و کودەتاو بزوتنەوانەی لەعێراقدا کراون لەبەردووهۆکار:_

١ - دەبینین ئەو سەرکردەو سەرۆکانەی هاتونەتە سەردەسەڵات، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی شەرعی نەهاتوونەتە سەرحوکم، بەردەوام لەپێناومانەوەو چەسپاندنی حوکمەکەیاندا، پشتیان بەدەسەڵاتی سەربازی بەستوە بۆپارێزگاری لەکورسی یەکەیان و رێگەیان نەداوە بەئازادی بیروراو، هەڵبژاردنی ئازادانەو دیاری کردنی نوێنەری راستەقینەی خۆیان، هەربۆیەش کەوتوونەتە دژایەتیکردنی خەڵکی و سەپاندنی تاکە ئایدیاو پارتێك بەسەریانداو سەرکوت کردنی ئەوانەشی کەنەیاری ئەو دەسەڵاتەبوون، ئەمەش قۆناغی توندرەوی و سەرکوت کردن و ستەمی دەسەڵاتە،کەلەدوایدا ئاکامی هاوشێوەی شۆرشی ١٤ی تەمووزی لێ دەکەوێتەوە.

٢-ئەوجەماوەرەش کەلەژێر سایەی ئەودەسەڵاتەدا ژیاوەو چەندین ساڵ تالاوی سیاسەتی هەڵە و چەواشەو دکتاتۆریەت و سەرکوتکردنیئەو دەسەڵاتەی چەشتووە، وپارتە سیاسییەکانیش کەهەمیشە لەوجۆرە فەزایانەدا یان لەقۆناغی زۆرنهێنی خەباتدا بوون، یان خەباتی چەکداریان دەستداوەتێ، تینوی رۆژێك بوون تۆڵەی خۆیان بسەننەوە، و لەچرکەساتی سەرکەوتنی شۆرشدا بەم گیانی تۆڵەسەندنەوەوە دێنە گۆرەپانەکەوە. هەربۆیەش دەبینین بەرەنجامی ئەوکارەی کەجەماوەرو پارتەسیاسییەکان و دەسەڵاتی سەربازی ئەوئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کەباسمان کردلەسەرەتاوە.

بەرگری میللی

ناکرێت حوکمی سەربازی زۆر درێژە بکێشێ گەر هەوڵی پەیداکردنی شەرعیەتێك نەدات، بێگومان ئەم شەرعیەتەش لەڕێگەی متمانەی گەلەوە دەبێت،ئەو خۆپیشاندان و پێشوازییە گەرمەی کەخەڵکی بەغدادهەرلەیەکەم ساتی سەرکەوتنی شۆڕش دەریان بڕی، ودڵخۆش بوونیان بەهاتنەناوەوەی سوپاودەست گرتن بەسەرحوکمدا، وای کرد عەبدولکەریم قاسم هان بدات لەسەر ئەو بیروڕایەی کەشۆڕشەکەی شۆڕشێکی سەربازی و جەماوەری بووە، لەپێناو ئەوەشی بەڵگەی بەشداری گەل و پشکی لەسەرخستنی شۆڕشدا لەدەستدابێت، بڕیاری دامەزراندنی لیژنەیەکی هەمیشەیی دا، کەخەڵکی لەڕێگەیەوە دەیانتوانی گوزارشت لەپشتگیری راستەقینەی خۆیان بکەن لەشۆڕش، لەم نێوەدا هیچ هۆکارێکی باشتری بەدەستەوە نەبوو، جگەلەدامەزراندنی میلیشیایەکی مەدەنی و ڕێکخستنی لەسەرشێوازی ئەو میلیشیایەی کەلەووڵاتانی کۆمۆنیستیداهەبوو.[1]

لەسەرئەم مەسەلەیە زۆرلا بڕوایان وایە کەخاوەنی فیکرەی گەلێکی چەکدار، یان ڕاهێنراو لەسەرچەك، لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆمەلیك غازی، کەسەرقاڵی دامەزراندنی سەربازگەی (لاوان) بوو ئاوێتە بەسروودی جەنگی، بەڵام لەسەردەمی خۆیدا، لەگەڵ کەسدا پێی نەجەنگاوە، هەرچەندە ئەم کارەی مەلیك غازی پاش خۆی سوودی لێوەرگیرا ،کاتێك ئەم هێزە تەکلیف

[1] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ١١٣.

کران بەپاراستن و پاسەوانی بەغداد و شارەکانی تر، لەکاتی چوونی هێزی عێراقی بۆشەڕی بەریتانیەکان لەلیوای دلێم لەساڵی ١٩٤١ دا..[٢]

ڕۆژی یەکەمی شۆڕش هەندێ لەکوڕانی گەڕەکی عەباسییە لەکەرادە مەریەم کۆدەبنەوە، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەوەی پێویستەلەسەریان ئەنجامی بدەن بۆپارێزگاری لەشۆڕش، هەربۆیە بڕیاردەدەن کۆمەڵەیەك پێك بهێنن، کەپارچەیەك قوماشی یان بەستبوو بەباڵیانەوەو لێی نوسرابوو(بەرگری میللی) ئەمەش وەك لاسایی‌کردنەوەیەك بۆبەرگری گەلی (بۆر سەعید) دژی هێرشی سێ قۆڵی بۆسەرمیسر، هەرهێندەی ئەم (کۆمەڵە لاوە)کاتێك بەرەو (گۆڕەپانی جەنگ)کشان لەشەقامی رەشید!! دەستیان دایە وێران کردن و شکاندنی ناونیشانی سەردوکان و بازاڕەکان و شکاندنی شوشەی دوکان و شوێنە بازرگانیەکان.. هەرچەند زۆر گومانیش لەسەر ئەوە هەن کەکەسانی تریش هەبوون پێش دامەزراندنی بەرگری میللیش کاری لەو جۆرەیان کردبێ، بەتایبەت لەڕۆژی یەکەمدا کەتەنانەت خەڵکی خەریك بووباڵێوزخانەی بەریتانیاش وێران بکەن و شۆڕش لەدەستی ئەفسەرکان دەربچێ[٢]!

پاش دوو هەفتە لەسەرکەوتنی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم ڕێگەی دا بەدامەزراندنی میلیشیایەك بەناوی(بەرگری میللی)، ئەمەش بەبڕیارێکی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان ژمارە(٩٨٩) لە١/٨/١٩٥٨دا.[٣] ئەم کارەش وەك دووبارەکردنەوەی نەریتی بەرگری میللی لەلای وولاتانی

---

[٢] العلوی، حسن (عبدالکریم قاسم رؤیة بعد العشرین) منشورات دار الزوراء، لندن ١٩٨٣، ص٣٨.

[٣] دەکرێت لەسەرەتادا مەترسی ئەوەی هەبووبێت کەپەلاماربدرێت، لەلایەن وولاتێکەوە تا سودیش لەمانە وەربگرێت، یاخود مەترسی ئەوەی هەبووبێت هەلگەڕانەوەیەکی سەربازی ڕووبدات وەك ئەوەی موصل، لەم حاڵەتانەدا ئەم جۆرە تەشکیلانە سودی خۆیان دەدا بەدەستەوە.

سۆسیالیستی هاتە ئاراوە، وەك ئەوەی ڕووبەڕووی هێزی نازییەکان بوونەوە.. بەدەر لەم حاڵەتەش لەهەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی پشتیوانی بۆ ئەم هێزە لەڕۆژنامەکاندا وێنەی ئەو ژن و پیاوە بەتەمەنانە بڵاودەکرایەوە کەتەمەننای بوونە ئەندامیان دەکرد لەو ڕێکخراوەدا و بەوهیوای پلەی شەهیدیان دەست بکەوێت. دیارە ئەمەشیان زیاتر بۆجەنگاندنی بنەماڵەی پاشایەتی مەبەست بوو کەهیچیان لەدوا بەجێ نەمابوو جگە لە گۆڕستانێك نەبێت..[1]

لەلایەکی دیکەشەوە هەر بە خێرایی حزبی شیوعی دەست پێشخەری دروست کردنی کۆمەڵەی چەکداریان کردلە ژێر ناوی بەرگری میللی کە هاو تەریبی خواستی قاسم بوو، لەروانگەیەشەوە پارتی ناوبراو دەستی کردە دانانی نوسینگە بۆ ناو نوس کردنی خۆبەخشەکان و لەم بارەیەوە حزبی شیوعی لە بەیاننامەیەکیدا سەبارەت بە پێکهێنانی بەرگری میللی و لە ١٢ خاڵدا کۆمەڵێك ڕێنمایی بۆ ئەندامانی دەرکردووە سەبارەت بە گرنگی پێکهێنانی بەرگری میللی و شێوازی پێکهێنان و نیشانەی ناسینەوەی ئەم بزوتنەوەیەو هەروەها شێوازەکانی خۆناساندن و بڵاو بوونەوە بەناو عێراقدا، ئەمە سەرەڕای چەندان تێبنی و ڕێنمایی تر کەخۆی لە تۆکمەکردن و کۆنترۆڵ کردنی ئەم میلیشیایەدا دەبینێتەوە.

ئەم مومارەسە یەك لایەنە لە نێو بەرەی یەکێتی نیشتمانیدا و بە بێ داواکاری رەسمی لەدەسەلات، وای کرد تا لە سنوری باری ئاسایی دەربچێت و مەترسی دروست بکات بۆ سەر حکومەتی تازە دروست بووی

[1] العلوی، حسن (عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين) منشورات دار الزوراء، لندن ١٩٨٣، ص٣٨-٤٠

عێراق، هەربۆیەش حکومەت لە ١٧ی تەممووزدا بەیانی ژمارە(١٦) ی تایبەت بەم بوارەی دەرکرد و تێیدا ئاگایی دابوو بە هاولاتیان بۆ وەڵام دانەوەی ئەو جۆرە داوایانەو لەهەمان کاتدا ئاماژەی بەوە دابوو حکومەت خۆی بەرگری میللی پێك دێنێ و بۆ ئەم مەبەستە حاکمی سەربازی لە ٢٠ی تەمموز بڕیاریدا سەرجەمی نوسینگەکانی ناو تۆمارکردن دابخات جگە لەوانەی کەڕێگەیان پێدراوە..

دەکرێت لەم نێوەشدا قاسم ویستبێتی سود وەربگرێت لە پێك هێنانی ئەم میلیشیایە لەلایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکێتی خوازەکان و لە هەمان کاتدا بۆ پشتگیری کردنی زیاتری سوپاو دەسەڵاتەکەی.. هەر پاش ئەوەش ئەنجومەنی سیادە لە ڕۆژی ١٩٥٨/٨/١ دا یاسای بەرگری میللی داڕشت کەخۆی لە (١٣) ماددەدا دەبینیەوە وتایبەت بوو بە ئەرکی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەو بەشداربووانی و مەرجی بەشدار بوون و ئیمتیازاتەکانیو هەندێك یاسای تایبەتی تر بەتایبەت لەڕووی سەربازییەوە..شایانی باسە لە ڕۆژەکانی سەرەتای ناو نوسیندا خەڵکێکی زۆر ڕوویان دەکردە نوسینگەکانی ناو تۆمار کردن و لە دوو ڕۆژی یەکەمدا نزیکەی (٧٠٠٠) کەس ناویان تۆمار کردبوو، بڕیاریش درا (عەقید روکن شاکر علی)بکرێتە سەرکردەی بەرگری میللی [٢]

لێرەدا دەتوانین پێکهاتەی ئەم تەشکیلاتە لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموز لەچەند خاڵێکدا شی بکەینەوە:-

---

[٢] تأريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهورى، الجزء الاول، ١٩٥٨/٧/١٤-١٩٥٩/٢/٧، تأليف مجموعة من الاساتذة، سنة٢٠٠٠ ،ص١٤٨,١٤٩,١٥٠,١٥١,١٥٢.

١-ئەم تەشكیلاتە پاش شۆڕش دروست بوو، واتە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و لەم بوارەدا هیچ جۆرە ڕۆڵێکیان نەگێڕا لەروخاندنی فیعلی ئەم دەستەڵاتەدا، ئەندامەکانیشیان پاش کۆتایی هاتنی شۆڕش خۆیان خۆبەخش دەکردبۆشەڕێك کەکۆتایی هاتبوو!! ئەمانە لەژێر سایەی حکومەت و دەستەڵاتێکدا دروست بوو بوون کەحیزب پاڵپشتی لێدەکردن، واتە کاتی کارەکەیان بەسەر چووبوو..

٢-هیچ نەبەردییەکی ئەنجام نەدا لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکاندا وەکودەرکردنی ئەو هێزانە لەوڵاتدا،

٣-ئەوەی لەسەر ئەم تەشکیلە تۆمارکراوە زیاتربریتی بووەلە(سوکایەتی کردن بەهاوڵاتیانی بێ گوناه، دژایەتی کردنی خەڵکی و دەستگیرکردنی مامۆستاوپسپۆڕانی زانکۆیی، بێ هیچ حسابێکی باری کۆمەڵایەتییان، ئازاردان و پەلاماردانی ئەوانەی خۆیان پێیان وابوو لەگەڵ دەسەڵاتی تازەدا نین).

٤-ئەمانە زیاتر وەك ڕێکخستنی ئاسایش و پۆلیس و دەزگای هەواڵگری وابوون، لەگەڵ بوونی جیاوازی لەوەی کەئەمانە هیچ جۆرە موچەیەکیان وەرنەدەگرت لەبەرامبەر کارەکانیانداو پەیوەست نەبوون بە دیسپلینی سەربازییەوەو بەئاسانی دزە دەکرایە ناویانەوە..

٥-هیچ جۆرە مەرج و پێوەرێکی کارکردنیان نەبوو، بەم جۆرەش لەو هەل و مەرجە ناسك و دژوارەی باری خێڵایەتی و حزبیدا، ئەمانیش گرفتی نوێ و تەنگ و چەڵەمەیان بۆ خەڵکی دروست کردبوو..

٦-هەموو ئەم جۆرە ڕێکخستنە میللییە چەکدارانە، بەجیاوازی ناوەکانیانەوە،لەپێناو ڕووبەڕوو بونەوەی سوپایەکی سەربازی پێك دەهاتن،

لەبەرئەمەش دەبینین ناکۆکی بەردەوام هەبوو لەنێوان ئەم ڕێکخستنەودەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری سەربازیدا.[1]

٧-بەرگری میللی ئەو مافەی دابوو بە خۆی کەبەبێ‌پابەندبوون بە یاساوە، دەسەلاتی دەزگاکانی دەولەت بە کاربهێنێ، لەبەر ئەوەش حزبی شیوعی رۆڵی هەرە گەورەیان هەبوو لە پێکهێنانی ئەم بەرگرییەدا، لەدوایدا تەواوی کارەکانیان بەسەر ئەم حزبەدا شکایەوە.[2]

بەسەرجەم ئەو خاڵانەی باس کران لەسەرپێکهاتن و شێوازی کاری ئەم ڕێکخستنە، ئاخۆ دەبێت ئەرکیان چی بووبێ؟ بەتایبەت لەسەردەمێکی ناسکی پاش شۆڕش ودابەش بوونی عێراق بەسەردووپارچەدا لەسەرکردایەتی‌یەکەیەوە هەتاخوارەوەو تاچەند ئەم هێزە ڕۆڵی هەبووە لەزیاتر قوڵکردنەوەی ئەوبارەدا.

ئەرکەکانی بەرگری میللی

١-لەسەرەتاداو لەبەرکەمی ژمارەی ئەندامەکانی، لەوناوچانەدا دروست بووبون کەدەیانتوانی پارێزگاری لەئاسایشی ناوخۆی خۆیان بکەن، یان وەستانەوە دژ بەهێرشی دەرەکی. واتە ئەرکی یەکەمیان پارێزگاری کردن بوو لەخۆیان.

٢-پاش ئەوە لەبەرامبەر ئەو چین و توێژانەدا وەستانەوە کەنەیاری عەبدولکەریم قاسم بوون، خۆشەویستیان بۆ قاسم نەبوو ئەمەش لەڕێی چاودێری و هەڕەشەکردن لێیان.

---

[1] هەمان لاپەڕەو سەرچاوەی پێشوو.

[2] بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، چاپی یەکەمی کوردی،١٩٩٨، دهۆك، ل٧٢

٣-لەسەردەمی توندتر بوونی ململانێی هەردوو سەربازگەی ناوخۆییلە عێراقدا کە بەهۆی ناکۆکی قاسم و عارفەوە هاتبوە کایەوە، ئەمانە ڕۆڵی باشیان گێڕا لەدەستگیرکردنی سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆندا.

٤-لەشـەواندا دادەبەزینـە شاروشارۆچـکەکان و نمایشـی دەسـەڵاتی خۆیان دەکرد و دەستدرێژیان دەکردە سەرکەل وپەلی تایبەتی هاولاتیان و پشکنینی ماڵەکانیان و ئەنجام دانی کاری توندو تیژی دژی ئەوانەی خۆیان مەبەستیان بوو..[1]

گەربەووردی سەرنجی ئەوکارانەبدەین کەئەم میلیشیایە پیێ هەستاوە، دەبینین زیاتر خۆی لە هەندێ کاردا بینیوەتەوە کەمایەی ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێی خەڵکی بووە، چونکە هیچ یاسایەکی ئەوتۆ نەبووە تاپەیوەست بن پێوەی، بەدەر لەم حاڵەتەش ئەوەی زیاتر مەسەلەکەی بەرەو توندی بردبوو، دەتوانین لەم دوو خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

١- حزبی شیوعی لەبەرەنجامی ئەو مومارەسە سیاسییەی کەچەندین ساڵ بوو هەیان بوو، هەربەخێرایی توانیان دەست بگرن بەسەر ئەم میلیشیایەدا، و هێزەکانی بەرگری میللی و ملیشیاکانی لایەنگری خۆیان بەسەرجەم پارێزگاکاندا بلاو کردەوە،[2] بەجۆرێك لەدرێژەی ململانێی نێوان شیوعی و نەتەوەپەرستەکان و بەعسییەکاندا، بەرگری میللی ڕۆڵی گەورەیان گێڕالەدژایەتی کردنی دوژمنەکانی حزبدا، بەتایبەت پاش شکستی جولانەوەکەی شەواف لەموصل ١٩٥٩،[3] لەم نێوەشدا پەیوەندی

---

[1] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ١١٤.

[2] الحرسان، صلاح ، (صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث – الحركات الماركسية ١٩٢٠-١٩٩٠) مؤسسة العارف للمطبوعات ، الطبعة الاولى ٢٠٠١ ، ص(٩٠)

[3] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص ٤٠٥، ٤٠٦.

توندو تۆڵ هەبوو لەنێوان سەرکردەکانی ئەم حزبە و قاسمدا و چەندین پلانیان ئامادەکردبوو تا کاری لەسەربکەن، ئەم کارانەش لەڕێگەی ئەندامانی لیژنە مەرکەزی‌و مەکتەبی سیاسی‌یەوە دەگەیەنران، کەبەهۆی کارتی هەمیشەییەوە لەبارەگاکەی خۆی لەوەزارەتی بەرگری‌دا سەردانی قاسمیان دەکرد.[٤]

بەم جۆرەش حزبی شیوعی وەك لایەنگری قاسم لەدەوری کۆبونەوەولەو ئەنجامەشەوە دژەکانی خۆیان لە ناو دەبرد لەپارتەکانی تر و لەژێرسایەی دەسەڵاتی قاسمدا، تاهێندەی بگەنە ئاستێك کەمەترسیش بۆسەر خودی قاسمیش دروست بکەن، بەڵام لەبەرهەل و مەرجی نێودەوڵەتی کەلەبەرژەوەندییان نەبوو، ڕێگەیان بەخۆیا نەدەدا کارێکی لەو جۆرە بکەن ، چونکە ئەوان دەیانزانی کەقاسم شیوعی نیە و ناشیەوێت ببێتە شیوعی،[٥]لەوئەنجامەشەوە دەبینین پاش ساڵێك لەشۆڕش وکارەساتی موصل و کەرکوك، قاسم لەوتارێکیدا لەکاتی‌کردنەوەی کلێسایەکدا لەبەغداد، ئیستینکاری شیوعیەکانی کردو ڕازی بوو لەسەرئەوەی کەهەڵوێست بەرامبەریان وەربگرێت! لێرەدا دەتوانم بڵێم نەرمی نواندنی قاسم بۆهەندێ پارتی سیاسی لەسەردەمی دەسەڵاتیدا زیاتر یامەبەستی هاوسەنگی پێکردنیانی بووە لەگەڵ هێزەکانی تر داو،یان مەبەستی جێبەجێ‌کردنی هەنگاوێکی سیاسی بووە، وەك یاسای ڕاوەستانی چالاکی

---

[٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٤٠٦).

[٥] زۆربەی سەرچاوە مێژوویەکان باس لەوەدەکەن کە عەبدولکەریم قاسم شیوعی نەبووە، بەڵکو کەسێکی نیشتمان پەروەر بووە، بۆدرێژەی ئەم باسە سەیری کتێبی العراق المعاصری د. عبدالوهاب حمید رشید بکە ل١٤٠.

حزبەکان، وەگەرنا قاسم خۆی بەمۆڵکی هیچ پارتێك نەزانیوەو لەسەربنەمای بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵەی لەگەڵ کردوون.

٢-لەئەنجامی دوولەت بوونی دەسەڵاتی سەربازی وولات پاش شۆڕش، لەنێوان قاسم و عارفدا، پارتەسیاییەکان تادەهات ئەم لەت بوونەیان قوڵتر دەکردەوە، شیوعیەکان لەدەوری قاسم کۆبونەوە و نەتەوە پەرستەکان وبەعسییەکان لەدەوری عارف کۆبونەوە لەسەرەتادا، لەم بوارەشدا قاسم سودی باشی بینی لەبەرگری میللی، کەهەرچەند سروشتی شیوعیەت زاڵ بوو بەسەریدا، بەڵام تاڕادەیەك شەرعیەتی رەسمیشی پێدرابوو، بەرەسمی شیوعیەکان نەیان دەتوانی خۆیان بکەن بەخاوەنی، ئەمەش یارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ قاسم تابەتەواوی بتوانێت نەیارەکانی پێ سەرکوت بکات، هەربۆیەش دەبینین کەبەرگری میللی تاکۆتایی دەسەڵاتی قاسم مایەوە. هەرچەند لە پاش ڕوداوەکانی موصل و کەرکوکەوە قاسم بەڕەسمی ئەم ڕێکخراوەی هەڵوەشاندەوە، بەڵام تادواین ساتی دەسەڵاتی قاسم دەورو کاریگەرییان هەبوو، پێویستە ئەوەش بڵێین گەر بێتوو تاوانەکانی حەرەس قەومی نەبوایە کە پاش کودەتای شوباتی ١٩٦٣ پێکهات،لەوانە نەبوو عێراق هەرگیز دەست درێژییەکانی بەرگری میللی لەبیر بکردایە..[١]

لەکۆتاییدا ماوەتەوە ئەوەی بڵێین کەمیلیشاکانی بەرگری میللی، هەمان فۆرمی دادگاکەی مەهداوی بوون، هەردوو لا وەك دەزگایەك بەکاردەهێنرا بۆچەسپاندنی دەسەڵاتی سەربازی بەسەرتەواوی وڵاتدا، بەتایبەت لەقۆناغە سەرەتاییەکاندا، بەڵام ترساندنی خەڵکی و دەستگیرکردنی بێ تاوانان وزیندانی کردنیان، مایەی توڕەیی خەڵکی بوو

---

[١] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الایرانیة، مطبعة امیر – قم ١٩٩٧ ، ص١١٥

لەم میلیشیایە، هەرچەند (بامەڕنی) بەرپرسی ئەم تەشکیلە وەك مەهداوی نەکەوتە بەردەستی کودەتا چیانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و توانی هەڵبێت لەوولات و دوربێت لەو چارەنووسەی کەتووشی مەهداوی و قاسم هات لەکۆتاییدا..[٢]

بەسەرجەم ئەو پێکهاتەو هاوشێوەیەی کەوەك بەرگری میللی وابوو، چ لەسەردەمی قاسم و چ دوای ئەو سەردەمەش،گەرسەرنج بدەین ئەم جۆرەهێزە وەك کەرەستەیەك و دەستێکی پۆلاین بەکارهێنراون بۆتەصفیەکردنی نەیارانی دەسەلات، و بەتالان بردنی سەروەت و سامان وئەتکی شەرەفیان، هەڵوێست و ئاکاری جوان نەك هەرلەم پێکهاتانە نەوەشاوەتەوە، بەڵکو ڕەمزێك بوون بۆ ترس و تۆقین و دڵە راوکێ و قێزەونی، ئەم پێکهاتە لەحکومەتە کۆمارییەکانی دواتریشدا هەبووە و هەریەك بەناوێك و پاساوێکەوە کاریان کردووە، بەڵام بەگشتی کارەکانیان نەبنەمایەکی یاسایی هەبووەو نەمێژوویەکی جوانیشی بۆخۆی تۆمار کردووە، هەمیشە بەشێك بوون لەحاڵەتی کتوپڕ و ئەحکامی عورفی و ترس و دڵەڕاوکێیان لەناخی هاولاتیاندا چاندووە..

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١١٥).

مەسەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

شتێکی چاوەڕوان کراوبوو کەپاش سەرکەوتنی شۆڕش دابەش بوون و لێکترازان لەنێو سەرکردەکانی شۆڕشدا ڕووبدات، ئەم حاڵەتەش ڕەوشی هەموو ولاتێکە کاتێک سەرکردەسەربازییەکان لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە، دەست دەگرن بەسەریدا[1] ڕێگە نادەن بەوی تر بێتە پێشەوە لەدەسەلات بەو پێودانگەی ئەم کودەتای کردووە و هەردەبێت ئەمیش لەدەسەلاتدا بێت، تائەوەی یەکێکی تری هاوچەشنی خۆی کودەتایەکی تر دەکات و وەك ئەوەی پێشووی خۆی لێ دێت.. چاوگی ئەو ناکۆکیو ململانێیەی ڕوویدا لەنێوان باڵە سەربازییەکاندا بریتی بوو لەجێبەجێ نەکردنی بڕیاری لیژنەی بالای ئەفسەرانی ئازادیخواز بەپێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەئەندامانی بالا، و مومارەسەکردنی هەردوو دەسەلاتی جێبەجێکردن و یاسادانانیان بدرێتێ لەولاتدا بۆماوەیەکی ئینتیقالی دیاری کراو، لەهەمان کاتدا پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنی کەپێك بێت لەپێشەوای پارتە سیاسیەکان، پاشان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بۆپێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیکەنوێنەرایەتی سەرجەم هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان بکات، وکۆڵەکەی سیستمی دیموکراسی لەولاتدا بچەسپێنن، پاش ئەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵبوەشێنرێتەوە و دەسەلاتی سەربازی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، یاخود ئەوەی دەیەوێت بەشداری سیاسی هەبێت واز لەکاری سەربازی بهێنێت و مومارەسەی کاری سیاسی بکات.[2] هەربۆیە گشت لا هیواو ئاواتی

[1] خدوری، د.مجيد(العراق الجمهوری) چاپی ئێران، ١٩٩٧، ل(١٢٣)

[2] الزبيدي، ليث عبدالحسن (ثورة١٤تموز١٩٥٨ في العراق) ط٢، بغداد ١٩٨١ ، ص٣١٩.

زۆریان گرێ دابوو بە دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، کەپاش شۆڕش بڕیار وابوو یەکلا کەرەوەی سەرجەم کارو بارەکان بێت و سەرجەم دڵسۆزان و کەسانی پسپۆر، بتوانن کاری تیا بکەن، بەڵام لە راستیدا بە هۆی خۆپەرستی و خۆشویستنی کورسی دەسەڵات، دانەمەزراو شۆڕش چووە قۆناغی ململانێ و لەدەستدانی تواناو وزە سود بەخشەکان و بەم جۆرەش وڵات زیانی زۆری لێ کەوت.[٣]

ئێوارەی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ یەکەم ناکۆکی نێوان ژەنراڵەکانی نێو رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز سەری هەڵدا، ئەو ناکۆکییەش بریتی بوو لەدانەمەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش،[٤] چونکە لەدەزگایەکی لەم جەشنەدا دەتوانرا رایەکی دەستەجەمی دروست ببێ لەسەر کێشەکان و چارەسەرکردنیان و لەهەمان کاتدا ئەم دەزگایە وەك بەربەستێك بوو بۆدروست نەبوونی حوکمی تاك رەوانە و لێکترازان و سەرکوت کردنی یەکتر..

هەربۆیەش دەبینین ئەم ئەنجومەنەلەئامانجەسەرەکییەکانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز بووەو لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشیشدا دەبوایە خێراکاری لەسەر بکرایەو جەختی لەسەربکەنەوە..

سەبارەت بەئامانجەکانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز، محسن حسین الحبیب،کەنەیارێکی قاسم بوو پاش شۆڕش، لەگەواهیەکانیدا دەڵێت ((بنەماو ئامانجەکانی شۆڕش لەچەندین کۆبوونەوەدا دیاری کران،

---

[٣] فرحان، اللواء الركن عبدالكريم ، ثورة ١٤تموز فى العراق، الجزء الاول، ص٩٠,٩١ ، مؤسسة الكتاب العربى للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦

[٤] کەناڵی ئاسمانیئەبوزەبی، بەرنامەی (بين الزمنين)ئامادەو پێشکەش کردنی (أحمد مهنا) سەرەتای ٢٠٠٢

و زۆر گفتو گۆیان بەدوورو درێژیلەسەرکرا، خۆگەر بێتو هەندێ لەو ئامانجانە روون و ئاشکرا نەبووبن،لەکاتی کۆبونەوەکاندا نەدەنوسرانەوە،١ تابۆ داهاتوو بپارێزرێن، ئەمەش بەپێی بڕیاری خۆمان بوو کەئەم جۆرە شتانە نەنووسرێنەوە نەبادا ئاشکرابن لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتییەوە)) محسن لەو ئامانجانەی کەباسی کردووەو ژمارەیان(٢٠) ئامانجە وبڕیار وابووە پاش سەرکەوتنی شۆرش کاریان لەسەربکرێت و جێبەجێ بکرێن یەکێك لەوانە بریتی بووە لەمەسەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، و بەم جۆرە باسی لێوەکراوە((پێك هێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز، ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێت بەکاری دەسەڵاتی یاسادانان، تائەو کاتەی کەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دەدرێت).٢ هەرسەبارەت بەم مەسەلە لیوا روکن عەبدولکەریم فەرحان کەئەندامی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازبووە دەڵێت ((زۆر بەدەگمەن کۆبونەوەی دەستەی باڵا بەتەواوی ئەنجام بدرایە، ئەمەش لەبەر زۆر هۆکار، چونکە زۆر قورس بوو ئەندامێك سەرجەم کۆبونەوەکان بکات، و گفتوگۆ لەسەر سەرجەم بڕیارو راسپاردەکان بکات، لەهەمان کاتیشدا هیچ شتێك لە کۆبونەوەکاندا نەدەنوسرایەوەو تەنانەت نوسینی سەرەقەڵەمیش قەدەغەبوو، بەم جۆرەش دۆکیۆمێنتی رەسمی لە

---

[1] لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز، بنەمایەکی توندو تۆڵیان دارشتبوو،لەپێناو دزە نەکردنی زانیارییەکان بۆدەزگاکانی هەواڵگری سەربازی،یەکێك لەو هۆکارانەی گرتبویانە بەر بریتی بوو لەوەی کەبەهیچ جۆرێك رێگەنادرێت بە نوسینی مەسەلەکان کاتێك لەکۆبونەوەکاندا تاوتوێ دەکرێت، خۆگەر زۆر پێویستی بەنووسین بکردایە،ئەوا دەبوایە پەنابرایەتە بەر هەندێ شێواز کەپەیوەندی بەرێکخستنەکەیانەوە نەبوایە، واتە بەکارهێنانی رەمز، بەتایبەت ئەم حاڵە لەنامەناردندا پەیرەو دەکرا، هەرئەمەش هۆکاری سەرەکی بووە بۆشێوازی پەیوەندیان لەو سەردەمەدا، پرۆتۆکۆلێکی ئیمزاکراو لەنێوانیاندا نەبووە، بەتایبەت سەبارەت بەمەسەلەکانی دوای شۆڕش.. سەرچاوە(ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) تأليف ليث عبدالحسن الزبيدي، ط٢، ١٩٨١ ، ص ١٢٢.

٢ العلوي،حسن (عبدالكريم قاسم رؤية بعدالشرين) منشورات دار الزوراء،لندن، ١٩٨٣ ، ص١٢٨ .

نێوانماندا نەبوو، ئەمەش وای کرد شتەکان لە یاد بچنەوە و بیرو ڕای جیاواز دروست ببێ.))[3]

حەسەن ئەلعەلەوی سیاسەتمەدارو توێژەرەوەی مێژووی عێراقی هاوچەرخ، پاش توێژینەوەیەکی وورد لەسەر سەرجەم ئامانجەکانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز، دەگاتە ئەو ئاکامەی لەو (٢٠) ئامانجەی کەمحسن حسين الحبيب دەستنیشانی کردوون، قاسم سێ ئامانجیانی جێ بەجێ نەکردووە یەکێکیان مەسەلەی دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە.

بۆیە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، لە ڕۆژی ١٥ی تەمووز ژمارەیەك لەئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز دەچنە لای عەبدولکەریم قاسم لەبارەگاکەی خۆی لەوەزارەتی بەرگری ومەسەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لەگەڵدا باس دەکەن،ئەویش ڕەوانەی لای عەبدولسەلام عارف یان دەکات،کەکەسی دووەمی دەسەڵات بووە، بەڵام لەلای عارفیش وەڵامی ئیجابی وەرناگرن [4] جگەلەمەش ئەوەی زیاتر مایەی

---

[3] فرحان، اللواء الركن عبدالكريم ، ثورة ١٤تموز في العراق، الجزء الاول، ص٩١,٩٠ ، مؤسسة الكتاب العربي للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦

[4] عەبدولسەلام عارف لەسەرەتادا دژی دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو،ئەمەش لەبەر زۆر هۆکار لەوانەش متمانە بوونی زۆری بەخۆی و حەز کردن لە دەسەڵات و هەروەها لاوازی قاسم و نیگەرانییەکانی و بەئاسانی قەناعەت پێکردنی، جگە لەمانەش کاریگەری نواندن لەسەر قاسم، عارف دەیویست وەك رووکارێك سەرەتا قاسم بە کاربهێنێت وەك لە میسر چۆن ڕوویدا، تا هەرکات هەلی بۆ هەلکەوت لای بەرێت و وەك (محمد نجيب) ی لێ بکات کەعەبدولناصر چۆن لای دا لە دەسەڵات، بەڵام کاتێك هەستی بە هێز و دەسەڵاتی قاسمی کرد لە ناو سوپا و جەماوەردا، دەستی دایە جوڵاندنی مەسەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەو هیوایەی سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەدەست دەرنەچێت.. سەرچاوە(ثورة ١٤تموز في العراق، اللواء الركن عبدالكريم فرحان، الجزء الاول، ص١٤٤,١٤٣ ، مؤسسة الكتاب العربي للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦

نیگەرانی ئەو ژمارە ئەفسەرەبوو،ئەوەبوو کە ئەو پۆستانەی بۆیان دانرابوو بەشێوازێك لەدورخستنەوەی خۆیان دەزانی لەدەسەڵاتی وولاتدا، بۆنمونە (سەرهەنگ عەبدولوەهاب شەواف) [1]کرابووە فەرماندەی حامیەی موصل، هەندێ ئەفسەریتریش نیگەران بێزاربوون لەسەرئەوەی قاسم و عارف وادەی شۆڕشیان لێشاردوونەتەوە، رفعت الحاج سری سەرەڕای ئاگاداربوونیشی لەشۆڕش پەیوەندی پێوە نەکردن،[2]لەئەنجامی ئەم حاڵەتەشەوە فیکرەی کودەتا سەری هەڵدا، چونکە بەتەواوی دەسەڵات کورت کرابوویەوە لەدەستی قاسم و عارف داو، بۆنمونە قاسم سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو، عارفیش جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو،کەئەمانە هەموو پۆستی گرنگ و بنەرەتی بوون بەلای ژەنراڵەکانەوە، [3] بەم جۆرەش سەرجەمی ئەفسەرانی تر جگە لە(عەبدولەتیف دەراجی) نەبێت، هەموویان دوورخرانەوە بۆ پۆستە لاوەکییەکان..[4]

---

[1] بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری جولانەوەکەی شەواف بکە.

[2] بۆنمونە عقید رفعت الحاج سری، رەتی ئەوەی کردەوە پەیوەندی بکات بەوەزارەتی بەرگرییەوە لەکاتی بیستنی هەواڵی شۆڕش لەڕادیۆوە بەڵام قاسم و عارف موقەدەم (نعمان ماهر الکنعانی)یان نارد بۆلای (سری) لەماڵەکەی خۆیتا سەردانی وەزارەتی بەرگری بکات، ئەمەش پاش چەند سەعاتێك لەئەنجام دانی شۆڕش، لەسەرەتادا (سری) رەتی ئەوەی کردبووە بچێت لەگەڵیدا، بەڵام سووربوونی کەنعانی لەسەرخواستەکەی وای لێکردبوو کەرازی بکات و بچێت بۆوەزارەتی بەرگری. سەرچاوە (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) تألیف لیث عبدالحسن الزبیدي، ط٢، ١٩٨١ ، ص٣٢١.

[3] کەناڵی ئەبوزەبی ئاسمانی بەرنامەی (بین الزمنین) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا) ٢٠٠٢.

[4] پاش شۆڕش پۆستەکان بەم جۆرە دانران (زەعیم رکن احمد صالح العبدی) حاکمی سەربازی گشتی(کەلەپێشدا ئەم پۆستە درابووە عقید عبدالوهاب شەواف ، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان شەواف و عارف ئەم پۆستە درایە العبدی کەلەپێشدا پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپای هەبوو، زەعیم روکن عبدالعزیز العقیلی سەرکردەی تیپی (الفرقە) یەك، زەعیم روکن نازم تەبەقچەلی سەرکردەی تیپی دوو، زەعیم روکن خلیل سعید سەرکردەی تیپی سێ و زەعیم روکن محیالدین عبدالحمید سەرکردەی تیپی چوار، سەرهەنگ عبدالوهاب شەواف کرایە فەرماندەی

بێگومان کاتێك لیژنەی باڵا بڕیاری رووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی دابوو، بیریلەکێشەی بەدەستەوە دانی تەبریری سیاسی نەکردبووەبۆئەم کارە، وپاشان کەشۆڕش ئەنجام درا، هەربەخێرایی هەستیان بەوەکرد کەپێویستە لەسەردەستووری کۆن بمێننەوە، تا ئەوکاتەی ئەم دەستوورە بەشێوازێکی یاسایی هەڵدەوەشێنرێتەوە، بۆئەم مەبەستەش شارەزایانی یاسایی لەمەسەلەکەیان کۆڵییەوە و وادەرکەوت هەمووڵا کۆکن لەسەرهەڵوەشاندنەوەی دەستووره کۆنەکە، و بەو پێودانگەی میللەت رەتی کردۆتەوە ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی کەمیللەت پاڵپشتی شۆڕش بووە و واتە شۆرشیش بۆی هەیە ئەم کارە بکات، بۆیە خێرا پاش دوو هەفتە بەسەر ئەنجامدانی شۆڕش دا دەستورێکی کاتی داڕێژرا، تاجێگەی دەستوورەکەی پێشوو بگرێتەوە، ئەم دەستورەش لەلایەن لیژنەیەکی وزارییەوە داڕێژرا، بەو مەبەستەیلە ماوەی ئینتیقالی دەسەڵاتدا کاری پیٚبکرێت، تائەوکاتەی دەستورێکی نویٚ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوە دادەڕێژرێت، ئەم ئەنجومەنە میللەت هەڵی دەبژێرێت، بەڵام ئەو ماوە ئینتیقالییە دیاری نەکرا، کە چ کات کۆتایی دێت و هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەمەشدا نەشیان دەویست بەکاتێکی دیاری کراوەوە بیبەستنەوە، هەروەك چۆن لەمیسر رویداو ناچاربوون بیگۆڕن.[٥]

بەم جۆرەش چیدی پاساوێك نەمایەوە بۆدامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کەکاری دەسەڵاتی یاسادانان بکات و دەستوری نویٚ دابڕێژێت. دەکرێت لەم حاڵەتەدا قاسم ویستبێتی داڕشتنی

حامیەی موصل، کەئەم پۆستەی بەشێوازێك لەدورەستنەوە و پەراوێزخستنی خۆی دەزانی.. سەرچاوە(ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) تألیف لیث عبدالحسن الزبیدي، ط٢، ١٩٨١ ، ص ٣٢٠.

[٥] خدوری، مجید ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٩٢)

ئەودەستووره لەژێر چاودێری خۆیدابێت و رێگەنەدات دەستورێك دابڕێژرێت کەزیان بەسیاسەتەکانی بگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو کەسانە کەسانی یاسایی بوون وناتوانن شتێك بەسەرقاسمدا بسەپێنن کەرازی لەسەرنەبێت.. پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەڕووی کردەیشەوە کاتێك قاسم ئەنجومەنی سیادەی عێراقی کەلە سێ کەس پێك دەهات دامەزراند، پێدەچێت بەتەواوەتی فیکرەی‌دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لای نەیارەکانی‌سڕی بێتەوە، هەرچەندە قسەلەسەر ئەوە هەیە کەئەم ئەنجومەنە زیاتر شکڵی بووە و دەسەڵاتی ئەوتۆی نەبووە.

ئەو هۆکارانەی‌کەبووبەمایەی دروست نەبوونی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش:-

١-لەنێو ئەفسەرانی لیژنەی بالادا، بیروڕایەکی یەکگرتوو نەبوو، تاپێکەوە کۆیان بکاتەوە و لەچوارچێوەی ئامانجەکانیاندا بزاوتیان پێبکات، هەربۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا دەبینین سەرقاڵ بوون بەناکۆکی شەخصی و دەست خستنی پلەو پایەو دورخستنەوەی هاوڕێکانیان لەدەسەڵات.[1]

٢-نەبونی دۆکیۆمێنت و نوسراوی رەسمی لەنێوان ئەندامانی لیژنەی بالادا، بەتایبەت سەبارەت بەو ئامانج و خواستانەی کەبڕیاربووە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بهێنرێنە دی، بۆیە دەبینین ئەو ئامانجانە بەشاراوەیی ماونەتەوە و هەرکەسەو بەجۆرێك باسیان لێوە دەکات.[2]

---

١ مولود، د.محمد عمر(الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق) رسالة دكتورا، طبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل ، سنة ٢٠٠٠ ص ٧٣.

٢، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە.. بۆئەم باسە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە:

٣-نەبوونی هەماهەنگی لەنێو ریزەکانی لیژنەی بالآدا، ئەمەش دەرەنجامی نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بوو، بۆنمونە عەبدولکەریم قاسم وەك سەرۆکی ناوەندی بەغداد ئیعترافی پیٚکرابوو، نەك وەك پێشەوای بزووتنەوەکە.

٤-جیاوازی دیدو تێڕوانین و ڕکابەری لەنێوان پێشەوایانی لیژنەکەدا، دیاردەیەکی بەرچاوبوو، هەریەکە لەو پێشەوایانە دەیان ویست ژمارەی زۆری ئەفسەر بەلای خۆیاندا رابکێشن، بۆنمونە رکابەری توند هەبووە لەنێوان شەواف و قاسم بۆ ئەنجام دانی شۆرش،[٣] ئەمەش لەپێناو خاوەنداریێتی شۆڕش و پاوانکردنی دەسەلآت، وناوزەدکردنی شۆرش بەناوی ئەوەی کەشۆرشەکە ئەنجام دەدات، هەروەك چۆن لەدوایدا هەمان حاڵەت لەشۆڕشی ١٤ی تەموزدا رویدا..

* عبدالكريم قاسم رؤية بعدالعشرين نوسينى حسن العلوى ل(١٢٨) ١٩٨٣.
* العراق الجمهورى نوسينى دكتۆر مجيد خدورى ل(٤٣,٤٢) ١٩٩٧.
* مذكرات ناظم الطبقچلى نوسينى جاسم مخلص المحامى ل(٣٤٧,٣٤٦) ١٩٨٥.
[٣] خدوری. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٥١).

بنەما سیاسی و دەستورییەکانی کۆماری عێراق

ئە نجومەنی سیادە

پاش ئەنجام دانی شۆرش، مەسەلەیەکی سەرەکی وخێرا کە دەبوایە پەلەی لێ بکرایە، مەسەلەی سەرکایەتی کۆماری بوو، ئەمەش لەپێناو شەرعیەت دان بەو مەراسیم و بەیاننامانەی کەدەردەکران، پێش ئەنجام دانی شۆرش رێکەوتنێك هەبوو لە نێوان ئەفسەرانی ئازادیخوازدا کەدەسەلاتی سەرۆك کۆمار بدرێتە ئەنجومەنی سیادە، ئەمەش وەك پەیرەو کردنی بنەمای (سەرکردایەتی کردنی بەکۆمەڵ) و رێگرتن لە هەرجۆرە تاکرەوییەك لە دەسەلاتدا، هەربۆیەش بەیاننامەی دووەم بەئیمزای سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارە نیشتمانی‌یەکان دەرچوو کە تێیدا ئەنجومەنی سیادە پێك دەهێنێت :

بەیانی ژمارە (٢)

لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەرژوەندی گشتی دەیخوازێت و بەپشت بەستن بە بەیانی ژمارە (١) بە مێژووی ٢٦ی (ذی الحجة) ی ساڵی ١٣٧٧ بەرامبەر بە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بریار درا بە پێك هێنانی ئەنجومەنی سیادە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

١- فەریق روکن نەجیب روبەیعی (سەرۆك)

٢- بەرێز موحەمەد مەهدی کوببە (ئەندام)

٣-بەرێز خالید نەقشبەندی (ئەندام)

بەغداد لە بیست و شەشی مانگی (ذی الحجة)ی ساڵی ١٣٧٧ بەرامبەر بە ڕۆژی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨.[1]

---

[1] *موحەممەد نەجیب روبەیعی لە ساڵی ١٩٠٤ لەبەغداد لە دایك بووە، ساڵی ١٩٢٧ کۆلیژی سەربازی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٧ پلەی سەربازی (فەریق) ی وەرگرتووە، کاتێك شۆڕشی ١٤ی تەمموز رویدا باڵیۆزی عێراق بوو لە شانشینی عەرەبی سعودیە، کاتێك لەسەرەتای ١٩٥٨دا ڕەوانەی سعودیە کرا بەهۆی ئەوەی گومانی لێ دەکرا چالاکی دژ بەڕژێمی پاشایەتی هەبێت‌سەرەرای ئەوەی ناکۆکی هەبوو لەگەڵ نوری سەعید و عەبدولئیلا لەسەر دانانی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، کە(ئەم) پالێوراوی ئەم پۆستە بوو بەڵام (ئەوان) ڕەتیان کردەوە و لەبری ئەم براکەیان دانا واتە (حسیب الربیعی) .. شایانی باسە رۆژی ١٦ی تەمموز نەجیب روبەیعی گەڕایەوە بەغداد و پێشوازی گەرمی لێکرا لە فڕۆکە خانەی بەغداد..

*موحەممەد مەهدی کوببە ساڵی ١٩٠٠ لە سامەڕا لەدایك بووە، کەسێکی نەتەوەیی بووە و ساڵی ١٩٢٤ پەیوەندی کردووە بە پارتی نیشتمانی عێراقیەوە، پاشان بووەتە جێگری سەرۆکی (یانەی موسەننای کوڕی حارسەی شەیبانی) کەیانەیەکی نەتەوەیی بووە ،لە دوایشدا بووەتە سەرۆکی یانەکە، لەسەروبەندی بزوتنەوەکەی مایسی(١٩٤١)دا دەست گیر کراوە، بەشداری دامەزراندنی پارتی (الاستقلال) ی کردووەو بووەتە سەرۆکی، بەوە ناسراوە کە دژایەتی سەردەمی پاشایەتی کردووە.

* خالید عەبدولباست نەقشبەندی لەبنە ماڵەیەکی کوردی لە گوندی بامەڕنی سەر بە قەزای (العمادیە) ی موصلی ئەو کاتە لەدایك بووە، ساڵی ١٩٣٧ کۆلیژی سەربازی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٥ یش کۆلیژی ئەرکانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٠یش کۆلیژی مافی تەواو کردووە، پاشان وازی هێناوە لە خزمەتی سەربازی کەپلەی (مقدم رکن) ی هەبووە، ماوەیەك وەك (موتەسەریف)ی لیوای (هەولێر) کاری کردووە. سەرچاوە: تاریخ الوزارات العراقیة فی العهد الجمهوری، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩ ص٣٢,٣١.

یەکەم وەزارەتی عەبدولکەریم قاسم
لە سەردەمی کۆماریدا

پێش ئەوەی ئەنجومەنی سیادە دەست بەکاربێت ، مەرسومی یەکەم بەناوی ئەو ئەنجومەنەوە دەرچوو بوو کە مەرسومی ژمارە (١) بوو، تێیدا سەرجەمی دەسەلاتە سەربازی و مەدەنیەکانی لە دەستی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف دا کۆکردبووە، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

مەرسومی کۆماری ژمارە(١)

لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :-

١-دانانی زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم لە پۆستی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

٢-دانانی عەقید روکن عەبدولسەلام موحەمەد عارف لە پۆستی یاریدەدەری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

٣-پێویستە لەسەر وەزیری بەرگری ئەم مەرسومە جێ بەجێ بکات.

لەبەغداد نوسرا لە رۆژی بیست و شەشی مانگی (ذی الحجة) سالی ١٣٧٧ بەرامبەر بە رۆژی چواردەی مانگی تەمموزی سالی ١٩٥٨.

ئەنجومەنی سیادە

<u>ئەنجومەنی وەزیران</u>

بەم جۆرەش بەیان و مەراسیم لەلایەن (عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف)ەوە دەردەچوون، بەو پێودانگەی کەلە ئەنجومەنی سیادە دەرچوون، پاش دەرچوونی ئەم بەیانە ئەوکات خەلکی عێراق زانییان کە عەبدولکەریم قاسم سەرکردەی شۆڕشە، هەروەها وشەی

(نیشـتمانی) کەلەگـەڵ سـەرکردەی گشـتی هێـزە چـەکدارەکاندا دەهـات لەبەیانەکاندا، لابرا..

پاش ئەوە مەرسومی کۆماری ژمارە(٢) دەرچوو، کەتایبەت بوو بە پێك هێنـانی یەکـەمین وەزارەت لەسـەردەمی کۆماریـدا، کەلـە دوانـزە وەزیـر پێـك دەهات بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم ، مەرسومەکە بەناوی ئەنجومەنی سیادەوە دەرچوو.

مەرسومی کۆماری ژمارە(٢)

لەسەربنەمای ئەوەی کە سەرۆك وەزیران خستوویەتی‌یە بەردەست بڕیار ماندا بە :-

١- دانانی زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم بەسەرۆك وەزیران و بریکاری وەزیری بەرگری.

٢- دانانی عەقید روکن عەبدولسەلام موحەمەد عارف جێگری سـەرۆك وەزیران و بریکاری وەزیری ناوخۆ.

٣- دانانی بەڕێز موحەمەد حەدید بە وەزیری دارایی.

٤- دانانی دوکتۆر عەبدولجەبار جومەردبە وەزیری دەرەوە.

٥- دانانی بەڕێز مستەفا عەلی بە وەزیری داد.

٦-دانانی بەڕێز ئیبراهیم کوببە بە وەزیری ئابووری.

٧-دانانی دوکتۆر جابر عومەر بە وەزیری مەعاریف.

٨-دانانی بەڕێزناجی تالب بە وەزیری کارو باری کۆمەڵایەتی.

٩- دانانی بەڕێز بابا عەلی بە وەزیری گواستنەوە و ئیشغال.

١٠-دانانی بەڕێز فواد رکابی بە وەزیری ئاوەدان کردنەوە.

١١-دانانی دوکتۆر موحەمەد سالح مەحمود بە وەزیری تەندروستی.

١٢-دانانی بەرێز هەدیب حاج محمود بە وەزیری کشتو کاڵ

١٣-دانانی بەرێز سدیق شەنشەل بە وەزیری ئیرشاد.

پێویستە لەسەر سەرۆك وەزیران ئەم مەرسومە جێبەجێ بکات.

لەبەغداد نوسرا لە رۆژی بیست و شەشی مانگی (ذی الحجة) ی ساڵی ١٣٧٧ بەرامبەر بە رۆژی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨.

ئەنجومەنی سیادە

پەیوەندی نێوان ئە نجومەنی وەزیران و ئە نجومەنی سیادە

بڕیار وابوو کە ئەنجومەنی سیادە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری هەبێت، و ئەنجومەنی وەزیرانیش مومارەسەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن بکات، بەڵام ئەنجومەنی سیادە دەسەڵاتەکانی لە موصادەقەکردن لەسەر ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی وەزیران دای دەڕشت، کورت کرایەوە، بۆنمونە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارە دەرکراوەکانی دەنارد بۆ دیوانی ئەنجومەنی سیادە تا رەزامەندی لەسەر بنوێنێ، هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی سیادە لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا ئامادە دەبوون بەڵام بەزۆری بێ دەنگ دەبوون و گفتوگۆی مەسەلەکانیان نەدەکرد، بەڵام ئامادەبوونیان بەواتای موصادەقەکردن بوو لەسەر ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدا، بەواتایەکی تر زیاتر رۆڵی ئەنجومەنی سیادە رۆڵێکی پاشکۆیەتی بوو ، کارەکانیان کورت دەکرایەوە لەچالاکیپرۆتۆکۆلیدا، وەك پەسەند کردنی باڵیۆز و پێدانی پلە و نیشانە.

لەلایەن خۆشیەوە نەجیب ئەلروبەیعی سەرۆکی ئەنجومەنی سیادە لەبری هەردوو ئەندامەکەی تر ئیمزای مەرسومە کۆمارییەکانی دەکرد چونکە هەردوو ئەندامەکەی تر لە بەغدا دانەدەنیشتن، پێویستە بووترێت مەرسومە حەساس و گرنگەکان لە رۆژە سەرەتایەیەکانی شۆرشدا لە رادیۆوە پەخش دەکران و پاشان دەخرایە بەردەم ئەنجومەنی سیادە تا رەزامەندی لەسەر دەربڕن، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی ئەنجومەنی سیادە زیاتر رۆڵێکی شکڵی بوو و هیچ جۆرە هەژمونێکی سیاسی نەبوو بەسەر دەوڵەتدا، هیچ جۆرە رەت کردنەوەیەکیش روی نەدا لەو مەرسوم و بڕیارانەداکەلە ئەنجومەنی وەزیران یان سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەردەچوو دەخرایە بەردەم ئەنجومەنی سیادە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان بە منەتباری قاسم و عارف و عەبدولەتیف دەراجی دەزانی..[1]

---

[1] تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهوري، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩، تأليف مجموعة من الاساتذة سنة٢٠٠٠ص٣٠,٣١,٣٢,٣٣,٣٤,٣٩.

مەسەلەی یەکێتی عەرەبی

لە١٤ی شوباتی ١٩٥٨ (الاتحاد الهاشمی) نێوان عێراق و ئوردون ڕاگەیەنرا، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەك وابوو بۆدروست بوونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کەلەنێوان میسر و سوریاداو لەشوباتی هەمان ساڵدا هاتبوویە ئاراوە، یەکێتی نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئوردون لەوەزارەتێکی یەکگرتوو پێك دەهات، و نوری سەعید بووە سەرۆك وەزیرانی،[1] سەبارەت بەڕۆڵی ئەم یەکێتی‌یە لەبەردەم هەژمونی نەتەوەیی لەو سەردەمەداو وەستانەوە لەبەرامبەر یەکێتی نێوان میسرو سوریا کە خۆی لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا دەبینییەوە، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە یاداشتنامەیەکیدا کە لە ١٩٥٨/١/٢ ئامادەکرابوو لەم بارەیەوە دەنوسێت" تاکە ئەڵتەرناتیڤی کاریگەر لەم کاتەدا کەلە بەردەم یەکێتی ناسریدابوەستێتەوە بریتی‌یە لە یەکێتی هاشمی نێوان عێراق و ئوردون، و دەبێت لەم بوارەدا تەواوی هەوڵەکان بخەینە گەڕ بەمەبەستی سەرخستنی ئەم یەکێتی‌یە.." لەهەمان کاتدا مەبەستێکی تری دروست بوونی ئەم یەکێتی‌یە دەگەڕایەوە بۆ پارێزگاری کردن لە حوکمی بنەماڵەی هاشمی لە

[1] لە١٤/٥/١٩٥٨ نوری سەعید دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی کەکۆتایی هێنا بەهەڵبژاردنی نوێنەران و ئەنجومەنی نوێ کردەوە، لە١٩/٥/١٩٥٨ دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسەند کراو، نوری سەعید وەزارەتی یەکێتی عەرەبی هاشمی دامەزراند، ئەحمەد موختار بابان وەزارەتی لەعێراق تەشکیل کرد ،لەژێرسایەی یەکێتی عەرەبی هاشمیدا تاشۆڕشی ١٤ی‌تەموزی١٩٥٨.. شایانی باسە مەبەستی نوری لەم دەست لەکارکێشانەوەیەی لەسەرۆکایەتی وەزارەتە عێراقی‌یەکەی‌بریتی بوو لەوەی ببێتە سەرۆك وەزیرانی یەکێتی عەرەبی.. (سەرچاوە: العراق فی التاریخ، دانراوی کۆمەڵێك نوسەر، دار الحریة للطباعة ،١٩٨٣)

هـەردوو دەوڵـەتی عێراق و ئوردونـدا، ئەمـەش بـە پاڵپشتی رۆژئـاوا،[٢] پـاش شۆڕشـی ١٤ی تـەموزی عێـراق شاحسـێن بـووە سـەرۆکی ئـەم یەکێتی‌یـە تائەوەی عێراق بەڕەسمی لەم یەکێتی‌یەکشایەوەو بەم جۆرەش یەکێتی‌یەکە هەڵوەشایەوە.. [٣] رۆژی ١٩٥٨/٧/١٥ سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم لـە بەیانێکدا کشانەوەی عێراقی لەم یەکێتی‌یە راگەیاندو لە بەیانێکدا دەڵێت:" یـەکێتی نێـوان عێـراق و ئـوردون لەسـەر ئـەو شـێوەی کەلـە سـەردەمی دەسـەلاتی پێشـودا ئـەنجام دراوە، یەکێتی‌یـەکی راستـەقینە نـەبووە کـە لـە بەرژوەندی گەلی هـەردوو لا بێـت، بـەڵکو لـە پێنـاو پشتگیری کردنـی رژێمـی گەندەڵی پاشایەتی‌و دابەش کردنـی یەکێتی ریزەکانی عـەرەب بـووە، لەبەر ئـەوە حکومـەتی عێراقـی کشـانەوەی خـۆی لـەم یەکێتی‌یـە رادەگەیـەنێت، و هــەموو ئـەو ئیجرائـات و یاسـایانەش لـەم بـارەوە دەرچـوون هــەمووی هەڵدەوەشێتەوە..

پاش ئەوە سەرۆك وەزیران بەیانێکی دیکەی دەرکردو تێدا هاتووە:

" بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە کشانەوەی عێراق لـە یەکێتی عەرەبی(هاشمی) بڕیارماندا بە بەبەرزکردنەوەی ئالای عێراق لەسەر گشت بەرێوەیەرایەتی‌یە رەسمی و شێوە رەسمی‌یەکان"

سەرۆك وەزیران

---

[٢] تاريخ الوزارات العراقية، في العهد الجمهوري، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧/٢/١٩٥٩ ، تأليف مجموعة من الاساتذة، سنة ٢٠٠٠ ، ص٥٢.

[٣] المسيري، عبدالوهاب (الموسوعة السياسية) الطبعة الاولى، مارس ١٩٧٤، بيروت، لبنان،ص١٩)

هەرپاش ئەو وەزارەتی دەرەوە هەستا بە ئاگادارکردنەوەی سەرجەم دەستە دیبلۆماسی‌یەکان و نوێنەرایەتی‌یەکانی عێراق لە ناوەوە و دەرەوە لە بریارەکە..هەر لەو کاتەدا کە حکومەتی ئوردون سەرقاڵی داواکاری سەربازی بوو لەبەریتانیا لەپێناو رێگرتن لە دروست بوونی هەر بارێکی هاو شێوەی ١٤ی تەمموز لە عێراق، لەو کاتەدا حکومەتی‌کۆماری عەرەبی یەکگرتوو خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی بەم هەنگاوەی حکومەتی تازەی عێراق.[1]

شایانی باسە پاش جەنگی جیهانی دووەم ، عێراق رکابەری سەرەکی میسر بوو بۆبەدەستەوە گرتنی فەرمانڕەوایەتی عەرەبی، ئەم ڕکابەرییەش کاتێك توندتربوو کە میسر دەستی دایە دەستێوەردان لەکاروباری (هلال الخصیب) کەلەعێراقەوە درێژ دەبووە بۆڕۆژئاوا، ئەم بەشەلەجیهانی عەرەبیدا ناوچەیەك بوو عێراق گرنگی پێدەدا تاشێوازێك لەیەکێتی تێدا بهێنێتە ئاراوە، بەلاّم هەرهێندەی عبدالناصر بانگەشەی پێشڕەوایەتی عەربی کردو کۆماری عەرەبی یەکگرتووی دامەزراند لەنێوان میسر و سوریادا،[2] عێراقیش هەربەخێرایی بەرامبەری وەستایەوە لەو ساڵەداو

---

[1] تاريخ الوزارات العراقية، في العهد الجمهوري، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧/٢/١٩٥٩ ، تأليف مجموعة من الاساتذة، سنة ٢٠٠٠ ، ص٥٣.

[2] کۆماری عەرەبی یەکگرتووساڵی ١٩٦١ بەهۆی کودەتایەکەوە کەلەسوریا ڕویدا، هەڵوەشایەوە، پاش ئەوە لە٨/٣/١٩٦٣ بەعسی‌یەکان کودەتایەکیان ئەنجام دا و هاتنە سەرحوکم لە عێراقدا، بەلاّم چیدی جارێکی تر نەگەڕانەوە بۆکۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لەگەڵ ئەوەی جەمال عەبدولناصر ئەو کودەتایەی بەسەرکەوتنی یەکێتی خوازەکان وەسف کرد، هەرلەو کاتەشدا کەپارتی بەعس لەساڵی ١٩٦٣ هاتنە سەردەسەلاّتی عێراقی و لەهەمان کاتدا لەسوریاش حوکمیان بەدەست بوو، بەلاّم نەتوانرا یەکێتی‌یەك لەنێوان هەردوولادا (سوریا،عێراق) دروست بکەن، وەك ئەوەی بەردەوام بانگەشەیان بۆدەکرد،هەرچەند لەدوایدا ویسترا لەنێوان میسروسوریاو عێراق شێوەیەك لەیەکێتی پێك بهێنرێ و لە١٧/٤/١٩٦٣ ئیمزاکرا، بەلاّم بەهۆی ناکۆکی دەستەلاّت گرتن لەنێوان ناصرییەکان و دژەکانیان لەسوریا، هەوڵی کودەتایەکی شکست خواردوو دراو بووبەهۆی‌هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی‌یەکە لە١٨/٧/١٩٦٣ پاش ئەوە لەیادی ٢٢ی تەمموزدا،عەبدولناصر بەتوندی هێرشی کردە

ڕێوشوێنی دامەزراندنی یەکێتی نێوان عێراق و ئوردونی گرتەبەر، پێویستە بووترێ ئەم ڕکابەرییەی نێوان شارستانیەتی (نیل) و (دیجلە و فورات) ڕەهەندێکی مێژینەی تەقلیدی هەبووە، بەڵام لەم دواییانەدا گۆڕا بۆجۆرێك لەململانێی گرتنە دەستی پێشەوایەتی عەرەبی..[٣] یەکێتی نێوان عێراق و ئوردون یەکێتیەکی فیدراڵیبوو، کەهەردوو دەوڵەت پارێزگاری سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆیان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆی نێو دەوڵەتی مامەڵە و هەڵسوکەوتیان دەکرد...

لەوسەردەمەدا کوێت (کۆلۆنیالیەکی) بەریتانی بوو، نوری سەعیدی سەرۆکی یەکێتی هاشمی هەوڵیدا تاقەناعەت بەبەریتانیا بکات کەسەربەخۆی بداتە کوێت، ئەمەش وەك پێشەکییەك تا کوێت پەیوەست بکات بە یەکێتی عەرەبی نێوان (ئوردون و عێراق)ەوە، ئامانجی سەرەکیشی لەم کارە دابین کردنی خەرجییە داراییەکانی ئوردون بوو، لەسەربنەمای داهاتی کوێت.. شایانی باسە دانوستانی نێوان عێراق و بەریتانیا درێژەی هەبووبەڵام شۆڕشی ١٤ی تەموز ڕوویدا، یەکەم کاری حکومەتی تازە، دەرچونی عێراق بوو لەو یەکێتییەو بەم جۆرەش یەکێتییەکە لەبنەڕەتەوە هەرەسی هێنا.. شێخی کوێت نەیاری فیکرەی پەیوەست بوونی کوێت بوو بەم یەکێتییەوە و زۆر دڵخۆش بوو بەهەڵیسانی شۆڕش و لەباربردنی پێشنیارو سیاسەتەکەی نوری سەعید سەبارەت بەکوێت..

سەرسەرکردەکانی پارتی بەعس و بەوەشی وەسف کردن کەکشاونەتەوە لەپرۆژەی یەکێتی نێوان وڵاتانی عەرەبی..(سەرچاوە: العراق الجمهوري، د. مجيد خدوري، ص ٢٧٨,٢٧٧)

[٣] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ٢٩٩.

لەراستیدا کەم و کورتی مەترسیدار لەم یەکێتییەدا، نەبوونی ڕای گشتی گەلیعێراق بوو لەگەڵیدا، لەگەڵ ئەوەی ئەم یەکێتییەبەربەستێکیش بوو لەبەردەم فراوان کردنی یەکێتی نێوان میسر و سوریادا ڕووەو ناوچەکانی کەنداو.. [1] ئەمە یەکەم پرۆسەی یەکێتی عەرەبی بوو لەنێوان عێراق و وڵاتێکی تردا، کەلەکاتێکدا ئەنجام درا عێراق ئەندام بوو لەپەیمانێکی تردا بەناوی پەیمانی بەغداد، بەسەرکەوتنی شۆڕشە ئازادیخوازییەکانیش لەسەردەستی تازە پێگەیشتوانی وڵاتانی عەرەبی و دژایەتی کردنی ئیستعمارو دروست کردنی یەکێتییەکی عەرەبی، ئەم بارەش تەوژمێکی نوێی هێنایە ئاراوە، کاتێکیش شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ لەمیسر ڕوویدا، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەرعێراق، ئەمەش بەپێودانگی پێگەی مێژووی و جیۆسیاسیو ئابووری عێراق و وای کرد تاچیدی شۆڕش لای عێراقی یەکانیش ببێتە خولیاو، لەم نێوەشداو لەچوارچێوەی ئەو ڕکابەرییە نهێنییەی نێوان هەردوولا، عێراق بگەڕێتەوە ئاستی میسر و تەنانەت چاویشی لێبکرێت... مەسەلەی یەکێتی نێوان میسرو عێراق، تەوەرێکی سەرەکی ئەم باسەبوو لای عێراقییەکان، بەتایبەت ناسیونالیستەکان، هەرئەمەش وای کرد ببێتە خاڵێکی ناکۆك لەنێوان دەسەڵاتدارانی تازەی شۆڕشداو لەوبەرەنجامەشەوە چەندان کارەساتی ناهەمواری لێبکەوێتەوە، دیارە ململانێکەش بەڕووکەش ئەم خواستەی هەڵگرتبوو وەگەرنا لەحەقیقەتدا شەڕی دەسەڵاتی تیادا شارابوویەوە..

[1] کەناڵی ئاسمانی ئاسمان ئەبو زەبی بەرنامەی (بين الزمنين) ئامادەو پێشکەش کردنی احمد مهنا، ٢٠٠٢

لەساڵی ١٩٢١ کاتێك دەوڵەتی عێراق دامەزرا، پێکهاتە سیاسی‌یەکەی دابەش بوو بوو، بەسەرلایەنگرانی عێراقێکی سەربەخۆ،کەپەیوەست بوو بەهاوکاری پتەو لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی عەرەبیداو، لەگەڵ هەندێکی تر کەپێیان وابوو دەبێت یەکێتی‌یەکی عەرەبی کشتگیربێتە ئاراوە و سەرجەمی وولاتانی عەربی بەعێراقیشەوە تێیدا بتوێتەوە، چونکە پێیان وابوو ئەو وڵاتانەکەدروست بوون کیانی سیاسی دروست کراون، بەدەر لەم حاڵەتەش زۆربەی پێکهاتەکە لەگەڵ مانەوەی عێراقێکی سەربەخۆدابوو،[٢] هەرچەند ئەم زۆرینە نەیتوانی وەك پێویست پارێزگاری لەپێکهاتەی عێراقێکی یەکگرتوو بکات، بارەکە بەهێواشی دەڕۆیشت تائەوەی لەسەرەتای ١٩٥٨ دا یەکێتی نێوان میسرو سوریا ڕاگەیەنرا، ئیتر لێرەوە نەتەوە پەرستەکان حەماسەتیان کڵپەی سەندو داوای کیانێکی عەرەبی یەکگرتوویان دەکرد، ئەم مەسەلەیەش بەجدی خۆی پێشنیازکردبوو لە گفتوگۆکانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازدا پێش سەرکەوتنی شۆڕش، بەڵام لیژنەکە بڕیاری پەیوەستی خێرای نەدا بەو یەکێتی‌یەی لەنێوان میسرو سوریادا هەبوولەحاڵەتی سەرکەوتنی شۆڕشدا، تەنها بەوە کۆتاییان بەمەسەلەکە هێنابوو کەیەکگرتنی عەرەبی ئامانجێکی چارەنوسسازەو پێویست دەکات بەپێی قۆناغ هەنگاوی بۆهەڵبگیرێت، مەگەر تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەشۆڕش سەربکەوێت و لەو ئەنجامەشەوە مەترسی ئەوە هەبێت لەلایەن وڵاتێکەوە هێرش بکرێتە سەرعێراق وهەوڵی گەرانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بدرێت، ئەوکات دەکرێت لەوەها حاڵەتێکدا

---

[٢] بۆدرێژەی ئەم بابەتە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (التاثیرات الترکیة في مشروع العربی في العراق) نوسینی حسن العلوی..

داوای یەکگرتنی خێرا بکرێت لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا،[1] ئەوە کۆتاخاڵ بوو کەئەفسەرانی ئازادیخواز پێی گەیشتبوون و دیارییان کردبوو، چاوەڕوانیش نەدەکرا مەسەلەکە دوای شۆڕش ببێتە یەکەم گورزی کوشندەو لە دەسەڵاتی‌تازەی سیاسی و سەربازی عێراق بدرێت و هەوڵی‌کودەتا بدرێت بەسەرشۆڕشدا...

پاش شۆڕش بە چەند ڕۆژێك پارتی بەعس پێشنیازی یەکگرتنی خێرای کرد لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا، ئەمەش وەك مەسەلەیەکی هەنووکەیی زۆر گرنگ،[2] بەم جۆرەش دەرکەوت کەهێشتا پێکهاتەی عێراق لەبارنیە بۆ لەئامێز گرتنی گۆڕانکارییەکی لەم جۆرە کەشۆڕشی ١٤ی تەموزبوو، بەڵام لەوکاتەدا پارتی بەعس ئەم مەسەلەی لەوەدا قۆستبویەوە کەحکومەتی کۆماری تازەدروست بووی عێراق، لەبەرمەترسی دەرەکی دەیویست بەزویی پشتگیری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەستی خۆی بخات، و لەبری ئەوەش بەعسی‌یەکان دەیان ویست ئەم پشتگیرییە ببێتە یەکگرتن و کاریان بۆئەم مەسەلەیەش زۆرکرد، لەم نێوەشدا لەسەردوو بنەما کاریان دەکرد، لەلایەك ڕاکێشانی عبدالسلام عارف بەلای خۆیاندا و

---

[1] کەناڵی‌ئەبو زەبی بەرنامەی (بین الزمنین) کۆتایی ٢٠٠١.

[2] هەرلەو ساتانەدا واتە لەهەفتەی یەکەم و دووەمی پاش شۆڕش (مێشێل عەفلەق) لەئوتێل بەغداد ،کۆبونەوەی لەگەڵ پارتی بەعس کردبوو، داوای لێکردبوون دروشمی یەکگرتنی خێرا بەرزبکەنەوە،ئەم جۆرە دروشمانەیان خستە سەرشەقامەکان و لایەنگرییان لێ‌دەکرد ،لەبەرامبەریشدا شیوعی‌یەکان دروشمی یەکێتی‌یەکی فیدرالیان هەڵگرتبوو، بەڵام لەڕاستیدا هیچ یەك لەم دروشمانە نەلەبەرنامەی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا هاتبوو، نەلەبەرنامەی بەرەی یەکێتی نیشتمانیدا هاتبوو، بەڵکو ئەم دروشمە بووبووە ڕەمزێك بۆ ململانی‌کردن لەسەر دەسەڵات، لێرەدا ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان بەدەردەکەوێت لەقوڵ کردنەوەی ناکۆکی نێوان سەرکردەسەربازییەکان و شکانەوەی بەقازانجی خۆیان.

جیاکردنەوەی لەقاسم [٣] و لەلایەکی تریشەوە سازدانی پێگەی جەماوەری بۆئەم مەبەستە و بڵاوکردنەوەی دروشم و داواکاری لەسەر ئەم خواستە. [٤]

عبدالسلام وەك کەسایەتی دووەمی شۆڕش پاش قاسم، یەکگرتنیخێرای لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کردە دروشمی بانگەشەکانی و ئەمەش بەمەبەستی گەیشتن بوو بەدەسەڵاتی یەکەمی عێراق و دروست کردنی پێگەی جەماوەری بوو بۆخۆی، [٥] هەربۆیەش خێرا وەڵامی ناسیۆنالیست و بەعسی یەکانی دایەوە و بڕوای وابوو کەهاوڕێکانی لەلیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز کۆکن لەسەر ئەم مەسەلەیە و تەنانەت بەو جۆرە دەیڕوانییە مەسەلەکە کەکۆتایی هاتوە و پێویست ناکات

---

[٣] بەعسی یەکان زۆرکاریشیان لەسەر ئەوە کرد کەعەبدولسەلام خاوەنی شۆڕشەو ئەو شۆڕشی کردووە، و هاتۆتە ناوبەغداد و دەستی گرتووە بەسەر سەرجەم شوێنەکاندا، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو کە عارف هەست بەوە بکات مافی خوراوەو لەو پێناوەشدا لەهەوڵی ئەوەدابێت ببێتە دەسەڵاتی یەکەم لەعێراق،دیارە ئەمەش بەپاڵپشتی ئەو جەماوەرەی کەبەعسی و نەتەوەپەرستەکان بۆیان کۆکردبوویەوە..

[٤] لە گفتۆیەکی تایبەتی شەش ئەڵقەییدا، لە ژێر ناوی(قمة الهاوية) کە کەناڵی ئاسمانی(LBC) لەگەڵیدا سازی کردبوو لە مانگی نیسان و مایسی ٢٠٠٣دا، (صلاح عمر العلي) ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردەی بەعسی عێراقی دەڵێت: ناکۆکی نێوان قاسم و عارف بە پلەی یەکەم سەرەتا لە پارتە سیاسی یەکانەوە سەرچاوەی گرت، چونکە ئەم پارتانە کەخۆیان لەبەرەی یەکێتی نیشتمانیدا دەبینییەوە پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز، لەبەیانی دامەزراندنیدا زیاتر داواکاریان هەبوو نەك روخانی رژێمی پاشایەتی و هەوڵدان بۆی، هەربۆیەش کاتێك شۆڕش رویدا، ئەم پارتانە کۆبونەوەیەکیان ئەنجام نەدا بۆ دیاری کردنی زەرورەتی قۆناغەکەو بەرنامەی کاریان، بەڵکو هەریەکەیان هەوڵیان دا زیاتر لە دەسەڵات نزیك ببنەوە و لە پرۆژەی حزبی بەرامبەر بدەن، لەم بەرەنجامەشەوە کاتێك ناکۆکی سەری هەڵدا لە نێوان ئەفسەراندا، ئەم پارتانە باشترین زەمینە بوون بۆ قوڵ کردنەوەی کێشەکان و راکێشانی باڵە ناکۆکەکان بەلای خۆیاندا..

[٥] عەبدولسەلام عارف باوەڕی بەیەکێتی نێوان کۆماری عەرەبی یەکگرتوو عێراق نەبوو، بەڵکو ئەم دروشمەی بەکارهێناوە بۆروخانی دەسەڵاتی قاسم، تەنانەت بۆڕاستی ئەم مەسەلەیە دەتوانین ئاماژە بدەینە ئەو حەقیقەتەی کەلەساڵی ١٩٦٣ هەتا١٩٦٦ کەسەرۆك کۆماری عێراق بووە، هیچ جۆرە یەکێتی یەکی ئەنجام نەدا لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا.. (ثورة ١٤تموزفي ١٩٥٨ في العراق) تالیف لیث عبدالحسن الزبیدی سنة ١٩٨١ ص٣٥٢.

سەرلەنوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پیٚی وابوو گەرتوانیبێتی رای گشتی بۆخۆی دەستەبەر بکات، ئەوکات نەیاری لەنێو ژەنراڵەکاندا نابێت، بەڵام لەڕاستیدا هەڵەیەکی گەورەی کرد، کاتێک ویستی تێڕوانینی خۆی بسەپێنێ بەسەردەورو بەریدا بێ ڕاوێژکردن..[1]

رۆژی ١٧ی تەموز هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، سەردانی عبدالسلام عارف دەکات لەبارەگاکەیدا و باس لەپێداویستی و داواکاری‌یەکانی ئەو وەفدە دەکرێت کەبڕیارە بەسەرپەرشتی عارف رۆژی ١٨ی تەموز سەردانی کۆماری عەرەبی یەککگرتوو بکات و چاوی بکەوێت بەجمال عبدالناصر، لەوکاتەدا عارف ئەو هەلەدەقۆزێتەوە و باس لەهیواو ئاواتەکانی دەکات کەلەدیدارەکەی عبدالناصردا بڕیارە باسی لێوە بکات و هەوڵی هێنانەدی بدات..

رۆژی ١٨ی مانگ وەفدەکە بەڕێکەوت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بەگرنگی‌یەوە باسیان لە سەردانەکە کرد، لەرۆژی ١٩ی تەموز راگەیەنرا کە وەفدی کۆماری عەرەبی یەککگرتوو و وەفدی عێراقی لەسەر ئەم خاڵانە رێکەوتوون:

١-داکۆکی کردن لەسەر ئەو بەڵێننامە و پرۆتۆکۆلانەی هەردوو لا پێکەوە دەبەستێتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە جامعەی وڵاتانی عەرەبی و پرۆتۆکۆلی بەرگری هاوبەشی نێوان وڵاتانی عەرەبی.

٢-دوپات کردنەوەی ئەوەی کەهەردوو حکومەت رایان گەیاندووە لەپەیوەندی پتەوی نێوانیان سەبارەت بەهەڵوێستی‌نێودەوڵەتی و سوربوونیان لەسەرئەوەی وەك یەك وڵات بوەستن بۆپارێزگاری کردن دژ

---

[1] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ١٢٤,١٢٥.

بەهەرهێرشێك كە دەكرێتە سەریان، یان هەریەكێكیان بێت و لەهەمان كاتدا گرتنە بەری ڕێوشوێنی خێراو كرداریی لەو حاڵەتانەدا كەپێویست دەكات.

٣- هاوكاری تەواو لەنێوان هەردوو وڵات وكاركردن لەسەر پشتگیری پرۆتۆكۆلی نەتەوەیەكگرتووەكان و پشتگیری ئاشتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، ئەمەش وەك هاوكارییەكی نێودەوڵەتی نێوان هەردوولا.

٤- گرتنەبەری هەنگاوی خێرا بۆگەشەی هاوكاری و رۆشنبیری نێوان هەردوو لایەنی كۆماری عەرەبی یەكگرتوو و عێراق.

٥- هاوكاری و ڕاوێژكردنی بەردەوام لەنێوان هەردوولا لەسەرجەم ئەو كاروبارانەی جێی گرنگی هەردوو لایە.[٢]

هەرچەند لایەنگرانی عارف و نەتەوەپەرستەكان ئەم ڕێكەوتنەیان بەپشتگیرییەكی مەزنی عەبدولناصر دەدایە قەڵەم لەكۆمارێكی تازە دروست بوو كەنەدەزانرا داهاتووی چۆن دەبێت و زۆر وڵات دانیان پێدانەنابوو، بەڵام وادەردەكەوێت كەعارف سەركردایەتی وەفدەكەی كردبوو، زۆر موعجەب بووبوو بەكەسایەتی عەبدولناصر، و بەڵێنی پێدابوو عێراق گرێبدات بەكۆماری عەرەبی یەكگرتووە، كاتێكیش جمال عبدالناصر

---

[٢] لەوكاتەدا لەنوسینگەكەیدا، عارف پەلاماری دەمانچە دەدات لەقاسم تابیكوژێت و لەو هەوڵەیدا شكست دێنێ، قاسم پێیدەڵێت:- عبدالمجید فرید موڵحەقی سەربازی جمال عبدولناصر لێرە بووە بروسكەیەك دەكات بۆ عەبدولناصر وسەبارەت بەتۆ پێی دەڵێت: چاوم كەوت بەعەبدولسەلام عارف وپێی ڕاگەیاندم كەیەكگرتنێكی خێرای دەوێت و بۆئەم مەبستەش قسە لەگەڵ عەبدولكەریم قاسم دەكەم تارازی بكەم، خۆگەر رازی نەبوو ئەواخۆمانی لێدەرباز دەكەین!! دیارە دەكرێت هاتوچۆی موڵحەقی سەربازی عەبدولناصر بۆلای عارف بەتەواوی ئەو گومانەی لای قاسمدا روست كردبێت لەو ڕۆڵەی جەمال عەبدولناصر دەیگێڕێ سەبارەت بەدەسەڵاتەكەی، كەلەدوایشدا ئەم كەسایەتیەیە ڕۆڵی گەورەی گێڕا لەسازدانی جوڵانەوەكەی شەواف و ئاراستەكردنی بەو ئاقارەی كەعەبدولناصر دەیویست.. هەروەها هەواڵی ئەوەش بەقاسم گەیشتبوو كەلەكاتی سەردانەكەی بۆ قاهرە عارف و عەبدولناصر بۆماوەیەك دوو بەدوو كۆبوونەتەوە بێ ئامادەبوونی هیچ یەك لەئەندامانی وەفدی هەردوو لا.. سەرچاوە: (ثورة الشواف في الموصل)تألیف العمید المتقاعد خلیل ابراهیم حسین الجزء الاول ، الطبعة الاولى ١٩٨٧، ص ٧٦,٧٤.

پرسیاری ئەوەی لێکردبوو ئایا چارەنووسی قاسم چی دەبێت گەریەکگرتن رووبدات؟ عبدالسلامیش لەوەلامدا زۆربەخێرایی ووتبووی چارەنوسی هەرهەمان چارەنوسی (لیوا محمد نجیب) دەبێت![1] ئەم ووتو ێژە نهێنییەی نێوان عارف و عبدالناصر پێش گەڕانەوەی عارف بۆبەغداد گەیشتبووە قاسم، هەربەم جۆرەش قاسم بڕیاری دا دەسەلاتەکانی عارف کەم بکاتەوە و هەندێك لەبەرپرسیارێتی‌یەکانی لێ وەربگرێتەوە..[2]

هەرهێندەی عارف گەڕایەوە بەغداد، قاسم بەوە تاوانباری کرد کە لەئاستی بەرپرسیارێتی خۆی دەرچووە و هەستاوە بەدانوستان سەبارەت بەمەسەلەی یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، هەرچەند عەبدولسەلام عارف ئەم قسەی عەبدولکەریم قاسمی ڕەت کردەوە، بەلام لەدوایداو لەئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی عەبدولسەلام عارفەوە، بەتەواوی مەسەلەکە ئاشکرابوو، بۆنمونە لەجەولەکانیدا ڕەخنەی لەسیاسەتەکانی قاسم دەگرت لەڕووی خزمەتگوزارییەوە سەبارەت بەگرنگی دانی بەهەندێ ناوچەو پشتگوێ خستنی هەندێك شوێنی تر، ، هەروەها لەووتارەکانیدا کە زۆر حەماسی بوون سلاوی عەبدولناصری بە خەڵکیدەگەیاند و دەکەوتە وەسف کردنی عەبدلناصر، بەلام زۆر بەدەگمەن گەرجارجارە ناوی قاسمی بهێنایە، لەهەمان کاتدا لەو جەولانەدا، وەزیری گەشەپێدان (فوئاد الرکابی)کەپێشەوای بەعسییەکان بوو هەمیشە لەگەڵیدابوو، ئەرکەکەشی بریتیبوو لەوەی عارف هان بدات تالە وتارەکانیدا باس لەیەکێتی عەرەبی

[1] لیوا محمد نەجیب سەرکردەی شۆڕشی میسری ٢٢ی یۆلیۆی ١٩٥٢، عەبدولناصر لای خست و خۆی جێگەی گرتەوە و بوویە سەرۆکی شۆڕش، پێدەچێت عارف هەمان پلانی بۆقاسم داڕشتبێ دوای شۆڕش..
[2] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ١٢٥.

بكات و ڕای جەماوەری بۆكۆبكاتەوە.[٣] تائەوەی مەسەلەكە هێند تەشەنەی سەند، كە عارف لە١٩٥٨/١١/٤ دەستگیربكرێت..

لەگەڵ دەستگیركردنیدا (نەتەوەپەرستەكان و بەعسی‌یەكان) تارادەیەك پاشەكشەیان پێكرا و شیوعییەكانیش دەستیان دایە چالاكیو دژایەتی كردنی نەتەوەپەرستەكان و بەعسی یەكان[٤] بەو پێودانگەی كە ڕەمزەكەیان واتە عارف دەستگیركراوەو چیدیگوتاری ئەمانیش شكستی هێناوە. لێرەوە عێراق چووە قۆناغێكی نوێوە، لەسەرئاستی دەرەكیو لەوتارەكانیداو لەدەزگاكانی ڕاگەیاندنەو عەبدولناصر بەتوندی هێرشی دەكردە سەرقاسم و بەدژایەتی كردنی یەكێتی عەرەبی وەسفی دەكرد، لەهەمان كاتیشدا لەسەرئاستی ناوخۆیی لایەنگرانی عارف دەستیان دایە دارشتنی پلانی خۆدەربازكردن لەقاسم و حوكمەكەی و لەم نێوەشدا پارتی بەعس خۆیان كردە خاوەنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵكیان لەدژی قاسم هان دەدا، لەهەمان كاتدا شیوعییەكانیش لەبەرامبەر نەتەوەیی و بەعسی‌یەكاندا وەستانەوە لەكاتێكدا قاسم خۆی بەشیوعی نەدەزانی و تەنها مەسەلەكە ڕاگرتنی هاوسەنگی باری ململانێكە بوو. بەڵام لەئاكامدا

---

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٢٥)

[٤] مەبەستم لەبەكار هێنانی هەردوو وشەی بەعسی و نەتەوەپەرستەكان ئەوەیە كە پێش ئەوەی بەعس وەك حزبێك جموجوڵ و چالاكی بنوێنێت، ژمارەیەكی زۆر لەئەفسەران بەهەستێكی نەتەوەییەوە و تەنانەت هەندێك جار توندڕەوانەش كاریان دەكرد، كاتێكیش كە بەعس وەك حزب كاری كرد ئەوان نەبونە بەعسی و درێژەیان بەكاری خۆیان دا، باشترین بەڵگەش لەم نێوەدا مەسەلەی دورخستنەوەی بەعسی‌یەكان بوو لە دەسەڵاتی عێراقی لە كۆتایی ساڵی ١٩٦٣ كە بەشداری گەرم و گوڕی كودەتای ٨ی شوباتی ئەو ساڵەیان كرد، بەكورتی لە عێراقدا بەعس نوێنەرایەتی تەییاری نەتەوەیی نەكردووە بەتەواوی، بەتایبەت لەناوڕیزی سوپادا، لەبەرئەوە دەبێت حساب بۆ هەردولا بكرێت لە ناو هێنانیاندا.

شیوعی‌یەکان سنوری خۆیان تێپەڕاند و تاوانبار کران بەقەسابخانەکانی موصل و کەرکوك، تاگەیشتنە ئاستێك مەترسیش بۆسەر خودی قاسم دروست بکەن، ناچار پاش سەرکوت کردنی نەتەوەپەرستەکان و بەعسی‌یەکان و ڕوداوەکانی موصل و کەرکوك، وسود وەرگرتن لەشیوعییەکان، لەسەرەتای ساڵی دووەمی شۆڕش، قاسم سنورێکی دانا بۆشیوعی‌یەکانیش.. چونکە هۆکاری توندتر بوونی مەسەلەکان بەپێی ڕای زۆرێك لەلێکۆڵەرەوەکان بریتی بوون لەشیوعی‌یەکان و هێزەکانی(بەرگری میللی)کەشیوعی‌یەکان زاڵ بوون بەسەریاندا،.[1]

بەم جۆرەش عێراق لەکاتێکدا بەقۆناغێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕی، قۆناغێك کە پێویستی بەوە هەبووسەرلەنوێ نێومالّی عێراقی ڕێك بخرێتەوە، هەوڵی ئەوە بدرێت ئەو زوڵم و ستەمەی لەخەڵکی کراوە بەزوویی ڕابماڵرێت و پەرە بەپرۆژەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە بدرێت، نمونەیەکی جوان پێشکەش بکرێت؟ بەڵام بەداخەوە مەسەلەکەسەرجەمی پێچەوانە بووە، ئەوانەی خەونیان بەعێراقێکی کۆماری دیموکراسیەوە دەبینی، هەربەخێرایی خەونەکەیان زیندەبەچاڵ بوو، بارەکە بەئاقارێکدا گوزەرا، تاخەڵکی خۆزگەی بەحوکمی پاشایەتی دەخواست و لەهەندێ ڕووەوە حوکمی پاشایەتی بەباش بزانن[2] لەبەرەنجامی ئەو جۆرە مەسەلانەی

[1] بۆنمونە دروشمی (خمس بالشهر مات والبعثیة) یان بەرزدەکردەوە، لەکاتی دەستگیرکرانی نەیارانی قاسم لەنەتەوەیی وبەعسی‌یەکان دروشمی (اعدم ! اعدم! جیش والشعب ویاك، لاتقول ماکو وقت، اعدمهم اللیلە)یان بەرز دەکردەوە..

[2] لەدیدارێکی تەلەفزیۆنیدا مامۆستا بەهادین نوری کەسکرتێری حزبی شیوعی بووە لەنێوان ساڵانی١٩٥٠، ١٩٥٣ و سیاسی‌یەکی سەردەمی دەسەڵاتی قاسم ، ئامـاژەی بەوەدا، هەندێك لەمەسەلەکانی‌دیموکراسی و مومارەسەی کاری حزبی و دەرکردنی ڕۆژنامە، لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا باشتربووە، دیارە ئەمەش بەو پێودانگەی کەمومارەسەی سیاسی دەسەڵاتی تازە لەئاستی پێویستدا نەبووە، وەك

کــــەزەرورەتی هـــەل و مـــەرجی سیاســـی و ئـــابوری عێـــراق نـــەبوون، سەرکردەسیاسـی‌یەکان دەسـتیان دایـە ململانـێ و نـەیاری کردنـی یـەکترو سەرکردەسـەربازییەکانیش دەسـتیان دایـە داڕشـتنی پلانـی کودەتـاو بەسـەرکودەتادا، تائـەوەی زۆر بەتـەواوی ئـەو پێشـبینی‌یەی نـوری سـەعید بێتـە دی، کاتێـك لەگەرمـەی گفتوگـۆدا دەبێـت لەگـەڵ (رفعـت الحـاج سـری) پـێش خانەنشـین کردنـی، وپـێی دەڵێـت ((وام پـێ‌گەیشـتووە کـەتێوەگلاوی لـەپیلانێك دژ بـە دەسـەڵاتی پاشـایەتی، ئایـا ئەمـە ڕاسـتە؟ لەبەرامبەریشـدا (سـری) هەربـەخێرایی ئـەم قسـەیە ڕەت دەکاتـەوە و نـوریش دەڵێـت:- گـوێم لێبگرە، گەربێتو پلانەکەتان سەربگرێ، ئەوا ململانێ‌یەکی توند لەنێوانتانـدا دروسـت دەبێـت، ململانێ‌یـەك کۆتـایی نایـەت هـەتا هەنـدێکتان لەسێدارە نەدەن)) بەڕاستی پـێش بینی‌یەکـەی ڕاسـت دەرچـوو، هەرهێنـدەی شـۆڕش سـەرکەوت و ناکۆکی‌یـەکان سـەریان هەڵـدا، ئـەوەی یەکـەم کـەس لەسێدارە درا خودی (رفعت الحاج سری) بوو.[3]

لـەکۆتایی ئـەم باسـەدا دەمـەوێت ئامـاژە بدەمـە ئـەوەی کەمەسـەلەی یـەکێتی عـەرەبی و یـەکگرتنی خێـرای نێـوان عێـراق و کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو، کاتێـك لەلایـەن بەعسـی و نەتەوەپەرستەکانەوە وروژێنـرا،زۆرلا لەم مەسەلە کەڵکیان لێوەرگرت:

١-قاسـم بـەکاری دەهێنـا بۆسـەرکوت کردنـی نـەیارەکانی و ئەوانـەی کـە هەڕەشەی جدی‌بوون بۆسەردەسەڵاتەکەی.

ئەوەی چاوەڕوانی لێدەکرا، (بەرنامـەی ڕووبینـا، تەلـەفزیۆنی یـەکگرتوو، کـەناڵی سلێمانی، مـانگی مارسـی ٢٠٠٢.

[3] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٢٣.

٢-لەڕێگەی ئەم مەسەلەوە عەبدولناصر دەیویست عێراق بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و ئەویش بخاتە پاڵ سوریاوە..

٣-ئەمریکا بەپشتگیری و هاندانی ناڕاستەوخۆی عەبدولناصر دەیویست تەك بەهەژمونی بەریتانیا لەناوچەکە هەڵچنێ و عێراق بخاتە چوارچێوەی هەژمونی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە..[1]

٤-شیوعی‌یەکان دەیانویست نەیارەکانیان سەرکوت بکەن و ڕێگە خۆش بکەن بۆگەیشتن بەدەستەڵاتی عێراق.

٥-ژەنراڵە نەتەوەییەکان دەیان ویست تۆڵەی خۆیان لەقاسم بکەنەوەولەدەسەڵات لایبەرن، لەبەرئەوەی لەدەسەڵاتدا پەراوێزی خستوون.

٦-عەبدولسەلام عارف دەیویست لەکۆماری چاوەڕوان کراوی عێراق و عەرەبی یەکگرتوودا ببێتە جێگری عەبدولناصر.

٧-بەعسی‌یەکانیش دەیانویست بیکەنە یەکەم هەنگاوی دروستکرنی ناسیۆنالیزمێکی نیونەتەوەیی عەرەبی و وڵاتانی تری لەژێریدا کۆبکەنەوە..

بەڵام لەڕاستیدا ئەو پرۆژەی لەو کاتەدا بەعسی و ناسیۆنالیستەکان هەڵیان گرتبوو(یەکگرتنی خێرای نێوان عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو) نەك خزمەتی بەم ئامانجە نەکرد بۆداهاتوو، بەڵکو بویە سەرەتایەکی شکست خواردوو بۆزۆر هەوڵی تری لەم چەشنە و دەیان جۆری تریش..

---

[1] بۆدرێژەی ئەم باسە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆکتێبی (المقايضة: برلين-بغداد ، الخلفية التاريخية لحرب لم تنته بعد) نوسینی نجم محمود ، منشورات الغد. سنة ١٩٩١.

گەڕانەوەی گەیلانی و هەوڵی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو

بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١ بزاوتنێکی بوێرانە بوو لەبەرامبەر سیاسەتە کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیا و دەستێوەردانەکانیدا وەستایەوە، [٢]کەبەردەوام ئەم ڕۆڵە لەعێراقدا ڕوو لەزیاد بوون بوو، هەروەها هەوڵێکیش بوو بۆبنەبڕکردنی ڕەگ و ڕیشەی کۆلۆنیالیزم کەجڵەوی حوکمی لەدەستا بوو.. بەم جۆرەش دەبینین بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١ بەرهەڵستی گەورەترین هێزی زەبەلاحی جیهانی دەکرد لەو سەردەمەدا.[٣]

دیارە بوونی پێشینەیەکی لەو جۆرە لەبیری خەڵکی عێراقدا لەسەر ئەم بزوتنەوەیە، واتای گەورەیی سەرکردەکەی واتە ڕەشید عالی گەیلانی بوو، هەرچەند چوار سەرکردەی دیکەی بزوتنەوەکەش لەسێدارە دران، بەڵام هەڵگری نازناوی پێشەوای بزوتنەوەکەبوو.

گەیلانی پاش شکستی بزوتنەوەکەی عێراقی بەجێ هێشت و توانی لە چنگی بەریتانی‌یەکان دەرباز ببێت، ئەوانیش فەرمانی سێدارەیان لە دژی دەرکرد بە شێوەیەکی غیابی، گەیلانی دوای ئەوەی لە ئەڵمانیاو چەند

---

[٢] گرۆبا) سیخوڕێکی بەتوانا و لێهاتووی ئەڵمانی بوو، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، توانی قەناعەت بکات بەگەیلانی تاجولانەوەیەك لەدژی بەریتانیا بەرپا بکات، چونکە لەو کاتەدا بەریتانیا زۆر پێویستی بە نەوتی عێراق هەبووە بۆپەرەپێدانی ماشێنی جەنگی خۆی، ئەڵمانیاش دەیویست لەم ڕێگەوە گورزی خۆی لەبەریتانیا بووەشێنێ، بەڵام هەربەخێرایی ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن بەریتانیاوە سەرکوت کرا و دامرکایەوە، لەدوایدا گەیلانیش هەڵهات بۆ ئەلمانیا..(کەناڵی ئاسمانی (الجزیرە) بەرنامەی الجاسوسیە، دەکرێت بەتەنها گرۆبا پاڵنەری بزاوتەکە نەبووبێت، بەڵکو یەکێك بووبێت لەپاڵنەرەکان..

[٣] عارف، فؤاد، مذکرات، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ١٩٩٩ مطبعة خبات، تقدیم وتعلیق د. کمال مظهر احمد ص١٤١.

ولاّتێکی تر مایەوە لە کۆتایدا گەیشتە ولاّتی سعودیە و لەوێ وەك پەنابەرێك ژیا، بەلاّم لەگەڵ شانشینی ئەو ولاتە ناکۆکی بۆ دروست دەبێت و روو دەکات میسر، کاتێکیش شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە عێراق رویدا، گەیلانی لە ئەسکەندەرییە بوو لە کاتی گەرانەوەشی بۆ قاهیرە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کرا، ئەمەش لەو روانگەی گەیلانی کەسایەتی‌یەکی ناوداری عێراقە و حکومەتی تازەی کۆماری عێراقیش بێگومان رۆڵی گرنگی دەداتێ، بەلاّم قاسم زۆر لەم هەڵوێستە نیگەران بوو..

هەریەك لە قاسم و عارف مەسەلەی گەرانەوەی گەیلانی‌یان بۆ عێراق تاوتوێ کردبوو، هەرچەند لەلایەن خۆیەوە قاسم نیگەرانی ئەوە بوو کە گەیلانی بگەرێتەوە ئەوا باڵی نەتەوەیی‌یەکان بە هێز دەبێت و لەبەرامبەریشدا عارف زۆر پشتیوانی لە گەرانەوەی ناوبراو دەکرد. گەیلانی رۆژی ١٧ی تەمموز بەرەو دیمەش کەوتە رێ بەمەبەستی گەرانەوەی بۆ عێراق ، بەلاّم بە هۆی دواکەوتنی بڕیاری لێ خۆشبونەکەی جارێکی تر لە ٣٠ی تەمموز گەرایەوە بۆ قاهیرە.

رۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٥٨ رەزامەندی گەڕانەوەی گەیلانی لەلایەن قاسمەوە گەیەنرایە میسر و گەیلانیش پێش گەڕانەوەی چاوی کەوت بە جەمال عەبدولناصر و رۆژی ١ی ئەیلولی ١٩٥٨ گەڕایەوە عێراق .. لە رۆژی ٤ی ئەیلولی ١٩٥٨دا بڕیاری ٢٣ی ساڵی ١٩٥٨ دەرچوو کە تێیدا لێخۆشبونی گشتی دەرکرا بوو بۆ سەرجەم ئەو روداوانەی لە ١٩٣٩/٩/١ وە هەتا پێش شۆرشی ١٤ی تەمموز رویاندا بوو، تەنانەت ئەوانەشی گرتەوە کە لەگەڵ مەرحومی مەلا (موستەفا بارزانی)دا بەشداری جولاّنەوەکەیان

کردبوو لە ئەفسەران..لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو مافانەی گەڕاندوە بۆیان کەلێیان زەوت کرابوو..

پـاش گەرانـەوەی بـۆ عێـراق وەفـدی پـارت و لایەنـە سـەربازی و نەتەوەیی‌یەکان دەستیان دایە سەردان کردن بۆ ماڵی گەیلانی بەمەبەستی بە خێرهێنانەوەی، رۆژی ٣ی ئەیلول (سید فهمی) باڵیۆزی کۆماری عەرەبی یەکگرتوولەگەڵ وەفدێکی باڵوزخانەکەیدا سەردانی یان کردو لەوکاتەشدا لەدەرەوەی ماڵەکەی گەیلانی کۆمەڵێك لە نەتەوەیی‌یەکان دروشمی‌یان بە جـەمال عەبدولناصـردا هەڵـدەدا و هـەر هـەمان رۆژ گـەیلانی سـەردانی باڵیۆزخانـەی کۆماری عـەرەبی یـەکگرتووی کـردەوە.. رۆژی ٥ی ئـەیلولیش قاسم سەردانی گەیلانی کرد لە ماڵەکەی خۆیدا و لەو کاتەشدا شیوعییەکان لە سەر رێگەی ماڵی گەیلانی راوەستا بوون و دروشمیان بە عەبدولکەریم قاسمدا هەڵدەدا.

لـەرۆژی ٢٣ی ئـەیلول ئەنجومـەنی وەزیـران بریـاری دا سـەرجەمی کوژراوان و لە سێدارەدراوان و بریندارانی ئەفسەرانی پۆل و جێگرەکانیان و ئەفسـەران و کارگوزارانی مـەدەنی لـە سوپادا کە لـە بزوتنـەوەی مایسدا بـوون مـافی تایبـەتیان بـۆ دابـین بکرێـت و خانەنشـینی پێویسـتیان بـۆ ببڕدرێتەوە..[1]

گەیلانی بەهۆی ئەوچالاکی‌یە سیاسی‌یەی کەلەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی‌دا هەیبووەو نەیارێتی توندی بۆدەسەڵاتی پاشایەتی، پیێ وابوو لەم دەسەڵاتە نوێیەدا دەبێت گرنگی پێبدرێت و ئیعتبار بۆ بزوتنەوەکەی

[1] تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهوري، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨ – ٧/٢/١٩٥٩ ، تأليف مجموعة من الاساتذة، سنة ٢٠٠٠ ص٢٠٢,٢٠٣,٢٠٤,٢٠٥,٢٠٦.

بگەڕێتەوە، چونکەلەسەردەمێکدا توانیویەتی بەرهەڵستی بەریتانیا بکات، ، بەدەر لەمەش چاوەڕوانی ئەوەشی دەکرد کەدەسەڵاتی تازە پلەو پایەی شایستە بەخۆی بدەنێ. بەڵام بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی تازە هیچ جۆرە پێشنیارێکیان نەخستە بەردەستی، زۆرێکیش لەسەرکردەکانی شۆڕش پێیان وابوو تەمەنی بەرەو پیری ڕۆیشتوەو[1] تێڕوانینەکانی زۆر دوور نیە لە تێڕوانینی سەردەمی پاشایەتی. هەروەها پێیان وابوو کە بەرپرسیارێتی شۆڕش دەبێت لەدەستی نەوەی نوێدا بێت. بەدەر لەم حاڵەتانە پێیان وابوو کەبە ڕێزلێنانی و گەڕانەوەی بۆ عێراق و گەڕانەوەی ئیعتباری ماددی و مەعنەوی بۆی و قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانە ماددیانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لێی کەوتبوو، هەموو ئەمانە پێگەی تەواویان پێ‌داوە و کەم و کورتیان لەبەرامبەریدا نەنواندووە..[2]

بەڵام لەگەڵ ئەمەدا گەیلانی رازی نەبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە و پێی وابوو کەمافی پێنەدراوە و وەك شۆڕشگێڕێکی نیشتمانی حسابی بۆنەکراوە.. پێش گەڕانەوەی لە گەرمەی کێشەی نێوان قاسم و عارفدا ،گەیلانی چاوی بەعەبدولناصر کەتبوو، وادەردەکەوێت کەعەبدولناصر داوای ئەوەی لێ کردبێ کەببێتە نێو بژیوانیان و کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام بەتەواوی ئەو باس و خواسە ڕوون نەبووە کەلەنێوانیاندا ڕوویدابوو، لەگەڵ ئەوەی کەگەیلانی بەوە تاوانبار کراوە پەیمانی بەعەبدولناصر داوە کاربکات بۆ پێکەوە گرێدانی عێراق بەکۆماری عەرەبی یەکگرتووە. گەیلانی

---

[1] دکتۆر مجید خدوری لەکتێبی(العراق الجمهوری)دا دەنوسێت: چەندان جار قسەم لەگەڵ گەیلانی کردووە لەپێش شۆڕش و دوای شۆڕشیش، هەستم دەکرد کەحەزی دەست پێکردنەوەی چالاکی سیاسی بەلاوە زۆر بەهێزبووە)

[2] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الایرانیة، مطبعة امیر – قم ١٩٩٧ ، ص١٤٠.

وەك كەسایەتی‌یەكی سیاسی و سەربازی بەهۆی ئەو ڕابردووەی كەهەیبوو، جێگەی ترس و نیگەرانی دەسەڵاتی تازەش بوو، چونكە خەڵكی عێراق چاوەڕوانیان دەكرد گەیلانی پێگەیەكی باشی پێبدرێت. ئەمەش وەك وەفایەك بۆ ئەو ڕابردووەی كەهەیبووە، چونكە ئەوەی گەیلانی لەساڵی ١٩٤١ ئەنجامی دابوو، هیچی كەمتر نەبوو لەوەی كەلە تەموزی ١٩٥٨دا ڕوویدا، تەنها هێندە نەبێت كەنەیتوانی درێژە بەخۆی بدات، وگەرنا وەك پرۆسەكە شتێكی گەورە بوو. ئەمە لەلایەك و لەلایەكی ترەوە كۆبونەوەشی لەگەڵ عەبدولناصرو مانەوەی ناوەڕۆكی گفتوگۆكەی بەشێوەیەكی تەم و مژ ئامێز، مایەی نیگەرانی قاسم بوو. بەو شێوەی كەبواری پێ نەدات وەك كاراكتەرێكی سیاسی ڕۆڵ بگێڕێ. و بەردەوام لێی بەگومان بوو.. لەگەڵ ئەمەشدا گەیلانی وەك كەسایەتی‌یەكی سیاسی چالاك بەو ڕابردووەی كەهەیبوو گونجاو نەبوو كەواز لەچالاكی سیاسی بهێنێ و دابنیشێت..

هەرهێندەی عارف خرایە زیندانەوە، هەندێك لەئەفسەرەكان لەنێویشیاندا (تاهیر یەحیا، عەبدولەتیف دەڕاجی، ئەحمەد حەسەن بەكر، رفعت حاج سری) كەوتنە سەردان كردن و هاتوچۆی كردنی و گەیلانیش دەرگای ماڵەكەی خستبووی سەرپشت بۆ میوانەكانی، لەنێو ئەوانەشدا سەردانیان كردبوو، سەرۆك هۆزەكانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست بوو، كەپەیوەندی سیاسی كۆن پێكەوەی دەبەستنەوە، شتێكی ئاسایی بووكە باس لەسەر هەندێك مەسەلەی هەنوكەیی بكرێت، بەتایبەت چاكسازی كشتوكاڵی، هەروەها ئەو ململانێی هەبوو لەنێوان شیوعی و نەتەوەپەرستەكاندا، هەر لێرەشەوە گەیلانی دەستی دایە لێدوان لەسەر ئەو جۆرە مەسەلانەو ڕەخنەگرتن لەدەسەڵاتی قاسم، ئەمەسەرەڕای

ئاگادارکرنەوەی لەلایەن (تاهیر یەحیا) بۆچەند جارێك، تاخۆی لەو جۆرە لێدوان و قسانە بپارێزێ کەلەگەڵ میوانەکانیدا دەیکات، دیارە شتێکی ئاسایشە کە ئەم جۆرە رەخنەو لێدوانانە بگاتەوە قاسم [1] و ئەمەش واتای ئەوەبوو کەگەیلانی لەبارەکە ڕازی نیەو بووەتە نەیارێکی سیاسی، بەتایبەت دەبێت ئەوە ڕوون بوبێتەوە بۆ قاسم هەندێك ئەفسەری پلەبەرزیش کەلەقاسم نیگەرانن، وسەردانی دەکەن و دەکرێت تاڕادەیەکی باشیش سەردان وهاتوچۆی ئەم ئەفسەرانە وای لێکردبێت تاگەیلانی پەلە لەهەنگاوەکانی بکات و هەوڵی داگیر کردنی پێگەیەك بدات بۆخۆی لەو زەمینە گونجاوەی کەدەستی کەوتبوو..

بەم جۆرەش مەسەلەکە هێندە گەورەبوو کەهەواڵ گەیشتە قاسم رۆژی ١٩٥٨/١٢/٩ گەیلانی لەناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست یاخی بوون و کودەتا ڕادەگەیەنێت! بۆیە پێش جێبەجێکردنی ئەم پلانە ، دەزگای هەواڵگری سەربازی داوای لەسێ ئەفسەری سەربازی و دووهاولاتیکرد، تاچاودێری جموجوڵ و چالاکی گەیلانی بکەن. ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە هەستان بەپێك هێنانی کۆمەڵەیەکی وەهمی کەداوای یەکێتی عەرەبی کشتگیری دەکرد و [2] پلانەکەشیان لەوەدا خۆی دەبینیەوە کەپەیوەندی بکەن بەو دووکەسەی متمانە پێکراوی تەواویگەیلانی بوون، کەبریتی بوون لە: عبدالرحیم الراوی(پارێزەر) و مبدر گەیلانی(برازای رەشید عالی گەیلانی)و ئەوەیان پێڕابگەیەنن کە هەندێك ئەفسەری نەیاری قاسم داوایان لێکردوون

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٤١)

[2] ئەو پێنج کسە پێك دەهاتن لە(الرئيس حسون الزهري، ملازم الاول احمد محمد العلي، المحامي عبدالرسول الصراف، ملازم احتياط محمد محسن سميسم، جاكوب بلاكن) کۆمەڵکەشیان ناوی (برایەتی عەربی) بوو، ئامانجیشی گۆڕانی هەل ومەرجەکە بوو بەهێز..(ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، الزبيدي، ص ٣٦١)

تاپەیوەندی بکەن بەگەیلانییەوە لەپێناو پێش خستنی روخانی دەسەلاتی قاسمدا.. (الراوی) یەکێك لەوسێ ئەفسەرەی کە هاتبوونەلایان بەباشی دەیناسی و هەرزوو کەوتە ژێر کاریگەرییەوەو ڕازی بوو هاوکارییان بکات، کاتێکیش هەرسێ ئەفسەرەکە پرسیاری چۆنیەتی چەك و داراییان کردبوو بۆسەرخستنی کارەکە، مبدر گەیلانی دڵنیاییان دەکاتەوە کەدەتوانێت لەڕێگەی مامییەوە(گەیلانی) چەك و دارایی لەمیسر وەربگرێت، جگەلەمەش (الراوی) ئامادەیی هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاستی نیشان دابوو بۆبەشداری شۆڕش، کەدیارە ئەم خۆسازدانەش لەڕێگەی گەیلانییەوە دەبوو کەپەیوەندی پێیانەوە هەبوو.. لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا ئەفسەرەکانیش ئامادەیی تەواوی ئەو ئەفسەرانەیان بۆ دەربڕیبوون کە ئەمانیان ناردووە بۆلایان، لەوکاتەشدا الراوی وادەی جێبەجێ کردنی پیلانەکەیان پێڕادەگەیەنێت کەشەوی ١٩٥٨/١٢/٩ دەبێت...

سەرجەمی ئەم زانیارییانە گوازرانەوە بۆقاسم بەهۆی کاسێتی ڕیکۆردەرەوە، کەئەو سێ ئەفسەرە لەکاتی ووتو وێژەکانیاندا بەنهێنی پێیان بووە و دەنگی هەمولایەکیان تۆمار کردووە. هەربۆیەش لە١٩٥٨/١٢/٩ هەریەك لە (الراوی) و(مبدر)و(گەیلانی) دەستگیر دەکرێن، و ڕەوانەی دادگای مەهداوی دەکرێن بۆ دادگایی کردن.[٣]

لەکورتەی کێشەکەدا هاتبوو کە(لایەنە بەرپرسەکان زانیویانە پلانێك لەئارادایە دژبەکۆمارەکەمان، و مەترسییەك دروست بووە لەسەر قاسم بەهاوکاری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)[٤] لەکۆبونەوەی یەکەمی دادگادا هیچ

---

[٣] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٤٢.

[٤] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص٢٦١.

یەك لە(مبدر و الراوی) لەسەر كێشەكە قسەیان نەكرد، تەنها هێندە نەبێت ئەوەیان ڕەت كردەوە كەدەستیان هەبووبێت لەم پیلانەدا، گەیلانیش لەوەڵامی پرسیاری دادگادا وتبووی كەناوی تێكەڵ كراوە لەگەڵ پیلانەكەدا و وەگەرنا هیچ زانیارییەكی لەسەری نیە! بەڵام بەڵگەكان لەكێشەكەدا یەكلاكەرەوەبوون لەسەر ئەوەی كە(مبدر و الراوی) تێوەگلاون لەچالاكی نهێنی دژ بەدەوڵەت[1] و الراوی بەپێی بەڵگەكان دەركەوتبوو كەگەیشتۆتە ئەوەی هێز بەكاربهێنرێت دژ بەدەسەلاتی قاسم بۆ روخاندنی، دیارە ئەمەش بەپێ زانیارییە تۆماركراوەكانی ناو كاسێتەكە، هەروەها مبدریش بەوە تاوانبار كرابوو كەبەشداری پلانەكەی كردووە بە پێدانی چەك و دارایی، بەم جۆرەش هەردوكیان حوكم دران بە مادەی (٨٠) لە یاسای سزادانی عێراقی و لە ١٩٥٨/١٢/١٠ حوكمی سێدارەدان لەدژیان دەرچوو، و گەیلانیش تەبرییە كرا..[2]

هەرهێندەی گەیلانی گوێ بیستی حوكمەكەی دادگابوو، دەستی دایە سوپاس گوزاری و باس كردن لەپاك و بێگەردی دادگا، لەكاتی دادگاییەكەشدا كەبەرگری لەخۆی كردبوو ووتبووی كە(الراوی و مبدر) هەرلەخۆیانەوە پلانیان دارشتووە و خۆیان سەرچاوەی كارەكەن... بەم جۆرەش كاتێك كەدەركەوت بۆ هەریەك لە مبدر و الراوی كەلەسێدارە دەدرێن و پێشەوای پلانەكەشیان بەو جۆرە خۆی دەرباز دەكات وبۆیان دەركەت كە گەیلانی فرۆشتوونی بەشەیتان بۆ ڕزگاربوونی خۆی، بۆیە داوایەكیان ئاراستەی دادگاكرد كە بواریان بداتێ، تاهەندێك بەڵگەی تر

---

[1] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٤٢

[2] الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص٢٦٢.

بخەنە ڕوو لەسەر گەیلانی، بەم جۆرەش قۆناغی دووەمی دادگا دەستی پێکردەوە و جارێکی تر گەیلانی هێنرایەوە بەردەمی دادگا لە١٩٥٨/١٢/١٥ و هەریەك لە الراوی و مبدر ئەم خاڵانەیان لەسەر باس کرد:

١-گەیلانی پەیوەندی بەهەندێك ئەفسەری وەك (تاهیر یەحیا، عەبدولەتیف دەڕاجی، تەها دوری..)ەوە هەبووە و ڕەخنەی لە قاسم گرتووە و دژایەتی کردووە.

٢-باس کردن لەهەواڵی پەیوەندی نێوان گەیلانی و سەرۆك هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاست تاشۆڕش لەدژی قاسم ڕابگەیەنن.

٣-(مبدر) لەڕێگەی گەیلانییەوە چەك و دارایی لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو وەردەگرێت.[3]

٤-هاندانی هەریەك لە گەیلانی و الراوی بۆ پیلان گێڕی دژ بە قاسم و بۆ ئەم مەبەستەش مبدر پەیوەندی دەکات بە گەورە کاربەدەستانی کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە.[4]

ئەم تۆمەتانە هەریەك لە(مبدر و الراوی) دوپاتیان کردەوەو لەبەرەنجامیشدا دادگا بەپشت بەستن بەم بەڵگانە فەرمانی لەسێدارەدانی سەپاند بەسەر گەیلانیدا لە١٩٥٨/١٢/١٧.. لەم بەرەنجامەشەوە شەپۆلێك نارەزایەتی و هێرشی توندکرایە سەر دادگاکەی مەهداوی لەلایەن ڕۆژنامەکانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و ئەو تۆمەتانەی مەهداوی داوییەتییە پاڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەم کیشەیەدا بەدرۆ لەقەڵەم دا.[5]

---

[3] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الایرانیة، مطبعة امیر -- قم ١٩٩٧ ، ص١٤٣.

[4] الزبیدي، لیث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانیة ، بغداد ١٩٨١ ص٣٦٣.

[5] خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الایرانیة، مطبعة امیر - قم ١٩٩٧ ، ص١٤٣.

بەلاّم وەك حوكمی لە سێدارەدانەكەی عەبدولسەلام ، ئەمجارەشیان قاسم تەصدیقی نەكرد و وەك شمشێرێك بەسەر گەردنیگەیلانیەوە هێشتیەوە بۆئەوەی لەكاتی پێویستدا بەكاری بهێنێ.

لەكۆتایدا دەكرێت بپرسین ئایا گەیلانی بەڕاستی دەستی هەبوو لەم پیلانەدا[1] یاخودهەروەك هەندێك نوسەر دەڵێن پێوەی ئاڵێنراو پلانی شیوعییەكان بوو بۆی سازكرابوو؟

لەڕاستی دا گەیلانی لەبەر دوو هۆكار مایەی گومانی كاربەدەستانی دەوڵەتی عێراقی بوو لەوكاتەدا:

١-ئەو ڕابردووەی كەهەیبوو لەچالاكی سیاسی كەلەسەردەمی پاشایەتیدا مومارەسەی كردبوو وەك وەزیرو بەڕێوەبردنی پۆستی دەوڵەتی[2]

---

[1] جرجیس فتح الله لەكتێبی رجال و وقائع فی المیزان پرسیارێكی لیّكراوە سەبارەت بەم مەسەلەیەلەل. ٢٣٧دا و ئەویش لەوەلاّمدا دەڵێت: بەو سیفەتەی كە مومارەسەی یاسایم هەبووە دەتوانم بڵێم ئەو كێشەی كەگەیلانی پێ تۆمەتبار كرا، بەخاسیەتی فرە بەڵگەیی ناسراوبوو لەمێژووی ئەم دادگایەدا، كەهیچ گومانێكی نەدەهێشتەوە لەبوونی پیلانێك بۆ خستنی دەسەلاّتی عەبدولكەریم قاسم بەسەرجەم ئەو ڕەهەند وپەیوەندیانەشی كەبەكۆماری عەرەبی یەكگرتووەوە هەیبوو، بەتایبەتیش خودی جەمسەرەكەی واتەگەیلانی، هۆكاری دەستەبەر بوونی ئەم بەڵگانەش دەگەڕێتەوە بۆ دزەكردنی بەكرێگیراوانی حكومی هەرلەسەرەتاكەیەوە تاكۆتاییەكەی، دادگاییەكە بەشێوەیەكی نهێنی ئەنجام درا، وپاشان لەزنجیرە كۆباسێكی دادگایی ئەم دادگادا كەناسراوە بەدادگای مەهداوی ، هەڵگیرا، دەگونجێت درەنگ كەوتنی بڵاوكردنەوەی بۆ شێوازی پەیوەندی نێوان عێراق و كۆماری عەرەبی بگەڕێتەوە كەلەو كاتەدا بەتەواوی پەیوەندییەكان تێك نەچووبوون، هەروەها لەبەر ئەوەی یەكەمین پیلانیش بووە دژ بە ڕژێمی تازەو تاكە پێشەوا، نەیان ویستبێت لەو سەرەتای دەستەلاّتەیدا لەم جۆرە پیلانانە بەو ئاشكرایە باس بكرێت، و بەتایبەتی تریش ناو هێنانی هەندێك سەركردەی سوپایی لەوپیلانەدا كە ئەمەش ئەو بانگەشەی پوچەڵ دەكردەوە كەهەموو سوپای لەگەڵدایە..

[2] ڕەشید عالی گەیلانی لەسەردەمی دەسەلاّتی پاشایەتیدا ئەم پۆستە حكومییانەی گرتۆتە ئەستۆ:

١-لەحكومەتەكەی عبدالمحسن السعدون دا (٢٦/٦/١٩٢٥ تا ١/١١/١٩٢٦) وەزیری ناوخۆ بووە.

٢-لەحكومەتەكەی جعفر العسكری دا (٢١/١٢/١٩٢٦ تا ٨/١/١٩٢٨) وەزیری ناوخۆ بووە.

٣-بووەتە سەرۆك وەزیران لەحكومەتی عێراقی نێوان ٢٠/٣/١٩٣٣ تا ٢٨/١٠/١٩٣٣ .

٤-لەحكومەتەكەی یاسین الهاشمی دا (١٧/٣/١٩٣٥ تا ٢٩/١٠/١٩٣٦ وەزیری ناو خۆ بووە و لە ٩/٨/١٩٣٥ یش بە وەكالەت لەگەڵ پۆستی ناوخۆ دەبێتە وەزیری (داد)یش.

٥-بووەتە سەرۆك وەزیران لەحكومەتی عێراقی نێوان ٣١/٣/١٩٤٠ تا ٣١/١/١٩٤١ و لەهەمان كاتدا وەزیری(ناوخۆ)ش بەوەكالەت.

وچالاکی سەربازیش وەك بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١، کەئەمەش وای کردبوو، جێگەی ئارامی متمانە و کاربەدەستانی تازەی وولات نەبێت و مەترسیان لێی هەبوو کەهەڵوێست لەبەرامبەر دەسەلاتی تازەدا بگرێت بەر، چونکە ئەوەی لەسەر گەیلانی زیاتر بەدەرکەوتبوو بریتی بوو لەحەزی دەسەڵات، تەنانەت هەتاکۆتایی تەمەنیشی ئەم حەزەی تێدا مابوو.

٢-شێوازی پەیوەندی لەگەڵ لەکۆماری عەرەبی یەکگرتوو خودی جەمال عەبدولناصرداو، بوونی تەمو مژ لەسەر ئەو جۆرە پەیوەندییانە، لەهەمان کاتیشدا بیروڕای عەبدولناصر لەبەرامبەر قاسم و دژایەتی کردنی دەسەلاتەکەی، ئەمانە پاڵنەربوون تا دەسەلاتی تازە بەگومانەوە لە جمو جوڵی گەیلانەی بڕوانێت..

بەم پێودانگانە مەترسی قاسم لەسەرجەم ئەو کەسایەتی یە سیاسی یە نەیارانەی هەیبون لەسەردەمی حوکمڕانیدا کەهەبوون، شتێکی راست بوو تا قاسم لە جموجوڵیان بکەوێتە گومانەوەو، لەهەمان کاتیشدا ئەم جۆرە هەوڵانەی گەیلانیدا زەمینەی سازبوو لە عێراقدا...!

٦-بووەتە سەرۆك وەزیران لەحکومەتی عێراقی نێوان ١٩٤١/٤/٢١ تا ١٩٤١/٦/١ و لەهەمان کاتدا وەزیری(ناوخۆ)ش بەوەکالەت.

سەرچاوە : الصراع على السلطة في العراق الملكي) دراسة التحليلية في الادارة والسياسة، تأليف د. نزار توفيق سلطان الحسو، بغداد، ١٩٨٤، ص(١٦٢,١٦٣,١٧٠,١٧٣,١٧٧,١٧٩)

دادگای مەهداوی

پاش مانگێك لەشۆڕشی ١٤ی تەمموز، کەتەختی پاشایی‌یەتی لە عێراقدا روخاند،حکومەتی شۆڕش، (فازیل عەباس مەهداوی) کردە سەرۆکی دادگای باڵای سەربازی لەعێراقدا،مەهداوی کوڕی خاڵی قاسم و پێشتر بەپۆتبەی سەرهەنگ (عقید) ، فەرماندەی حامیەی (موسەیب) بووە،[1] ئەندامانی ئەم دادگایە پێك دەهاتن لە (موقەدەم عەبدولهادی ئەلڕاوی) و(موقەدەم عەبدولفەتاح شاڵی) و(موقەدەم خزر ئەلدوری)..

---

[1] عەقید فازڵ عەباس مەهداوی کەسایەتی یەکی میللیﮔاڵتە جاڕی بوو، ئیدارەی کۆبونەوەکانی دادگای دەکرد بەدوور لەهەموو جۆرە ڕێساو یاسایەکی دادوەری، مەهداوی شارەزایی باشی هەبوو لەمێژووی ئەدەبیداو ئارەزووی بەلای شیعرو زمانەوانیدا دەچوو، تەنانەت ئەم حاڵەتە زاڵ بوو بەسەرباره سەربازییەکەشیدا، لێدوانەکانی ڕوون و بێ‌گرێ و تەم و مژ بوون ، بەلێهاتووی دادگایی تۆمەتبارانی دەکرد و دەیویست بیکاتە سەنتەرێکی ڕاگەیاندنی شۆڕش، لەم نێوەشدا شیوعی‌یەکان کۆك بوون لەگەڵیدا.. مەهداوی پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ قاسمدا هەبووەو لەیەکێك لەدانیشتنەکانی دادگادا دەڵێت((کێ کاریگەری دەنوێنێ لەسەر بیروڕاکانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم ! ئایا کەسێك هەیە کاریگەری بنوێنێ لەسەر بیرو ڕاکانی؟ ئەم عەبقەرییە گەورەیە هەموولایەکمان لێوەی فیکرەمان وەردەگرین! تەنانەت تاوانبارەکانیش!!)) سەرچاوە: عبدالکریم قاسم وساعاته الاخیرە، احمد فوزی، چاپی‌یەکەم ل(٥٦)

(فواد عارف) سەبارەت بەشێوازی پەیوەندی نێوان قاسم و مەهداوی دەڵێت:- دادگایی کردنی سەعید قەزاز بەتەواوی هەستی جوڵاندم، بەتایبەت ئەوەی کەهەندێ لەوانەی ئامادەبوون، حەبلیان هێنابوویە هۆڵی دادگاو سوکایەتی‌یان پێ‌دەکرد، بەیانی دوای ئەوە، چاوم کەوت بەقاسم وبەیەك وشە پێم ووت(بەڕاستی دادوەریت لەدەست داوە لەم دادگایەدا و دادگای مەهداوی جگە لەکۆمیدیایەك هیچی ترنیە!) هەرلەو کاتەدا مەهداوی هاتە ژوورەوە و پرسیارم لێ‌کرد: ئەو کۆبونەوەی درێنێ دادگایی کردن بوو یان کۆمیدیا؟ لەوەلامدا هیچی نەووت، تەنها هێندە نەبێت ئاماژەی دا بە قاسم کەئەو ئاراستەسازی ئەم مەسەلەیە، پاشان عەبدولکەریم پێی ووت: بڕۆ بەردەوام بە لەسەر ڤیستیڤاڵەکەت! (سەرچاوە : مذکرات فؤاد عارف، تقدیم وتعلیق د.کمال مظهر ، مطبعة خبات، ١٩٩٩، ص٢٠٧.)

(احمد فوزی)یش لەکتێبی (عبدالکریم قاسم وساعاته الاخیرە)، لەلاپەڕە ١٦٨ دا دەنوسێت: کاتێك لەدوای کودەتای ٨ی‌شوباتی ١٩٦٣ هەریەك لەقاسم و مەهداوی و تەها شێخ احمد و ... لەبینایەی رادیۆی دادگایی سەربازی دەکران، عەبدولسەلام عارف ڕوودەکاتە مەهداوی و پێی دەڵێت: ها! ئەبو عەباس! دادگاکەت وەزعی چۆنە؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: من هیچ پەیوەندیم پێوەی نەبووە، پرسیار لەوە بکەن، هەموو سوچی‌ئەوەبوو(مەبەستی عەبدولکەریم قاسم بوو) .. لەسەرزاری محمود شیت خەتابەوە، احمد فوزی لەهەمان سەرچاوە و لاپەرەدا دەنوسێت کەمەهداوی ئامادەبوو دادگایی قاسم بکات بەهەمان ئەو حەماسەتەوە کەدادگایی

لەهەمان کاتدا کوتلەیەکی هاوبیرو ڕاو لێك گەیشتوو دروست بووبوو لەم دادگایەدا لەنێوان هەریەك لە(فازیل عەباس مەهداوی) سەرۆکی گشتی و (عقید ماجد محمد امین)[2]ی داواکاری گشتی و (عقید وەسفی تاهیر).

بەهۆی ڕاوەستانی چەندان کەسایەتی سیاسی و سەربازی لەبەردەم ئەم دادگایەدا، وای کردبوو کەمەهداوی شێوازێك لەمتمانە بەخۆبوونی بۆدروست ببێ، وەك ئەوەی کەچۆن سوکایەتی بەعەبدولسەلام کردبوو، مەهداوی زیاتر پاڵنەربوو بۆسزادانی تاوانباران وەك لەداواکاری گشتی، کەئەمەش پێچەوانەی سروشتی کارەکەی بوو وەك سەرۆکی دادگا کەدەبێت بێلایەن بێت. تەنانەت هەندێ جار نەك هێندەی بێلایەن بێت، بەڵکوبەهۆی توانا ئەدەبییەکەیەوە بواری قسەکردنی نەدەدا بە تۆمەتبار تا پارێزگاری لەخۆی بکات [3]تاگەیشتبوویە ئاستێك پێش دەرچوونی حوکمی دادگا ئەو لەلایەن خۆیەوە تۆمەتبارەکەی حوکم دەدا! بەم جۆرەش ئەم ناوەو دادگاکەشی بوونە خاڵێکی جیاکەرەوەی سەردەمی دەسەڵاتی زەعیم قاسم ، لەبەرئەوەشی کەمەهداوی ڕۆڵی سەرەکی لەم دادگایەدا دەبینی لەناو خەڵکیدا بەناوی خۆیەوە ناوبانگی دەرکردبوو، میژوویەکیشی بۆخۆی تۆمارکردبوو لەعێراقدا ئەویش بەچاپ کردنی وردەکاری سەرجەم دادگایی کردنەکانی و مانەوە بۆنەوەکانی داهاتوو، لەم دادگایەدا بەردەوام ژمارەیەك

دوژمنەکانی قاسمی کردبوو، تەنانەت فەرمانی سێدارە دانیشی بۆدەربکات!.. مەهداوی ساڵی ١٩١٥ لەخێزانێکی شێوە هەژار لەدایك بووە، هیچ جۆرە جیاوازییەك بەدی نەکراوە لەنێوان سەردەمی قوتابیێتی و ژیانی سەربازیدا، هەروەها پاش دەرچوونی لەکۆلیژی سەربازی سەرکەوتوو نەبووە لەهیچ شتێکدا، بەشداری جەنگی فەلەستینی ساڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩ ی کردووە، پەیوەندی کردووە بەئەفسەرانی ئازادیخوازەوە پێش ساڵی ١٩٥٨، بەڵام ئەندام نەبووە لەمەرکەزی لیژنەدا(سەرچاوە: العراق الجمهوری، نوسینی د.مجید خدوری، ل١٢١)

[2] موقەدەم روکن ماجد محمد امین لە شاری نوعمانیە لە دایك بووە و کۆلیژی سەربازی لە ساڵی ١٩٤١ تەواو کردووە، پاشان ساڵی ١٩٥١ بروانامەی (حقوق) بەدەست دێنێت.

[3] العلوی، حسن (عبدالکریم قاسم رؤیة بعد العشرین) منشورات دار الزوراء، لندن ١٩٨٣، ص٤٤.

لەجەماوەر و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان ئامادەی دادگاییکردنەکان دەبوون و ڕاستەوخۆ لەسەرتەلەفزیۆنەوە تەفاصیلەکانی پەخش دەکرا، وخەڵکی ئاگاداری ڕەوتی دادگاییەکە دەبوون، هەربۆیەش پیّی دەوترا (دادگای گەل).

بێگومان هەرچەند گواستنەوەی ڕاستەوخۆی دانیشتنەکانی دادگا بۆسەرشاشەی تەلەفزیۆن، هەنگاوێکی بوێرانە و عادیلانەبوو،کەزۆر کێشە و گرفتی بۆشۆڕشی ١٤ی تەموز هێنایە ئاراوە، و تەنانەت بۆخودی قاسمیش.. خێزانی تۆمەتبارەکە چاودێری ڕەوشی دادگایان دەکرد، کەئایا ڕۆڵەکەیان چی کردووە و چی نەکردووە.. بێگومان دادوەر لەم جۆرە حاڵەتانەدا ناتوانێت کەبەوجۆرە دوورە لەچاوی کامێرا بەهەمان شێوەش لەبەردەم کامێرادا هەمان حاڵەت دووپات بکاتەوە، لەبەرئەوە دادگایی کردنی لەم چەشنە شتێکی تازە بوو، بەدەر لەهەندێك هەڵوێست و بڕیاری نەشیاو، چ لەلایەن خودی دادگا، یاخود مەهداوی، یان ئەو جەماوەرەی ئامادەی دادگایییەکە دەبوون و گاڵتەیان بەتۆمەتبارەکە دەکردوو تەنانەت حەبلیان بۆ هەڵدەدا تاڕاییبکێشن، لەگەڵ ئەمانەشدا دادگایی مەهداوی جورئەتێکی نویّ بوو کەبەو جۆرە و بیّباکانە دادگایی تۆمەتبار دەکرا، لەبەرچاوی خەڵکی و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن .[1] لەگەڵ ئەوەی ئەم پەخش کردن و ئاشکراکردنەش لەلایەکی دیکەوە جێگەی ڕەخنەی هەندێك لەخەڵکی و هەندێك ناوەندی نێودەوڵەتی بوو، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لێبوردنی نێودەوڵەتی.[2]

---

[1] حسن العلوی لە کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی (بین الزمنین) دا دەڵێت : ئێستاش گەربێتوو لەم کاتەدا دادگایەکی وەك ئەوەی مەهداوی لەعێراق تەشکیل بکرێت من ئامادەم بچمەوە عێراق تائەو دادگایە دادگایم بکات .

[2] العلوی، حسن (عبدالکریم قاسم رؤیة بعد العشرین) منشورات دار الزوراء، لندن ١٩٨٣، ص٤٥.

پێکهێنانی دادگای باڵای سەربازی تایبەت

(دادگای مەهداوی)

ئەنجومەنی وەزیران لە یاسایەکی رۆژی ٧ی ئابی ١٩٥٨دا کەیاسای ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٥٨ بوو، دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی پێك هێنا، کە هەروەك لە ماددەی هەشتەمی یاساکەدا هاتووە هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوەی ئەو تاوانانەی یاسای سەرەوە ئاماژەیان پێدەکات، هەروەها دەستەیەکی راوێژکاری پێك هات بەپێی ماددەی نۆ لە هەمان یاسا کە راستەوخۆ پەیوەست بوو بە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە و هەڵدەستا بە توێژینەوەی ئەو داوایانەی بۆی بەرز دەکرایەوە لەلایەن دەستەی لێکۆڵینەوەوە، هەروەها بەپێی (ماددەی یانزە) داواکاری گشتی پێك هات و ئەرکەکەشی بریتیبوو لە جوڵاندنی داواکان دژ بە تاوانباران و بەدواداچونیان..

دەستەی داداگا

مەرسومی کۆماری ژمارە (١٨) لە مێژووی ١٩٥٨/٧/٢٠ چاککراو بە مەرسومی کۆماری ژمارە ١٦٤ لە بەرواری ١٩٥٨/٨/١٥ بڕیار درا بە دانانی دەستەی دادگا بەم جۆرەی لای خوارەوە : -

بەپشت بەستن بەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر داوە لە بەرواری ١٩٥٨/٧/٢٠ و لەسەر ئەوەی کە وەزیری بەرگری خستویەتی‌یە پێش دەست ، بڕیارمان دا بەمانەی لای خوارەوە:-

١-دانانی عەقید فازل عەباس ئەلمەهداوی بەسەرۆکی دادگای باڵای سەربازی تایبەت.

٢-دانانی موقەدەم عەبدولهادی راوی (ئەندام)

٣-دانانی موقەدەم فەتاح شاڵی (ئەندام)

٤-دانانی موقەدەم شاكر مەحمود سەلام (ئەندام)

٥-دانانی (رئیس الاول) ئیبراهیم عەباس ئەللامی (ئەندام)

٦-دانانی (رئیس الاول) كامل حسین شەماع (ئەندامی یەدەك)

پێویستە لەسەر وەزیری بەرگری ئەم مەرسومە جێبەجێ بكات

لەبەغداد نوسرا لە رۆژی سێی موحەرەمی ساڵی ١٣٧٨ بەرامبەر بە رۆژی بیستی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨.

دەستەی داواكاری گشتی

دەستەی داواكاری گشتی لە بنەما سەرەكییەكانی دادگابوو، ئەركەكانی بریتی بوو لە جوڵاندنی داواكان و ئاراستەكردنی تۆمەت و بەشداری چالاكانە لە گفتو گۆكانی تاوانبارو شاهیدەكان..

بەپێی مەرسومی كۆماری ژمارە ١٣٧ی ١٩٥٨/٨/٩ وچاككراو بە مەرسومی كۆماری ژمارە ١٦٤ لە ١٩٥٨/٨/١٥ و فەرمانی وەزاری ژمارە د/٥٠/٢٧٤٩ لە بەرواری ١٩٥٨/٨/٢١ بڕیار درا بە دانانی دەستەی داواكاری گشتی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١-عەقید روكن ماجد محمد ئەمین.

٢-دادوەر بەڕێز غازی عەبدولهادی.

تێبینی: هەریەك لە دادوەر (بەڕێز عەبدولجەلیل حەبیب) و جێگری داواكاری گشتی (بەڕێز مستەفا حسین ئەلدوری) وەك ئەندامی دەستەی داواكاری گشتی بەشداری كۆبونەوەكانی ١١بۆ ٧ دەكەن، پاشان راگەیاندنی دەستەكە هەروەك رون كراوەتەوە.

دەستەی راوێژكاری

مەرسومی کۆماری ژمارە ۱۳۷

بە پشت بە ستن بە ماددەی نۆ و یانزە لە یاسای سزادانی خراپەکاران و پیلان گێڕان دژ بە ئاسایشی دەوڵەت و لەسەر بنەمای ئەوەی کە وەزیری بەرگری وداد خستویانەتە بەردەست، بڕیار مان دا بە:

دستەی راوێژکاری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان پێك دێت لە :

- بەڕێز حسین محی الدین (جێگری سەرۆکی‌تێهەڵچونەوەی بەغداد)
- بەڕێز عەبدولئەمیر عەکیلی (جێگری داواکاری گشتی)
- رئیس الاول روکن عەبدولستار عەبدولەتیف.

دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت

یەکەم/ پێکهێنان

بەپشت بەستن بە ماددەی هەشتەم لەیاسای ژمارە (۷) ی ساڵی ۱۹۵۸ و بەپێی هەردوو فەرمانی وەزاری ژمارە (۲۲۷۵) و (۲۲۸۳) لەبەرواری ۲۱و ۱۹۵۸/۷/۲۹ دەستەی لێکۆڵینەوە پێکهات، و پاشان بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (۲۷۵٦) ئەندامانی بۆ دانرا و بەم شێوەی خوارەوە پێکهات:

– عەقید محمود عبدالرزاق	(سەرۆکی دەستە)
–موقەدەم داود سەلمان غولامی	(ئەندام)
– موقدم حقوقی عبدالوهاب مودرس	(ئەندام)
–رەئیس سعید کازم مەتەر	(ئەندام)
–رەئیس عبدالحمید شوکری	(ئەندام)
–رەئیس حازم عبدالفتاح صەباغ	(ئەندام)
–دادوەر سەید حافز خالد	(ئەندام)

-دادوەر سەیدصادق حەیدر (ئەندام)

-دادوەر سەید شامل رەشید شێخلی (ئەندام)

-دادوەر تالب نائب (ئەندام)

دووەم / ئەركەكانی

بەپشت بەستن بە فەرمانی سەركردەی گشتی هێزە چەكدارەكان بە ژمارە ق.ق.م /١٩/١٧ لە ١٩٥٨/٨/١٧ تێدا ئاماژە دەداتە ئەركەكانی دەستەكە و لە پێناو زەمانەت كردنی رەوتی كارەكان و بەپێی یاساكان ، دەبوایە پاش رەزامەندی سەركردەی گشتی هەستانایە بەم ئەركانە:

١-بڕیاری وەستانی هەر كەسێك كە پێویست بكات لێكۆڵینەوەی لەگەڵا ئەنجام بدرێت بەو سیفەتەی كە تۆمەتبارە بە تاوانێك یان زیاتر.

٢-دەستگیركردنی هەركەسێك كەپێویست بكات لێكۆڵینەوەی لەگەڵ بكرێت هەروەها مافی دەركردنی فەرمانیش بە گرتنی بۆ ماوەی دیاری كراو.

٣-فەرمانی گرتن لەلایەن دەستەی لێكۆڵینەوەوە لە كۆنوسی هەموو كێشەیەكدا تۆمار دەكرێت.

٤-دەستەلاتی درێژ كردنەوەی ماوەی گرتنی هەیە بەپشت بەستن بە یاداشتەكانی گرتنەكە كەلە پێشدا دەرچووە، یاخود ئەوەی دەدرێت بەدەسەلاتە تایبەتەكان بۆ درێژ كردنەوەی ماوەكە.

٥-داواكردنی بەڵگە یان نیشانە یان پەراو كە پەیوەندی بە لێكۆڵینەوەكەوە هەبێت لە هەر لایەك ئیتر ئایا رەسمی بێت یان نارەسمی و لە هەر كەسێك تاوانبار بێت یاخود بێ تاوان.

٦-دەتوانێت ئامۆژگاری پێشکەش بکات (دەربارەی ئازادکردن وبەردان بەکەفالـەت) بـە سـەرکردایەتی گشـتی هێـزە چـەکدارەکان، بـەو مەرجـە کەجێبەجێ نەکرێت تا پاش موصادەقە لەسەرکردنی.

سێیەم / شێوازی داواکردنی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوە

پێش وەخت لەلایـەن دەسـتەی لێکۆڵینـەوە داوا پێشـکەش دەکرێت بۆ بەردەستی سەرکردایەتی گشتی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و پاشان کێشـەکە لەلایـەن سـەرکردایەتی گشـتی هێـزە چـەکدارەکانەوە دەخرێتـەوە بەردەست دەستەی لێکۆڵینەوە بۆ کارکردن لەسەری.

بەم جۆرەش دەستەکە بەردەوام لە کاردا بوو شەو رۆژ لە پێنـاو بەرهـەم هێنانی کاری زۆر لەماوەیەکی کورتدا.

دەستەی هەماهەنگی و کۆنترۆڵ کردن

بەپێ نوسراوی بەڕێوەبەرێتی کارگێری ژمارە م.ا/ش۱/۵۹۲۱۸ لەبەرواری ۱۹۵۸/۷/۳۱ بڕیاردرا بە دانانی ئەم ئەفسەرانەی لای خوارەوە بە ئەفسەری هەماهەنگی و کۆنترۆڵ کردن:

۱-(رئیس الاول) ی حقوقی فازڵ عبدالهادی موصلح بۆ ئەرکی ئەفسەری هەماهەنگی.

۲-رئیس کەمال نوعمان سابت بۆ ئەرکی ئەفسەری هەماهەنگی.

۳-رئیس تاریق عەباس حلمی بۆ ئەرکی ئەفسەری پەیوەندی.

٤-مولازمی یەکەم سامی حاجی مەجید بۆ ئەرکی ئەفسەری کۆنترۆڵ کردن.

٥- مولازمی یەکەم کامل محمود خەتتاب بۆ ئەرکی ئەفسەری کۆنترۆڵ کردن.

قەڵەمی دادگا

قەڵەمی دادگا لەمانە پێك دەهاتن:

۱-النائب الضابط الکاتب حسین علی الجبوری

۲-النائب الضابط الکاتب سعدی رشید

۳-النائب الضابط الکاتب خلیل عباس اللامی .

٤-العریف الکاتب جابر محمد

٥-العریف الکاتب حسن کاظم

٦-النائب العریف داود سلمان.

شایانی باسە دادگا لە رۆژی ١٦ی ئابی ١٩٥٨ دەست بەکاربوو، لەباڵە خانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراقی لەسەر روباری دیجلە لەبەری رەصافە.[1]

دادگای باڵای سەربازی لەبڕیاری دامەزراندنیدا هاتبوو: کە ئەرکەکانی بـریتین لـەدادگایی کردنـی کەسـایەتی‌یە کاربەدەسـتەکانی سـەردەمی پاشایەتی و لێپرسینەوەیان لەسەر ئەو کارانەی کردبوویان و کاریگەری هەبوو لەسەر ئاسایشی دەوڵەتی عێراق، یاخود ئەو کارانەی کەهاندەری خراپەکاری بوون لەسەردەمی پاشایەتیدا، لەم نێوەشداو لەسکێچی تاوانی یەکەمدا هەموو ئەو کارانەی دەگرتەوە کەلەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بەدەستێوەردان دەژمێردرا لەووڵاتانی دراوسێدا (عەرەبیەکان)، لەسکێچی تاوانی دووەمیشدا هەموو ئەو بڕیارانە دەهاتن کەکەسێك بەسیفەتی وەزیری یان کارمەندی پلەیەك دەری کردبوو و بووبێتە مایەی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی،یاخود حورمەتی یاساکانی وڵات پێشێل بکات.

شایانی باسە ئەودەسەڵاتە فراوانەی درابوو بەم دادگایە، توانیبووی سەرجەمی ئەو یاسایانە جێبەجێبکات کەدژی شۆڕش بوون، ئیتر ئایا کاری پیلانگێڕی بووبێ دژ بەدەوڵەت، یاخود بەشداری کردن بووبێ لەوکارانەی دەبوویە مایەی خراپەکاری..

لەسەر ئەم دادگایە پێویست بوو سێجۆر تاوان چارەسەربکات:

یەکەم/ دادگایی کردنی کاربەدەستە پێشووەکانی سەردەمی پاشایەتی، کەلەناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٥٨ وە دەستی پێکرد هەتا مانگی مارسی

---

[1] الجعفری، محمد حمدی ، محکمة المهداوی اغرب المحاکمات السیاسیة فی تأریخ العراق الحدیث، سنة ١٩٩٠ ط١ ص٣١,٣٢,٣٣,٣٤,٣٥,٣٦.

١٩٥٩، کەبەشی هەرە گەورەی ئەو دادگایی کردن و مورافەعاتانەی پێك دەهێنا ومایەی وورووژاندنی حەماسەتی جەماوەر بوو، تەنانەت جێگەی ڕابواردن و گاڵتەجاڕیش بوو لەلایەن ئامادەبووانی هۆڵی دادگاوە کەبەزۆری لەشیوعی‌یەکان پێك دەهاتن. چونکە ئامانجی سەرەکی ئەم دادگایە نەك تەنها حوکم دان بوو بەسەر تۆمەتبارەکاندا، بەڵکو ناوزڕاندن و گاڵتەپێکردن و سوکایەتی پێکردنیان بوو، سەرەرای ئەوەی هەندێکیان لەسێدارە دران، لەژێر فشاری ڕای گشتی دا. بەڵام بەشێکی زۆریان ئازاد کران، پاش بەسەربردنی ماوەی زیندانی کورت خایەن و درێژخایەن و ئەوانەشی بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا بریتی بوون لە (سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ، عەبدولجەبار فەهمی موتەسەڕیفی بەغداد، بەهجەت عەتییە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی) لەم دادگاییانەدا مەهداوی ناوبانگی بڵاوبوویەوە نەك تەنها لەسەرئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر دەرەوەی عێراقیش.[١]

دادگایی کردنی سەعید قەزاز

لەقۆناغی یەکەمی دادگایی کردندا، شەش بڕیاری لەسێدارەدان دەرکرا، چوارکەسیان کەسایەتی سەردەمی پاشایەتی بوون، کەدادگایی کردنەکەیان بەئاشکرا ئەنجام درا، دوو کەسەکەی تریش کەبریتی بوون لە(عەبدولسەلام عارف و ڕەشید عالی گەیلانی) بەنهێنی دادگایی کران، بەڵام بڕیاری لەسێدارەدانەکان تەنها بەسەرچوارکەسەکەی سەردەمی پاشایەتی‌دا جێبەجێکرا، لەنێویشیاندا (سەعید قەزاز)..

[١] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ١١٢,١١١,١١٠,١٠٩.

قـەزاز یـەكێك بـوو لـەناودارەكانی سـەردەمی پاشـایەتی و كـورد بوو،بەشێوەیەك لەبەردەم دادگادا داكۆكی لەخۆی كردبوو كە هەموو جۆرە ئازایەتی و لێوەشاییەكی تێدا بەرجەستەبوو بوو، تەنانەت لـەكاتی بەرگری كـردن لەخۆیدا [2]وتەیەكی زۆرجوان و بەهێزی ووتبوو، كـاتێكیش بڕیاری لەسێدارە دانـی بۆدەرچـوو بـوو لەوتەیـەكی بەناوبانگیدا وتبووی(دەچـمە سەركورسی سێدارە، بەلام لـەژێر پێمـدا كەسـانێك دەبینم كەشایستەی ئـەوە نـین بژین)[3] قەزاز كەسێك بوو یاسای بەتەواوی دەچەسپاند، خاوەن جورئەت و ڕاست و ڕەوان بـوو، لەڕاستیدا مایەی گاڵتـە جاڕی بـوو كەكەسایەتییەكی خاوەن سومعەو لێهاتوو، ببێتە یەكەم كەس كە لەسێدارە بدرێت![4]

دەربـارەی سـەعید قـەزاز، لەیاداشـتەكانیدا فوئـاد عـارف دەنوسـێت (سـەبارەت بەكێشـەی لەسـێدارە دانـی سـەعید قـەزاز، كەیەكـەم كێشـە بـوو ڕووبەڕووی كۆماری تـازە دروست بـووی عێـراق دەبـووە، ویسـتم بچمە نێـو كێشەكە و لـەلای قاسمـەوە هـەوڵ بـدەم بۆڕزگاركردنی قەزاز، ئەمەش نـەك لەبەرئەوەی كەكوردو هاوزمان و نەژادی خۆمە، بەڵكو ئەم پیاوە بەڕای من و زۆربەی خەڵكی شایانی لەسێدارە دان نـەبوو، بـەڵكو شایانی لێبوردن بوو، لەبەرئـەوەی كەسـاڵی ١٩٥٤ شـاری بەغـدادی لـەخنكان ڕزگـار كردبـوو... لێـرەدا دەڵـێم كەقاسـم نەزعـەی ڕاسـتەقینە و حـەزی لەسـێدارەدانی

---

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢١.

[3] عارف، فؤاد، مذكرات، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ١٩٩٩ مطبعة خبات، تقديم وتعليق د. كمال مظهر احمد ص٢٠٦.

[4] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٢١.

هەڵنەگرتبوو، بەڵکو کەوتبووە ژێرکاریگەرییەوە، بەو جۆرەش قەزازی لەسێدارە دا.

لەبەرەنجامی ڕەوتی دادگاییکردنی سەعید قەزاز و زمانی دادگاو دەرکەوتنی لۆژیکی نێوان تۆمەتبارو و دادوەر، بەراستی قەزاز لەئاستی ئەم دادگایەی زۆر بەرزکردەوە کەحوکمی دا؟ ئەمە ڕاستییەکە بۆمێژوو، دەکرێت هەرکەس وەقایعەکانی ئەم دادگایە بخوێنێتەوە بگاتە ئەوەی ئێمە پێیگەیشتووین)[1] بەم جۆرەش کاتێك قەزاز لەسێدارە درا زۆرێك لەناوەندە سیاسی و ئیعلامییەکان بە نیگەرانیەوە دەیان ڕوانییە ئەم کارە و بەزیانێکی گەورەیان وەسف کرد.

دەقی دادگایی کردنی سەعید قەزاز

+ دادگا : تاوانبار سەعید قەزاز! ڕەوانەی ئەم دادگایە کراوی تا دادگایی بکرێیت لەسەر ئەو تۆمەتانەی ئاراستەت کراوە.

- سەعید قەزاز: چەندان جار دووپاتم کردەوە کەمافی بەرگری لەخۆکردن ، پیرۆزە و بەناوی ئەم پیرۆزییەوە داواکارم ڕێگەم پێبدەن بەرگری کردنەکەم بخوێنمەوە، بێئەوەی کەس پێم بڕێ تا تەواودەبم

+ دادگا : فەرموو !

- قەزاز : سوپاس.. پاش شۆڕش بەئارەزووی خۆم، خۆم تەسلیمی دەسەڵاتی سەربازی کرد، مەبەستیشم لەم پێشەکییە،(بەدرۆخستنەوە) ی بانگەشەی (داواکاری گشتی)یە کەمن لە ترسا جل و بەرگی ژنانەم لەبەرکربێت، کەهیچ جۆرە ڕاستییەك لەم قسەیەدا نیە.

---

[1] عارف، فؤاد، مذكرات، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ١٩٩٩ مطبعة خبات، تقديم وتعليق د. كمال مظهر احمد ص٢٠٦,٢٠٥.

+ دادگـــا : بـــەدەر لەدەســـتەواژەی(بەدرۆخســـتنەوە) راســـتەکەی (راستکردنەوەیە)

- قەزاز : من بەڵێنم لەبەڕێزتان وەرگرت کەقسەکانم پیٚنەبڕن.

+ دادگا: پێویستە راست بکرێتەوە و ببێتە (راستکردنەوە).

- قــەزاز : بــەرگری کــردن ، بــەرگریکردنی خۆمــە و خــۆم بەرپرســیارم لەهەموو ووشەیەك کەتێیدا هاتووە..

+ دادگــا : بەڕاســتی ســەردەمی درۆ بەســەرچــوو، بەفــەرمانی گــەل ڕاســتی بکەرەوە... بەرگرییەکەت تەواوبکە..!

- قــەزاز : هەرلەســەرەتاوە دادگــا بیٚلایــەن نــەبووە، بــەجۆرێك توشــی چەندەها سوکایەتی پیٚکردن بوومەتەوە ، نەك تەنها لەلایەن سەرۆکی دادگا و داواکاری گشتی یەوە، بەڵکو تەنانــەت لەلایــەن کەسانێکەوە کــەهیچ جــۆرە ســیفەتێکی ڕەسمیــیان نــەبووە، ســەبارەت بــەو تۆمەتانــەی کەڕووبــەڕووم کراوەتەوە لەلایەن داواکاری گشتییەوە، ئەوە بەڵگــەی ڕقێکــی شــاراوە یە و پشت بەهیچ جۆرە ماددەیەکی یاسایی نابەستێت،

+ دادگـــا: ئایـــا تۆزانیـــاری پـــێش وەختـــت هەیـــە، (ڕق) واتـــای ئاکـــامی دوژمنایـــەتی نێـــوان دووکەســـە، ئەمـــەش حـــوکمی گەلـــە دژبـــە تـــۆ، ئەمـــە دەگونجێت، ئایا ئەمەش لێکدانەوەیەکی باوە؟.

- قــەزاز : بەڕاستی من دەتــوانم بەڵگــەی شاهیدەکان پوچــەڵ بکەمــەوە، تەنانەت یەك ڕووداوی دیــاری کــراو لەســەرم نەچەســپاوە، کــە مــن ســەرپێچی یاسایم تیاکردبێت، من ئێستا وەستاوم و مردنم لەئان وساتدایە، بەهیچ جۆرێـك لەسێدارە ناترسم، کاتێکیش دەچمە سەرکورسی سێدارە، زۆرکەس دەبینم لـەژێر پێمدا، کەشایستەی ژیــان نــین، وەك عێراقییــەك رادەوەســتم ، کــەماوەی ۳۲ ســاڵ خزمەتم پێشکەش کردووە، بۆیەرز راگرتنی یەکێتی عێراقی پیرۆز، شانازی دەکـەم

بەوەی وەزیرێکی کاراو چالاك بووم، بەئیلهامی خوایی و ژیری و دلگەرمیم کارم کردووە.

+ **دادگا:** مافی بەرگری کردن پیرۆزە، چۆن بەرگری دەکات بابیکات، ئێمەش لەبۆسەداین بۆی.

- **قەزاز: بەرگری کردنەکەم بەوە کۆتایی دێنم، کە داوای بەزەیی و لێخۆشبوون لەهیچ کەس ناکەم، بەڵکو سەرجەم کارەکانم دەدەمە دەست خوا(واصبر حتى يحكم الله ، وهو خير الحاكمين)**[1]

دووەم/ جۆری دووەمی ئەو تاوانانەی دادگا تێیدەڕوانی، دادگاییکردنی دوژمنانی شۆڕش بوو ، لەمەدەنی و سەربازییەکان، لەوانەی کەلەئەفسەرانی ئازادیخوازدا هاوکاری قاسمیان کردبوو، پاشان هەڵگەڕابوونەوە لێی بەتایبەت ئەوانەی بەشداری جولانەوەکەی شەوافیان کردبوو، زۆربەی ئەمانە دادگایی کردنێکی کورت و خێرا کران و پاشان لەسێدارە دران ، بەلام ناو وناوبانگی مەهداوی لەم قۆناغەیاندا تادەهات بچوك و قێزەون دەبوویەوە، بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەم و دادگایی کردنی پیاوانی سەردەمی پاشایەتی، چونکە زۆربەی ئەوانەی کەلەسێدارە دران ئەفسەری سوپا بوون، مەهداویان لەکۆلیژی سەربازیدا یان لەیەکەکانی سوپادا ناسیبوو، لەهەردوو بارەکەشدا ڕێزیان نەدەگرت، بەجورئەتەوە وەلامی قسە و سوکایەتییەکانیان دەدایەوە، بەدەر لەم حاڵەتەش ئەو(ڕا) گشتییەی کەهەبوو لەسەر دادگایی کردنی پیاوانی سەردەمی پاشایەتی لەم کاتەدا وەك پێویست نەبوو،[2]جگە لەشیوعییەکان نەبێت، کەتەسفیەی حساباتی خۆیان لەگەڵ باڵی نەتەوەپەرستەکان لەو بوارەدا دەکردەوە..

---

[1] کەناڵی ئاسمانی ئەبووزەبی، بەرنامەی (بين الزمنين) ساڵی ٢٠٠٢ ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا).

[2] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١١٢.

سێیەم / کۆمەڵەی سێیەم کەدرانە دادگا بریتی بوون لەوانەی کەهەوڵی تیرۆر کردنی قاسمیان دابوو، بەڵام ئەم دادگایی کردنانە پەلەی کرد لەئاوابوونی خۆری دادگاییەکەی مەهداویدا چونکە ئەو حوکمانەی لەدژیان دەرچوو بوو، قاسم خۆی دەری کردبوو، بێ هیچ ئیعتبارێك بۆدادگاییەکەی مەهداوی، پێدەچێت کاروبارەکانی ئەم دادگایە پاش ئەم کارە وەستابێت، بەبەڵگەی ئەوەی کەدوای ئەم حاڵەتە چیدی کەس لەبەردەم ئەم دادگایەدا ڕانەگیرا، بەڵام بەدەر لەوەی بەرپرسیارێتی ئەو تۆی لەگەردندا نەما، بەڵام وەك پێگەیەکی سەرەکی دەستەڵاتی قاسم دەهاتە ژماردن و چارەنوسی بەسترابوو بەچارەنوسی قاسمەوە.[٣]

بەسەرجەمی ئەو بڕیارانەی کەدەردەچوون بەلەسێدارەدان، قاسم ئیمزای نەدەکردن، تاوەك کارتێکی فشار بەسەرنەیارەکانییەوە بمێنێتەوە، بۆنمونە بڕیاری لەسێدارەدانی هەریەك لە عەبدولسەلام عارف و ڕەشید عالی گەیلانی ئیمزا نەکرد، تەنانەت لەدوایشدا بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکرد بۆعارف و سەرجەمی ئەوموچە فەوتاوانەی کە لەزینداندا بوو هەمووی بۆگەڕاندەوە و ڕەوانەی ماڵەوەشی کردەوە، سەبارەت بەو (١٧) تۆمەتبارەی کەلە٢٥ی شوباتی ١٩٦٠ دا، دادگا بڕیاری سێدارەی دابوو بەسەریاندا و (١١) کەسیان هەڵاتبون بۆ دەرەوەی عێراق، قاسم ڕازی بوو تاحوکمەکە بەسەر ئەو شەش کەسە گیراوەدا جێ بەجێ بکرێ، وادەکەشی ١٩٦٠/٣/٣١ دانرابوو بۆجێبەجێکردنی حوکمەکە،[٤] بەڵام پێش جێبەجێکردنی

---

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١٣.

[٤] حسن العلوی دەگێڕێتەوە کەکەس وکاری ئەوانەی کەحوکمەکەیان لەدژ دەرچوو بوو، گۆڕیان ئامادەکردبوو بۆکوڕەکانیان، وادەی حوکمەکەیان پێ ڕاگەیەنرابوو جیاوەرێ بوون. (کەناڵی ئەبو زەبی ، _ بەرنامەی بین الزمنین)

حوكمەكە بە(٤) سەعات ، قاسم لەسەر تەلەفزیۆن دەركەوت و حوكمەكەی هەڵوەشاندەوە لەهەموویان خۆش بوو، ئەمەش موفاجەئەیەكی تری سیاسی قاسم بوو، قاسم ڕایگەیاندبوو كە من لەمافی خۆم خۆش دەبم سەبارەت بەم چەكدارانەی كەتەقەیان لێكردووم، داواكاریشم لەكەس و كاری شۆفیرەكەم تا لەمانە خۆش بن!!

لێرەدا ئاماژە دەدەینە ئەو حوكمی لەسێدارانانەی كەلەسەردەمی قاسمدا جێبەجێكران:

١-بەرواری ١٩٥٩/٤/٥ حوكمی سێدارە دان جێبەجێكرا بەسەر چوار ئەفسەری فڕۆكەواندا.[1]

٢-بەرواری ١٩٥٩/٨/٢٥ حوكمی سێدارەدان جێبەجێكرا بەسەر چوار ئەفسەرو هاوڵاتی‌یەكدا، لەوانەی بەشداری جوڵانەوەكەی شەوافیان كردبوو، ئەم كارەش شەپۆلێك توڕەیی بەدوای خۆیدا هێنا.[2]

٣-سپێدەی ١٩٥٩/٩/٢٠ حوكمی سێدارە جێبەجێكرا بەسەر چواركەسایەتی سەردەمی پاشایەتی و، ئەمەش جگە لەئیستنكارێكی سنوردار لەئوردون، هیچ شتێكی ئەوتۆی لێنەكەوتەوە.

٤- ١٩٥٩/٩/٢٠ پاش دوو سەعات لەجێبەجێ كردنی حوكمی سێدارەی وەجبەی یەكەم ، دواین وەجبە لەسێدارەدران بەتەقە لێكردنیان كەژمارەیان (١٢) ئەفسەربوو، لەنێویشیاندا (رفعت الحاج سری) و (نازم تەبەقچەلی)

---

[1] ئەو ئەفسەرانەی بەشداری جوڵانەوەكەیان كردو هەوڵیاندا بۆردومانی وەزارەتی بەرگری و ئەنتێنی رادیۆ بكەن لەئەبوو غرێب كەبریتی بوون لە(١- عقید الجو عبدالله ناجي. ٢- الرئیس الطیار قاسم العزاوي.
٣-ملازم الطیار احمد مهدي عاشور. ٤-ملازم الطیار فاضل ناصر. (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، تالیف لیث عبدالحسن الزبیدی، الطبعة الثانیة ١٩٨١، ص ٣٧٤.

[2] ئەو شەش كەسەش بریتی بوون لە (١- الرئیس الركن نافع داود. ٢-الرئیس محمد امین عبدالقادر. ٣-الملازم الاول سالم حسین. ٤- ملازم محسن اسماعیل عموري. ٥-ملازم مقفر صالح. ٦-فاچل حمادی شكرە. دادگا ڕۆژی ١٩٥٩/٨/٩ بڕیارەكەی دەركردبوو، (ثورة١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الزبیدی ص ٣٧٤.

کەتاوانبار کرابوون لەتێوەگلانی جوڵانەوەکەی شەوافداو بەشەهیدانی (اُم الطبول)ناسران.

بەم جۆرەش قاسم چوار کەسایەتی سەردەمی پاشایەتی و (٢٧) کەسی بەشدار بووی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی جوڵانەوەکەی شەوافی لەسێدارەدا، واتە کۆی ئەوانەی قاسم بڕیاریلەسێدارە دانی تەصدیق کردن (٣١) کەس بوون.. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك ناوەند باس لەوە دەکەن کەبەرپرس بووە لەقەسابخانەکانی موصل و کەرکوك، گەر بەهیچ شتێك تاوانبار نەبوبێت، بەوە تاوانبار بووە کەسەرۆکی وڵات بووە..

پاش (٣٣) مانگیش لەتەمەنی دادگاییەکەی مەهداوی ، چیدی مەهداوی هیچ کارێکی بەدەستەوە نەما تابیکات جگە لە سەرپەرشتی کردنی چاپی وەقایعی دادگایی کردنەکانی..[٣]

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بوروژێنین گەر قاسم کەسێکی لێبوردەو دڵ فراوان بووە، بۆچی تەصدیقی ئەو حوکمی لە سێدارەدانانەی کردووە کەجێبەجێکراون؟

پاش ئەوەی کەقاسم (عارفی) دورخستەوە لەدەسەڵات و تاڕادەیەك نەتەوەپەرستەکان پاشەکشەیان کرد، گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو بۆ شیوعییەکان تا بەتەواوی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر گۆڕەپانەکەدا بسەپێنن، ئەمەش بەدژایەتی کردنی هەموو ئەوانەی کەدژی قاسم بوون، عەبدولکەریم قاسم بڕوای وابوو کە حزبی شیوعی لەپێناوی ئەودا کاردەکەن، ئەوەی لە بیرچووبویەوە کەلەپێناو خودی خۆیان و جێگیر کردنی دەسەڵات و دەست خستنی دەسکەوتی حزبیدا کاردەکەن، لەو پێودانگەشەوە حزبی شیوعی دەستی دایە تاوانبار کردنی ئەم و ئەو

[٣] کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی (بین الزمنین) سەرەتای ٢٠٠٢ ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا).

بەپیلانگێڕی دژ بەکۆماری تازەدروست بووی عێراق، تاوانباری دەکردن و داوایان دەکرد ئەمانە بدرێنە دادگاکەی مەهداوی، لەو بەرەنجامەشەوە دادگا دادگایی دەکردن و حوکمی توندی لەبەرامبەر دەردەکردن.[1] لەم بارەشەوە(فوئاد عارف)لەیاداشتەکانیدا دەنوسێت: زۆر زیادەڕەویش نیە گەربڵێم قاسم – هەروەك بڕوام وایە– ڕەزامەندی نەدەنواند لەسەر حوکمیسێدارەی هیچ کەسێك لەبەرهۆکاری سیاسی، ئەمەش خوێندنەوەی منە بۆئەم پیاوە پێش شۆڕش و دوای شۆڕش، قاسم کەسێك بوو بڕوای بەدیموکراسی هەبوو، بەڵام لەو ڕۆژانەدا حوکمی سێدارەدانمان دەبینی بەسەر هەندێکدا جێبەجێ کرا کەشۆڕشیان کردبوو و هاوڕێی قاسم بوون، لەڕاستیدا ئەوەندەی من شارەزا بووبووم، قاسم حەزی بەلەسێدارەدانی هیچ کەسێك نەبوو، بەڵام فشاری لەسەر بوو، لەم نێوەشدا حزبی شیوعی ڕۆڵی گەورەیان گێڕا.[2] هەرلەو کاتەشدا بوو کەشیوعییەکان دروشمی (اعدم ! اعدم! جیش والشعب ویاك، لاتقول ماکو وقت، اعدمهم اللیله)یان بەرز دەکردەوە.[3]

زۆرێك لەبیرو ڕاکان ئاماژە بەوە دەدەن کەقاسم بێدەنگ ترین کەس بووە کە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە داوایانەی داوەتەوە، بەڵام بمانەوێت یاخود نا، هەرکاریگەری هەبووە لەسەری، چونکە لەو بەرەنجامەوە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی گەربێتو هەندێك لەسێدارە نەدات ، ئەوا دەسەڵاتەکەی وەلا دەخرێ، جارێك کە ووتاری دابوو لەسینەما خیامدا، تورە دەبێت و سوردەبێتەوەو دەڵێت((بۆچی داوام لێ دەکەن کە

---

[1] عارف، فؤاد، مذکرات، الجزء الاول، الطبعة الاولی، ١٩٩٩ مطبعة خبات، تقدیم وتعلیق د. کمال مظهر احمد ص٢٠٤,٢٠٥.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە.

[3] عبدالرزاق الصافی کەسەرکردەیەکی شیوعی بووە دەڵێت راستە ئێمە دروشمی ئەوەمان بەرز دەکردەوە کەقاسم با نەیارانی لەسێدارە بدات، بەڵام ئەمە وەبەرهاتووی ئەو کەش و هەوایە بوو کەتێیدا دەژیاین، ئەگینا لەگەڵ حوکمی سێدارەدا نەبووین.(کەناڵی ئاسمانی ئەبوو زەبی) هەمان بەرنامەی ناوبراو.

هەرلەسـێدارە بـدەم! لەسـێدارە ! بۆچـی داوای دروسـت کردنـی کارگەیـەك ناکەن))[٤]

هۆکـارێکی تـر کەپێویسـتە لـەیادمان نەچـێت، ئـەو ململانـێی ڕاگەیاندنـەبوو کەلـەنێوان قاسـم و جـەمال عەبدولناصـرداهەبوو، بـەردەوام ڕاگەیاندنـەکانی جمال عەبدولناصر تەحـەدای قـاسمی دەکرد، لـەو کاتـەدا ڕادێـوی (صـوت العـرب) بەقاسمی دەووت((گەر ترسنۆك نیت لەسـێدارەیان بـدە! هـانی قاسمیـان دەدا لەسـەر لەسـێدارە دان، دیـارە ئەمـەش عـەقڵێکی خێڵەکی بوو، وەگەرنا قاسم دەیتوانی لەسێدارەیان نەدا.))[٥] تەنانـەت بارەکە هێندە ئاڵۆز بووبوو کەمەهداوی لەدادگاییەکانیدا هێرش بکاتـە سـەر جـەمال عەبدولناصرو تۆمەتبارەکە بەلایەنگری ناصر تاوانبار بکات، هەرلێرەشـەوە هێرشـی دەکـردە سەرعەبدولناصـر و ڕەخنـەی تونـدی لێدەگـرت، دیـارە لەبەرامبـەر ئـەو ڕەخنـەو هێرشانەشـدا، ڕۆژنامـەو دەزگـا ڕاگەیاندنـەکانی کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو وولاتـانی عـەرەبی هێرشـیان دەکـردە سـەر ئـەم دادگایەو بەساختەو ناشەرعییان لەقەڵەم دەدا.[٦]

---

[٤] عارف، فؤاد، مذكرات، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ١٩٩٩ مطبعة خبات، تقديم وتعليق د. كمال مظهر احمد ص٢٠٦.

[٥] حسن العلوی کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی (بين الزمنين) سەرەتای ٢٠٠٢ ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا).

[٦] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١١٢.

جولانەوەکەی شەواف

هەرجۆرە قسەکردنێك لەسەر جولانەوەکەی سەرهەنگ عەبدلوەهاب شەواف لەموصل، ناتوانێت واتای تەواو بدات بەدەستەوە گەر چەند خاڵێك شی نەکەینەوە، بەر لەهەر شتێك سروشت و بیرو بۆچوونی شەواف وپاشان شێوازی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز و بەتایبەتیش پەیوەندی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا..

عەبدولوەهاب شەواف لەماوەی ژیانی ئەفسەریدا، کەسایەتی‌یەك بووە هەمیشە چاوەڕوانی پلەو پایەی بەرزی کردووە و زۆریش هەوڵی داوە شۆڕشێك بەناوی خۆیەوە لەمێژوودا تۆمار بکات، کەسێك بووە تاڕادەیەکی زۆر پەلەی کردووە لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانیدا. کەمتر لێکدانەوەی ووردی کردووە بۆئەوکارانەی ئەنجامی دەدا، کەسایەتی‌یەکی نەتەوەیی تاڕادەیەك سەربەخۆو مەیلی بەلای فیکرەی سیاسی چەپدا بووە، لەکاتی جولانەوەکەشیدا تاڕادەیەکی باش کەوتبووە ژێر کاریگەری بەعسی‌یەکانەوە...

شەواف یەکێك بووە لە ئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز کەژمارەیان (١٥) ئەفسەر بووە، هەرچەند ئەم لیژنەیە لەناوخۆیاندا نەیان توانیبوو وەك پێویست ڕێك بکەون لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگ و حەساس، تەنانەت لەسەر کاتی شۆڕش و مەسەلەی پێشەوایەتی کردنی .. لەم بوارەشدا شەواف یەکێك بووە لەجەمسەرە ناکۆکەکان و تەنانەت هەوڵیدا لەدەرەوەی کاری ئەفسەرانی ئازادیخواز شۆرش بەرپا بکات، بۆنمونە لەکۆی حەوت هەوڵی کودەتا و شۆڕش دژبەدەستەڵاتی پاشایەتی، شەواف لەسێ هەوڵیاندا کاراکتەری‌سەرەکی یان بزوێنەری بووە، بۆنمونە لەگەڵ هەندێك

ئەفسەرداهەوڵیاندابوو لە١٩٥٨/٥/١١شۆڕش بەرپابکەن، بەوپێودانگەی کەلیژنەی باڵا چیدی ئومێدی شۆڕش کردنی نەماوە بەهۆی نەبوونی تەنسیق لەنێو ئەندامەکانیدا [1] لەم هەوڵەدا شەواف لەو حەوت بەیانەی کەبڕیار وابووە، پاش سەرکەتنی شۆڕش بڵاوبکرێتەوە ئاماژە بەوە دەدات کەئەنجومەنی وەزیران پێک دێت لەپارتەکانی بەرەی یەکێتی نیشتمانی و خودی شەوافیش دەبێتە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە.[2]

بەدەر لەم هەوڵەی کەسەرکەوتوو نەبوو، لەهەوڵەکانی مانگی ١٩٥٦/١١ و هەوڵی مانگی ١٩٥٦/١٢ دەست پێشخەر بووە و هەوڵی شۆڕشی داوە [3] بەتایبەت ئەو کاتەی کەئەندامی لیژنەی ناوەندی ئەفسەرانی ئازادیخواز بووە، و وەك لاوێکی خوێن گەرم و حەماسی هەوڵی خۆی داوە..

دەتوانم بڵێم هەر لەبەر ئەمەش بووە واتە هەوڵی شۆڕش و کودەتا کەخۆی ئەنجامی بدات و بەناوی خۆیەوە بێت، وای کردبێت کەئاگادار نەکراوەتەوە لەوادەی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، لەوە ترساون شەواف ئەو هەلە بقۆزێتەوەو لە بەرژوەندی خۆی سوودی لێ وەربگرێت، کاتێکیش

---

[1] -دیارە لەوکاتەداشەواف ئەندام نەبووە لەلیژنەی باڵادا، بۆیە لیژنەی باڵا لەو هەوڵەی ئاگادار دەکاتەوە کەلە

١١/٥/١٩٥٨ شۆڕش بەرپا دەکات، بەڵام پلانەکە جێ بەجێ نەکرا بەهۆی دواکەوتنی ئەو یەکە سەربازیانەی کەتەکلیف کرابوون بەکارەکەو نەهاتبوونە بەغداد، بەڵکو لە نێوان ڕومادییە و فەلوجەدا بڵاوبوونەوە..(

سەرچاوە : ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، تأليف ليث عبدالحسن الزبيدي، ط٢، بغداد ، ١٩٨١ ص ١٢٦.

[2] - الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص١٦٧.

[3] - بۆدرێژەی ئەو هەوڵانەی شەواف ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە و ئەوانەی تریش کەپێش شۆڕش ئەنجام دراون و سەرکەوتوونەبوون سەیری (هەوڵە سەرنەکەوتووکانی پێش ١٤ی تەموز بکە..)

شۆڕش ڕوویدا شەواف لەڕێگەی رادیۆە هەواڵی بیست و ئەمەش بەتەواوی نیگەران و تووڕەی کرد[1] و تەنانەت یەکێکیش بوو لەهۆکارە پاڵنەرکانی نەیارێتی و هەڵگەڕانەوەی لە دەسەلاتی قاسم.. بەدەر لەم حاڵەتەش ئاگادار نەکردنەوەی زۆربەی ئەفسەرانی ئازادیخواز لەوادەی شۆڕش، واتای نەبوونی متمانە بووە بەیەکترو دەست کەوتنی هەندێك پۆست پاش شۆڕش کەویستوویانە بۆخۆیانی دەستەبەری بکەن و شەریکە بەشیان نەبێت و تەنها لەنێوان چەند کەسێکی دیاری کراودا بێت، بەم جۆرەش دەبینین گەرشۆڕشێك لەهەناوی ئەم واقیعەدا لەدایك بووبێت، بێگومان ئەگەری تەقینەوە و دەرهاویشتەی سلبی زۆری لێ دەکەوێتەوە، کەجوڵانەوەکەی شەواف لەموصل یەکێکە لەهەرە دەرکەوتووترین دەرهاویشتە سلبیەکانی...

پێویستە بووترێت کەڕوودانی لێك ترازان و دابەش بوون لەناو ڕیزەکانی سوپادا پاش شۆڕش، لەهەرە گەورەترین ئەو مەترسیانە بوو کەقاسم لێی دەترساو لەبەرچاوی گرتبوو، [2] چونکە لەبەرەنجامی چۆنیەتی ئەنجام دانی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە قاسم چاوەڕوانی ئەم جۆرە حاڵەتانەی دەکرد، هەربۆیەش دەبینین بەردەوام لەهەوڵی سەرکوت کردندا بووە، جوڵانەوەکەی شەوافیش دژ بەدەسەلاتی قاسم لوتکەی ئەو دەرهاویشتە سلبیانە بوو، هەم بۆسەر دەسەلاتی خودی قاسم و هەم بۆ چارەنوسی

---

[1] -الزبیدی، لیپ عبدالحسن، (پوره ١٤تموز ١٩٥٨ فی العراق) الگبعە الپانیە ، بغداد ١٩٨١ ص١٨١.

[2] - چونکە ڕێژەی ئەو ئەفسەرانەی لەڕیزەکانی ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا لە(٥%) زیاتر نەبوون ، کەژمارەیان
دەگەیشتە (٢٠٣) ئەفسەر، بۆزانینی ناوی ئەو ئەفسەرانە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ
کتێبی: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، تألیف لیث عبدالحسن الزبیدي، ط٢، بغداد ، ١٩٨١ ص ١١٢ تا ١١٧.

شۆڕشی ١٤ی تەموز [٣] کەلەو کاتەدا بەتەواوی نەکەوتبوویە سەرپێی خۆی و جێگیر نەبووبوو...

لێرەدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جوڵانەوەیە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەش دەکەین:

یەکەم /ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بەقاسم و عارف و ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە هەبوو:

١-ئاگادار نەکردنەوەی لەوادەی شۆڕش، هەرئەم خاڵەش وای کرد لە ڕۆژی دووەمی شۆڕشدا، شەواف پەیوەندی بکات بەهەندێك ئەفسەرەوە بۆ ئەوەی کودەتا بەسەر قاسم و عارفدابکەن.

٢- سەرهەڵدانی نیگەرانی لەسەر دروست نەبوونی ئەنجومەنی سەرکردایەتیشۆڕش، کەدیارە لەم حاڵەتەدا ئەفسەرانی لیژنەی باڵا، پەراوێز دەخران لەدەسەڵاتدا.

٣- ئەوەی زیاتر تووڕەو نیگەرانی کردبوو، دانانی بوو وەك فەرماندەی حامییەی موصل ، و لەپۆستی حاکمی سەربازی گشتی لابرا [٤]

٤- دابەش کردنی پۆست و دەسەڵاتە گرنگەکان لەنێوان قاسم و عارفدا و دانانی

---

[٣] -خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٤٤.

[٤] -هۆکاری دانەنانی لەپۆستی حاکمی سەربازی گشتی دا دەگەڕێتەوە بۆ عەبدولسەلام عارف کەناکۆکی هەبووە لەگەڵ شەوافدا و ویستوویەتی لەبەغدادی دووربخاتەوە و کردوویەتی یە فەرماندەی حامیەی موصل..

هەندێك كەس لە پۆستە گرنگە كاندا كە لەئاستی ئەو پۆستەدا نەبوون .[1]

٥- هەژمون و دەسەلاتی شیوعیەكان بەسەرعێراقداو دژایەتی كردنی‌نەتەوەپەرستەكان و بەعسی‌یەكان سوكایەتی پێكردنیان.

٦-ناردنی ئەندامانی ڕێكخراوی پشتیوانانی ئاشتی بۆ موصل و گرێدانی

كۆنگرەی ئاشتی لەموصل، ئەمە سەرەڕای هەوڵی زۆری شەواف تاقەناعەت بەقاسم

بكات ئەم كارە لەموصل ڕوونەدات.

دووەم/ ئەو هۆكارنەی تایبەت بوون بەخودی شەوافەوە:

١-شەواف كەسێك بوو كەحەزو ویستی دەسەلات دارێتی زالْ بوو بەسەریدا.[2]

٢-حەز كردن بەدەركەوتن و ئەنجام دانی شۆڕش بەناوی خۆیەوە.

٣-پێی وابوو كەدەبێت ئەو مومارەسەی دەسەلات بكات وەك لە كەسانی تر كەلەو

كاتەدا لەدەسەلاتدا بوون، بەو پێودانگەی كەپێشتر هەوڵی شۆڕشی داوەو لەم

نێوەدا خەباتی بەرچاوی هەبووە.

---

[1] -بۆنمونە احمد محمد یحی كرابوویە وەزیری ناوخۆ كەپلەی سەربازی لەشەواف نزمتر بووە و لەمرێكخراوی ئەفسەرانی
ئازادیخوازیشدا نەبووە پێش شۆڕش.

[2] - الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) الطبعة الثانية ، بغداد ١٩٨١ ص٣٦٣,٣٦٤.

٤ -زياتر وەك كەسايەتيەكى بێ ئيلتيزام و هەڵچوو ناسرا بوو، لەم بوارەشدا

كوتلەيەكى سياسى دروست كرد، پاش ئەوەى تەجميد كرا بە هۆى كارە

لاوەكىيەكانيەوە لەپێش شۆڕش.[3]

٥-بەئەفسەرێكى ڕا ڕا ناسرابوو، لەگەڵ ئەوەى تواناى كۆكردنەوەى خەڵكى هەبوو

لە دەورى خۆى[4].

چەند هۆكارێكى تر

١-بەعسى يەكان ڕۆڵى باشيان گێڕا لە هاندانى شەواف بۆ دژايەتى كردنى قاسم

كە دژايەتى پرۆژەى يەكێتى عەرەبى نێوان كۆمارى عەربى يەككگرتوو وعێراقى

دەكرد.

٢-موصل شارێكى نەتەوەيى موحافيز كاربوو، چالاكانە بەشدارى ڕێكخراوى ئەفسەرانى ئازاديخوازيان كردبوو، لەسەردەمى شۆڕشدا پشتيوان و هاوسۆزى شۆڕش بوون، بەلاّم ئەو ئەفسەرانەى موصلى بوون و لە ڕێكخراوى ئەفسەرانى ئازاديخوازدا بوون، پىّيان وابوو كەپەراوێز خراون و ڕۆڵيان پىّنەدراوە، لەهەمان كاتدا خەڵكى موصل بڕوايان وابوو لە سەردەمى دەسەلاّتى پاشايەتىدا پەراوێز خراون و لەم كاتەشدا كەس

[3] - فرحان، اللواء الركن عبدالكريم ، ثورة ١٤تموز في العراق، الجزء الاول، ص٩١,٩٠ ، مؤسسة الكتاب العربي للدراسات والترجمة والنشر، باريس، ١٩٨٦

[4] رشيد د.عبدالوهاب حميد، العراق المعاصر، دار المدى للثقافة والنشر، سنة ٢٠٠٢ ص١٤٥.

ئاوڕیـــان لیٚ ناداتـــەوە و هـــەل و مـــەرجی ژیانیـــان زۆر خراپـــە، دەكرێـــت ووتارەكـانی عەبدولسەلام عـارفیش كاریگـەری خـۆی هـەبووبێت لەسـەریان، بەتايبەت ئەوكاتانەی جەولەی شارەكانی دەكرد و هەنديٚك جار ڕەخنەشی لەدەســەڵاتی قاســم دەگــرت، بۆنمونــە جارێــك لەووتارێكيــدا لەموصــل بەگاڵتەجارِییــەوە ووتبـووی: دەسـەڵاتی مەركـەزی جيـاوازی ناكـات لـەنێوان گـەڕەكی (بـاب البـيض) (كەگـەڕەكێكی هەژارنشـينی موصـل بـووە،) لەگـەڵ گـەڕەكی(بـاب السـرايا)(كەگـەڕەكێكی دەوڵەمەنـدی شـاری موصـل بـووە)، ديـارە (عـارف) مەبەسـتی گـویٚ نـە دانـی حكومـەت بـووە بـە شـاری موصـل لەڕووی خزمەت گوزارییەوە.. هەروەها ئەو ئەفسەرانەیخەڵكی موسڵ بوون و لـەرێكخراوی ئەفسـەرانی ئـازاديخوازدا بـوون ،هەميشـە سـەربەخۆبوون و نەكەوتبوونە ژێر كاريگەری دەسەڵاتی مەركەزييەوە[1]

٣-بـەهۆی هەڵكەوتـەی شـوێنی جوگرافیموصـل و نزيكـی لەسـورياوە كەلەو كاتەدا لەچوارچێوەی كۆماری عەرەبی يەكگرتودا بوو، ديارە موصل لەبــەر نزيكــی لەســورياوە زيــاتر ســاز بــوو بــۆ ئــەنجام دانــی جولاٌنەوكــە.ســەرەڕای ئەمــەش لێــرەدا نابێــت ڕۆڵــی عەبدولناصــر بــۆ سەرخستنی جولاٌنەوەكە لەياد بكەين.،

جگـە لـەم هۆكارانـە، بـوونی ئـەمريكاش لەپشت مەسـەلەكەوە هۆكـارێكی ترە كەلەدوايدا ئاماژەی پیٚ دەكەين و خۆی لـە خۆيـدا كاريگـەری بەرچاوی هەبووە لەسەر جولاٌنەوەكە وكات و شێوازی بەڕێوەبردنی جولاٌنەوەكە..

ئەم هۆكارانە ڕۆڵيان گێڕا لـە سـازاندنی زەمينـەی لـەبار بۆ جولاٌنەوەكـە كەزۆرشـتی خسـتە ژێـر پرسـيارەوە ، پێكـەوە ژيـان، فرەيـی، لێبـوردەيی،

---

[1] -هەمان سەرچاوەی پێشوو ل.(١٤٤,١٤٥)

پەیوەندی نێو دەوڵەتی و دەستێوەردانی وولاتان، شەڕی بەرژەوەندییەکان لەنێوان وولاتانی زلهێزدا، شەڕی بەرتەسك کردنەوەی دەسەلاتی بەرامبەرو فراوانکردنی هەژمونی خود.. بۆزیاتر هەنگاو نان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا لەسەر سێ ڕەهەند باس لەزەمینە سازی جولانەوەکە دەکەین:

یەکەم/لەسەر ئاستی ناوخۆ

پاش دورخستنەوەی عارف لەدەسەلات و زیندانی کردنی لەلایەن قاسمەوە، پێشەوایەتی کردنی (یەکگرتنی خێرای نێوان عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)، کەوتە دەستی (رفعت الحاج سری) کەلەوکاتەدا سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازیی بوو[٢] نوسینگەکەی لەتەنیشت نوسینگەکەی قاسمدا بووە لەوەزارەتی بەرگری، بەو جۆرەش ڕێکەوتنێك دروست دەبێت لەنێوان هەریەك لە (سڕی) و (نازم تەبەقچەلی)[٣] کەتەبەقچەلی هەستێت بەشۆڕشێکی سەربازی کەلەوکاتەدا سەرکردەی تیپی دوو بووە لەناوچەی کەرکوك ، (سڕی) یش بەهاوکاری ئەفسەرانی یەکێتی خواز هەستن بە ئابلۆقەدانی قاسم لەنوسینگەکەیدا... پێویستە بووترێت پاش سەرکەوتنی شۆڕش سێ ئاراستە لەنێو دەسەلاتی سەربازیدا

---

[٢] - رفعت الحاج سڕی، کسایەتی‌یەکی موتەدەین بووەو و خاوەنی بیروباوەڕێکی ئیسلامیی بەهێزبووە، بنەماڵەکەیان خادم و کلیلداری مزگەوتی (جامعة امام اعظم) بوون و سەرپەرشتیان کردووە، یەکێك بوون لەبنەماڵە شەریفەکانی بەغداد و ڕۆحی دینداری زاڵ بووە بەسەریدا، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی عەرەبی بەرچاوبووە..

[٣] - بنەماڵەی تەبەقچەلی لەبنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ(حەما) لەسوریا و پێش زیاتر لە ١٦٠ ساڵ هاتونەتە شاری بەغداد ، باوباپیرانی بەئاراستەیەکی سەلەفی ناسراون و قوتابخانەی (تەبەقچەلی) یان هەبووە لەبەغداد کەئاراستەی سەلەفی هەبووە، لەوەسیەتنامەکەیدا کاتێك کەلەسێدارە دەدرێت تەبەقچەلی ئامۆژگاری منالەکانی دەکات تادەست بەقورئانەوە بگرن و کاری پێبکەن، لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی بەرچاو بووە.. شایانی باسە هەریەك لە (سڕی) و (تەبەقچەلی) لە٢٠/٩/١٩٥٩ لەسێدارە دران لەگەڵ ژمارەیەکی تری ئەفسەردا، بەتاوانی تێوەگلان لەجولانەوەکەی شەوافدا..

دروست بوو، هەندێکیان بەسەرکردەیی عەبدول کریم قاسم و هەندێکی تریان بەسەرکردەیی عەبدولسەلام عارف، لەم نێوەشدا هەریەك لەسرِی و تەبەقچەلی لەگەڵ هیچ یەك لەو باڵانەدا نەبوون وخۆیان بەخاوەنی ڕاستەقینەی فیکرەی دامەزراندنی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەزانی (بەتایبەت سرِی)[1] و پیٚیان وابوو وادەی شۆڕشیان لیٚدزراوەو لەنێوان قاسم و عارفدا ئەمان پەراوێزخراون، هەربۆیەش دەیان ویست مافی خۆیان وەرگرنەوە و کەوتنە هەوڵی روخاندنی دەسەڵاتی قاسم .. هەرلەو سەروبەندەشدا عەقید عەبدلوەهاب شەواف پەیوەندی دەکات بەم کۆمەڵەیەوە لەبەرواری ١٩٥٩/٣/١ و لەسەرئەوەش رازی دەبێت کەئەو شۆڕش لەموصلەوە ڕابگەیەنێت، بەو پێودانگەی ئەوهێزەی لەژێردەستی تەبەقچەلیدایە کەسانی زۆری تێدایە کە دژ بە یەکێتی عەرەبی کشتگیرن.. بەم جۆرەش ئەرکی دەستگیرکردنی قاسم بەجیٚهێڵرا بۆ (سرِی) و هەندێك لەکەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانیش بەڵێنی‌یان دا کەلەبەغداد و لەکاتی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا ڕاپەڕین ئەنجام بدەن...[2]

---

[1] - اطراف من التاريخ السياسي العراق . بحث لم تنشر، للمفكر والمحامي العراقي محمد احمد الراشد.

[2] - ليث عبدالحسن الزبيدی لەکتێبی (ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق) ل٣٦٤,٣٦٥ دەنوسێت، سەرەتا بڕیار وابووە کەزعیم (نازم تەبەقچەلی) یاخی بوونی سەربازی لەناوچەکانی ژێردەستەڵاتیدا (کوردستان) ڕابگەیەنێت، و (شەواف) یش لەموصل پشتگیری لیٚ بکات، پاش ئەوە ئەو یەکەسەربازییانەی کەلایەنگری شۆڕش بوون دەست بدەنە جوڵەکردن، و دەست بگرن بەسەرسەربازگەی (الوشاويش) و سەربازگەی ئەندازیاریی(الرستمیە) و حامیەی وەزارەتی بەرگری، پاشان هەندێك پێکهێنەرەکانی ئەم جوڵانەوەیە هەستن بەدەستگیرکردنی قاسم و لایەنگرانی ، ئیتر ئایا لەنوسینگەکەی خۆیدا بێت لە وەزارەتی بەرگری یان لەرێگەی دەرچوونی دابێت، لەهەمان کاتدا فەوجێکی سەربەجوڵانەوەکە هەستن بەگرتنی بارەگای پەخشی ڕادیۆیی، سەرەڕای یەکەکانی جێگیر لە هەولێر و عەقرە و موسەیب، ئەوا لەسەعات (٧) سەرلەبەیانی شۆڕش، جوڵەدەکەن، پاش ئەوەی شۆڕش لەرادیۆی موصلەوە ڕاگەیەنرا ،هەروەها ئەم ئەفسەرانە پەیوەندییان بەپێشەوای پارتە سیاسی‌یەکانەوە کردبوو، ئەوانیش بڕیاریان دابوو لەکاتی شۆڕشدا ڕاپەڕین ئەنجام بدەن.

ئەو هۆكارانەی مەسەلەكەی گەیاندە ئاستی تەقینەوە، ڕەوانەكردنی پیشتیوانانی ئاشتی بوو بۆ موصل و گرتنی كۆنگرەی پشتیوانی ئاشتی لەو شارەدا، لەم نێوەشدا شەمەندەفەرەكانی ئاشتی ژمارەیەكی زۆر لەئەندامانی ئەم ڕێكخراوەیان لەزۆربەی شارەكانی عێراقەوە گواستەوە بۆموصل تاله ١٩٥٩/٣/٦ كۆنگرەكە ببەسترێت [٣] بەلای ئەفسەرانی یەكێتی خوازەوە بەستنی ئەم كۆنگرەیە، بەسەركەوتنێك دەهاتە ژماردن، بۆیە بەردەوام چاودێری هەنگاوەكانی كۆنگرەكەیان دەكرد.. [٤] لەسەرئاستی زەمینە سازی هەنگاوەناوخۆییەكان بارەكە بەم جۆرە گوزەراو بەدەر لەپلان و نەخشەی (سڕی)و (تەبەقچەلی)، شەواف لەلایەن خۆیەوە پلانی دیاری كراوی خۆی هەبوو تا كاری پێبكات، بەئەنجام دانی چەندین سەردان و ناردنی نوێنەرو نامەو پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوان بغداد و كەركوك و موصلدا، زەمینەی تەقینەوەی بارەكە ڕەخسا..

---

[٣] -شەواف سەردانێكی بەغداد دەكات كەلە١٧/٢ تا٢٨/٢/١٩٥٩ درێژەی دەبێت ، لەپێناو قەناعەت كردن بەقاسم بۆهەڵوەشاندنەوەی كۆنگرەی ئاشتی موصل، وپاش چەندین كۆبونەوە لەگەڵ قاسمدا سەركەوتوو نەبوو لەم كارەیدا، هەرلەو بەرەنجامەشەوە دەكەوێتە هەوڵی دروست كردنی هاودەنگی لەگەڵ هەندێك لەئەفسەرانی بەغدادا، تاپشتیوانی لێبكەن لەكاتی هەڵایسانی شۆڕشی دا، لەنێویشیاندا (عقید الركن عبدالرحمن عبدالستار) فەرماندەی لیوای (٨) لە حەبانییە، و(عقید الركن خالد المدفعي) فەرماندەی فەوجی لیوای ١٩(سەربازگەی ڕەشید) و موقەدەم ركن سعدون حسین فەرماندەی فەوجی (٢) ی‌لیوای (٢٠) بەرپرسی پاراستنی رادیۆ، و (مقدم الركن عارف عبدالرزاق) فەرماندەی بنكەی حەبانییە، (رائد خزعل السعدی) فەرماندەی كەتیبەی تانكەكان و ... لەبەردەم ئەمانەدا شەواف سوێندی خواردبوو گەرێتوو كۆنگرەكە ببەسترێت، كارێك دەكات گۆمی خوێن بگاتە ئەژنۆ! (سەرچاوە: الصراعات بين عبدالكريم قاسم والشيوعيين ورفعت الحاج سری والقوميين) نوسینی عقیدالمتقاعد خليل ابراهيم حسين، بەرگی دووەم ، ١٩٨٨ بغداد ل٢٦تا٦٠..

[٤] -خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير - قم ١٩٩٧ ، ص١٤٤.

دووەم/ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو

واپێدەچێت بزوتنەوەی نەتەوایەتی بەسەرجەم دەزگا سیاسی و ئیعلامییەکانییەوە ، پێش وەخت ڕەسمی ئەو کەسایەتی‌یەی کێشابێت کەوەك سەرکردە لەعێراق دەردەکەوێت، جەمال عەبدولناصر دەیویست ئەم نەخشەیە بەپێی خواستی‌خۆی بگوزرێ، پێش شۆڕشی ١٤ی‌تەموزو تەنانەت دوای شۆڕشیش.. بۆیە سوربوو لەسەرئەوەی کەدەبێت ئەو ڕۆڵەیە یەکێك بێت لە ڕۆڵەکانی خۆی، چونکە عەبدولناصر لەدژایەتی کردنی دەسەلاتی پاشایەتی‌دا لەعێراق پشکی بەرچاوی هەبوو، بەتایبەت لەبواری فەراهەم هێنانی زهنیەتی ئامادەگی شۆڕش.. لەهەمان کاتدا عەبدولناصر سەروەتێکی زۆری میللەتی هەژاری میسری خەرج کرد لەسەرخستنی ئەم شۆڕشەدا، سەروەتێك کەدەتوانرا گەورەترین کۆمپانیای پیشەسازی پێ‌دروست بکرێت، هەرچەند لەدوایدا شۆڕش بێ زانیاری عەبدولناصر ئەنجام درا..[1]

بەدەر لەم حاڵەتە کۆمەڵێك لەفسەرانی لیژنەی بالاو بەخودی قاسمیشەوە، دژی هەرجۆرە یارمەتی و هاوکارییەکی ڕاستەوخۆی عەبدولناصر بوون، و دەیان ویست شۆڕشێك ئەنجام بدەن بەدووربێت لەهەرجۆرە هەژمونێکی دەرەکی.. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکیش لەئەفسەرە نەتەوەپەرستەکان خۆیان بەقەرزاری عەبدولناصر دەزانی لەسەرخستنی شۆڕشدا، ئەمە مایەی نیگەرانی بوو کەسەرانی شۆڕش لەعێراق و بەتایبەت دەسەلاتی یەکەم نەك هێندەی خۆی بەمنەتباری عەبدولناصر بزانێت، و لەسەر هێل ونەخشەی سیاسی ئەو بڕوات، بەڵکو کەوتە دژایەتی کردنیشی

---

[1] -العلوی، حسن (عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين) منشورات دار الزوراء، لندن ١٩٨٣ ، ص١٠٦.

و سەرکوتی ئەوانەشی دەکرد لەسەر سیاسەتەکانی عەبدولناصر دەڕۆن، هەربۆیەش چاوەڕوانی دەکرا عەبدولناصر گورزی خۆی لەدەسەلاتی قاسم لەعێراقدا بوەشێنێ بەهەر شێوەیەك بووبێت..

پاش ئەوەی ناکۆکی کەوتەنێوان قاسم و عارف لەسەرمەسەلەی یەکێتی عەرەبی [2] ئەم ناکۆکی یە هەربەخێرایی ناوەندی هەریەك لەقاسم و عەبدولناصریشی گرتەوە، چونکە سیاسەتەکانی قاسم مایەی ڕەزامەندی عەبدولناصر نەبوو، لێرەشەوە دژایەتی کردنی یەکتر لە ڕێی راگەیاندنەوە دەستی پێ کرد، لەگەڵ گرژی زیاتری نێوان قاسم و عارفدا ئەم هێرشانەش ڕووە زیادبوون بوو، بەڵام لەسەرەتاوە هیچ یەك لەکەسایەتی یەکانی یەکەمی دەسەلاتی نەگرتەوە، هێرشی میسرییەکان دژی شیوعیەکانی عێراق بوو ، (محمد حسنین هیکل) لەنامەیەکی کراوەیدا بۆقاسم سەرسوڕمانی خۆی نیشان دابوو لەسیاسەتی پشت گوێخستنی کێشەی عەرەبی و وازهێنان لەڕۆژئاوا بۆشیوعیەت کەچی یان بوێت ئەنجامی بدەن، هەڵمەتی عێراقیش دژ بەمیسر زیاتر لەسەرتەوەرەی نەبوونی دیموکراسی و ئەوەی ناوی لێنراوە بەنەتەوایەتی ساختە لەمیسردا خۆی دەبینیەوە.. لەمانگی شوباتدا هەریەك لەعێراق و میسر هێرشەکانیان دژبەیەکتر سوك کرد، بەڵام ئەمە ئەو هێوربوونەوەیە بوو بەهێوربونەوەی پێش گەردەلول، چونکە هەردوو

---

[2] - دەکرێت ناکۆکی نێوان قاسم وعارف لەم خاڵانە کورت بکەینەوە هەوەك بەڕێز(عقیدالمتقاعد عباس قادر علی) لەوەڵامی پرسیارێکمدا لەم بارەیەوە ئاماژەی پێداوە و دەڵێت: ١-ململانێ و حەزی دەسەڵات. ٢- ناکۆکی یان لەسەر لەناوبردنی بنەماڵەی پاشایەتی کەئەنجام درا. قاسم نەیاری ئەو کوشتنانە بووە، ٣- ئیجراکردنی هەندێك دامەزرانی زۆر گرنگ و دورخستنەوەی عقید عبدالرحمن عارف و لیوای زرێپۆشی شەشەم و کەتیبەی زرێپۆشەکان کەئەو سەرۆکایەتی دەکردن بۆ(ئێچ پری) ٤-کۆبونەوەی عارف لەگەڵ عەبدولناصر و باس کردن لەمەسەلەی یەکگرتنی خێرای نێوان عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو...

حکومەتی قاسم و عەبدولناصر زانیارییان لەسەر کودەتایەك هەبوو کە دەگونجێت لەعێراقدا ڕووبدات..[1]

بۆڕێکخستنی شێوازی پەیوەندی سەرکردەکانی جولانەوەکە و حکومەتی کۆماری عەربی یەکگرتوو، (عبدالمجيد فريد)ی مولحەقی سەربازی کاروبارەکانی ڕێکدەخست، بۆئەم مەبەستەش پەیوەندی کردبوو بەسەرجەم لایەنەکانی جولانەوەکەوە، پاشان داواو خواستەکانی گەیاندبوونە گەورە بەرپرسانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەتایبەت (عبدالحليم سراج) کەوەزیری ناوخۆی هەرێمی باکووری کۆماری عەرەبی یەکگرتووبوو، و ئەوەشی زیاتر پاڵنەری مەسەلەکە بوو ئاهەنگەکانی یادی یەکگرتنی میسرو سوریا بوو لەکۆماریعەرەبی یەکگرتوودا، هەربۆیەش جەمال عەبدولناصر بڕیاری مانەوە دەدات لەدیمەشق تازیاتر ئاگاداری ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بێت، دیارە لەوکاتەدا دەبێت ئاگاداری زەمەنی جولانەوەکە بوبێت.. لەبەرەنجامی هاتوچۆی نێوان نوێنەری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەنێوان بەرپرسانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و، سەرانی جولانەوەکە، عەبدولناصر لەسەربەخشینی ئەم یارمەتییانە ڕازی دەبێت:

١-ناردنی ئێستگەیەکی پەخش بۆڕاگەیاندنی شۆڕش.

٢-پێدانی چەك و تەقەمەنی پێویست.

٣-ناردنی کەتیبەیەك لەهێزی (مغاوير) لەگەڵ وەجبەیەك فڕۆکەی جەنگی جۆری (میگ) گەربارەکە پێویستی کرد، بۆسەرخستنی شۆڕشەکە..[2]

[1] کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی (بين الزمنين) سەرەتای ٢٠٠٢ ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا).

دەربارەی پەیوەندی نێوان جەمال عەبدولناصر و سەرکردەکانی جوڵانەوەکەی شەواف (صلاح نصر) ی بەڕێوەبەری دەزگای موخابەراتی میسر لەسەردەمی جەمال عەبدولناصردا دەڵێت: (عبدالحلیم سەراجی وەزیری ناوخۆی هەرێمی باکووری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، زۆری کردبوو لە عەبدولناصر بەڕێکخستنی کودەتایەك دژ بەعەبدولکەریم قاسم و قەناعەتی پێکردبوو کە گەربێتوو ئەم کارە نەکرێت ، ئەوا عێراق دەکەوێتە چنگی شیوعییەکانەوە و هیچ بوارێکی تر نامێنێتەوە.. عەبدولناصریش لەسەر ئەم پێشنیارە ڕازی دەبێت و پەیوەندی دەکات بە عەقید عەبدولوەهاب شەوافەوە کەسەرکردەی لیوای موصلی باکوری عێراق بوو، شەوافیش ئامادەیی تەواوی نیشان دابوو بۆ ئەنجام دانی کودەتایەکی سەربازی بەسەرحوکمی قاسمدا، شەواف پێویستی بە ئێستگەیەکی رادێۆیی هەبوو کەلەمیسرەوە بۆی ڕەوانە بکرێت، لەم بوارەشدا سەراج هەستابوو بەناردنی بەکرێگیراو لە(دێر الزور) کەپڕچەك کرابوون بەکەل ویەلی سەربازی و زانیاری..)[٣]

تاسەردەمی ڕوودانی جوڵاندنەوەکە، ڕێکەوتن ئەنجام درا لەنێوان ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکان و بەرپرسانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەم جۆرە زەمینەی دەرەکیش ڕەخسا بۆجوڵانەوەکە.، تائەوەی مابوو جوڵانەوەکە ڕوو بدات..

---

[٢] - حسين، العميد المتقاعد خليل ابراهيم (الصراعات بين عبدالكريم قاسم والشيوعيين ورفعت الحاج سرى والقوميين) الجزء الثانى، الطبعة الاولى، ١٩٨٨ بغداد، ص ٥١,٣٧,٣٥. هەروەها کەناڵی ئاسمانی ئەبوزەبی بەرنامەی (بين الزمنين)

[٣] -کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی (بين الزمنين) سەرەتای ٢٠٠٢ ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا).

سێیەم/ ڕۆڵی ئەمریکاو وڵاتانی زلهێز

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، و دەست پێکردنی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤییەت، بەردەوام حکومەتی ئەمریکا هەوڵیدەدا، سنوری قەڵەمڕەوی سیاسی و ئابووری خۆی فراوان بکات و چەندین هەوڵیشی لەم نێوەدا خست گەڕ، بێگومان هەڵایسانی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨یش لەعێراق، مایەی نیگەرانی و ترسی ئەمریکابوو، چونکە کارەکە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو لەوئان ساتەدا و بەوخێرایيە شۆڕش ڕوویدات، بەدەر لەوەی ئەمریکا خەریك بوو سەرکەوتوو دەبوو لەوەی عێراق لەسەنتەری هەژموونی بەریتانی بەرەو سەنتەری هەژموونی خۆی بخاتەڕێ، بەتایبەت لەساتە نزیکەکانی پێش هەڵایسانی شۆڕش، چونکە ئەمریکا پلانی ئەوەی داڕشتبوو تالە عێراقەوە پەرە بەهەژمونی خۆی بدات و لەم نێوەشدا پەیمانی بەغداد بەشێك بوو لەو هەولانەی ئەمریکا، ئەمەش بەدەر لە خودی عێراق وەك وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن نەوتی ناوچەکە، هەربۆیەش (ئایزەنهاوەر)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێك هەواڵی شۆڕشی ١٤ی تەموزی پێگەیشت، وەك گوزارشتێك لەبارەکە ڕایگەیان: ئەمەئەو وڵاتەبوو کەئێمە بەتەواوی متمانەمان کردبووە سەری تاوەك قەڵایەك بۆگەشەکردنمان بەکاری بهێنین لەناوچەکەدا..

هەرلەبەر مەترسی ماکەکانی شۆڕشی عێراق بوو کە کەشتیگەلی شەشەمی ئەمریکی هەستا بە پرۆسەی (دابەزاندنی سەربازی) بۆکەنارەکانی بەیروت لە١٥تەموزی ١٩٥٨و(لەکاتێکدا نوری سەعید بەڵێنی بە (کمیل شمعون) ی سەرۆکی ئەوکاتەی لوبنان دابوو کەعێراق هەستێ بەم کارە،

کەچی لەم کاتەدا بارەکە پێچەوانە بووبوویەوە)بەریتانیاش هێزێکی پەڕەشوتەوانیلەئوردون دابەزاند.[1] ئەم دابەزاندنە سەربازییەش ناسرا بەدابەزاندنی ئەنگلۆ- ئەمریکی، بەڵام نەیان توانی بەر بەبەرەو پێش چوونی دامەزراندنی زیاتری هەلو مەرجی سیاسی و سەربازی عێراق بگرن، هەربۆیەش ئەمریکا هەوڵیدا دژە کودەتایەك ڕێك بخات، و لەژێر پەردەی (ناصریدا) بەڕێوەبچێ.. هەرچەند حوکمی ناصری ڕژێمێکی بەکرێگیراوی ئەمریکی نەبوو، باکاتێك هاتە سەردەسەلات لەیۆلیۆی ١٩٥٢ پشتگیری ئەمریکای هەبوبێت، ئەمەش بەپێی بانگەشەی هەندێك بەرپرسی موخابەراتی ئەمریکی(CIA).. ئەمریکا بەجۆرێك دەیڕوانییە پرۆژەی یەکێتی عەرەبی کەمیسر هەوڵی بۆدەدا، پرۆژەیەکی جدی و سەرکەوتوو نیە، چونکە پێویستی بەزۆربنەما هەبوو کەتێیدا نەبوو، بۆیە ئەمریکا ترسی جدی لەتەرحی ئەم مەسەلەو هەوڵەکانی میسر نەبوو بۆی، لەهەمان کاتیشدا دەکرێت لەگەڵ هەندێك پرۆژەی ئەمریکی یەکی گرتبێتەوە لەناوچەکەدا بۆلێدانی بزووتنەوە چەپ و شۆڕشگێڕییەکانی حساب بۆکراو لەسەر هەژمونی سۆڤییەتی، بەم پێودانگەش واشنتۆن خۆشحاڵ بوو بە یەکێتی نێوان میسرو سوریا.[2]

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو کەهەڵویستی موحافیزکارانەی ئەمریکا بەرامبەر بزووتنەوەی ناصری وهەربەخێرایی پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز گۆڕاو سیاسەتی هەماهەنگی بوویە کۆڵەکەی سیاسەتی ئەمریکی لەڕوخاندنی دەستەڵاتی قاسمدا، هەرچەند نەتەوەپەرست و ناصرییەکان

---

[1] -کەناڵی ئاسمانی ئەبو زەبی بەرنامەی (بین الزمنین) سەرەتای ٢٠٠٢ ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا).

[2] – نجم، محمود، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٢٠٨.

نکۆڵی ئەم ڕاستی‌یە دەکەن، بەڵام (هیکل) لەم دواییانەدا، (دۆکیۆمێنتێکی نهێنی گرنگ، کەبەڕێوەبەری CIA ئامادەی کردبوو پاش چەند ڕۆژێك لە شۆڕشی ١٤ی تەموز و لە٢/٨/١٩٥٨ بڵاوکرابوەوە کەڕاستی ئەم مەسەلە دەخاتە ڕوو)بڵاوکردەوە[١] ڕاڤەی ئەوئاراستەیە دەکات کەوای کردووە سیاسەتی ئەمریکی بگاتە ئاستی لێك گەیشتن لەگەڵ قاهیرەدا.. بەمەبەستی سەرخستنی‌هەوڵەکەی شەواف و دوورخستنەوەی عێراق لەناوچەی هەژموونی سۆڤییەتی و بەریتانی، بۆیە پرۆسەکە زۆر بەخێرایی هەنگاوی نا و بەچاودێری ڕاستەو خۆی عەبدولناصر، کەبەرپرسیارێتی پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆی خستبووە ئەستۆی (عبدالحلیم سەراج) وعقید (عبدالمجید فرید) مولحەقی سەربازی کۆماری عەربی یەکگرتوو لەبەغداد.[٢]

هەرچەند لەوکاتەدا ئەو پەلەکردنە هەبوو، بەڵام هەندێك لە ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکان، رازی نەبوون لەسەرپەلەکردن لە جوڵانەوە، بەوپێودانگەی کەلەو کاتەدا حزبی شیوعی هەژمونیان هەبووە و مەترسی ئەوەیان هەبووە بارەکە لەبەرژەوەندی ئەوان بشکێتەوە، بەڵام شەواف زۆر سوربوو لەسەر شۆڕش و پەلەڵ کردنی..[٣] لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێت ئەو پەلەکردنەی عەبدولناصریش بۆئەوە بگەڕێتەوە کەتیشکی سەوزی لەواشنتۆنەوە وەرگرتبێت، بەپێویستی وەڵامدانەوە بەسەردانەکەی (ماکمیلانی) سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا بۆ مۆسکۆ ،[٤] و دەربڕینی

---

١ -نجم، محمود ، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٢٠٨.
٢ -حسين، خليل ابراهيم، (ثورة الشواف) ج٤ ص١٥٩.
٣- حسين، خليل ابراهيم، (ثورة الشواف) ج٢ ص١٤.
٤ -نجم، محمود ، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٢١٢.

نیگەرانی لەدەستێوەردانی لەناوچەی ژێرهەژموونی هەردوولایاندا..
پێویستە بووترێت ئەم کودەتا یە نهێنیی‌یەک بوو هەتا هێندەی رۆژنامەی (تایمز) لەژمارەی ٨ی شوباتی ١٩٥٩ ئاماژەی پیێدەکات و دەڵێت: هەندێك هەواڵ باس لەکودەتایەك دەکەن کەلەلایەن ژمارەیەك ناصرییەوە ڕێك دەخرێت لەناوسوپای عێراقیداو لە بەهاری ئەم ساڵدا..

لەگەڵ ئەوەی کەهەریەك لە (رفعت الحاج سری)و (نازم تەبەقچەلی) لەگەڵ ئەنجام دانی جولاًنەوەکەدا نەبوون لەوکاتەدا و بەو پەلەکردنە، بەلاًم لەدوایدا ئەوە بەتەواوی ڕوون بووە کەخودی عەبدولناصر لەپشتی دانانی کاتی جولاًنەوەکەوە بووە و سەرجەم ئەو پەیوەندی و ناردنی پێداویستی‌یەی گەیەنرایە موصل، هەمووی لەو کاتەدا بوو کە(تیتۆ) بەسەردانێکی ڕەسمی هاتبووە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە(حەلەب و لازیقیە) دابووە، هەروەك چۆن ئەوەش بەدیاردەکەوێت کەژمارەیەك لەئەفسەرەکان هەماهەنگی‌یان نەبووە لەگەڵ پلانەکەدا[5] ودەکرێت شەواف و ئەوسەرکردانەی لێوەی نزیك بوون لەلایەن عەبدولناصرەوە لەسەرخستنی جولاًنەوەکە دڵنیا کرابنەوە بەهۆی لاوازی دەسەلاًتی سیاسی و سەربازی قاسم و هەروەها پشتگیری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەهاوکاری ئەمریکا، تاچیدی لەدواییدا پاش سەرکەوتنی شۆڕش هێندە سەرکردەی سەربازی زۆرنەبن خۆیان بکەنە خاوەنی جولاًنەوەکەو لەم نێوەشدا هەم ڕۆڵی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ئامانجەکانی وون ببێت و هەم ململانیێ دەسەلاًتیش سەرهەڵبدا، هەرچەند زۆرێك پیێان وایە ئەنجام دانی شۆڕشی ١٤ی تەموز

٥- نجم، محمود، المقایضة بین برلین وبغداد الخلفیة التأریخیة لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٢١٤.

بەو جۆرەی کەڕوویدا زیاتر بە مەبەستی دەسەڵات گرتن بووە بەسەر حوکمدا و کورت کردنەوەی دەسەڵات بووە لەچەند کەسێکدا..

لە سەرجەم ئەوانەی باسکران بەدەر دەکەوێت کەجوڵانەوەکەی شەواف لەدەرەوە ڕێنمایی کراوەو بەڕێگەی سنوری سوریادا پێداویستی سەربازی و لۆجستی سەربازی بۆهاتووە، هەروەها وڵاتانی پەیمانی بەغدادیش ، ئەمانیش بەهەمان شێوە کەلەژێر هەژمونی ئەمریکادا بوون لە پاش ساڵی ۱۹۵۷ وە، لەدوایدا لەڕێگەی تورکیاوە بەدوورنەبوون لەوەی لەموصل دا ڕوویدا، لەبەرئەوە شکستی جوڵانەوەکەی شەواف ، پێش ئەوەی شکستێکی ناوخۆی نەتەوەیی‌یەکانی عێراق بێت، بەشکستی هەژمونی ئەمریکا درایە قەڵەم..[۱]

بەدەر لەوئامادەگی‌یانەی باسکرا لەسەر ئەنجام دانی جوڵانەوەکە، هێشتا هەندێك خاڵ مابوو کەلەنێوان سەرکردەکانی جوڵانەوەکەدا جێگەی مشتو مڕ بوو، کەلەدوایدا بەسلبی بەسەر جوڵانەوەکەدا شکایەوە و ئامانجی خۆی لەدەست دا، کە من لێرەدا هەندێك لەو خاڵە ناکۆکانەی ساغ نەکرایەوە پێش جوڵانەوەکە بۆهۆکارە دەرەکی‌یەکەی دەگەڕێنمەوە کەخۆی لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ، ئەمریکادا دەبینییەوەو، لێرەدا ئاماژە دەکەمە هەندێکیان:

۱-هەست دەکرێت لەجوڵانەوەکەدا زیاتر شەواف لەسەر ئاستی دەرەکی دەرکەوتوو تر بوووەك لە (سڕی) و (تەبەقچەلی) دیارە ئەمەش وایکردبوو کەشەواف بۆخۆی سود لەم پەیوەندییە وەربگرێت و نەدەچووە ژێرباری سەرنج و ڕای ئەوانی دیکەوە.

۱-نجم، محمود ، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص۲۱۵.

٢-لەبەرەنجامی خاڵی پێشەوەش بوو کەجوڵانەوەکە ناوی شەوافی هەڵگرت و تەنانەت بەیاننامەکەش بەناوی شەوافەوە نوسرابوو.. کەدیارە ئەمەش مایەی ڕەزامەندی هەموو سەرکردەکانی جوڵانەوەکە نەبوو..

٣- کاتی ئەنجام دانی جوڵانەوەکە، زۆرێك لەویەکانەی بڕیار وابوو بەشداری جوڵانەوەکە بکەن لەڕێگەی ڕادیۆوە هەواڵی جوڵانەوەکەیان زانی هەربۆیەش نەیانتوانی بەشداری جوڵانەوەکە بکەن.[٢]

چرکەساتی جوڵانەوەکە

پاش پەیوەندی کردنی شەواف بە(سڕی) و(تەبەقچەلی)یەوە، دەستی دایە چالاکی زۆرو بەرچاو لەگەڵ ئەوانەی هاوبیرو ڕای بوون لەکارەکەدا. شەواف (رفعت الحاج سري) لەوە ئاگادار کردبوویەوە کەجوڵانەوەکە لەسەرەتای مانگی مارسدا دەبێت،پێشی وابوو باشترین هەل بۆئەوەی کە پاڵپشتی جەماوەری دەست بکەوێت بەتایبەت لە ناوموصلدا،گرێدانی کۆنگرەی پشتیوانی ئاشتی بوو ، چونکە خەڵکی موصل لەبەستنی وەها کۆنگرەیەك تووڕەو نیگەران بوون، بەم جۆرەش شەواف لەسەرئاستی دەرەکی پشتیوانی مسۆگەر کردبوو، هەم لەسەرئاستی ناخۆییش لەموصلدا هەمان بیروڕای دەستەبەرکردبوو کەلەخزمەتی کارەکەدا بوو، چونکە گەرسوپا لەناوموصل ڕاپەڕێت، واتای ئەوەیە جوڵانەوەکە لەسەربنەمای خواستی جەماوەر بووەو، بەڵام کاتی جوڵانەوەکە لەلای سەرجەم ئەو سەرکردە سەربازییانەی بڕیاربووە بەشداری بکەن یەکلا نەکرابووەیەوە،

[٢] -دەکرێت ئەم پەلەکردنە بۆ ئەوە بووبێت کەهەڵبدرێت جوڵانەوەکە هاوکاتی یادی یەکەمینساڵەی دروست بوونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بووبێت..

هەربۆیەش محمود دوڕە، کەیەکێك بوو لەئەفسەرە یەکێتی خوازەکان، بەرپرس دەکرێت بۆهاندان و هەماهەنگی سەرکردە سەربازییەکانی دەرەوەی موصل تا لەیەك کاتدا جوڵانەوەکە ئەنجام بدەن، بۆئەم مەبەستەش ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٦ بەغداد ڕووەو کەرکوك بەجێ دەهێڵێت، بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکی (سرِی) بۆ (تەبەقچەلی) کەتێیدا داوای لێ دەکات بێدواکەوتن شۆڕش ڕابگەیەنێت، بەپێی پلانێك کەڕێکەوتبوون لەسەری، تێدا هاتبوو تاشەواف لەموصلەوە دەست پێبکات و (تەبەقچەلی)ش پەیمانی دابوو پاڵپشتی لێبکات، پاش ئەوە (دوڕە) هەمان ڕۆژ بەرەو موصل دەڕوات، بەڵام نەیتوانی بوو ئەو ڕۆژە شەواف ببینێت، لەڕۆژی دوایدا شەواف دەبینێ و ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی (سرِی) و (تەبەقچەلی) لەسەری ڕێك کەوتوون، بەڵام شەواف پێی دەڵێت کەهەموو شتێکی ڕێك خستووەو ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٨ جوڵانەوەکە دەست پێدەکات ودیارە سرِی و تەبەقچەلیش لەم پلانە ئاگادار نەبوون کەشەواف ئەنجامی دەدات..[1] هەرلەو کاتەشدا (دوڕە) زۆر سەرسام دەبێت لەهەڵوێستی شەواف کەهیچ جۆرە هەماهەنگی و ڕێکەتنێك لەنێوانیاندا نیە، لەلایەك شەواف دەیویست شۆڕش بەناوی خۆیەوە ئەنجام بدات و لەلایەکی تریش هەندێکی تر دەیانەوێت بەناوی تەبەقچەلییەوە ئەنجام بدرێت، و شەواف جێگری بێت، بەڵام شەواف سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت خۆی سەرکردەی جوڵانەوەکە بێت و بەناوی خۆشیەوە بێت، بێڕەزامەندی تەبەقچەلی،(دەکرێت هۆکاری ئەم حاڵەتەی شەواف بۆشێوازی پەیوەندییەکانی بگەڕێتەوە لەگەڵ جەمال

---

[1] -دەکرێت شەوافیش هەوڵیدابێت بەدەردی قاسم ویستبێتی موفاجەئەیەك دروست بکات و هەم جوڵانەوەکە ناوی خۆی هەڵبگرێت وهەم کەسی یەکەمی پاش جوڵانەوەکەش بێت، ، تەنانەت بۆئەم مەبەستەش بەیاننامەی شۆڕشی بەناوی خۆیەوە نوسیبوو کەسەرکردەی شۆڕشە.

عەبدولناصردا و دڵنیای کردبێتەوە لە دابین کردنی هەموو پێداویستی یەك و ئەمەش هانی شەوافی دابێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بەتەنها خۆی هەستێ بەکارەکە)هەر لەڕۆژی دواییدا واتە ١٩٥٩/٣/٨ دوڕە ئەوەشی بۆبەدەر دەکەوێت کەئەو ئێستگەی پەخشەی بڕیار بووە لەدیمەشقەوە ڕەوانەی موصل بکرێت بۆڕاگەیاندنی شۆڕش نەگەیشتووە..[٢]

کۆنگرەی ئاشتی بەسەلامەتی کۆتایی بەکارەکانی دێنێت، لەبەیانی ڕۆژی دوایدا ئەندامانی کۆنگرە موصلیان بەجێهێشت و جگە لەچەند ژمارەیەکی کەم نەبێت، کەبەهۆی قورسی دەست کەوتنی بلیتی شەمەندەفەرەوە نەیانتوانی موصل بەجێ بهێڵن، لەنیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا خۆپیشاندان و دژە خۆپیشاندان دروست دەبێت، چایخانەیەکی شیوعییەکان سوتێنراو پەلاماری نوسینگەی چەپەکان درا، بەڵام شەواف هەربەخێرایی هێزەکانی بڵاوکردەوە بەناو موصلدا و بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوو چۆی ڕاگەیاند، و دەستی گرت بەسەر بارەکەدا، لەسەعات (٧) ی سەرلەبەیانی ١٩٥٩/٣/٨ شەواف، لەبەیاننامەیەکداشۆڕشی ڕاگەیاند[٣]کەناوی سەرکردەی شۆڕشی هەڵگرتبوو، [١]ئەم کارەش وای کرد تایەکە

---

[٢] -خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٤٩.

[٣] - بەیانەکە یەکەم جار لەموصلەوە پەخش کرا، بەڵام ئێستگەیپەخشەکە وەك پێویست نەبوو، هەربۆیەش ناوەڕۆکی بەیانەکەنێررا بۆدیمەشق ..لەم بارەیشەوە (عبداللطيف البغدادى) جێگری سەرۆکیکۆماری عەربی یەکگرتوو لەکتێبی (شهادتی للتأريخ) دا دەڵێت: لەرۆژی ١٩٥٩/٣/٨ لەجمال عبدالناصرە وە زانیم کەشۆڕش لەنیوە شەوی شەممەوە ڕاگەیەنراوە و ئێستگەیەکی بزواو و هەندێك چەکی سوکیان بۆنێررابوو، کاتێکیش پرسیارم لێکرد سەبارەت بەکاتی شۆڕشەك ئایا هەمووڵا ڕێکەوتوون لەسەری؟ لەوەڵامدا ووتی کاتێکی دیاری کراو هەیە کەهێزەکانی موصل و بەغداد پێکەوە جوڵە بکەن، دەبێت کە هێزەکەی بەغدا جووڵابن.بەڵام بۆمان دەرکەوت کەئەو ئێستگەی ئێمە ناردوومانە پەخشەکەی زۆرلاوازەو تەنها لەنزیکەوە پەخشەکەی وەردەگیرێت، پاشان هەوڵی خێرای دانانی ئێستگەیەکی پەخش لەناوچەی (الغوطة) نزیك دیمەشق درا، جەمال عبدالناصر بەیانەکەی شەوافی نارد بۆ ئاژانسی هەواڵی (الشرق الاوسط) لەبەیروت و قاهرەو تالە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا بڵاوبکرێتەوە، هەروەها چەند بەشێکی بەیانەکە لەرادیۆی قاهرە و دیمەشقەوە خوێنرایەوە کە عبدالناصر خۆی دیاری کردبوو،

سەربازییەکانی دەرەوەی موصل نەیەن بەدەنگییەوە، چونکە ڕاگەیاندنەکەی کوت وپڕ بوو، جگە لەدوو فەوجی سەربازی نەبێت کەفەوجی هەولێر و عەقرە بوون ، کەس نەهات بۆیارمەتی دانی جوڵاندنەوەکە، لەبەرامبەریشدا ئەم هەڵوێستەی شەواف وای کرد تاهەریەك لە (تەبەقچەلی و سڕی)ش هیچ جۆرە هەنگاوێکی عەمەلی لەهاوکاری کردنیدا هەڵنەگرن، بەهۆی تووڕەییان لەشەواف و بڕیاریان دا خۆیان نەئاڵێنن پێوەی، کاتێکیش قاسم بەتەلەفۆن پەیوەندی بە بەتەبەقچەلیەوە دەکات کەئایا چ پەیوەندییەکی هەیە بەجوڵانەوەکەی شەوافەوە ، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت هیچ پەیوەندییەکی پێوەی نیە، لەهەمان کاتیشدا لەناوبەغدا(سڕی) ش هیچ جۆرە جوڵەیەکی ئەنجام نەدابوو.[2]

هەرهێندەی شەواف جوڵانەوەکەی ڕاگەیاند، یەکێتی خوازو نەیارانی شیوعییەت پەلاماری شیوعی و لایەنگرەکانیان دابوو، هەروەها ئەو

عەبدولناصر لەو کاتەدا لەبارێکی دەرونی دژواردا بوو بەهۆی داڕوخاوی بارەکە لەموصل و پێی وابوو ئەوەی لەموصل ڕوو دەدات جەنگی شەخصی نێوان خۆی و قاسمە ..(سەرچاوە: رجال و وقائع فی المیزان ، حوار اجراه مؤید طیب وسعید یحیی مع جرجیس فتح الله ، الطبعة الاولی٢٠٠١ مطبعة التربیة ،ص ١٠٨)

[1] -زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کەشەواف خۆی بەیانەکەی نوسیبێت، بەڵام محمود دوڕە ئەوە تأکید دەکاتەوە کەئەو(دوڕە) نوسیویەتی،ئەمەش پاش ئەوەی لەبەیاننامەکە ئاگادار دەبێت کەلەلایەن شەوافەوە نوسراوە، و ڕەخنەی لێدەگرێت پێی دەڵێت ئەمە بەیاننامە نیە بەڵکو ئەمەعەرزەو حاڵەو بۆسەرۆك بەرزکراوەتەوە داوای لێدەکەیت تالەڕێگەی گۆڕانی وەزارییەوە تەنازول لەهەندێك لەپۆستەکان بکات ..! پاش گفتو گۆ لەگەڵ شەوافدا ، داوادەکات لە محمود دوڕە تابەیانی یەکەمی شۆڕش بنوسێت، دوڕەش لەئێوارەی ٧ی مانگی ئازار واتە پێش ڕوودانی شۆڕش بەچەند سەعاتێك بەیانەکە دەنوسێت، و شەوافی لێئاگادار دەکاتەوە، هەرلەبەیاننامەکەدا ئەو دەستەواژانەی باس لەپەیوەندی توندو تۆڵی نێوان جوڵانەوەکەو بزوتنەوەی نەتەوایەتیدەکرد وخۆی لەکۆماری عەرەبی یەکگرتوودا دەبینێتەوە سوك دەکات ... هەروەها دوڕە ڕەخنەشی لە شەواف گرتبوو کە خۆی کردۆتە سەرکردەی شۆڕش و داوای لێ کردبوو تا تەبەقچەلی سەرکردەی شۆڕش و شەواف جێگرو وتە بێژی بێت .، بەڵام شەواف ڕەتی ئەم داوایەی کردبوویەوە و وتبووی تەبەقچەلی دوودڵە لەڕاگەیاندنی شۆڕشدا.. (سەرچاوە: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، تألیف لیث عبدالحسن الزبیدی، ط٢، ١٩٨١، ص٣٦٧,٣٦٨)

[2] - خدوری، د. مجید (العراق الجمهوري) الطبعة الایرانیة، مطبعة امیر – قم ١٩٩٧ ، ص١٤٩,١٥٠.

ئەندامانـەی کـۆنگرەی ئاشـتیش کـەبلیتی گەڕانـەوەیان دەسـت نەکـەوتبوو کەوتنـە بـەردەم هەڕەشـەوە،لەوانـەش دوانیـان لێ کـوژرا، کـەبریتی بـوون لـە (قازنجی) و (شـاوی) زۆر دڕندانـە کوژرابـوون، لەماوەیـەکی زۆر کورتـدا (٨-١٩٥٩/٣/٩) یـەکێتی خوازەکـان دەسـتیان گـرت بەسـەر موصـلدا.. لەگـەڵ ئەوەی کەشەواف توانیبوی موصل کۆنترۆل بکات، بەڵام هێزێکـی پشـتگیری نەبوو تا پارێزگاری لێ بکات، لەبەرامبەریشدا کاردانەوەی قاسم زۆر تونـدو بەدەسـت وبردبـوو بـۆ سـەرکوت کـردنـی جولانـەوەکـە، ئەمـەش لەڕێگـەی دبلۆماسـی و سەربازیشـەوە، لـە سـەرەتادا فـەرمانی دەرکـرد بەلـەکار راوەستانی سەرکردە سەربازییەکان لە نێویشـاندا تەبەقچەلی و شەواف، لەڕۆژی یەکەمدا بەهۆی نابرانی ئەو هێزانەی شەواف لەدەرەوەی موصل، قاسم توانی ئەو هێزانە دابڕێت لە فەرمانڕەوایی شەواف، لەڕۆژی دوایشدا پاش شەڕێکی سەخت لەنێوان شیوعی و یەکێتی خوازەکاندا، فڕۆکـەکانی هێزی ئاسمانی کەلەبەغدادەوە هەڵدەستان، بارەگای سەرکردایەتی شەواف و بنکە سەرەکی‌یەکانی بۆردومان کرد، پێدەچێت ئەم بۆردومانە بەتـەواوی بزوتنەوەکەی‌ئیفلیج کردبێت، و خودی شـەوافیش لـەو بۆردومانـەدا بریـندار دەبێت و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت..[3] و پاشان بەدەستی برین پێچێك دەکوژرێت لەنەخۆشخانەدا بەناوی (طه المختار)[4] بەبڵاوبوونـەوەی هـەواڵی کوژرانی شەواف[5] ، بزوتنەوەکەش بەچۆکدا هات و هەندێك لەسەرکردەکانی هەڵدین بۆدیمەشق[1]

---

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٥٠.

[4] - الزبيدى، ليث عبدالحسن، ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢ ١٩٨١، بغداد ص٣٦٩.

[1] بەڵام سەعد سەعدی لە کتێبی(معجم الشرق الاوسط) ل. (٢٥٢) دا دەڵێت : شەواف کاتێك سەیر دەکات ژمارەیەکی زۆر چەکدار لە دەوری کۆبونەتەوە و دەیانەوێت بیکوژن و تا ئەو خەڵاتە (١٠) هەزار دیناریيەیان

هەرلەبەرەبەیانی ١٩٥٩/٣/٩ دا بارزانی داوایەك ئاراستەی ئەندام ولایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات تابەرەو موصل بڕۆن(بەرگری لەخۆیان بکەن دژی ڕەگەز پەرستی نەتەوەیی عەرەبی)هەروەك لەبەیانەکەدا هاتبوو..[٢] کەبەڕای من ئەم هەڵوێستە بۆچەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

١-شێوازی پەیوەندی و مامەڵەی قاسم لەگەڵ کورد کەمامەڵەیەکی شیاوو گونجاو بووە وەکو بەخێر هێنانەوەی بارزانی و هاوڕێکانی لەسۆڤییەت و ڕێزگرتن و پێدانی مەکانەتی شیاو پێیان و یارمەتی دانی دارایشیان، کەدەتوانم بڵێم ئەو کاتە مانگی هەنگوینی پەیوەندی دەسەڵاتی کوردی حکومەتی مەرکەزی بووە..

٢-هەڵوێستی جەمال عەبدولناصر لەوکاتەدا سەبارەت بەکوردو گەڕانەوەی بارزانی و هاوڕێکانی لە سۆڤییەت، چونکە لەو کاتەدا پەیوەندی نێوان کۆماری عەرەبی یەککگرتوو سۆڤییەت، خراپ بووەو ناصر و خرۆشۆڤ لە ووتارو پەیامەکانیاندا کەسایەتی یەکتریان دەڕوشان، واڕێکەوتبوو کە لە١٦ی نیساندا پەنابەرەکوردەکانی یەکێتی سۆڤییەت لەگەڵ خێزانەکانیاندا دەگەڕانەوە کوردستان، لەوکاتەشدا وەك بەشێك لە هێرشی ڕاگەیاندنی

دەست بکەوێت کە قاسم وەك خەلات لەبەرامبەر (سەری) شەواف دا داینابوو، لەو کاتەدا شەواف دەمانچەکەی دەردێنێ و خۆی دەکوژێت..

[١] - محمود دورە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جەمال عەبدولناصر سەرزەنشتی ئەوانەی کردبوو کەهەڵاتبوون بۆ سوریاو ووتبووی : ئەتان دەتوانیی بزوتنەوەکەتان بۆماوەی ٤٨ سەعات خۆی ڕابگرێت تایارمەتی ئێمەی پێدەگەیشت..!
(سەرچاوە: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، ليث عبدالحسن الزبيدي ص٣٧٠)

[٢] - بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ،١٩٥٨-١٩٦١ ، چاپی یەکەمی کوردی، دهۆك، ١٩٩٨، ل٨٣.

عەبدولناصر دژ بەمۆسكۆ رادێوی قاهیرە هێرشێكی توندی كردە سەر ئەو پەنابەرەكوردانەی دەگەڕانەوە عێراق. ووتارەكە بەم جۆرە دەڵێت: ئەم كوردە سۆڤییەتیانە(!!) هەشت سەت كەسەكەگەڕاونەتەوە عێراق، بەتەواوی چەك! و تەقەمەنی جەنگی و ڕاهێنراو لەسەر جەنگ، ئەوانەن ئێستا لەڕێگەدان تا پەیوەندی بكەن بەقاسم و هاوپەیمانە شیوعییەكانیانەوە، بۆبەرگرتن لەنەتەوایەتی عەرەبی و ڕاگەیاندنی جەنگ لە پێناو دەسەڵات گرتن بەسەر عروبەی عێراق و دورخستنەوەی لەبرا عەرەبەكانی تری)[3]

٣-هەڵوێست و دیدو تێڕوانینی نەتەوەپەرستەكانی ناوخۆش لەسەر كورد و دانانی لەبەرەی قاسم و دژایەتی كردنیان هەروەك چۆن دژایەتی قاسمیان دەكرد..

پاش شكستی جوڵانەوەكە لەبەرەنجامی دەست بەكاربوونی خێرای قاسم و ئەو هۆكارانەی تریش كەباسكران، ئەو كات نۆبەی تۆڵە سەندنەوە هاتە پێشەوە، دەستەی بەرگری میللی سەربەحزبی شیوعی كردەوەی تۆڵەی زۆر دڕندانەیان دژ بەخەڵكی موصل پیشان دا، لقی پارتی دیموكراتی كوردستان لە موصلیش هاوكاری كردن لەگەڵ چەكدارە كانی هۆزەكان رژانە نێو موصل كەوتبوویە دەستی شیوعییەكان و ژمارەیەك چەكداری كورد[4]، بەدەر لەم حاڵەتەش زیندوو كردنەوەی هەندێك مەسەلەی وەك ناكۆكی چینایەتی و ڕقی كۆن و هەندێك پاڵنەری شەخصی تر وای كرد بارەكە بەئاقارێكی ترسناكدا بەرێت و چەندین كوشتاری لێ بكەوێتەوە،

---

[3]-فتح الله، جرجيس، رجال و وقائع في التأريخ في الميزان، حوار اجراه مؤيد طيب، وسعيد يحيى، مطبعة التربية، اربيل، ٢٠٠١ ص١٠٠.

[4]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

و كـاری دزێـو ئـەنجام بـدرێت.[1] لـەپاڵ ئەمەشـدا شـیوعییەکان دادگـای تایبەتیان دامەزراندو[2] حوکمی خێرایان دەردەکردو دەست بەجێ جێبەجێ دەکرا، وەك حوکمی سێدارە دان، پاشان بەدارتـەلی کارەبادا هەڵدەواسران.. بـەم جۆرەش ماوەی چوار ڕۆژ موصل لـەبارو دۆخێکی سـەخت و دژواردا دەژیا کەلە مێژوویدا هەل ومەرجی لەو چەشنەی بەخۆوە نـەدیبوو، چـەندین قەسابخانەی تیا دانرا، هەرلەم بارییەشەوە ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) لەژمارە ١٩٥٩/٣/١٣ دا دەنوسـێت: تـەرمی تاوانبـاران و پیـاوکوژان لەشـارەکانی موصـل و گونـدەکانی دەوروبـەری هەڵواسـران و ڕاکێشـران، لـەم شـەڕەدا تـەرمیدەیان تاوانبـاری خـوێن مـژی مـەدەنی و سـەربازی ئاشـکرابوون کەلەماڵەکانیاندا یاخود لە قەراغی ڕێگـەکانی موصل و عـەقرە و تەلەعفـەرو زاخـۆ و لەهەموشـوێنێکدا کـەوتبوون.[3] دیـارە ئەمـەش پـێش ئـەوەی قاسم هەوڵی گەڕانەوەی هێمنی و ئارامی بدات بۆشـارەکە، هەرچـەندە قاسم خۆی دواخست لەهاتنە ناوەوەی مەسەلەکەو وازهێنانیلێی بۆماوەی چەند ڕۆژێك تالەدەستی شـیوعییەکاندا بێـت، کـەدەیتوانی ڕێگـە لـەوە بگرێـت نـەهێڵێت برینەکان هێندە قوڵ نەبنەوە، لەو کاتەشـدا کەموصل بـەو هـەل و مەرجـەدا

---

[1] –سەبارەت بەبەشداری هێزی کوردی لەموصل لەگەل شیوعییەکان، (عەقیدی خانەنشین عباس قـادر علـی) لەوەلآمی پرسیارێکمدا لەم بارەوە دەڵێت: بەدەر لەبوونی ژمارەیەکی زۆری کـورد لەناوچـەی موصـل لـەناوخۆو دەرەوەی ، دەگەڕێتەوە بۆ وەلآئی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقی کەهەسـتابوو بـەدەرکردنی لێبـوردنی گشـتی لەبارزانی و پیشوازی لێکردنیان و پاشان پێدانی ئازادی سیاسی و نەتەوەیی، بڕیاردان لەوەی کە زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێت..

[2] - خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٥٢,١٥١ .

[3] –مامۆستا بـەهادین نـوری لەیاداشـتەکانیدا چاپی دووەم ١٩٩٥ لەلاپـەڕە (٢٠٢) دەنوسـێت: لەونامەیـەدا کەبەختی جمال الحيدری نوسرابوو بەئیمزای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی نێرابوو بـۆ پـارێزەر حـمزە سلمانی ئەندامی لیژنە مەرکەزی حزب و چاودێری حزب شیوعی ئەو سـەردەمەی موصـل، تێیـدا هەنـدێك تـەوجیهاتی توندڕەوانەی لەخۆگرتبوو، کەتێدا فەرمان دەدات هەڵەکە بقۆزرێتەوە بۆپاکتـاوکردنی سـەرانی دوژمـن..(دیـارە مەبەستیان نەتەوەییەکان بووە)

تێدەپەڕی، عەبدلناصر چاودێری بارەکەی دەکرد، خۆپیشاندان دژ بەقاسم لەشـــەقامەکانی دیمەشـــقدا بـــەڕێوە دەچـــوو[٤] لەهـــەمان کاتدالەبەغـــداديش خۆپيشـــاندان دژ بەعەبدولناصـــر لەهـــەمان کاتـــدا بـــەڕێوە دەچـــوو[٥].. پـــاش سەرکوت کردنی کودەتاکە ، قاسم ئەوانەی دەستگیر کرد کەپەیوەندییان بە جولانەوەکەوە هەبوو، لەبەردەم دادگاکەی مەهداویدا وەستێنران و حوکمیان بەسەردا درا[٦]

هۆکارەکانی شکستی جولانەوەکەی شەواف

١-نـــەبوونی پێکـــەوە گونجـــان لـــەنێوان ئـــەو ئەفســـەرانەی هەســـتا بـــوون بەجولانەوەکە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بیرو باوەڕو ئامانجەکانیانەوە.

٢-ڕاگەیاندنی کوت پڕی جولانەوەکەو، نەبوونی ئامادەگی پێش وەخت لەلایەن لایەنگرانی جولانەوەکە، لەدەرەوەی موصل، ئەوان لەڕێگەی رادیوە ئاگاداری جولانەوەکە بوون.

٣-ئاگـــادار نـــەبوونی پـــارت و هێـــزە نەتەوەییـــەکان لەبەغـــداد و تەنانـــەت لەموصلیش، کەدوای نیوەڕۆی ٨ی مانگ بەڕودانی جولانەوەکەیان زانی..

٤-خێرایی کاردانەوەی قاسم و هاوپەیمانەکانی ، کەبوو بەمایەی ئیفلیج کردنـــی جموجـــوڵی ئەفســـەرانی ئـــازادیخواز لەبەغـــداد و خانەنشـــین کردنـــی شـــەواف لـــەو بەرەنجامـــەوەو پێـــدانی موکافەئـــەی نەقـــدی بـــەبڕی (١٠,٠٠٠)

---

٤ - الخرسان، صلاح، صفحات من تأريخ العراق السياسي الحديث (الحركات الماركسية) ١٩٢٠-١٩٩٠ ، ط.١ ٢٠٠١ ، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت ،لبنان ص٩١.

٥ - خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص ١٥٢,١٥١.

٦ -فتح الله، جرجيس، رجال و وقائع في التأريخ في الميزان، حوار اجراه مؤيد طيب، وسعيد يحيى، مطبعة التربية، اربيل، ٢٠٠١ ص١٠٨.

دەهەزار دیناری عێراقی بۆ ئەو کەسەی شەواف بەزیندووی یان مردووی تەسلیم دەکات.

کوژرانی سەرکردەی جوڵانەوەکە و هەڵاتنی یارمەتی دەرەکەی (الرئیس الرکن محمودعزین) بۆ سوریاو بەم جۆرەش لاواز بوونی جوڵانەوەکەو خۆبەدەستەوە دانی زۆربەی ئەو هێزانەی کەبەشدارییان تیاکردبوو.[1]

بەم جۆرەش جوڵانەوەکەی شەواف پێش تەواوبوونی ساڵێك بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەموزدا ڕویدا، لەم جوڵانەوەیەدا کەزیاتر لە(٢٠٠) مەدەنی و سەربازی تیاکوژرا لەنەتەوەپەرست و شیوعییەکان، خاڵێکی وەرچەرخانی سلبی بوو لەسەرەوتی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا، هۆکارەکان سادەو بەرەنجامەکانیش قورس و کارەساتبار، هەر پاش ئەوەش گەورە زلهێزان نەوەستان لەپلان نانەوە بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی قاسم تائەوە بوو لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا ئەو ئامانجەشیان هاتەدی و قاسم لەناوبرا..

پاش شکستی هەوڵەکەی شەواف بەریتانیا پەیوەندی لەگەڵ مۆسکۆ پتەو کرد، بەڵام زۆر درێژەی نەکێشا، تاهەلی سەردانێك هاتە پێشەوە بۆسەرۆك وەزیرانی بەریتانیا(ماکمیلان) بۆ ئەمریکا، ئەمەش پاش ماوەیەکی کەم لە شکستی جوڵانەوەکەی شەوافدا، کەلەکۆتایی مانگی ئازاری ١٩٥٩دا بوو، لەکامپ دێڤید هەردوو سەرۆك ماکمیلان و ئایزەنهاوەر کۆبوونەوەو، باس لەگۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شکستی جوڵانەوەکەی شەواف کرا، ئایزەنهاوەر بەم جۆرە ووتبووی:

---

[1] -بۆ ئاگادار بوون لە ووردەکاری ئەوانەی حوکم دران خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ باسی دادگاکەی مەهداوی.

- ئەوەی لەناوچەکە ڕوودەدات گەورەترین گرنگی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەو بڕیارەی ناصر وەری گرت بۆدژایەتی کردنی شیوعییەکان لەجیهانی عەرەبیدا، لەتەواوی ڕاشکاوی و ئاشکرایدا بوو.

- لەوەلامیشدا ماکمیلان دەلێت: لەڕاستیدا ناصر لەپێناو چەسپاندنی پێشەوایەتییەکەیدا دەجەنگا، هەتاشکستی هێنا لەڕوخانی قاسمدا، سەرەڕای ئەو چالاکییە ڕووخێنەرانەی پێی هەستاوە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، کەئایا ناصر گەیشتۆتە کۆتایی هێزی سیاسی خۆی؟ لەهەرحاڵێکدا بێت، دەرکەوت هێزی لەناوخۆی عێراقدا سنوردارە، هەوڵەکانی بۆ ڕوخانی قاسم لەڕێگەی هێرش کردنە سەرشیوعییە عەرەبەکانەوە، بوو بەمایەی ئەوەی کەزیاتر پاڵ بەقاسمەوە بنێت تا پشتگیری شیوعییەکان بکات.

- لەوەلامدا ئایزەنهاوەر دەلێت: لەهەڵمەتەکەی ناصر دژی شیوعییە عەرەبەکان بەهاو جەوهەری خۆی هەیە، و دەبێت هان بدرێت، ئەم هەڵمەتە دەبێتە مایەی لاوازبوونی هەژمونی سۆڤییەتی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا..

- لەوەلامدا ماکمیلانیش دەلێت: گومانم هەیە لەوەی هەڵمەتەکانی ناصر ببێتە مایەی ڕوخانی قاسم.[٢]

بەکورتی دەتوانین بلێین ڕوداوەکانی موصل لەسەرەتاوە هەتا دوایی سەرهەڵدانی قۆناغێکی خوێناوی بور لە عێراقدا، کە هیچ لایەك ناتوانێت خۆی لە رەخنەو بەر پرس بوونی لابدات، نەتەوەیی ، شیوعییەکان، کورد،

---

[٢] -نجم، محمود ، المقايضة بين برلين وبغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، منشورات الغد، ص٢١٦,٢١٧. کەلە (سنوات الغليان ،ج١ ص٤٣٨ و لاپەڕەکانی دوای ئەوەدا وەری گرتووە) لەنوسینی محمد حسنين هيكل.

دەسەڵاتی قاسم، هەمویان هەڵەیان کرد سەبارت بە خۆیان و گەل و وڵاتەکەیانەوە، هەڵەیان کرد سەبارەت عێراقەوە.[1]

روداوەکانی موصل لە ئاکامدا سەرەرای پێنج رۆژ قەسابخانە و کوشتاری بێ مانا (٨-١٢/٣/١٩٥٩) حەفتاو پێنج تۆمەتباریش بەبەشداری کردن لە جوڵانەوەکەی شەوافی دایە دادگایبالای سەربازی، کە (٣٠) کەسیان فەرمانی لە سێدارەدان لە دژیان دەرچوو..

ئەو روداوە لافاوێك لە خوێنی لە نێوان هەردوو هێزە سەرەکییەکەی عێراقدا دروست کرد، نەتەوەییەکان(بەعس) و چەپەکان(شیوعی)، لە هەمان کاتدا عێراقێکی بریندار لە دوای خۆی بە جێ هێشتوە کە دابەش بوو بوو بەسەر چەند هێزێکدا، سەرەرای ئەمەش کەشێکی لە باری هێنایە کایەوە تا هێزە ئیمپریالییەکان کە (هەردوو هێزەکە دژایەتییان دەکرد) سود لە بارەکە وەر بگرن و مەترسییان نەمێنێ لە دروست بوونی عێراقێکی سەربەخۆو یەکگرتوو..[2]

---

[1] – بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ،١٩٥٨-١٩٦١ ، چاپی یەکەمی کوردی، دهۆك، ١٩٩٨، ل٨٥.

[2] رشید، د. عبدالوهاب حمید، العراق المعاصر، دار المدى للثقافة والنشر، سنة٢٠٠٢، ص١٤٦.

قاسم و دەسەلاتی تاکڕەوی!

یەکێك لەو خاڵە دەرکەوتوانەی سەردەمی دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسم خۆی لەتاك ڕەوی قاسمدا دەبینێتەوە لەبەڕێوەبردنی دەسەلاتی عێراقدا، ئەم دیاردەیەش زۆربەی کتێبە مێژوویییەکانی تایبەت بەژیانی قاسم جەختی لەسەردەکەنەوە، ئەم بارەش هۆکاربووە بۆ زۆرێك لەو هەل ومەرجە سلبییانەی بەسەرعێراقدا هاتوون لە قۆناغی فەرمانڕەوایی قاسمدا..

پێشەوا سەربازی و مەدەنییەکان چاوەڕوانی بەرپابوونی دەسەلاتێکی جێگیرو دامەزراویان دەکرد، تاجێگەی حکومەتە سەربازییەکەی قاسم بگرێتەوە، ئەمەش هەرپاش ڕێککەوتنی پارتەکان لەسەر یەك پرۆگرام کەسوپا جێبەجێی بکات، بەلام وادەردەکەوێت کەپارتەکان نەگەیشتبنە یەك پرۆگرامی یەکگرتوو تا لەسەری کۆببنەوە و لەبەرامبەریشدا پالی بەقاسمەوە نا تائەم بارە قورغ بکات و بنەمای دەسەلاتەکەی بچەسپێت.[٣]

پاش سەرکەوتنی شۆڕش هەریەك لە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و عەبدوللەتیف دەراجی لەو کۆبوونەوەیەی کەپێش دوو ڕۆژ لەئەنجامانی شۆڕش بەستبوویان، فۆرمۆلەی دەستەلاتیان بەتەواوی داڕشتبوو بێ ئاگاداری لیژنەی بالای ئەفسەرانی ئازادیخواز، ئەم سێ کەسە بوونە لیژنەیەك بۆ کاروباری سەرۆکایەتی ولات ودیاری کردن ودانانی

---

[٣] خدوري، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٣٧.

وەزیرەکـــان لەحکومـــەتی داهـــاتوودا، ئەمـــەش بۆئـــەوەی دەســـەڵاتی ڕاستەقینەیان پێ بدرێت.. وەزارەتەکان سێ ئەفسـەری سـەربازی پلـە باڵای تیابوو، عەبدولکەریم قاسم سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری و لەتەنیشت ئەم دوو پۆستەشدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو! عەبدولسەلام عارفیش جیگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ، ناجی تالبیش وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ، پارتی نیشتمانی دیموکراتی بەدوو وەزیر بەشدار بوون، هەریەکە لەپارتی سەربەخۆیی و پارتی بەعس بەوەزیرێك بەشداری حکومـەتیان کـرد، شـەش پۆسـتی وزاری تـر درا بـە کەسـانی بێلایـەن و سەربەخۆ، کەبەشێوەیەك لەشێوەکان سێ کەسیان نزیکایەتی‌یان لەگەڵ قاسم و عارفدا هەبوو، سێکەسەکەی تریشیان لەکۆبونەوەی لیژنـەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازدا دەست نیشان کرابوون، بەڵام حزبی شیوعی لەبەر ئیســتفزاز نــەبوونی ڕۆژئــاوا و دەرنەکــەوتنی حکومەتەکــەی قاســم وەك حکومەتێکی شیوعی، پۆستی وەزارییان پێ نەدرا، چونکە لەوکاتەدا هەل و مەرجە نێو دەوڵەتی‌یەکە زۆر ناجێگیرودانەمەزراو بوو سەبارەت بەعێراق و حکومەتی تازەی، ئەمەش بۆ خۆدورگرتن بوو لە هەرکاردانەوەیەکی سلبی کەلەسەر ئاستی دەرەوە سەبارەت بەعێراق بگیرێتە بەر، وەگەرنا لەپشتی پەردەوە شیوعییەکان هەژمونی بەرفراوانیان هەبوو بەسەر دام ودەزگاکانی دەوڵەتدا..

لـەم پێکهاتـەدا گەرسـەرنج بـدەین دەبیـنین ڕۆڵـی پارتـەکان تاڕادەیـەك لاخرابوو، ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی تیا دەگێڕا قاسم و عارف بوون، بەڵام ئایا ئەمە جێگەی ڕەزامەندی پارتەکان بوو؟

لەم بارەیەوە هەندێك بیرو راهەبوون کەلێرەدا هەوڵ دەدەم ئاماژەی پێبدەم، هەندێك پێیان وایە پارتەکان بەم بارە ڕازی بوون لەسەرەتادا، بۆنمونە پارتی نیشمانی دیموکراتی کەزۆر بانگەشەی دیموکراتی کردووە، دەیخواست باری سیاسی وڵات بەم جۆرە بێت، تادەسەڵاتی سەربازی بتوانێت بۆماوەی چەند ساڵێك بارەکە بچەسپێنن، ئەو کات پارتە سیاسی‌یەکان بچنە پێشەوە لەدەسەڵات، بەدەر لەم حاڵەتەش بۆچونێکی تر هەیە لەسەر ئەوەی کەمەسەلەکە ئەمرێکی واقیع بووە و پارتەکان ناچاربوون مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەو مامەڵەیان بەئەولەوییەت زانیوە وەك لەنەیاری و ئاژاوە نانەوە، بۆچونێکی تر بارەکە بەقۆناغێکی سیاسی تایبەت وەسف دەکەن تائەوەی هەل و مەرجەکە دەگۆڕێت و یەکلا دەبێتەوە..[1]

بەسەرجەم ئەو تێڕوانینانەی کەهەبوون لەنێوان لایەنگرو بێلایەن و دژی بارەکەدا، بەڵام بارەکە لەسەر ئاوازی دەسەڵاتی سەربازی بەڕێوە چووە، لەقۆناغی یەکەمدا، دەستەڵاتی سەربازی توانی هاوەڵەکانیان لە ئەفسەرانی ئازادیخواز لە دەسەڵات و پۆستە گرنگەکان دوور بخەنەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان، لەقۆناغی دووەمدا پێدانی ڕۆڵی بەشداری پێکردنی رەمزی بەپارتەکان کەهیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سەرەکی ئەو تۆیان نەبوو، لەقۆناغی سێیەمیشدا و لەبەرەنجامی ململانێی نێوان قاسم و عارف، عارفیش لەدەسەڵات دوور خرایەوە، و بەم جۆرەش ڕێگە لەبەردەم قاسمدا تەخت بوو، تاوەك تاك دەسەڵاتێك پاوانی حوکم بکات، لەسەرئاستی پارتە سیاسی یەکانیش، لەو کاتەدا ململانێ لەسەر عارف و قاسم هەبوو، لەنێوان پارتی بەعس و شیوعییەکاندا، کاتێکیش عارف خرایە زیندانەوە و

[1] کەناڵی ئاسمانی ئەبوزەبی بەرنامەی (بين الزمنين) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا). ساڵی ٢٠٠٢.

بەعسییەکان پاشکشەیان کرد لەگۆڕەپانەکەدا، ڕێگا بۆ شیوعییەکان ڕەها بوو لەسەر ئاستی ناوخۆیی کاری خۆیان بکەن قاسمیش لە کابینە وزارییەکانیدا وەزیرەکانی وەك کارمەند وەسف دەکرد و پێی دەوتن ئێوە تەنها کارمەندێکن و کارتان تەنها جێ بەجێکردنی تەعلیماتەکانە[1]، تەنانەت هەندێك جار قاسم خۆی دادەبەزییە خوارەوەی ئاستی وەزارەت و تەعلیماتی پێدەدان! ..

لەسەرئاستی کابینە وزارییەکەی قاسمیش وەزیرەکان دەستیان لەکار دەکێشایەوە بێئەوەی بتوانن ڕەخنە لە قاسم بگرن، و چییان بوێت پێی بڵێن..[2] ئەمە لەکاتێکدا قاسم کەلەسەرەتای دەسەڵاتیدابوو، بێپرس و ڕاوێژ هیچ کارێکی ئەوتۆی ئەنجام نەدەدا، و بەردەوام دەگەڕایەوە لای وەزیرەکان و سیاسییەکان..!

خاڵێکی گرنگتر هەیە کەپێویستە ئاماژەی پێبدەین، ئەویش پیاهەڵدانی قاسم ودروشم کێشان بوو بۆی، پاش سێمانگ لەسەرکەوتنی شۆرش، ناوی (تاکە پێشەوا) نرا بەسەر قاسمدا، لەوکاتەدا کەتەنانەت هێندەمتمانەی بەخۆی نەبوو تا وەك دەستەڵاتێك حوکم بکات، شیوعییەکان ئەم نازناوەیان بۆدانا و ئامانجی دژایەتی کردنی نەتەوەپەرستەکانیان پێی هەبوو کە ئەوان عەبدولناصریان بە تاکە پێشەوا دەدایە قەڵەم، بەتێپەربوونی ڕۆژو مانگیش هۆکارەکانی پروپاگەندە و ڕاگەیاندن زیاتر دەکەوتە کار لەوەسفی قاسمدا، تائەوەی (٥٥) نازناوی بۆدانرا، لە (عیملاقی تەموزەوە هەتا سەرکردەی دونیایەکی نوێ).. بەم جۆرەش لەنێوکۆمەڵگەی

---

[1] گێڕانەوەی فؤاد عارف وەزیر لەکابینەی وزاری عەبدولکەریم قاسمدا بۆ کەناڵی ئاسمانی ئەبوزەبی، بەرنامەی (بين الزمنين) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا) ساڵی ٢٠٠٢.
[2] خدوری، د. مجيد (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة امير – قم ١٩٩٧ ، ص١٣٩.

عێراقیدا مەسەلەیەکی تر سەری هەڵدا ئەویش شەخص پەرستی بوو، کەهەندێك ئەم دیاردەیە بۆ شیوعیەکان دەگەڕێننەوە[٢] وەك چۆن شیوعییەکان لەبەرامبەر ستالین لە سۆڤییەت و ماو لە چین و نوئێل صون لە کۆریا بەکاریان دەهێنا، کەبێگومان لەم دەرەنجامەشەوە دروست کردنی دیکتاتۆری لێدەکەوێتەوە، تەنانەت ئەم کارە بووەتە سیمای گەلی عێراقی و پێی دەناسرێتەوە، چونکە هەرگەلی عێراقی بوو نوری سەعیدیان دروست کردو هەرئەوانیش بون قاسمیان بەو شێوە لێکردو پاشان دکتاتۆرەکانی دوای ئەویش.. هەربۆیەش دەبینین دیکتاتۆرێك دەڕوات و یەکێکی تر دێتە جێگەی، قاسمیش لەبەر ئەوەی سایکۆلۆجییەتێکی نەرجسی هەبوو ئەم بارەی قۆرغ کرد بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەلاتەکەی و پیادەکردنی حوکمی تاك ڕەوی لەعێراقدا..

---

[٢] کەنالی ئاسمانی ئەبوزەبی بەرنامەی (بین الزمنین) ئامادەو پێشکەش کردنی (احمد مهنا). ساڵی ٢٠٠٢.

عەقید ماجد محمدامین

داواکاری گشتی دادگای باڵای سەربازی

عەبدولکەریم قاسم

محی الدین عەبدولحەمید



(وەسفی تاهیر)　　(رفعت حاج سری)

ئەم نامەیە (محسین حسین الحبیب) لە کاتی دەست بەسەراگرتنی کۆشکی ڕیحاب دا دەستی کەوتووە
ڕۆژی ١٥/٧/١٩٥٨ کە مەلیک فەیسەڵ ناردویەتی بۆ خاڵی (عەبدولئیلاه) لەلەندەن

متى ستعودون الى بغداد؟ ارجو ان يكون موعد رجوعكم
في حوالي يوم ٦ آب كما اتفقنا عليه رغم نأمل سفرنا الى لندن لمدة
من الاربع فيها اعتقد ورأيكم فيها هو الاسبوع ، اذ نبقى بعضه
امامي هنا سوية بحيث يتيسر لنا الوقت الكافي للمذاكرة في كل الامور
التالية في هذا الوقت واني اؤكد لكم انها غير قليلة ! اني اثناء غيابكم
افتقدت لاول مرة التداخل في كل الامور حسب السلطة وانه ادرجها
شخصيا حسب معلوماتي وخبرتي القاصرة فكم من مرة تمنيت ان تكونوا
معي هنا لاستشيركم … التحول ان الانسان يشعر بحب الذين
الذين يتحملون معكم بالنسبة لي ، منه الغياب الطويل … على
المزاج السياسي الذي تكونه من جراء غياب الحبيب . ولكنني اكرر
ان عودتكم الى هنا متعلقة تماما بصحتكم وراحتكم … وصحتكم
قبل كل شيء .

الجميع هنا بخير ويبلغون احترامكم وسلامهم . وفي الختام
ارجو من الله تعالى ان يديم صحتكم ويطيل عمركم والسلام

ابنكم
فيصل

بەرواری نامەکە
١٩٥٨/٧/٢

موحەمەد مەهدی کوببە

عەبدولسەلام عارف

نوری سەعید

رەشید عالی گەیلانی

فازڵ عەباس مەهداوی

سەرۆکی دادگای باڵای سەربازی سەردەمی

حوکمیعەبدولکەریم قاسم

ئەحمەد موختار بابان

دواین سەرۆک وەزیرانی سەردەمی

پاشایەتی (بەرەگەز کورد

سەعید قەزاز

دواین وەزیری ناوخۆی سەردەمی

پاشایەتی (بەرەگەز کورد)

سەرچاوەكان

١-خدوري، د. مجيد، (العراق الجمهوري) الطبعة الايرانية، مطبعة (امير) ، قم سنة ١٩٩٧.

٢- الزبيدي، ليث عبدالحسن، (ثورة ١٤تموز١٩٥٨ في العراق)، الطبعة الثانية، بغداد، سنة ١٩٨١.

٣- العلوي، حسن، (عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين)، منشورات (دار الزوراء) ، لندن.

٤- فرحان، اللواء الركن عبدالكريم (ثورة ١٤تموز في العراق)، الجزء الاول، مؤسسة الكتاب العربى للدراسات والترجمة والنشر، باريس، سنة ١٩٨٦.

٥-غالب،العقيد الركن صبيح على، (قصة ثورة ١٤تموز والضباط الاحرار)، دار الجاحظ للطباعة والنشرو بغداد١٩٦٨.

٦- عارف، فؤاد (مذكرات) الجزء الاول، الطبعة الاولى، سنة ١٩٩٩، مطبعة خبات، تقديم وتعليق د. كمال مظهر احمد.

٧-مولود، د.محمد عمر(الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق) رسالة دكتورا، طبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل ، سنة ٢٠٠٠ .

٨- المحامي ، جاسم المخاص ، (مذكرات ناظم الطبقچلى)

٩-تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهورى، الجزء الاول، ١٤/٧/١٩٥٨-٧شباط ١٩٥٩، تأليف مجموعة من الاساتذة،سنة٢٠٠٠.

١٠-حسين، العميد المتقاعد خليل ابراهيم (ثورة الشواف فى الموصل)، الطبعة الاولى، سنة ١٩٨٧.

١١- نجم، محمود(المقايضة بين برلين وبغداد، الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد) منشورات الغد.

١٢-الخرسان، صلاح (صفحات من التأريخ العراق السياسي الحديث، الحركات الماركسية)١٩٢٠-١٩٩٠ ، الطبعة الاولى، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت، لبنان ، سنة ٢٠٠١.

١٣- فتح الله، جرجيس (رجال ووقائع فى التأريخ والميزان) حوار اجراه(مؤيد طيب وسعيد يحيى) مطبعة التربية، اربيل ، سنة ٢٠٠١.

١٤- الحسو، د.نزار توفيق سلطان (الصراع على السلطة فى العراق الملكى) دراسة تحليلية في الادارة والسياسة، الطبعة الاولى، بغداد،سنة ١٩٨٤.

١٥- الجعفرى، محمد حمدى ، محكمة المهداوى اغرب المحاكمات السياسية فى تأريخ العراق الحديث، الطبعة الاولى، سنة ١٩٩٠ .

١٦-رشيد، د.عبدالوهاب حميد، العراق المعاصر، دار المدى للثقافة والنشر، سنة٢٠٠٢.

١٧-التطور السياسى في العراق المعاصر، تأليف مجموعة من الكتاب، جامعة بغداد.

١٨- بارزانى، مسعود (بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد) ١٩٥٨ - ١٩٦١، چاپی یەکەم بەکوردی ، ساڵی ١٩٩٨.دهوك.

١٩- مذكرات بهاءالدين نورى

٢٠- الشبكة المعلوماتية الدولية (الانترنيت)، كمصدر لنبذ التأريخية للعراق.

٢١- اطراف من تأريخ العراق المعاصر، محاضرة للباحث والمفكر الاسلامي (محمد احمد الراشد)

٢٢-قناة (ابوظبي) برنامج (بين الزمنين) حول شخصية عبدالكريم قاسم، نهاية سنة ٢٠٠٠، وبداية سنة٢٠٠١.

٢٣- قناة (الجزيرة) الفضائية، وقناة (LBC) الفضائية البنانية.

٢٤- جريدة (الاتحاد) لسان الحال للاتحاد الوطني الكردستاني.

٢٤-حسين ، العميد المتقاعدخليل ابراهيم(الصراع بين عبدالكريم قاسم والشيوعيين وحلفاؤهم وناظم الطبقجلي والقوميين) بغداد ، الجزء الثالث، سنة ١٩٨٨.

٢٥- العلوي، حسن (التأثيرات التركية في المشروع القومي العربي في العراق) الطبعة الاولى، مطبعة (امير) ايران، سنة ١٩٩٢.

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێر	بابەت	جۆری چاپ
٣٠١	بەئاشتی کردنی پەروەردە	عەبدولعەزیز عومەر	پەروەردەیی	چاپکردن
٣٠٢	پیاسەیەك بەکووچەکانی قەدەردا	ئاوێزان نوری	شیعر	چاپکردن
٣٠٣	گۆڤاری تێکست ژمارە (٥)	چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٣٠٤	دەنگی بلوریی دەق	عەبدولخالق یەعقوبی	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٣٠٥	رۆناك	جگەرخوێن	شیعر	چاپکردن
٣٠٦	بۆ زمان	د.عیزەدین مستەفا	زمانەوانی	چاپکردن
٣٠٧	دوورگەی بێداری	تەها ئەحمەد رەسوڵ	شانۆگەریی	چاپکردن
٣٠٨	داستانی خەبات و ماڵئاوایی	شێخ حسێنە سوورە	بیرەوەری	چاپکردن
٣٠٩	ماچی گوڵشەن و کانیاوەکانی کوردی	ئەحمەد هیرانی	ئەدەبی	چاپکردن